ئۆریانا فالاچی

# ئافرەت
# رەگەزی بێکەڵك

باسێکی رەوشی ژنانی دونیایە

وەرگێڕانی
عەزیز گەردی

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان
xanecontact@yahoo.com

ناوی کتێب: ئافرەت – ڕەگەزی بێکەڵك
(جنس ضعیف – le sex inutile)
نووسەر: ئۆریانا فالاچی
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: عەزیز گەردی
بابەت: گەشتنامە
پیتچنین: عەزیز گەردی
هەڵەبڕی: عەزیز گەردی
دیزاینی ناوەڕۆك: زانا کەمال
بەرگ: ئارام عەلی
تیراژ: ٥٠٠
زنجیرە: ٣٥٨
چاپخانە: شڤان
چاپ: چاپی یەکەم
ژمارەی پۆلێن: ٢٠٥/٤ – ف ٢٧٢
ژمارەی سپاردن: (١٤٣٦) ساڵی (٢٠١٢) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی
کتێبخانە گشتییەکانی پێ دراوە

## ناوەرۆك


... ٧

بەشی یەكەم ١٥

بەشی دووەم ٣٧

بەشی سێیەم ٧٧

بەشی چوارەم ١٠٣

بەشی پێنجەم ١٥٧

بەشی شەشەم ٢١١

...

هاوین بوو... بەڕێوەبەری رۆژنامەکەم پێیگوتم:

- ئامادەی گەشتێك بە دەوری دونیادا بکەیتو دەنگو باسی چەند وڵاتێکی رۆژهەڵات وەربگری؟

گوتم:

- بەڵێ... بەڵام دەنگو باسی چی وەربگرم...؟

- دەنگو باسی چۆنیەتی ژیانی ژنان.

ئینجا گوتی:

- بەڵام دەبێ چاوەڕێ بکەین تا زستان دێو بارانو لەهیو لافاوی وەرزیی وڵاتەکانی رۆژهەڵات تەواو دەبێ.

من هەمیشە هەوڵم داوە هیچ شتێ لە بارەی ژنانو ئەو شتانەی پەیوەندییان بە ژنانەوە هەیە، نەنووسم. نازانم بۆچی بەمە سەخڵەت دەبووم‌و شتەکەم بە گاڵتەجاڕی دەکەوتە بەرچاو! باشە، ئایا ژن لە رەگەزو نەژادێکی ترن؟! ئایا لە هەسارەیەکی ترەوە هاتوون؟ تا بە شێوەیەکی جیاو لە گۆشەیەکی تایبەتی رۆژنامەدا شتیان لە بارەوە بنووسین؟! وەکوو گۆشەی وەرزش، یان سیاسەت، یان کەشناسی...؟!

ژن‌و پیاو بۆ ئەوە خەلق کراون تا بە یەکەوە بژین. لە بەر ئەوەی ئەمە (بە پێچەوانەی بۆچوونی هەندێ کەسی ناجۆر) چێژیشی تێدایە، هیچ ماقوول نییە بەم جۆرە سەیری ژن بکەین وەك ئەوەی لەسەر گۆی هەسارەیەکی دی بژین‌و هەر لە خۆیانەوە سکیان ببێ!

ئەوەی پیاو حەزی لێدەکا، دەشێ ژنیش پێی خۆش بێ. زۆر پیاوی ئاسایی دەناسم شەیدای گۆڤاری (هارپەر بازار)ی ژنانن‌و گەلێ ژنیش هەن بەردەوام (تایمز) وشە بە وشە دەخوێننەوە. هیچ یەکێ لەو ژن‌و پیاوانەیش، لە ژن‌و پیاوی دی ئاقلتر، یان بێ ئاقلتر نین؟! لەوما کە لێمدەپرسن:

- تۆ شت لە بارەی ژنانەوە دەنووسی؟

مێشکم لە سەردا نامێنێ. بەلام ئەم جارە، لە بەر ئەوەی چوونە رۆژهەلاتی تێدا بوو، دانم بە خۆمدا گرت‌و بە بەڕێوەبەری رۆژنامەکەمم گوت:

- بیری لێ دەکەمەوە.

بیرم لێ کردەوەو بڕیارم دا گوێ بە دووری گەشتەکە نەدەم‌و هەر شتێکی بڕوام پێ نەبێ نەینووسم. تا ماوەیەك بابەتەکەم لە لایەك لا بوودوە... ئینجا رووداوێ هاتە پێشەوە:

کچی برادەرێکم داوەتی کردم بۆ شێو. لە سەر خواردن، لە پڕ، رق‌و قینی تەقییەوەو بە گریان پێیگوتم گوایە مرۆڤێکی بەدبەختە!

ئەو کچە قەت لە هیچی کەم نەبوو: جوانیی، خانووی تایبەتی، سەربەخۆیی... کە زۆر پیاو خۆزگەی بۆ دەخوازن‌و بۆی دەفڕن. بە

کورتی کچەکە لەو کچانە بوو کە پێیان دەڵێن بەختەوەرو کەس بە میشکی دانایە ئەم جۆرە کەسانە بەدبەخت بن. منیش دڵم دایەوەو بۆم باس کرد ئەو، ئەم هەموو شتەی هەیە کە خەڵکی تر نیانە. بە دەم گریانەوە گوتی:

- تۆ زۆر گەوجی، ها! ئاخر ناڕەحەتیی من لەوەدایە ئەم شتانەم هەیە! تۆ وا دەزانی ئەگەر ژنێ ئیشێکی هەبێ بە زۆری ئیشی پیاوان بێ، با سەرکۆمارییش بێ، ئەو ژنە بەختەوەرە!!...ئاخ ! خودایە!! خۆزی بە خۆزیداران لە وڵاتێك لە دایك بوومایە ژن بە سەگیش دانەنێن!! ئێمەی ئافرەت ، هەمووما مرۆڤی بێکەڵك و کێرنەهاتین!!

ئەو شەوە، بە قسەی کچی برادەرەکەم ناڕەحەت بووم. وەکوو یەکێ نەزانێ گوێی هەیەو بەیانی کە بە خەبەر هات هەست بکا گوێی لە جێی خۆیەتی. بەڵام ڕۆژێ لە ڕۆژان، کە گوێی بە ژان کەوت، ئەوسا گوێی خۆی بیر دەکەوێتەوە...

منیش، ئاوها کتوپڕ بۆم دەرکەوت گیرو گرفتی پیاوان لە دەوری نەژادو پارەو شتی وادا دەسووڕێتەوە، کەچی گیرو گرفتی ژنان بریتییە لە مەسەلەی (ژنایەتی). لێرەدا، مەبەستم جیاوازیی جەستەیی ژن و پیاو نییە. مەبەستم ئەو تابووو قەدەغانەیە کە ئەو جیاوازییە رووکەشە بە دەرزی لە ژیانی ژنانی دەدا.

ئایا لە (چین)، هیچ پیاوێك هەیە بە درێژایی ژیانی پێی شریتپێچ بکەن، بۆ ئەوەی پێی لە نۆ سانتیمەتر گەورەتر نەبێ؟

ئایا کام پیاوی ژاپۆنی ئەگەر ژنەکەی بزانێ مێردەکەی پێش زەماوەند پەیوەندی لەگەڵ ژنێکی تر هەبووە، دەیکوژێ؟!

تۆ سەیر کە لە فەرهەنگو واژەنامەیشدا، وشەی (کچێنی) هەر بۆ ئافرەت بە کاردێو ئەگەر بۆ پیاو بە کار بێ، دەبێ بە مایەی پێکەنین!! هەموو بەدبەختییەك هەر بە سەر ژن هاتووەو هەر بە سەر ژن دێ!

لێرەدا، بۆم دەرکەوت لەوانەیە پێشنیاری بەڕێوەبەرەکەم ئەنجامێکی باشی ببێ. شتی چاکە لە نزیکەوە ژنی وڵاتەکانی تر ببینمو بزانم داخۆ ئەوان لە کچی برادەرەکەم — کە ئاوها زیرەی کردبوو — بەختەوەرترن؟ یان بەدبەخترن؟!

کە زستان داهاتو کزی باران لە رۆژهەڵات بڕایەوە، بە بەڕێوەبەری رۆژنامەکەمم گوت:

- ئامادەم بۆ گەشتەکە.

هەوڵم دا لەو گەشتەدا، رێگایەکی باش هەڵبژێرم. ئەگەر بمویستایە بە دەوری دونیادا بسووڕێمەوەو سەر لە هەموو وڵاتێك بدەم، بابەتەکە زۆر درێژەی دەکێشا. دوور نەبوو لەم ماوەیەدا، ئاسمانگەڕەکان بگەنە مەریخو دەنگو باسی ژنانی ئەوێ وەربگرن. ئەو حەلە، لەبەر دەنگو باسی ئەوان، کەس دەنگو باسی ژنانی رۆژهەڵاتی نەدەخوێندەوە. جگە لەوەیش من نەمدەویست لایەنی مرۆڤناسیی بنووسمەوەو بڵێم (ئەسکیمۆ) بە چ جۆرێ سەگی ئاوی لێ دەنێنو شتی وا... من دەمەوێ باسی ئەو گیرو گرفتە کۆمەڵایەتییانە بنووسمەوە کە تابووو قەدەغەی کۆمەڵایەتی، لەم وڵاتانەدا، بۆ ژنانی دروست کردووە. ئیتر گەیشتمە ئەو ئەنجامە باشترین رێگا ئەو رێگایەیە کە ( فلیس فۆگ) گرتبوویە بەر. واتە: لە (ئیتالیا) بۆ

(پاکستان)، ئینجا (هیندستان)، ئەوسا (ئەندەنووسیا)، پاشان (چین)، دوایی (ژاپۆن)و دواتر (لاهای)و لە (لاهای) بۆ ئەمریکاو لەوێوە دووبارە بۆ (ئیتالیا). بێ خش وەکوو پاشان لەم نامیکەیەدا دەیخوێنیتەوە، (چین) ڤیزای نەدامێو ناچار بووم لە (هونگ کونگ) زیاتر نەچم.

لە لایەکی تریشەوە وەکوو (فلیس فۆگ) پێویستم بە هاوڕێیەکی سەفەر هەبوو. هاوڕێی سەفەرەکەم (دویلیۆ پالوتلی)ی وێنەگری رۆژنامەکە بوو، کە لە روانگەی یەکسانیی ژنو پیاوەوە، هیچ جانتای بۆ هەڵنەدەگرتم.

پێش ئەوەی بە رێ بکەوین، چووینە فەرمانگەی تەندروستیو لەوێ یەك دونیا دەرزیان لێدراین بۆ ئەوەی تووشی پەتاو سووریژەو تای زەردو خوریکە نەبین! هەندێ ئیستیمارەمان پڕ کردەوە بۆ ئەوەی مۆری ڤیزەوەنی ڤیزا لە پەساپۆرتەکانمان بدەن کە خودانەکانی کاغەزبازی بۆ پەڕینەوەی سنوور دایاننناوە. پاشان، بە درۆ گوێمان لە قسەو ئامۆژگاری بەڕێوەبەری رۆژنامەکە گرت کە پێیگوتین نابێ شتی بریقو باقی سەرنجکێشی ئەو وڵاتانە چاومان لە ئاست راستی کوێر بکا.

گەشتەکەمان دەستی پێکرد. دوو کامیراو ئامێرێکی چاپو دوو بلیتی ئەستووری فڕۆکەو کۆمەڵێ پرسیاری بێ وەڵامان هەڵگرتو رۆیشتین. دەزانم ئەمرۆ زۆر بازرگان لەم دونیایەدا، دەتوانن بە یەك رۆژ بگەنە هەر شوێنێ کە بیانەوێ. منیش ئەگەر بمویستایە، دەمتوانی بە رۆژێك بچمە(تاران)، یان (نیویۆرك)، بەڵام لەم

سەردەمەی ئێمە ماناندا، ئەگەر وتارێك یەك رۆژ درەنگ بڵاو بکرێتەوە، لەوانەیە وەختی بەسەر چووبێ.

دان پێدا دەنێم، خۆم شەوق و ئارەزووی چوونە ئەم گەشتەم هەبوو. تەنانەت ئەو برادەرانەیش کە لە ژیانی رۆژانەدا تەمسەرو بێ غەم و خەیاڵ بوون، بەرامبەر گەشتەکەی من بێ غەم و خەیاڵ نەبوون.

هەموو ئامۆژگارییان دەکردم!

- وریا بە! زۆر لە جێگای قەدەغە نزیك مەکەوە!

- لە بیرت نەچێ ئەو وڵاتانە ماریان زۆرە!

تەنانەت (دویلیۆ)یش، کە وەکوو رۆمانییان، ئەگەر بە سەر مەریخیشدا بکەوێ، هەر باوێشك دەداو روو وەردەگێرێ، ئەم جارە، بۆ ئەم گەشتە، وڕووژا بوو. دەیپرسی:

- ئەرێ راستە لە ژاپۆن ژنی رووت لە حەمام پیاو دەشۆن؟

یان:

- ئەرێ بیستووتە دەڵێن: لە (هونگ کونگ) ژنی زۆر جوان بە ئاسانی دەست دەکەوێ!؟

یان:

- ئایا راستە دەڵێن ژنی هیندی چل و شەش شێوازی جووتبوون دەزانن؟!

بێگومان پرسیارەکانی (دویلیۆ) هیچ لایەنی دەنگ و باسی تێدا نەبوو. کە فڕۆکە لە فڕۆکەخانە بەرز بووەوە، هێل ببووەوە. بیری لەو شتانە دەکردەوە کە گەڕایەوە لە بارەی کچانی (ژاپۆن) و (هیند) و

(هونگ کونگ) بۆ برادەرەکانی بگێڕێتەوە...

کەچی من لە ناو فڕۆکەدا، مەمنوونی کچە برادەرەکەم بووم کە بە گریانەکەی زیاتر هانی دام بچمە ئەم سەفەرەو لە دڵی خۆمدا دەمگوت:

( من ژنیشم بەڵام ئەرکێکی گرنگم گرتۆتە ئەستۆ.)

*   *   *

# بەشی یەکەم

قەلەڕەشێك وەكوو منداڵ، لە تاریكیدا، دەیقغاند...خێرا لە بەر پەنجەرە لاكەوتم، هەر چەندە پەنجەرەی میوانخانەی ( بیج لوكسری) زۆر شتی لێوە دیار نەبوو. دەریا نزیك بوو، بەڵام دەنگی نەدەگەیشتە گوێم چونكە دەزگای هەواگۆڕین، دەنگی قەلەڕەشەكە نەبێ، هەرچی دەنگی تر هەبوو هەموی هەڵدەلووشی. پەنجەرەكە هێڵەگی لێدرا بوو بۆ ئەوەی مێش و مەگەس بگێڕێتەوە. حەوشەی میوانخانە لە ناو هێلكەكەوە دیار بوو. درەختەكان یەك پارچە رشتە گلۆپی زەردو سوورو شین بوون. خەڵكی بیانی لێرەو لەوێ، لە سەر كورسی حەسیر باڵاو ببوونەوەو بە دەسەسڕی گەورە ئارەقەی دەم و چاوی خۆیان دەسڕییەوە. شانشینێك بە سەر دەروازەی میوانخانەكەدا دەیڕوانی، چەند شەقامێكی لێ دیار بوو، ترومبێلی رەنگاورەنگی بریقەدار تێیاندەتەقاندو تۆزو خۆڵیان لە دوای خۆیانەوە هەڵدەستاند. سەعات (دە)ی شەو، (كەراچی) لەو بیابانەدا، وەكوو پەڵەیەكی سپی، لەو ناوەدا، خۆی دەنواند.

لە ژوورەکەم هاتمە دەرەوەو چوومە دالانەکە بۆ ئەوەی ئەو ورِو گێژییە لە خۆم بتەکێنم کە ئەم وڵاتە بێگانەیە تووشی کردبووم. هەموو شتێکم بە لاوە نامۆ بوو: هەوا، دەمو چاو، ئاسمان کە شەوێکی تاری بە سەردا کشا بوو، مانگ کە وەکوو دەمی کەچی خەنجەر دەبریقایەوە. کارەکەرێکی رەشی دالگۆشت لە سەر زەوی هەڵتووتا بوو. بە چاوی نەرمو شەکەتی سەیری منی دەکرد. دەرگای ژووری (دویلیۆ) نیوەکرابووەوە. ویستم بانگی بکەم، بەڵام پەشیمان بوومەوە! دونیا زۆر گەرمو هەوا زۆر زۆر قورسو کەشەنگ بوو... بۆ بەیانی، یەك دونیا چاوپێکەوتنم بۆ خۆم لە دوای یەك ریز کردبوو. حەزم دەکرد بخەوم، بەڵام لەباتی خەوتن، چوومە حەوشەو لە سەر کورسییەکی حەسیر دانیشتمو داوای ویسکییەکی سکۆتم کرد. چاوم بە دەورو بەری خۆمدا گێراو چاوم نیشتە سەری. دان پێدا دەنێم یەکەم جار نەمزانی ژنە. لە دوورەوە، وەکوو دۆلاب وابوو: دوو دەستو دوو پێو دەمو چاوێکی هەبوو. دەتگوت ئامێرێکی بێ گیانە. چەند مرۆڤێکی پێست سپی بۆ لای دەرگای دەرەوەیان دەبرد. زۆر بە وریایی دەرِۆیشتن وەك ئەوەی بترسن ئەوەك پریاسکەکە بەربێتەوەو بشکێ. تارایەکی سووریان بە سەر دادا بوو. دەق وەکوو چۆن لە گۆرِەپانێك پەردە لە سەر پەیکەرێك لادەدەن! هیچ شتێ لە ژێر تاراکە دیار نەبوو. نە دەستو نە پێ! هیچ نەدەجوولایەوە. پریاسکەیەکە گیانی لە بەردایەو دەرِوا. وەکوو کرمێك، مێروو تێیەوەربێنو بۆ لای شارەکەی خۆیان رایبکێشنو نەزانێ لەوێ چی لێدەکەن. پیاوێکی گەنجی رەقەڵە پانتۆڵێکی زێرِینی فشوفۆڵی لە بەر بوو، ئەڵقەگوڵێکی لە مل بوو، لە

دوای تاقمەکە دەڕۆیشت. دوای ئەویش پیاوێکی جل ئەورووپیو دوای هەموویشیان کۆمەڵێ ژنی بە چارشێوو (ساری). کەس قسەی نەدەکرد. کەس پێنەدەکەنی! وەکوو تازیە کشو ماتو بێدەنگ!! تەنیا چەند قەلەڕەشێك بە قغە قغ لە سەر سەری ئەم تاقمە بەم لاو بەو لادا دەخولانەوە. بەمەوە بیرم دەکەوتەوە ئەوەی دەیبینم راستەو خەون نییە!! پریاسکەکە هیچ تەماشای ئەم لاو ئەو لای نەدەکرد. دەتگوت نە هیچ شتێ دەبینێو نە هیچ شتێ دەبیسێ!

هانام بە بەر (دویلیۆ) برد بەڵکوو شتێکی لێ بزانێ بەڵام ئەویش هیچی لە مەسەکە نەدەزانی. بیانییەك لە تەنیشتم دانیشتبوو، لێم پرسی، ئەویش هیچی نەدەزانی. ئاخیری دەستەوداوێنی پاکستانییەك بووم دوا بە دوای کاروانەکە دەڕۆیشت. دیار بوو کەیفی بە پرسیارەکەم هات. پرسیم:

- ئەرێ ئەم پریاسکەیە چییە؟

- هیچ... کچە!!

- ئەوە چ دەکا؟!

- بە بووك دەچێ.

- دەچێتە کوێ؟

- دەچێتە ماڵی مێردی.

- روخسەت هەیە منیش لەگەڵتان بێم؟

- بۆچی...؟ زەماوەندی موسلمانان شتێکی تایبەتییە.

بەڵگەی خۆمم پێگوت. زەردەیەکی هاتێو گفتی دا روخسەتم بدا بە مەرجێ هیچ شتێ بە کەس نەڵێمو ناوی زاوا نەپرسمو ناوی لە

ڕۆژنامەدا بڵاو نەکەمەوە. گوتم:

- باشە، ناوی بووکیش لە دەنگ‌و باسەکە نەهێنم؟ .

- نا... گرنگ نییە! ... بووک گرنگ نییە!

پریاسکەکە هەروا خێرا خێرا وەکوو کرمی تۆقیو دەڕۆیشت.

گەیشتە کۆتایی حەوشە، پرسیم:

- ئەوە بۆچی ئاوها دەڕوا؟ ئایا کوێرە؟

- نا چاویان بەستۆتەوە.

- بۆچی؟

- نابێ چاوی بە زاوا بکەوێ.

- تا ئێستا زاوای نەدیوە؟

- نا. تا ئێستا نەیدیوە.

زاوا سواری ترومبێلێك بوو بە گوڵ ڕازابووەوە. شادو بە کەیف بوو. کابرای پاکستانی پێی گوتم:

- زاوایش تا ئێستا بووکی نەدیوە. تەنیا وێنەکەی دیوەو پەسندی کردووە. ئەگەر پاشانیش ڕای لێ نەبوو، پارەی هەیە، بۆ خۆی ژنێکی تر دێنێ. پریاسکە سوورەکەشیان لە ناو ترومبێلێکی بە گوڵ‌و بە خەمڵ داناو چەند ژنێك لەگەڵیا سوار بوون. ترومبێلێك لەوێ ڕاگیرا بوو، من‌و (دویلیۆ)و چەند میوانێك سواری ئەم ترومبێلە بووین.

(دویلیۆ) دەترسا. دەیگوت خۆمان تووشی چ بەڵایەك کرد! نەیدەزانی بە خۆو بە کامیرای ملیەوە چ درۆیەك بۆ خەڵکی سەر زەماوەندەکە بکا!

کابرای پاکستانی پێشنیاری بۆ کردین بڵێین ئێمە ژن‌و مێردێکی

تازەین. ئێستا مانگی هەنگوینمانەو مەراقمانە وێنەی مرۆڤو وڵاتانی تر بکرین.

ئەم پاکستانییە پیاوێکی بە لوتفو میهرەبان بوو. ناوی ( ئەحمەد حەسەن زەرابی) بوو. لە (کامبریج) خوێندبووی. ئینگلیزییەکی رەوانو بێ هەڵەی دەزانی.

ئێمەیش کەوتینە شوێن کاروانی زەماوەند. لەبەر ئەوەی زۆربەی شەقامەکانی ( کەراچی) وەکوو یەك وان، نەمانزانی چووینە کام لای شار...

خانووی زاوا تازە ناوا کرابوو. دیوارەکان هێشتا بۆنی گەچی تازەیان لێ دەهات. ترومبێلی زاوا پێنج خولەك پێش ئەوانی دی گەیشتە جێ. چەند کەسێك مەرێکیان لە دەورە گێڕا بۆ ئەوەی بۆی بکەنە قوربانی. دوای چەند خولەکێ ئینجا بووك گەیشت. دیسان شاردیانەوە. هیچ قوربانییان بۆ بووك نەکرد. مەڕیان تەنیا بۆ زاوا کردە قوربانی.

چووینە ناو ماڵەکە. هەموو ژوورەکان بە شێوازی رۆژهەڵاتی، بێ کورسیو قەنەفە بوون.

لە ژوورێك، کە دیار بوو ژووری نان خواردن بوو، برنجو گۆشت مەڕو دۆلکەو پەرداخی ئاو لە سەر ماسە ریز کرابوو. پیاوەکان دوا بە دوای زاوا چوونە ئەو ژوورەو بەبێ کەوچكو چەنگاڵ بەربوونە سەر خواردن. ژنەکان چوونە ژوورێکی تر پەردەیەکی گەورەی لە ناوەڕاستەوە هەڵبەسرا بوو. ئەو دیو پەردەکە دۆشەکێکی قەسەری لێ راخرا بوو. هەندێ منداڵو چەند ژنێکی بێ چارشێو لەسەر

دۆشەکەکە دانیشتبوون. پێدەکەنین. پریاسکە سووردکەش، کە بووکە خان بوو، وەکوو کفتە لە ناوەڕاستەوە هەڵتۆقی بوو. سەری کردبووە سەر ئەژنۆی. ئەم هەموو قوماشە سوورو زێڕی‌و زیوییە دوو پێی بچووکی بە خەنەی لێ هاتبووە دەرێ، نینۆکیان سوور کرا بوو. بووک دەگریاو شانی وەکوو شانی ئێسترێکی جەدو هەڵبەزو دابەزی بوو. تۆپەڵەیەکی گرمۆڵەی بچووک بوو، هەڵگلۆفابووەوە ناو خۆی. ئەوەندە کلۆڵ‌و داماو بوو، هەر کەسێ توزقاڵێ ویژدانی هەبایە، بەوی با دەستی بگرێ رایفرێنێ‌و نەجاتی بدا. برادەرە پاکستانییەکەمان گوتی:

- دەتەوێ بووک ببینی؟

- بەڵێ. ئەگەر زەحمەتی تێدا نەبێ، حەز دەکەم بیبینم.

- زەحمەتی چی؟ ئەمە ژنە !!

- باشە.. منیش ژنم.

- ئێوە جیان. بۆ نموونە تۆ ئەوەتا هاوڕێی سەفەرت پیاوەو مێردی خۆشت نییە.

- بەڵام ئەمە هاوکاری خۆمە! لەبەر ئەوەی بە یەکەوە ئیش دەکەین، پێویست ناکا ژنی بم.

- ئەمە ئیتر پەیوەندی بە خۆتانەوە هەیە.

کە قسەی دەکرد نەتدەزانی لە کوێ گاڵتە دەکاو لە کوێ بە راستییەتی! دەستووری بە ژنەکان دا چارشێو لەسەر سەری بووک لابدەن.

ژنەکان چارشێویان لە سەر لادا. دەم‌و چاوی دیار نەبوو چونکە سەری خۆی بردبووە بەینی ئەژنۆکانی. ژنێکیان دەستی برد، بە زۆر

چەناگەی گرتو سەری بڵند کرد... دەمو چاویم بینی.

دەمو چاوی وەکوو منداڵ وا بوو. گەنم رەنگ بوو. ئارایشێکی تۆخی کردبوو وەکوو منداڵێ دەمو چاوی خۆی بۆ یاری رەنگ بکا. گوتیان تەمەنی چواردە ساڵە. یەك جۆراوگە فرمێسك لە بەینی برژانگە رەشەکانی دەهاتە خوارێ. کابرای پاکستانی گوتی:

- پێی بڵێ پێویست بە گریان ناکا... خوێندوویەتی.. ئینگلیزی دەزانێ...

لەسەر دۆشەکەکە چۆکم داداو پێمگوت پێویست ناکا بگری. گوتم: مێردەکەتم دیوە. پیاوێکی قۆزو میهرەبانە.

تەماشایەکی کردمو بە لێوی سوورکراوی شتێکی بە کابرای پاکستانی گوت. لە ژنەکانم پرسی:

- ئەوە چ دەڵێ؟

- ئەکێ وەڵامی دامەوە:

دەپرسێ: ئایا بە راستی زاوا پیاوێکی میهرەبانە؟

کابرای پاکستانی سەیری سەعاتەکەی کردو گوتی کاتی ئەوە هاتووە بووك ببەنە پەردە.

تەنیا ژووری نووستن رازابووەوە. بووکیان بڵند کردو لەسەر تەختەکە دایاننا. چارشێوی گەورەیان لەسەر لادا. تازە بە تازە جلو بەرگم بینی: پانتۆڵێکی ساتانی سوورو جاکەتێکی شینی شۆڕو قۆڵ.ریزی لە بەر بوو. کچێکی جوان بوو. ترسو نیگەرانی لە چاواندا بوو. چاوی ئاورینگی دەهاویشت. ئیتر نەدەگریا. بگرە بزەیەکی تەنكو ئاسکی بە سەر لێوانەوە بوو. لەو کاتەدا، دایکی زاوا داوای کرد

بووك ناچار بوو به تەنێ چاوەڕێی زاوا بكا كە هێشتا چاوی پێ نەكەوتبوو. دووبارە خەفەتی جۆشاو هۆڕ هۆڕ گریا. هەوڵی دەدا كەس گوێی لە دەنگی نەبێ. وەكوو یەكێ سزایان دابێ ، بەلام خۆیشی نەزانێ لەسەر چی؟! ژن لە دەرەوە دانیشتبوون. شێویان دەخوارد. كەس حیسابی بۆ بووك نەدەكرد. بە دایكی زاوام گوت:

- ئەو منداڵە زۆر ناڕەحەتە! رەنگە پێویستی بەوە بێ یەكێ قسەی لەگەڵ بكا.

وەڵامی دامەوە:

- بۆچی؟ ئەو قسەیەكی پێویست بێ من پێم گوتووە. هەموو بووك هەر وان. شەوی بووكێنی حەیفخۆش نین. من، خۆم، لە كاتی بووكێنیدا، سێ شەوو سێ رۆژ لەسەر یەك هەر گریام... بۆچی؟ لە رۆژاوا، ژن لە كاتی بووكێنی ناگرین؟

- هەندێ جار، با. لەوانەیە كاتێ هەست بە بەختەوەری دەكەن، بگرین، یان كاتێ هەست بە بەدبەختی دەكەن، پێ بكەنن. رۆژاوا زۆر لێرە جیایە!!

هەموو بە یەكەوە پرسیان:

- جیاوازی چییە؟

- لەوێ كچان خۆیان مێرد بۆ خۆیان دەدۆزنەوە. باشە، ئێوەیش حەزتان نەدەكرد خۆتان مێرد بۆخۆتان هەڵبژێرن؟!

زنەكان ژنی پێشكەوتنخواز بوون. تەنانەت رێیان دا بەبێ چارشێو وێنەیان بگرم. بەلام كە من وامگوت، هەموو بە ماتو

مەبهووتی سەیری یەکتریان کرد. دوای ئیستێکی کەم، پێیانگوتم:

- نا.

- با.

کەوتنە شوێن وەڵامی ئەو (با)یە. ژنە هەرە گەنجەکەیان گوتی:

- یەکەم، ئەگەر ژن خۆی مێرد بۆ خۆی بدۆزێتەوە، ئەمە سووکایەتییە. کە بە دوای مێردا بگەڕێ، ناچارە خۆی جوان بکاو خۆی برازێنێتەوە. بە عیشوەو نازو گریشمەو قسەی پڕوپووچ کابرا لە خشتە ببا. ئەمە، نە جێی شانازییەو نە هیچ بەڵگەی دۆستایەتییە.

برادەرێکی ئینگلیز بۆی باس کردم ژنی ئەوروپی چۆن مێرد بۆ خۆیان دەدۆزنەوە...بە لای منەوە ئەمە کارێکی شەکەتبارو گەلۆرانەیە. ژن بۆ ئەوەی دڵی پیاو بۆ خۆی رابکێشێ، ناچارە خۆی لە راستەقینەی خۆی باشتر پێشان بدا. کە دڵی لە کابرا سەند، لە فێڵبازی خۆی بەردەوام دەبێ تا بە دەستی دێنێ. دوای ئەم هەموو دەردەسەرییە، ئینجا زەماوەند دەکەن. پاش زەماوەند، تاقەتی فێڵو پیلانیان نامێنێو ئیشەکەیان دەپووکێتەوەو زەماوەندەکەیان بە تەڵاق کۆتایی دێ. من وام بیستووە... ئایا ئەمە راستە؟

- دەتوانین بڵێین شتەکە بە زۆری بەم جۆرەیە. بەڵام مەرج نییە ژن هەموو جارێ سەرکەوتوو بێو بتوانێ ئەو پیاوەی دەیەوێ، رازی بکا زەماوەندی لەگەڵ بکا.

هەموو بە یەکەوە پرسیان:

- بە راست؟! باشە ئەو حەڵە چ دەبێ؟

- هیچ!! دەبێ لە سەرەتاوە تێ هەڵبچێتەوەو بە دوای پیاوێکی

تازەدا بگەڕێ.

ژنەکان بە سەرسامی سەیری یەکتریان کرد. یەکێکیان گوتی:

- من بەش بە حاڵی خۆم ناتوانم مێرد بۆ خۆم پەیدا بکەم. کچی جحێڵ ئەوەندە ئەقڵەیان نییە... دایباب، دەتوانن باشتر بیر بکەنەوەو مێردێکی باش بۆ کچەکەیان بدۆزنەوە. من ساڵێکی دی ئامادەیی تەواو دەکەمو دەچمە ماڵە مێردی خۆم.

- بە راست!! ئایا لە ئەوروپا زەماوەند بە لێکدانەوەو تاوتوو کردن نییە؟

- با. هەندێ جار ئاگاداری لە رۆژنامەو گۆڤاردا بڵاو دەکەنەوە، یان دەچنە لای بنکەو بارەگای تایبەت بەم جۆرە کارانە.

- ئای لەو قەباحەتە!!!

- هەندێ جاریش خۆیان بڕیار دەدەنو هاوسەری خۆیان هەڵدەبژێرن. ئێمە بەم جۆرە زەماوەندە دەڵێین: زەماوەندی ئاشقانە!

- ئایا ئەم ئەشقە تا کۆتایی ژیانیان بەردەوام دەبێ؟

- هەندێ جار، بەڵێ! بەڵام بە زۆری لەیەك بێزار دەبنو کار دەگاتە دەست لێك بەردانو ئەشقەکەیان دەبێ بە رق.

- ئای لەو عاجباتییە!! باشە چ پێویست دەکا ژنو مێرد ئاشق بن؟ یان رقیان لە یەك بێتەوە؟

دەنگی گریانی بووك هێدی بووەوە. تەنیا هەندێ جار دەنگی لشمە لشمی لووتو نووکەنووکێکی نزمی دەهات.

چوومە ژووری پیاوان. ژوورەکە جمەی دەهات. (ئەحمەد حەسەن زەرابی) پێیگوتم لەبەر ئەوەی تۆ ژنێکی ئەوروپی، دەتوانی بچیتە ئەو

ژوورەو لە ناو پیاوان دابنیشی. (زەرابی) لە رۆخ زاوا دانیشتبوو. زاوا هیچ پێیەوە دیار نەبوو پەلەی بێ بۆ چوونە لای بووك كە بە تاقی تەنێ لە ژوورەوە بوو، دەگریا. بە كاوەخۆ قاپی پڕ خواردن دەكردو یەك چركە چاوی لە سەر من هەڵنەدەگرت وەك ئەوەی بیەوێ حاڵیم بكا هیچ لاری نییە ئەگەر من بمەوێ لەگەڵیا بچمە ژوورەكەی تەنیشت یان حەوشەی چۆڵیماڵەوە. دوای ئەختێ، چاوی داگرتو ئەنگوستی پێی لە پێم خشاند. وام بە چاك زانی قسە لەگەڵ كابرای پاكستانی بكەم كە پیاوێكی بێ زەڕ دیار بوو.

+ + +

(پاكستان) پارچەیەكی گۆی زەوییە. زەماوەندی دڵداری تێدا نییەو هیچ كچێكیش بێ مێرد نامێنێتەوە. لە ژنو ژنخوازیدا لێكدانەوەو هەڵسەنگاندن بە سەر هەستو سۆزدا زاڵە. پاكستان پارچەیەكە لە قەڵەمڕەوێكی گەورەو هەراو، شەش سەد ملیۆن كەسی تێدا دەژی. نیوەی كۆمەڵەكەی ژنن. لە زۆربەی ناوچەكانی ئەم پارچە زەوییەدا، ژن لە ناو عەبایەكی بالاپۆش دەژی پێی دەڵێن: چارشێو. بەو چارشێوە، ژن دەتوانێ لە نووكی پێیەوە تا تەوقی سەری ، خۆی لە هەموو پیاوێكی نامەحرەم، كە مێردی یان كوڕی نەبێ، بشارێتەوە. ئەم چارشێوە لە لای سەرەوە كونێكی تێدایە، ژن لەو كونەوە سەیری ئاسمانو خۆرو خەڵك دەكا. وەكوو ئەوە وایە لە پەنجەرەی بە هێڵەكەوە چاو بە دەرەوەدا بگێڕێ.

قەڵەمڕەوی ئیسلام زۆر گەورەو فراوانەو ولاتگەلێكی زۆری لە خۆ گرتووە. پاكستان پنتێكی بچووكی ئەو قەڵەمڕەوەیە. ئیتر ناشێ

تەنیا بە لێکۆڵینەوەی بارو دۆخی ژنی (کەراچی) حوکم بە سەر بارودۆخی هەموو ژنانی موسلماندا بدەین.

بۆ نموونە: ژن لە ئێران بارو دۆخیان لەوێ باشترەو لە عەرەبستان زۆر زۆر جراپترە. لە عەرەبستان شتێ هەیە پێی دەڵێن (حەرەمسەرا). ژنی مەحرەمی ناو حەرەمسەرا هیچ ناگایان لە رووداوەکانی دەرەوەی حەرەمسەرا نییە. کاتێ کە پێ داوێنە ناو حەرەمسەرا، دەزانن ئیتر هەرگیز چاویان بە دەردوە ناکەوێ. ژن لە عەرەبستان ئەوەندە بە کەمی تەماشا دەکرێن، ناویشیان لە تۆماری باری کۆمەڵایەتیدا نانووسرێ. تەنیا هەندێکیان ناوی خانەوادیان لە پێناسەدا دەنووسرێ. گرتنی وێنەی ژن قەدەغەیەو کەم ژن هەیە مانای ئەو وشە سەیرو سەمەرەیە بزانێ کە لە شوێنی تری دونیادا پێی دەڵێن: (عیشق). پیاو خاوەنی ژنو هەموو شتێکی ژنە!

لە هەندێ وڵاتدا، ئەو پیاوەی زات بکا دەست بۆ ژنێ درێژ بکا، سزایەکی توندی دەدرێو لە هەندێ وڵاتی تردا، ئەو پیاوەی دەستدرێژی بکاتە سەر ژن، نایخەنە بەندیخانە، میر غەزەب دێنن سزایەکی توندی دەدا. یان بە جەلدە( قامچی) لە مۆرەی پشتی دەدا تا لە پیاودتی دەخا. دەتوانین بڵێین، رێز گرتنی ژن بە رووکەش زۆرو بە کردەوە شکڵیو بێ بناغەیە.

خۆری ئەو وڵاتانە روناکییەکی سەیری هەیە. رووناکییەکەی سپیو سافە! بەڵام زۆربەی ژنان ئەم رووناکییە نابینو تامو چێژی لێ وەرناگرن. چاویان لە تاریکیو رەشاتی راهاتووە (تاریکی ناو سکی دایك، ئینجا تاریکی ماڵە باوانو دوای ئەوە تاریکی ماڵە مێرد.). دوای

هەموویشیان تاریکی ناو گۆڕ. لە ناو ئەم هەموو تاریکییەدا، کەس نایانبینێ. کەم پیاو هەیە باسی ژنی خۆی، یان ژنەکانی خۆی بکا.

ئەوەم قەت لە بیر ناچێ، رۆژێ، لە (کەراچی) چوومە لای بەڕێوەبەری رۆژنامەیەك و پێمگوت:

- هاتووم لە بارەی مەسەلەی ژنانی پاکستان قسەتان لەگەڵ بکەم

رووی گرژ کردو وەڵامی دامەوە:

- مەسەلەی ژنانی چی؟ هیچ مەسەلە نییە بە ناوی مەسەلەی ژنانی پاکستان.

ئینجا چەند لاپەڕەیەکی چاپکراوی دامێ بۆ ئەوەی لە باسەکەمدا سوودی لێ وەربگرم. لاپەڕەکان شتیان لە بارەی جلو بەرگو خشلو گەواهیراتی ژنانی پاکستان تێدا نووسرا بوو. ئەوەیشی تێدا هاتبوو ژنان چۆن قژیان بە رۆنی نارگیل بریقەدار دەکەنو چۆن خەنە لە نینۆكو ناو لەپو بنی پێیان دەنێن... کاغەزەکەی دامێو گوتی:

- هەرچی لە بارەی ژنانی پاکستانەوە بتەوێ لەم نووسینەدا دەستت دەکەوێ. لە بارەی خوێندەواریی ژنانی پاکستانەوە پرسیارم لێ کرد. وەڵامی دامەوە:

ج پێویست دەکا ژن فێری خوێندنو نووسین ببێ؟ ژن دەیەوێ شت بۆ کێ بنووسێ؟ ژن هەقی هەیە شت تەنیا بۆ مێردی بنووسێ. مێردیشی وا لەگەڵ خۆیدایە. ئیتر ج پێویست بە نووسین دەکا؟!

بێگومان نابێ ئەوەیش لە بیر بکەین، لە هەندێ وڵاتی ئیسلامیدا، وەکوو (تونس) پیاوی فرەژن حەپس دەکەنو لە هەندێ وڵاتی وەکوو ئیرانیش ژن هان دەدەن عەباو پێچە فڕێ بدا. لە (بێروت)، لە

(کۆلیجی ئەمریکی)، زۆربەی ژنان بە کاوبۆی دەچنە دەرەوەو لزگە لەسەر ناو دەکەن. بەلام ئەوەیش هەیە، وەکوو لە (نیویۆرک تایمز) نووسراوە، لە ناو قوتابییەکاندا ئەم پرسیارو وەلامەمان دەکەویتە بەر گوێ:

- ئامادەی کچێ بخوازی لەگەڵ کوڕێکی تردا چووبێتە سینەما؟

- نا. هەڵبەت بە شتی وا رازی نابم.

+ + +

ئەو رۆژە، بەیانییەکەی چووینە دیدەنی (بەگم تازین فەریدی)ی سەرۆکی (یەکێتی ژنان)ی شاری (کەراچی). ژنێکی تێکسمراوی دەم بە خەندە بوو. خۆی وا ناساند کە ژنێکە گوێ بە دابو نەریتی باو نادا. ناوو نازناوی خانەوادەی خۆی هەیە. ئەم ژنە یەکێکە لە تاقمە ژنێکی بچووکی پاکستان کە حیسابی تایبەتییان بۆ دەکرێ. وەکوو (بەگم لیاقەت)ی سەفیری پاکستان لە هۆلەندەو (شازادە خانم عوبێدە سولتان)ی سەفیری ئەو ولاتە لە (بەرازیل). ئامانجی سەرەکی لە ژیاندا پێشکەوتنی ژنانی موسلمانە. لە چوارچیوەی یاساو قورئاندا، وەکوو کتکێکی تووڕە دژی فرەژنی دەجەنگێ. ماوەیەك بەر لە ئێستا هەولی دا کچێکی پاکستانی بۆ بەشداری پێشبڕکێی (مس نۆن یۆرز)، رەوانەی (لۆنگ بیچ)ی ئەمریکا بکا.

خراپ نییە بەسەر هاتی ئەو (دە) کچەیش بزانین کە ئامادە بوون بەشداریی پێشبڕکێی (کچی شایستە)ی پاکستان بکەن:

کچەکان یەکەم جار بە تای مایۆ بە بەر دەم شەش ناوبژیکاری ژندا خیزەدریان بەست. پاشان بە چارشێو، بە بەردەم شەش

ناوبژیکاری پیاودا تێپەڕین. بێگومان پیاوە ناوبژیکارەکان هیچ لەشی کچەکانیان نەدەدی، تەنیا هەر (خانم تازین فەریدی) بوو، بە سوێندو ئایەت، هەوڵی دا پیاوەکان ئیقناع بکا کە فلانە کچ لەوانی دی بەهرەدارترەو دەبێ ئەویان بە ناوی نوێنەری پاکستان ردوانەی (لۆنگ بیچ) بکەن. بەڵام کچەکە هەرگیز پێی بە ئەمریکا نەکەوت چونکە رۆژنامەی (تایمز کەراچی) لە وتارێکدا نووسی: (خانمی تازین فەریدی) گوێی خۆی لە مەسەلەیەکی زۆر گرنگ کەڕ کردووە ئەویش ئەوەیە کچانی پاکستان دەبێ لە (لۆنگ بیچ) بە تای مایۆ خیزەر ببەستن. چاوەڕێ دەکرا ئەم وتارە سەری (تازین فەریدی) بخوا.

بۆ چاوپێکەوتن چوومە نووسینگەی ئەو ژنە. تازە گەیشتبوومە ئەوێ، هەر هەندەم زانی ژنێکی تۆقیو بە پەشۆکاوی خۆی بە ژووریدا کرد. بەردەوام ئاوڕی لە دواوە دەدایەوە. وەك ئەوەی کۆمەڵە کەسێکی بە دواوە بێ بیانەوێ بیگرن.

(فەریدی) بە ژنەکەی گوت:

- کوا؟ دەمو چاوت ببینم!!

کە دیتی ژنەکە دڵ لە دڵ دەدا، خۆی هەستا چوو پەچەی لە روو لادا: ژنێکی چلو یەك دوو ساڵی رەش بوو. شەڵاڵی ئارەقە ببوو. هەموو گیانی بە گەواهیرو بازنو گوارەو گەردنبەند داپۆشرا بوو. خوار چاوی چەپەی شینو مۆر هەڵگەڕا بوو. لاغاوەی ئاوسا بوو. دەسەسرێکی ئاوریشمی لە سەر لێوی دانا بوو. نەدەوێرا قسە بکا.

دوای چەند خولەکێ ئینجا دەستی بە قسە کرد. چی گوت، هەموویم نووسی. (فەریدی) قسەکانی بۆ وەرگێڕام و منیش هەمووم

وەکوو خۆی تۆمار کرد. یەك وشەم لانەبردو یەك وشەم نەگۆڕی.

ژنەکە گوتی:

- (من تەمەنم چواردە ساڵ بوو، پیاوەکەم تەمەنی سیو دوو ساڵ بوو. پوورەکانم گوتیان خوریکە هەموو لووتی داخوراندووە، بەڵام ئامادەیە سێ هەزار روپیە بدا ئەگەر مێردی پێ بکەی. منیش خۆم ناشیرین بووم، بە تەمای شتی لەوە زیاتر نەبووم. ئەوان شتەکەیان پێك هێناو کادەو شیرناتییان ئاڵو گۆڕ کردو کابرا منی گواستەوە.

کابرا کوڕێکی سێزدە ساڵی هێنایەماڵەوە بە ناوی ئەوەی بەردەستی من بکا، کەچی خۆی منی بە سەگیش نەدەزانی. هەر لەگەڵ کوڕەکە رایدەبوارد. دەخزانە ژوورێكو دەرگایان لە سەر خۆیان کلیل دەدا... ئاخیری بەزەیی پێدا هاتمەوەو نەختێ لای لێ کردمەوە. ئەوە بوو سکم لێ بوو. تووشی منداڵبوونێکی سەخت هاتم. پوورەکانو کچە پوورەکانم ویستیان مامانم بۆ بێنن بەڵام پێیان پەیدا نەبوو. تەنیا دختۆرێکی پیاو لە نزیکمانەوە هەبوو، ئەویش مێردەکەم رازی نەبوو ئەو دختۆرە پیاوە لەشم ببینێ. ئیتر منداڵەکە مرد. کابرا لوتفی لەگەڵ کردم، لە ماڵەوە دەری نەکردم. ژنێکی گەنجتری هێنا. ئەویان منداڵی بوو. من خۆم منداڵەکەم گرتەوە. مێردەکەم وەکوو یەك رەفتاری لەگەڵ منو هەوێکەم دەکرد. بە قەد یەك خشڵو گەواهیراتی بۆ دەکڕین، بەڵام ئەوەندە هەبوو هەندێ جار لە منی دەدا.

رۆژێ، خانمێکی دختۆری ناسیاومان پێشنیاری بۆ کردم خۆم بە مێردەکەم تەڵاق بدەم. گوتم پارەی دادگام نییەو ژنی تەلاقدراویش

ناتوانێ بە تەنیا بژی. مێردەکەم کچێکی گەنجی تری دۆزییەوە، زۆر جوان بوو. سێ هەزار روپیەی لێ مەسرەف کرد. داوای لێکردم ئەو سێ هەزار روپیەی بدەمەوە کە کاتی خۆی پێیدا بووم، بەلام من پارەم نەبوو. پوورەکانیشم پارەیان نەبوو. مێردەکەم گوتی: ناتوانم مەسرەفی سێ ژن بکێشم. پێیگوتم تۆ پیر بووی. منی بردە لاوەو هاواری کرد: تەلاق! تەلاق! تەلاق! بەم جۆرە تەلاقی دام... خانمی دختۆر پێیگوتم بێمە لای تۆ. منیش وا هاتووم. چارەیەکم بکە! سەر بە کوێدا بکەم؟!)

چۆن دختۆر کاتێ گوێ لە دەردی نەخۆش دەگرێ، سیمای هیچ تێك ناچێ و ناړووژێ، (بەگم تازین فەریدی)ش ناوها بە هێمنی مایەوە. هیچ رووی گرژ نەکرد. بەلام بەڵێنی بە ژنەکە دا لە فەرمانگەیەك، یان لە ماڵە عەیانێك، کە کارەکەریان پێ بوێ، ئیشێکی بۆ بدۆزێتەوە.

پاشان بۆی روون کردمەوە، بە پێی یاسای پاکستان ژن هەقی هەیە داوای تەلاق لە مێردی بکا. بەلام دەبێ تاقەتی مەسرەفی دادگای هەبێ. کەچی پیاو دەتوانێ سێ بە سێ تەلاق بخواو خۆی لە کۆتی هاوسەرێتی رزگار بکاو نەفەقەیش نەدا. ئینجا لێیپرسیم داخۆ لە مەسەلەکە حاڵی بووم یان نا؟ وەلامم دایەوە:

- نا. تێناگەم... چۆن دەبێ ژن و مێرد هیچ پەیوەندیان لە نێودا نەبێ و نەچنە لای یەکتر؟!

- با. هەندێ جار ئەو پەیوەندییەیان هەیە بەلام روویان نایە باسی بکەن. وەکوو ئەوەی ئەمە تاوانێکی گەورە بێ. ئەم ولاتە هیچ سەربردەی ئەشق و دلداری تێدا نییە.

- باوەڕ ناکەم... باشە تۆ خۆت هیچ سەربردەی دڵداریت بە بیرد
نایە بۆم باس بکەی؟!
خانمی(فەریدی) نەختێ بیری کردەوە، ئینجا بانگی سکرتێرەکەی
کردو لێیپرسی:
- (رازییە)، تۆ هیچ بەسەرهاتی دڵداری نازانی؟
کچەکە پێکەنی و گوتی:
- وەکوو هەزارو یەك شەوە؟
- پێم داگرت دەبێ بەسەرهاتێکی دڵداریم بۆ باس بکا. رازییە لە
فکر راچوو. لە ناکاو لە قاقای پێکەنینی دا...
(فەریدی) لە پڕ گوتی:
- ئاها !! دۆزیمەوە ! بەسەرهاتی کابرای (سیك) ت بۆ باس بکەم؟!
- نا. من بەسەرهاتی دڵداریی ژن و مێردێکی موسلمانم دەوێ.
(فەریدی) گوتی:
- ئاخر کابرا لە دینی خۆی وەرگەڕاو بوو بە موسلمان!!
ئینجا دەستی بە گێڕانەوەی چیرۆکەکە کرد. پوختەکەی شتێکی
لەم جۆرە بوو:
(بوتاسینگ)ی قارەمانی چیرۆکەکە (سیك)ێکی سی و دوو ساڵەی خەڵکی (کەلکەتتا) بوو. ئەشقی کچێکی یازدە ساڵی بوو بە ناوی (موهیندەر). هەزارو پێنج سەد رۆپیەی داو لە خۆی مارە کرد. شەش ساڵ پێکەوە ژیان و دوو کچیان بوو. پاشان یاسای ئەو وڵاتە گۆڕاو ژنە ناچار بوو لە کن مێردی بڕواو بگەڕێتەوە پاکستان. (بوتاسینگ) ئاشق و شێت و شەیدای (موهیندەر) بوو. بوو بە موسلمان و دوای ساڵێك بە دوای (موهیندەر)دا چووە (لاهوور). تا ئەو چوو،

(موهیندەر) بە دە هەزار روپیە شووی بە پیاوێکی تر کرد بوو. ئیتر خۆی نیشانی (بوتاسینگ) نەدا. (بوتاسینگ) چووە ئێستگەی شەمەندەفەرو خۆی فڕێ دایە بن قەتار.)

پێمگوت ئەمە بەسەرهاتێکی دڵداریی سەرنجکێشە، بەلام ئەوان هەردووکیان وەلامیان دامەوە گوتیان: ئەمە بەلای ئێمەوە شتێکی قۆڕو هیچو پووچە. شتی وا تەنیا لە پیاوی سیك رەچاو دەکرێ. چی زۆرە ژن لە دونیادا زۆرە!! ئەو پیاوە دەیتوانی بۆ خۆی ژنێکی دی بێنێ. هەروەها گوتیان: بیستوومانە ئینگلیز خەریکن فلیمێك لە سەر ئەم بابەتە دەردێنن بە ناوی( بوتاسینگ - چیرۆکی دڵداریی سەردەم).

(کەراچی) شارێکە ژنەکانی ئاوها پێکەنینیان بە چیرۆکی دڵداری دڵتەزێن دێ. شارەکە هەوای زۆر گەرمە! خەریك بووم لەو بارو دۆخە بێزار دەبووم.

(ئەحمەد حەسەن زەرابی) ، کە لە چوونە ئاهەنگی ناپەسندی زەماوەندەکە یارمەتی دام، چاوەڕێی دەکرد چاکەی ئەو لوتفەی بدەمەوە. بەو هیوایە هەموو شەو دەهاتە بەر دەرگای ژوورەکەم لە ئوتێلو لە دەرگای دەدا. لە بەر ئەوەی ئوتێلی ترمان پێ پەیدا نەبوو، ناچار بووم ژووری خۆم لەگەڵ ژووری (دویلیۆ) گۆڕییەوە. هەموو شەو گوێم لە (دویلیۆ) بوو دەرگای دەکردەوەو بە قیرەو هاتو هاوار (زەرابی) دەردەکرد. (زەرابی) ئاخیری زانی ئێمە ژوورەکانمان گۆڕیوەتەوە، دووبارە دەستی پێکرد هەموو شەو دەهاتە بەر دەرگای ژوورەکەم.

ئەم بەزمە هەموو شەو دووبارە دەبووەوەو بەڕێوەبەری ئوتێلیش هیچی لەگەڵ نەدەکرد. رۆژێ، بەیانی، گەیشتە تینم. خۆم گەیاندە

بانق‌و پاره‌کەم وەرگرتەوەو بە پرەپڕ هەڵاتم. هەموو کەرەستەو کەڵو پەلمان جانتایەکی دەست‌و چوار جانتای جل‌و بەرگ‌و دوو کامیرای فلیم گرتن‌و پالتۆیەك بوو هێنابووم زستان لە ژاپۆن لەبەری بکەم.

(دویلیۆ) خۆی کامیرەکانی هەڵدەگرت‌و منیش ئامێری چاپم هەڵدەگرت. سێ پشتیکێش دەیانتوانی کەڵو پەلەکانی ترمان لە ژوورەوە تا لای تاکسییەکە بۆ هەڵبگرن، بەڵام دوازدە کەس بە ریز کەوتنە شوێنمانەوە.

ئەمە وەکوو مەتەڵێکی بیرکاریی وا بوو بە کەس شیکار نەکرێ. چۆن چۆنی هەر یەکەیان شتێکی دەهێناو دەبردو وای نیشان دەدا ئەویش دەبێ ئیشەکە بکا. بە کورتی: بە رێ‌و رەسمێکی زۆر، دوای نیو سەعات، کەرەستەو کەڵ‌و پەلەکانیان لە سەر چەمچەی تەکسییەکە هەڵچنی. هەموو بە دەم ئیش کردنەوە ئیکلامیان دەکێشا. ئینجا ریزیان بەست بۆ ئەوەی پاداشت وەر بگرن. پارەی خوردەمان زۆر پێ نەبوو. نەفەری دوازدەمین پاداشتی بەر نەکەوت. ئیتر کە خەریك بووین قسەمان لەگەڵ لێخوڕەکە دەکرد بمانگەیەنێتە فڕۆکەخانە، نەفەری دوازدەمین، چی کەڵو پەلی ئەو دوازدە پشتیکێشە لە سەر چەمچەی تەکسییەکە هەڵیانچنی بوو، هەمووی فڕێ دایە خوارێ‌و جرتێکی حەواڵە کردین‌و ملی رێی خۆی گرت‌و رۆیشت.

* * *

# بەشی دووەم

هەموو شوێنێ پڕ بوو لە بۆنی گوڵو دومانی بخوور. ئەم بۆنە تایبەتە بە هیند. دەنگی دوعای پەرستگاکان بە بڵندگۆ دەگاتە ناو کۆڵانان. ژن، بە رووی خەندانو جلی رەنگاورەنگەوە لە شەقامەکاندا وەکوو پەپوولەی تەك باڵ وان. باڵەکەیان کراسی(ساری)یە. کە لە سەر شانیان دێتە خوارێو لەشی خرپنیان دادەپۆشێ. پیاو جلی سپییان لە بەردو بە لوتفو خۆشەویستی چاوی رەشیان دەبڕنە مرۆڤ.

گەرما بەسەر چووە. مرۆڤ دەتوانێ لە (دەهلی نوێ) هەناسەیەك هەڵکێشێو نەختێ ئارامو ئاسوودە بێ. کە تێکەڵ خەڵکی هیند دەبیت، فێر دەبی ئاژەڵت خۆش بوێ. ئاژەڵ وەکوو ژن لە هەموو شوێنێ دەکەوێتە بەر چاو. خەڵك رێزیان دەگرێ. مرۆڤ ناو بە ناو گوێی لە دەنگی قلب هاتنەوە دەبێو لێی رادێ. لەگەڵ پەتای تەمبەڵیی دەسازێ کە هەموو لایەکی وڵاتی گرتۆتەوە. لە هیند، خەڵك زۆر بە ئاسایی کاری ئەمڕۆ دەخەنە بەیانی. لەوێ، کات زۆر بە ئارامیو بە شێنەیی دەڕوا. وەك ئەوەی هەر کەسە بە تەما بێ یەکێکی تر خۆی بۆ ئەو تەنگاو بکاو ئەو خۆی هێندی هێندی کارەکانی هەڵسووڕێنێ.

حەفت رۆژ بوو چاوەڕێم دەكرد چاوم بە ژنێكی هەرە ناوداری دونیا بكەوێ. ئاخیری، رۆژێ، دوای نیوەڕۆ، (رابیندا)ی لێخوڕی سیك منی گەیاندە مالّی ئەو ژنە بۆ ئەوەی چاوم پێ بكەوێ. لێخوڕەكە دەمو چاوی وەكوو پەیكەری بەرد وا بوو. خۆشبەزۆكەكەی تەنیا سێ پێچكەی هەبوو.

ئاخیری گەیشتینە مالّەكە. ژنە، بە (ساری) لەسەر قەنەفەیەك پالّی دابووەوە. ئەختێ لە دادە گەورەی منی دەكرد. زۆربەی دیوارەكانی مالّەوەی بە وێنەی (گاندی) داپۆشی بوو. ژنەكە ناوی (راج كۆماری ئەمیر كائور) بوو. كچە تاقانەی (راج كاپور تالاّ) بوو. لە ناو كۆشكێكی مەڕمەڕ لە دایك ببوو. سێ سەد لەلەو كارەكەر پێیانگەیاندبوو. خۆیشی شازدە سالّی خشت وەكوو سكرتێرێكی سادە لە خزمەت (گاندی)دا بوو.

ئەو كاتەی من دیم، سەنەتۆری هەتا هەتایە بوو. بەلایەنی كەمەوە سەرۆكایەتی سی(٢٠) رێكخراوی میللی لە ئەستۆدا بوو. كە پێی دەنایە ناو ئەنجوومەنی سەنا، هەموو یەك پێ لەبەری هەلّدەستانو دەستی رێزیان بۆ بە سینگەوە دەنا. بۆ خاتری (گاندی) بوو ئەم رێزەیان لێ دەنا.

كە تەرمی (گاندی)یان سووتاند، ئەم ژنە بە گریان خۆلّەمێشەكەی كۆكردەوەو فڕیی دایە ناو رووبار. ئەو رۆژە هەموو خەلّكی هیند بۆ (گاندی) گریان، بەلاّم (راج كۆماری) لە هەموو كەس زیاتر رۆندكی باراند. چونكە ئەو كاتەی پیاوێكی شێت پەلاپیتكەی دەبانچەی لە رووی (گاندی) داگرت، ئەو لەوێ نەبوو. هەر چەندە

وەكوو یاوەرەكانی عیسا بەردەوام لە خزمەتی (گاندی)دا بوو، بەڵام ئەو كاتە بە ئەركێك چووبووە شارێكی تر. ئیتر هەرگیز نەیدەتوانی لەسەر ئەم مەسەلەیە لە خۆی ببوورێ.

خەڵكی هیند (ڕاج كۆماری)یان زۆر خۆش دەوێ. ئەو ڕۆژە كە بە لێخوڕەكەم گوت دەچینە سەردانی (ڕاج كۆماری)، شەوقێكی وای تێدا گەڕاو ئەوەندە خێرا لێی خوڕی چی وای نەمابوو لە مانگایەكی پیرۆزی ناوەندی ڕێگا بدا. كە لە ناوەندی جادەدا بە ڕۆخ گایەگەدا تیپەڕی، لە بەر خۆیەوە هاواری كرد:

- مانگای ئەفرەتی لاكەوە! (ڕاج كۆماری) چاوەڕێمان ددكا.

ئەمەم بۆ (ڕاج كۆماری) گێڕایەوە. پێكەنیو گوتی:

- دەزانی من سەرەرای ئەوەی هیندیم، گاورمو گیاخۆریشم. باوەڕم وایە ڕەشە وڵاغیش خەڵقی خودان... ئەمە مانای وا نییە من ئازدڵم خۆش ناوێ. بەڵام تەنیا ئەو ڕۆژە دەتوانم بە ئاسوودەیی سەر بنێمەوە كە هیندی فێر ببن بە پێلەقە گای ڕێگرو نووستووی چەقی شەقام هەڵسێنن.

كێشەكە ئەوەیە ئێمە تووشی خەرافات هاتووینو یەكێ لەو خەرافاتانە بە پیرۆز زانینی ڕەشەوڵاغە.

ئەمڕۆ بەیانی لەگەڵ چەند كچێكدا بووم، بە (ساری) یاری تێنسیان دەكرد. من خۆم وەرزشوانمو سەرۆكی یانەی تێنسی ژنانی هیندم. كچەكان دەوردیان لێدامو داوایان لێكردم وازۆیان بۆ بكەم. منیش گوتم:

- هەتا ئێوە بە (ساری) یاری بكەن، وازۆو شتی وا لە گۆڕێ نییە.

تێنس جلی تایبەتی خۆی هەیە. قسەیان ئەوە بوو گوتیان: باوکمان رێ نادا (ساری) دابکەنین. پێمگوتن:

- نابێ گوێ بە قسەی باوکتان بدەن! شۆرش قەت بە بێ شکاندنی دەستوور نابێ.

کە قسەی دەکرد دەنگی توندو پتەو بوو. بیستبووم ژنی هیندی نموونەی گوێڕایەڵیو فەرمانبەردارینو ژنی هیچ وڵاتێك لە وەرگرتنی شتی دروستو نادروست بە گەردی پێیان ناگا. ئەم مەسەلەیەم بۆ (راج کۆماری) باس کرد. پێکەنیو گوتی:

- نا. ئازیزەکەم! بە تەما مەبە من لەگەڵ ئەم شتە پڕوپووچانەدا بم. هیند گۆڕاوە. ژنی هیندی بەم جۆرە نەماون کە ئێوە باسی دەکەن. ژنی هیندی لە سەردەمی شۆرشی (گاندی) یەوە گۆڕاون. ئایا دەزانی ژنی هیندی، یان باشترە بڵێم ژنانی (گاندی) لە شۆرشی ساڵی هەزارو نۆ سەدو سی، چییان کرد؟ تا ئاگاداری ئەم شتانە نەبیت، ناتوانی هیچ شتێ لە بارەی ئەم وڵاتەوە بنووسی.

بێگومان من ئاگاداری مەسەلەکە بووم، چونکە لە نزیکەوە (راج کۆماری)م دەناسی.

شتێکی سەیر بوو. لەوان ساڵاندا مەسەلەی باجی خوێ لە گۆڕێ بوو. رۆژێ سەر لە بەیانی، (گاندی) (ساتی ئاگواها)ی بۆ خۆی راگەیاند. (ساتی ئاگواها) یانی (خەباتی ئاشتییانە)، یان (خەباتی بێ خوێن رشتن). شۆرشو پشت گوێ خستنی فەرمان تا رادەی مردن، بەڵام بێ توندو تیژی. (گاندی) داوای لە ژنان نەکردبوو بەشداری ئەو راپەرینە بکەن، بەڵام لە شەشی نیسان، ملیۆنەها ژن رژانە نێو کۆڵانو

سەر شەقامەکانی هێند. هەر یەکە تەختەیەکی بە دەستەوە بوو لە سەری نووسرا بوو:

(یاسای خوێمان شکاندووە، ئێستا ئازادین!!)

سەریان بە هەموو شوێنێ دادەگرت: چێشتخانە، پەرستگا، تەنانەت دادگای بالای بۆمبایش کە ئینگلیز خەریك بوون تێکۆشەرێکیان لەوێ دادگایی دەکرد. ژنەکان تەختەکانیان لە رووی دادوەرەکان هەڵدەشەقاندو هاواریان دەکردو ئەم دروشمە شاعیرانەیان دووبات دەکردەوە:

- (کێ خوێی ئازادی دەکڕێ! هۆۆۆ!!)

ئەو رۆژە دونیا زۆر گەرم بوو. بارانی وەرزیی خەریك بوو وردە وردە دەستی پێ دەکرد. هێندی بۆ کڕینی خوێی ئازادی ریزیان گرتبوو. هەندێکیان چەند پوولێك و هەندێکیان هەزاران روپیەیان دەدا. ژنان، لەگەڵ فرۆشتنی هەر چەنگە خوێیەکدا، بۆ سوپاسبژێری پەنجەیان لە لێوی خۆیان دەدا. دوای چەند سەعاتێك، تینوێتی زۆری بۆ هێنان. پۆلیس بەمەیان زانی و بۆ ئەوەی زیاتر ئازاریان بدەن بوتلە ئاوی تەزییان دەدایە یەکترو لە بەر چاوی ئەوان دەیانخواردەوە. (راج کۆماری) وای لێهاتبوو لە بەر تینوێتی پرزەی لێ براو بوو، نەیدەتوانی لێوی لێك بکاتەوە. ئەو لە ناو کۆشك و سەرا گەورە ببوو. قەت تامی نەبوونی نەچەشتبوو. وەکوو ژنە لادێییە بەدبەختەکان بەرگەی نەدەگرت کە بە رۆح کێشان گەورە ببوون. (راج کۆماری) تەماشای بوتلە ئاوەکانی دەکردو هەروا کە بە زۆر دەیتوانی خووزی زاری قووت بداتەوە دەیگوت:

- ( کێ خوێی ئازادی دەکڕێ ا هۆۆۆ!)

کە پۆلیس گرتیان، خۆیشی نەیزانی چ رووی داوە، چونکە بوورابووەوە! ئەو رۆژە ژنێکی زۆر دەستگیر کران. تەنیا لە (مادراس) سێ هەزار کەسیان گرت. لە بەر ئەوەی لە ناو زیندانەکان جێیان نەدەبووەوە، لە ناو شینایی گەورەی شووره بڵند زیندانییان کردن... بەڵام رۆژێ هات، خۆر بەسەر هەموو شینایییەکانو بە سەر سەراپای هیندستاندا هەڵاتو یاسای باجی خوێ هەڵوەشایەوە.

بە (راج کۆماری)م گوت:

من شتم لە بارەی ئەم رووداوە خوێندۆتەوەو قسەیەکی (گاندی)م هێنایەوە لەو بارەیەوە کردبووی:

(نابێ هیچ شۆرشێك بە گەورە بزانین ئەگەر ژنانی وڵاتو جۆری ژیانیان نەگۆڕێ! هیچ شۆرشێك بەبێ ژن سەر ناکەوێ! رەنگە ژن لە رووی جەستەیییەوە، لە پیاو بێ هێزتر بن، بەڵام لە رووی ورەو رووحییەتەوە، سەد قات لە پیاو بەوەجترن! ئەگەر بۆم بکرێ سوپای ئازادی هیند لە ژنان پێك بێنم، دڵنیام ساڵێکی پێناچێ سەرکەوتن بە دەست دێنم!)

(راج کۆماری) گوتی:

- هەر لەو کاتەش بوو (خەباتی ئاشتیانە) لە پێناوی کراسی (ساری) دەستی پێکرد. دڵنیام ئێوە زۆر شت لە بارەی (ساری)یەوە نازانن! بۆ نموونە ئێوە دەزانن (ساری) پارچە قوماشێکی بیستو پێنج مەترو نەوەد سانتیم درێژە، چواردە جار لە دەوری کەمەر دەئاڵێو هیچ دوگمەو دورمانی نییە. بەڵام وردە مەرج دەکەم ئێوە نازانن، ژنی

هیندی چۆن چۆنی بەرامبەر بە جلی ئەورووپی وەستان‌و بەرگرییان لە (ساری) کرد؟ ئەوانەی دەڵێن ژنی هیندی بۆ داپۆشینی پێی ناشیرینیان، (ساری) لەبەر دەکەن، قسەی پڕو پووچ‌و بێ مانا دەکەن! ژنی هیندی کە دەستیان بە (خەباتی ناشتیانە) ی (ساری) کرد، مەبەستیان ئەوە نەبوو بتوانن پێی ناشیرینیان بشارنەوە. بەڵکوو بۆیە دەستیان بەم خەباتە ئاشتیانەی (ساری) کرد چونکە کارگەکانی (مانچستەر)و (لانکاشایر) خەریک بوو رەواجی کارگەی چیت‌و ئاوریشمی ئێمەیان دەبرد. بۆ ئەمەیش رۆژێ، ژنان رژانە سەر شەقام‌و لێنەگەڕان کەس بچێتە فرۆشگاکانی فرۆشتنی جلی ئەورووپی.زۆر بە شێنەیی داوایان لە خەڵکەکە دەکرد جلی ئەورووپی نەکرن‌و (ساری) هیندی لە بەر بکەن.

- ریزمان بەست‌و دروشمان دادا. لە (بۆمبای) ویستیان بە وشاندنی بیبەرو گەنەگەرچەك رێمان لێ بگرن، بەڵام نەیانتوانی. ژنێکی زۆر دەستگیر کران. ژنەکان زۆریان دووگیان بوون. منداڵێکی زۆر لە ناو زیندان لە دایك بوون‌و ناوی وەکوو ( شۆڕش‌و سەرکەوت‌و ئازاو یاخی)یان لێ نان... باشە ئێوە قەت بیرتان نەکردوتەوە: بۆچی زۆر گەنجی هیندی ئەم ناوانەیان لێیە؟

لە جێی خۆی هەستاو منی بردە لای باخچەو بەردەوام بوو:

- بەڵێ... زیندانەکانی هیند هیچ کاتێ چۆڵ‌و بێ کار نەبوون. خوێندن‌و نووسین‌و کاریش لە ناو زیندان قەدەغە بوو. لەگەڵ ئەوەشدا من خۆم لە ناو زیندانادا هەستم بە ئاسوودەیی دەکرد. مرۆڤ کە نەتوانێ بخوێنێتەوە، نەتوانێ بنووسێ، نەتوانێ هیچ کاری تر بکا،

ناچار دەبێ بیر بکاتەوە. کە بیریش بکاتەوە، چارەسەری هەموو گیرو گرفتێك دەدۆزێتەوە.

- باشە، ئێوە تا ئێستا چارەسەری هیچ گیروگرفتێکتان دۆزیوەتەوە؟

- بەڵێ! من بۆم دەرکەوت هەموو ژنی دونیا وەکوو یەك وانو ئارەزووەکانیان یەك شتە: ئازادیو پێکەوەنانی خێزانو پەیداکردنی پارە بۆ ژیانو گوزەران...زانیم ژنی هیندی بۆ دەسکەوتنی ئەم شتانە بەرگەی هەڵو مەرجی سەختیان گرتووە... یەك شت هەیە، زۆر لینی دڵنیام: ژنی هیندی ئێستا وەکوو جاران پەپوولەی ناسكو بێ وەی نین، ئەوان ئێستا بوونەتە پەپوولەی ئاسنین.

+ + +

حەزم دەکرد باوەڕ بە قسەکانی ( راج کۆماری) بکەم بەڵام کاتێ فیتە بە دەورێکم لە شارەکانی (دەهلی نوێ)و ( کەلکەتتا) لێدا، گومانم لە قسەکانی پەیدا کرد. شۆرشی ئاشتیانە ناتوانێ دڵی خەڵك بگۆڕێو ئەو خەرافاتو بێدادییە لە ناو ببا کە چەندین سەدەیە بە کۆیلەی کردوون. ئێستایش لە شەقامەکانی (کەلکەتتا) خەڵك وەکوو مەڕ، شەو تا بەیانی لە سەر یەك دەخەونو لەبەر پەتاو برسێتی دەمرن. ئێستایش لاشەی منداڵەکانیان فڕێ دەدەنە ناو رووباری (گینگ) بۆ ئەوەی بکەونە دەم شەپۆڵو ببن بە خۆراکی ماسی.

هیندستان دانیشتوانی زۆرەو زۆربەی خەڵکەکەی ژنن. چۆن دەتوانین بە دروشمی (پەپوولەی ئاسنین) پەی بە ناخی بوونیانەوە ببەین؟! ئەمە وەکوو ئەوە وایە بمانەوێ بە بەراوردکردنی پیاوی

زۆربەی ژنانی هیند (پەپوولەی ئاسنین) نین. مرۆڤی غەمبارو میهرەبانن. گوناهیان نەکردووەو ترسی گوناهیان لە چاودایە. منداڵە لەڕو مردەڵەکانیان، لەبەر بێ خواردنی، بە زۆری وەکوو بووکەشووشەی چەند سانتیمییان لێهاتووە. لە باتی ئەوەی ئەو منداڵانە لە باوەش بکەن، وەکوو فانۆس بە دەستیانەوە دەگرن.

ژنی هیندی لە رادەبەدەر جوانن. لە ناسکیو جوانیدان ژنی هیچ شوێنێکی دونیا بە گەردی پێیان ناگا بەڵام مرۆڤ نازانێ داخۆ ئەم رەوشتەیان لە خۆوە هاتووە، یان لە ئەنجامی ترسو تۆقان...؟

تۆ وەرە یەك جار لە چێشتخانە، یان لە ناو باس تەماشایان بکە!! هەرگیز چاو لە چاوی پیاو نانێن. سەریان دادەنەوێنن.

لە هیندستان، ئەگەر ژنێك چاو ببڕێتە چاوی پیاوێك، دیارە ئەو پیاوە ژنانییە. پیاوی ژنانی کە خۆیان ئارایش دەکەنو (ساری) لەبەر دەکەن، لە هیندستان ژمارەیان گەلێ زۆرە. تەنیا کە سەیری پیاوان دەکەن، دەزانین ئەمانە ژن نین.

بە کورتی: من رام وایە هیندستانی خانمی ( راج کۆماری) هیندستانی هەموو ژنانی هیند نییە...لەگەڵ ئەوەشدا، هندستان ژنی گەورەو گرنگی کەم نییە. بگرە لە ئەمریکاو لە رووسیایش ئەوەندە ژنە سەرۆك شاردوانیو سەرۆك نیقابەو سەفیرو نوێنەری ئەنجوومەن نییە. ژمارەی دکتۆرەکانی هیندستان لە ژمارەی دکتۆرەکانی پەکینو شانگهای زیاترە. ئێوە ئەگەر ئەم شتانەتان بە لاوە سەیرە، با پێتان

بلێم هیچ سەیرو جێگای سەرسامی نییە. ژن‌و پیاو لە هەموو ئایین‌و تاقمە جۆراوجۆرەکانی هیند یەکسانن. پێویستە ئەوەیش بزانین زۆربەی خودانبانووەکانی هیند ژنن. وەکوو (ساراسواتی)ی خودانبانووی ئاوەزو (دوورگا)ی خودانبانووی بەزەیی‌و (لوکسمی)ی خودانبانووی سامان‌و (ساسفاتی)ی خودانبانووی مۆسیقاو (مالی)ی خودانبانووی تۆڵە. ژنی هیندی لە کاتی قسە کردندا، زۆر بە ئەدەبن! کەم وا دەبێ ژنی هیندی شوو نەکەن‌و نەبن بە خاوەن منداڵ. لەسەر سفرە شتێ ناخۆن کە مێردیان حەزی لێ نەکاو نەیخوا. بە ئەدەب‌و بە ناسکی دەڕۆن. گوڵ لە قژی خۆیان دەدەن. تۆ وەرە گوێیان لی بگرە چۆن باسی یاساکانی پەیوەست بە ژنانت بۆ دەکەن کە چارەنووسی ژنانی هیندی گۆڕی. وەکوو یاسای هاوسەریی، کە پێش چەند ساڵ بە رەسمی فرەژنی قەدەغە کرد، یان یاسای شووکردنەوەی بێوەژن، یان یاسای قەدەغە کردنی مارەبڕینی منداڵ کە ڕێ نادا داك‌و باب منداڵەکانیان لێك مارە بکەن. کاتی خۆی لە هیند کچی پێنج شەش ساڵەیان بە شوو دەدا. کەچی ئەمڕۆ یاسا ڕێ نادا کچی خوار پازدە ساڵی بە مێرد بدرێ.

هەندی جار ژنی هیندی لێت دەپرسن:

- ئایا دەزانی ژنانی (فرەنسا)و ( ئیتالیا) کەی مافی دەنگدانیان وەرگرت؟!

_ لە فرەنسا، ساڵی (١٩٤٤)و لە ئیتالیا، ساڵی، ( ١٩٤٥)، کەچی ئێمەی ژنی هیندی ساڵی (١٩٣٥)ئەو مافەمان بە دەست هێنا!! لەگەڵ ئەوەشدا، ئێستایش لە هیند کچ هەیە هێشتا منداڵە دەبێ بە خاوەن

منداڵ، بێ ئەوەی هیچ لە دونیا بزانێ. بێوەژن هەیە قەت بیر لە مێرد ناکاتەوە. ژن هەیە مێردی سەر بە هەوێ دەکاو لەگەڵ هەویکەی پێکەوە دەژین.... بەڵام (پەپوولەی ئاسنین) ئەگەر شتێکیان بوێ دەزانن چۆن بە سەبرو حەوسەلە بە دەستی دێنن.

لە وڵاتێکی وەکوو هیند کە رێ گرتن لە منداڵبوون گوناهێکی گەورەیە، توانیان بە رێگای جۆراو جۆر جڵەوی منداڵبوون بگرن. رەنگە لە هەموو دونیادا هیند تاکە وڵاتێك بێ، چۆن لە ئەوروپا قەشە خەڵك فێری دوعا دەکا، لەوێش فەرمانبەری دەوڵەت، ئاوها خەڵك فێر دەکەن بە بێ ئارەزووی خۆیان رێ لە منداڵبوون بگرن.

+ + +

پاش دیتنی ئەو رووداوانە لە هیند، ئێستا بیر دەکەمەوە: ئایا ئەو شەودی مەهاراجەی (جایپوور)م بینی خۆشتر بوو، یان ئەو شەوەی لەگەڵ (جەمیلە وەرگز) بە سەرم برد؟!

هەر یەکە لەو دوو دیدارە ماوەی چەند سەعاتێکی خایاند. بەڵام نەمزانی بۆچی؟! هیند وڵاتێکە وەڵامی (بۆچی)یەکانی خۆتت تێدا دەست ناکەوێ. وا چاکە هەر لێی گەرێیو بە دوایدا نەچی. تاکە رێگایەکی تێگەیشتنی رەمزو راز ئەوەیە تەماشا بکەیو گوێ بگریو چیت دیتو چیت بیست، دووبارەی بکەیتەوە.

یەکەم جار باسی ئەو شەوە دەکەم کە لە ماڵی جەمیلە وەرگز بە سەرم برد. ئەو کاتە جەمیلەم ناسی کە لە زانکۆی فلۆرەنسای تایبەت بە قوتابیانی بیانی دەیخوێند. ئێستا لە (دەهلی نوێ)یە. کاتی خۆیشی لەگەڵ مێردەکەیدا، هەر لەم شارە دەژیان. دوو منداڵی هەیە. کاری

نیگارکێشان‌و نووسین‌و یاری کردنە لە فلیمی جۆراو جۆردا. ئەم نیشانەی نیشانەی ئەوە نین جەمیلە پەپوولەی ئاسنین بێ... جەمیلە ژنێکی هیندی ئاساییە. یەکێکە لەو ژنانەی، کاتێ ئەورووپییەکان زەردەی رۆژئاوا لە سەر گومەزەکانی (تاج مەحەل) دێننە بەر چاو، بە مێشکیاندا دێ: ناسك‌و جوان‌و خشکۆك!! قژی رەشی هۆنراوەی تا سەر چۆك دێ‌و خەندەیەکی بە سەر لێودوەیە دڵ لە پیاوی کوێریش دەسەنێ. ویستی پەپوولە ئاسنینەکانم پێ بناسێنێ. بۆ ئەمەیش ژنێکی پەیامنێرو ژنێکی بەڕێوەبەری رێگای ئاسن‌و ژنێکی کابانی ماڵێ‌و ژنێکی دختۆرو ئارایشکارێکی بۆ شێوی ئێوارە بانگێشت کردە ماڵی خۆی.

ژنەکان بە شەپۆلی زەردو سەوزو سوور هاتن. هەندێکیان مێردەکانیان لەگەڵ هاتبوون‌و هەندێکیان بە تەنیا هاتبوون بۆ ئەوەی بسەلێنن ژنی هیندیش دەتوانن بە تەنیاو بێ پیاوەکانیان لە ماڵەوە دەربچن.

هەموو شادو بە کەیف‌و خەندان بوون. یەکە‌و پنتی سووریان بە تەوێڵەوە بوو. پێڵاوی زێڕین‌و زیوینیان لە پێ بوو. هەموو قسەیان یەك بوو. مێردەکانیان بە رووی سەنگینەوە، بەلام بە لێوی بەخەندەوە، لە گۆشەیەك دانیشتبوون دەق وەکوو مێردی ئەورووپی بە شێوەیەك کە پەپوولەی ئاسنین هیچ حیسابیان بۆ نەکەن.

(ئانیتا مالیك) رۆژنامەنووس بوو. باسی کرد کارەکەی لە ناو زۆربەی ژنی شارەکانی هیند برەوی پەیدا کردووە.

(ئانجامن مەهتا) بەڕێوەبەری ئێستگەی رێگای ئاسن بوو. گوتی

ژمارەی ئەو ژنانەی لە ڕێگەی ئاسن کار دەکەن لە زیادبووندایەو لەو کاتەوە کە ئەوان دەستیان بە کار کردووە، ئەفەرەکان باشتر بەیرەوی ڕێنماییەکانی ناو لۆجەکان دەکەن. کە نووسینی وەکوو ئەمانەن:

- تکاتە تف بە ئەفەری تەنیشتت دا مەکە.

یان:

ئەگەر پێی خۆتان نەشووشتووە، پێڵاوتان دامەکەنن.

یان:

- تکایە لە ناو لۆج میز مەکەن.

یان:

- ئەگەر پەنجەرەکان داخرابوون سیر مەخۆن.

لێمپرسی:

- ئایا ژن لە کاتی ئیش کردندا (ساری) دەپۆشن؟

- بەڵێ، بەڵام کڵاویش لە سەر دەنێن.

(ئاشرۆف)ی ئارایشکار باسی کرد کارەکەی هیچ پەیوەندی بە قژ چاك كردنەوە نییە. لە هیند، ئارایشکاری ژنان نییە. هەروەها بەرگدرووی ژنانیش نییە! هەموو ژنێ دەبێ خۆی قژی خۆی چا بکاو دەبێ بزانی چۆن چینەکانی سارییەکەی ڕێك بخا. ئەو ئیشی ئەوە بوو شێوازە لە بیرکراوەکانی ئارایشی قژ زیندوو بکاتەوە.

وەکوو هەموو جارێ کە بێگانەیەك قسە لەگەڵ هیندییەك دەکا، باس هاتە سەر باسی (ساری):

(ساری) کراسێکی شکۆدارە. چەند سەدەیەکە بەرگی ژنانی هیندەو جلی ڕەنگرێژە ناودارەکانی وەکوو (شانێل)و (دیوەر) لە چاو

(سارى) وەكوو گەپچارێ وايە.

(لـەيلا شـوكا)ى بلاّوكـەرەوە پێـشنيارى كـرد مـنو جەميلـە جلەكانمان بگۆڕينەوە چونكە بەژنو بالاّمان بە قەد يەك بـوو. لە ناو تريقو هۆڕى پێكەنينى ژنەكان جلەكانمان گۆڕييـەوە. گەيشتينە ئەو ئەنجامە كە كراسى (سارى) لە ژنى ئەوروپى دێ، بەلاّم جلى ئـەوروپى دادەداديـەتى لـە دەسـت ژنـى هينـدى. مـن زۆر ئاسـوودە بـووم لـە نـاو كراسى هيـنـدى بـەلاّم جەميلـە بـە جلى مـن، كـە زيـى بـە گەمـژەيى كرابووەوە، مايەى پێكەنين بوو. دەتگوت لە ناوەڕاسـتەوە كراوەتـە دوو لەتو بەژنيان كورت كردۆتـەوە. لاقى رووتـى چاويان ئەزيـەت دەداو خۆيشى لێى وە تەنگ هاتبوو.

هەموويان يەك گوتاريان لە بارەى (سارى)يەوە ئامادە كردبوو.

(نيريـس داويـدە) كابـانى مالّـەوە بـوو. چـەند سـالّ بـوو خـەريكى لێكۆلّينەوەى (سارى) بوو. گوتى:

- ئەم كراسە بە پێچەوانەى بۆچوونى ئەوروپييان كراسێكى يـەك شـكلّ نييـەو لەبـەركردنى نـاخۆش نييـەو هـەموو ژنـان بـە كراسـى (سارى) شكلّيان وەكوو يەك نييە. چواردە جۆرى شێوازى لەبـەركردنى (سـارى) هەيـە: ئالاّنـدنى بـە لاى راسـت، يـان بـەلاّى چـەپدا. فڕێـدانى چمكى (سارى) بۆ سەر شانى راست ، يان بۆ سەر شـانى چـەپ، يـان بـۆ سەر سەر. شێوازێكى ترى لەبەركردنى (سارى) ئەوەيە لەگەلّ كراسێك لە بـەر دەكـرێ پێـى دەلّـێن (كولى)و تـا سـەر نـاوك دێ. ژنـى نـاوچـەى (كـرولا)، كلكى (سـارى) بـە نـاو پێيەكانيانـدا تـێ دەپـەڕێنو شـتێكى وەكوو پانتۆلّى لێ دروست دەكەن. ژنە ماسيگرەكانى (بۆمبـاى) (سـارى)

لە پشتەوە گرێ دەدەن و کەمەریان بە رووتی دەمێنێتەوە.

(ئانیتا مالیك) گوتی:

- ژن خۆی لەگەڵ (ساری) ناگونجێنێ، ئەوە سارییە بە پێی باروودۆخی ژیانی ژنان دەگۆڕێ. (ساری) هەیەو نییە پارچە قوماشێکی بێ شکڵی درێژە. بە گوێرەی ئەوە دەگۆڕێ هەر ژنەو چ جۆرە شێوازێکی پێ دەدا.

(لەیلا شوکا) گوتی:

- (ساری) جلێکی هەوەسبازیی نییە. ماقووڵترین و نازدارترین جلی سەر رووی زەوییە!

بۆ ئەوەی بیبزوێنم پێمگوت:

- نەخێر وا نییە! (ساری) هیچ رەحەتی و ماقووڵی تێدا نییە. من کیمونوی ژاپۆنیم لە بەر کردووە... زۆر سادەو رەحەتە، کەچی ئەوەتا بە یارمەتی ئێوە ئینجا توانیم (ساری) لە بەر بکەم. کە دەڕۆم وا هەست دەکەم بنی پێم کۆ دەبێتەوە سەر یەك و ئێستا نا ئێستا بەر دەبمەوە.

(ئانجامن مەهتا) گوتی:

- ئەمدەزانی بۆ کار کردن هەر دەبێ بەدلە لە بەر بکەین.

بۆ ئەوەی باسەکە زۆر درێژە نەکێشێ، جەمیلە گوتی:

- دەستە خوشکی ئەوروپی من راست دەکا (ساری) زۆر رەحەت نییە. بۆ نموونە من خۆم کە سواری پایسکل دەبم، یان یاری سەبەتە دەکەم، هیچ بە (ساری) رەحەت نیم.

لێمپرسی:

- ئەدی بۆچی هەمیشە ئەم کراسە لە بەر دەکەی؟ من خۆم ئەم کراسەم لا پەسندە بەڵام پێم سەیرە ژن بەم کراسە سواری بایسکل ببێ! هەموو ژنی دونیا، بگرە ژنی ژاپۆنیش جلی ئەورووپی لە بەر دەکەن تەنیا ژنی هیندی خۆیان دەخەنە سەر چەقۆو دەچنە زیندان هەر بۆ ئەوەی (ساری) لە بەر بکەن... دەزانم ساڵانێکی زۆری بە سەردا تێپەڕیوە بەڵام ئاخۆ دەبێ ئەم منجڕیی و بەرگرییە پەیوەندیی بە جوانپەرستیی هیندییانەوە هەبێ؟!

لێرەدا دەنگێکی ژنانەی ناسك و جوان وەڵامێکی دروستی دایەوە:

- نا. ئێمە بۆ جوانی و رەحەتی، (ساری) لە بەر ناکەین. ئێمە بۆیە (ساری) لە بەر دەکەین چونکە بەر لەوەی ژن بین، هیندین و ساریش رەمزو بەیداخی وڵاتی هیندە. فڕێدانی (ساری) خیانەتێکی گەورەیە! وەکوو ئەوە وایە میللەتی خۆمان بفرۆشین.

قسەکانی ئەم ژنە لە قسەی هەموو ژنەکانی دی ماقووڵتر و پەسندتر بوو! سەیرم کرد دیتم ئەمە خانمی (جەشیری)یە. ئەم خانمە بە درێژایی شەو بە کپ و بێدەنگیی لە گۆشەیەك دانیشتبوو، دەتگوت هیچ قسەی نییە بیکا. لیمپرسی:

- تۆ لێکۆڵینەوەت لە سەر (ساری) کردووە؟

وەڵامی دایەوە:

- نا. من کارم پزیشکییە و کار بۆ دەوڵەت دەکەم.

- چ جۆرە کارێك؟

- یارمەتی ژنانی هیند دەدەم منداڵیان کەمتر ببێ.

هەموو بێدەنگ بوون. بە هاوڕێکەیان هەڵدەشاخان کە سەرەڕای

کاری پیرۆزیی پزیشکیی خۆیەوە، گوتاری دەدا. بە شینەیی (ساری)ی سەوزی هاویشتەوە سەر ئەژنۆی و دەستی بە قسە کرد:

ـ گەرەترین کێشەی وڵاتی ئێمە هەژارییە! بۆیەش هەژارین چونکە ژمارەی دانیشتوانمان زۆرە. ئێمە لە چینیەکانیش زیاتر منداڵمان دەبێ. ئێمە گەورەترین کارگەی دروست کردنی منداڵین! ژن لە وڵاتی هیندستان، وەکوو مێش و ماسی بە خێرایی زاووزێ دەکەن و منداڵ دەخەنەوە! کۆمەڵی ئێمە ساڵی پێنج ملیۆن نەفەری زیاد دەبێ. تا سیل و پەتا منداڵی هەژارانی لە ناو دەبرد، ئەم زیادەیە زۆر پێوە دیار نەبوو، چونکە چەند منداڵ دەهاتنە دونیا ئەوەندە منداڵەیش دەمردن. بەڵام لەو رۆژەوە کە ئێمەیش فێر بووین دژی سیل ج بکەین و چۆن پەتاو نەخۆشییەکانی دی لە ناوببەین، ئەو منداڵانەی دێنە دونیا ژمارەیان لەوانە زیاترە کە دەمرن. بۆیە بەرزەفت کردنی زیاد بوونی کۆمەڵ لە وڵاتی ئێمەدا، شتێکی ناچارییە. ئەم هەڵمەتیش ساڵی چل و پێنج دەستی پێکرد:

ئەو کاتە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان جەنابی (ئەبراهام ئەستون)ی پسپۆری بەرزەفت کردنی زیاد بوونی کۆمەڵی رەوانەی هیندستان کرد. من لە ئەمریکا خوێند بووم و دختۆر(ئەستون)م دەناسی. پێشنیارم بۆ دەوڵەت کرد بە دەمییەوە بچن و هاوکاری بکەن. ئینجا من و ئەو بە دوو قۆڵی دەستمان پێ کرد. سەرمان لە بنکە زمونییەکانی (بۆمبای)و (دەهلی نوێ) دا. ئینجا شارەکانی تری وەکوو (وندهیا پرادش)و (بانگالور) گەڕاین... بەڵام بە داخەوە کارەکەمان هیچ ئەنجامی نەبوو.

هەڵبەت خۆتان دەزانن ژنی هیندی وەکوو ژنی ئاسیا بە ئەشقو ئەوین شوو ناکەن. ئەوان بۆیە شوو دەکەن تا منداڵیان ببێ. تا منداڵیشیان زیاتربێ، پتر کەیفیان پێ دێ. کتو مت وەکوو وەرزێر کە شانازی بە بەرهەمی زۆری خۆی دەکاو پێ شادو بەختەوەر دەبێ.

ئەوانەی لە بنکەکەمان دەچوونە ماڵان، زۆر جار ژن دەریان دەکردن و جنێویان پێ دەدان و تەنانەت بە تێلا پەلاماریان دەدان. ئەوان پێیان ناخۆش بوو کە ئێمە دەمانەویست منداڵبوونیان لێ قەدەغە بکەین کە جێگای شانازی و گەورەیی هیندییە. زۆریان هەر لە قسەو مەبەستیشمان نەدەگەیشتن. یانی نەیاندەزانی بە چ شێوەیەك رێگا لە منداڵبوون بگرن. کە حەبی منداڵ نەبوونمان دەدانێ، هەموویان بە یەك جار دەخوارد.

ئەو کاتە بڕیارم دا بە جیا جیا قسە لەگەڵ ژنان بکەم و رێگای منداڵ نەبوونیان بۆ روون بکەمەوە. لە سەرانسەری هیند، دەستم بە گوتاردان کرد. گوتاری یەکەمم لە خوارووی وڵات، لە گوندێك بوو بە ناوی (رامانا گرام). چوومە بەر دەم مێزو بۆ ژنانم روون کردەوە هۆی هەژاری وڵاتەکەمان ئەوەیە ئێمە منداڵمان زۆر دەبێ. پرسیارم لێکردن:

- ئایا ئێوە پێتان وا نییە ئەمە جۆرە تاوانێکە، کە ئێمە منداڵمان زۆر ببێ و منداڵەکانمان لە بەر نەبوونی و برسێتی بمرن؟ لە سەدا حەفتای گوندەکە قسەکەیان لێ وەرگرتم و رازی بوون ماوەی ساڵێك بەرنامەکەیان لە سەر جێ بە جێ بکەم. ئیشەکەم سەرکەوتو بوو. ورده ورده لە (دەهلی نوێ)یش جێ بە جێم کرد.

ئەمڕۆ لە هەموو گوندو شارۆچکەیەک، بنکەیەکی بەر زەفت کردنی زۆر بوونی کۆمەڵ هەیە. ئەم نیشە مەسرەفێکی زۆری دەوێ. بە تایبەتی بنکەی تەندروستیی نەزۆک کردن، مەسرەفی یەک جار زۆرە. تا ئەمڕۆ زۆر ژن خۆیان نەزۆک کردووە. حەبی منداڵ نەبوون بە خۆڕایی بە سەر هەزاراندا دابەش دەکرێ‌و بە نرخێکی هەرزانیش دەفرۆشرێتە خەڵکی ئاسایی. ڕۆژ بە ڕۆژ فرۆشتنی ئەو حەبانە زیاتر دەبێ. کە دەچینە دەرمانخانە، دەبینین حەبی دژی منداڵ بوونیان وەکوو شەربەتی سینگ‌و ئەسپرین لە ناو جامخانە داناوە.

پیاوی هیندی لەم باردیەوە بیر کردنەوەیان ئەختێ کۆنەپەرستانەیە، بەڵام ژنان بە باوەشی کراوەوە وەریدەگرن. تۆ وەرە لە کاتی وەرگرتنی حەبی دژی منداڵ بوون بیانبینە، قەت کەسیان بەم نیشە هەست بە شەرم‌و شەرمەزاری ناکا.

لێمپرسی:

- ئێوە چۆن لەگەڵ ئەم ئەرکە دەسازێن؟

وەڵامی دایەوە:

- شەو کە دەچمەوە ماڵێ، بە ئاسوودەیی سەردەنێمە سەر باڵین‌و دەخەوم.

هەموو پەپوولە ئاسنینەکان بە سەر لەقاندن قسەکانیان بۆ سەلماند. من بێدەنگ بووم. بە حەپەساوی گوێم دابووە قسەکانی.

جەمیلە گێڕایەوە گوتی:

- جارێکیان چوومە بنکەیەکی تەندروستیی نەزۆک کردنی ژنان، بە چاوی خۆم دیم زۆر ژن لە بنکەکە دەهاتنە دەرەوە، زار زار

دەگریان و هاواریان دەکرد:

- چ فایدەیە بنیادەم وەکوو درەختی بەردار وابێ، کەچی لێ نەگەڕێن بەر بدا؟!

+ + +

ئەو ڕۆژە، بەیانییەکەی چوومە دیدەنی خانمی مەهاراجەی (جایپور). سواری فڕۆکەیەکی چەپرەك بووین. چەند یاریکەرێکی تێنسمان لەگەڵدا بوو. نەمزانی بۆچی دەچوونە ئەو شوێنە دوورە کە هەمووی قومەری و شۆرەزارە.

بیستبووم (جایپور) وەکوو (فلۆرەنسا)ی ئیتالیا وایە. بەڵام کە فڕۆکە لە سەر زەوی نیشت، تەنیا بیابانێکی قومی زەردو چەند خانوویەکی بچووك و کۆشکێکی سپی گەورە لە پەنجەرەوە، دیار بوو. کۆشکەکە هی مەهاراجە بوو. من هێشتا لە بەر بێخەویی میوانداریی شەوی پێشووی ماڵی جەمیلە هەر وڕو گێژ بووم، کە تا سەعات دووی پاش نیوە شەو درێژەی کێشا. وێنەی ئەو ژنە هیندییانەی لە بنکەی تەندروستیی نەزۆك کرابوون و کرابوون بە درەختی پەرك وەکوو میردەزمەو مۆتەکە ئازاری دەدام...(دویلیۆ) هەر بۆڵەبۆڵی بوو، باسی دەکرد لە سەردانی ئەم ژنە هەڵەوەڕانە بێزار بووەو دەیەوێ ئەم گەشتە شەکەتبارە بە کۆتا بێنێ و بگەڕێتەوە ڕۆما. لە وڵاتەکانی تر هیچ نەبوایە دەیتوانی بۆ خۆی لەگەڵ ژنان راببوێرێ. بەڵام لە هیندستان شتی وا نییە.

لە فڕۆکە دابەزین و بە پاس بەرەو ئوتێل بە ڕێ کەوتین. لە ڕێگا، فیلێکی گەورەو دوازدە وشترمان بینی. دەتگوت چووینەتە سەر

هەسارەیەکی ناناشنا. کە گەیشتینە ئوتێل، زیاتر سەرمان سوڕما. ئوتێلێکی گەورە بوو. کە گەیشتمە ژوورەکەم، پەیوەندیم بە خانمی مەهاراجەوە کردو کاتی چاوپێکەوتم لێ وەرگرت. تەلەفۆنی ئوتێلەکە ساف عاج بوو. مێزی نووسین کارتێکی لە سەر بوو، وێنەی کۆشکێکی لە سەر کرا بوو. لە سەری نووسرا بوو.

(کە هاتنە جایپور لە رامباگ پالاس دابەزن! خاوەن شکۆ مەهاراجەی جایپور کۆشکە خۆشەکەی خۆی بۆ خۆشیو حەسانەوەی میوانەکانی کردووە بە ئوتێل. میوانەکان گۆڕەپانی تینسو گۆڕەپانی گولفو حەوزیان لە بەر دەستدایە ئەگەر پێشەکی رێک بکەون، دەتوانن بچنە راویش!!)

من لە کۆشکی مەهاراجە بووم. پاشان دەرگەوانەکە پێی گوتم ئەو لاباڵەی منی لێ بووم پێش سێ ساڵ ژووری نووستنی خانمی مەهاراجە بوو. بێگومان من پارەیەکی زۆرم بۆ ئەو شوێنە دابوو. لاباڵی مەهاراجە لەوانی دی گەورەتر بوو. تەکساسییەك بە کراسێکی هاواییو پانتۆڵێك لەوێ خزمەتی دەکرد. ئەم پیاوە پانتۆڵ لە بەرە زۆر بە ئەزاکەتەوە سەرشۆرکی لاباڵەکەو بانیۆی مەرمەڕی رەشی نیشان دام. سەرشۆرکەکە هەموو دیوارەکانی ئاوێنەبەند بوون. رەنگە ئەو کاتەی ئەو پیاوە ئەمریکییە پەلەقاژەی لە ناودا کردووە، تا ئەو پەڕی، وێنەکەی لە ناودا دووبارە بووبێتەوە، چونکە کاتێ بانیۆکەی نیشان دەدام، هەژدەر هەژدەر دەیگوت:

- زۆر خۆشە!! ها!! زۆر خۆشە!!

کابرای شێرەی دەمو چاو شووشتن هەمووی زێڕی ساف بوون.

تەکساسی جگەرەی پەڕاوی تێدا دەگوژاندنەوە. لابالی ژنی دووەمی مەهاراجە نەختێ لە لابالی ژنی یەکەم گرانتر بوو. یانی نرخی هەر لابالێك بە گوێرەی پلەو پایەی ئەو کەسە دەگۆڕا کە تێیدا بوو. ژنی یەکەمی مەهاراجە پیرو ناشیرین بوو، دەوری نەمابوو. ژنی دووەمی حالی باشتر بوو. ژنی سێیەمی وەزعی هەر زۆر زۆر باش بوو. ژنی سێیەم ناوی مەهاراجە (ناشا) بوو. یەکێ بوو لە ژنە هەرە ناسراوو هەرە جوانو هەرە نازدارەکانی هیندو تەنانەت ئەوروپایش. بە جوانیو خشلو جەواهیراتەکەی ناسرا بوو. شەش سەد خزمەتکار لە کۆشکی مەهاراجە ، بەر ئەمری بوونو بە فیلان میوانەکانیان دەبردە ئەم لاو ئەو لای کۆشکەکە. چەند سەماکەرێك بە دەوام سەمایان بۆ دەکرد. لێم مسۆگەرە گەشتی نێوان کۆشکی مەهاراجەو ڤیلای بەڕێوەبەرایەتی یادێکی خۆشی لە لا جێ هێشتووە.

چوومە لای دەرگای دەرەوەی ئوتێلەکە. لە بەر دەرگا، کە رۆژێ لە رۆژان، پاسەوانی شمشیر بە دەستی مەهاراجە لەم لاو لەو لاوە پاسەوانییان دەکرد، ژنو پیاوێکی گەڕیدەی ئەمریکی لە سەر نرخی سواربوونی فیل، لەگەڵ فیلەوانەکە دەمەتەقێیان بوو. فیلەوانەکە داوای سەد روپیەی دەکرد بۆ یەك سواریی فیل. دیار بوو ژنو مێردەکە لەو کەسانە بوون تەنیا بۆ ئەوە گەشت بەم لاو بەولای دونیادا دەکەن تا وێنە بۆ دۆستو ناسیاوان بنێرنەوە. ژنو مێردەکە سەد روپیەیان پێ زۆر زۆر بوو. ئاخیری لەگەڵ فیلەوانەکە رێك کەوتنو بە شادو گوشادی سواری فیلەکە بوون.

دەرگەوانی ئوتێلەکە بۆی باس کردم کاتی خۆی مەهاراجە تەنیا

بۆ راوە بەور حەفتاو پێنج فیلو بۆ یاری چەوگان سەدو بەنجا ئەسپی هەبوو. بەلام کە یاسای نەهێشتنی دەسەلاتی مەهاراجە چەسپا، ئەویش ناچار بوو ژمارەی فیلو ئەسپەکانی کەم کاتەوە. تەنیا پازدە فیلو چل ئەسپی ما... بەلام مەسرەفی راگرتنی ئەمانەیشی بێ هەڵنەستا، ئێستا تەنیا سێ فیلی هەیە. پاشان گوتی:

- بێگومان سێ فیلیش کەم نییە. ئەوەتا مەهاراجەی (مەیسوور)، جاران شەش سەد فیلی هەبوو، ئێستا خاوەنی تەنیا یەك فیلە، ئەویش لە برسان لاکەی لێوە دێ.

- پرسیم:

- ئایا تۆ مەهاراجەی ئێستا بە پیاوێکی دەوڵەمەند دەزانی؟

گوتی:

- مەهاراجە ناچارە باجێکی زۆر بدا...

- بۆیە دەستبەرداری کۆشکەکەی بووە.

لەگەڵ ((دویلیۆ) سواری تەکسی بووین بۆ ئەوەی بچینە سەردانی ژنەکەی مەهاراجە. لێخوڕی تەکسییەکەم دواند گوتی:

- من سەرم لە ماری مەهاراجە دەرناچێ. پارەیەکی زۆری لە نوتێلەکەی دێتە دەستو ئێستایش گەورەترین کۆمەلە زمرووتو مرواری دونیای هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا خۆی خۆشبەزۆك لێ دەخوڕێ، لێخوڕی تایبەتی بە کرێ ناگرێ. رەنگە گازاندەی لەوە هەبێ جاپپوریان لێ سەندووە. کاتی خۆی هەموو زەویو زاری خەڵکی ئێرە موڵکی ئەو بوو. مرۆڤێکی خراپ نییە. ئەگەر بەشداری هەڵبژاردن بکا من دەنگی دەدەمێ، بەلام لەوە ناکا مرۆڤی سیاسەت بێ. چاوی تەنیا

لەوەیە ببێ بە سەفیری گەورە.

- تەکسی بە ناو بیابانێکی قومدا دایقەڵاشت و جایپور وردە وردە لە ناو ئەم دەریایەدا بوو بە لەکەیەکی زەردباو. جگە لە ترومبێلەکەی خۆمان، هیچ ترومبێلی ترمان لەو ڕێگایە نەدی. تەنیا هەر وشتر و وشتر و وشتر...لێخوڕەکە بۆی باس کردین مەهاراجە رای وایە زۆریی ترومبێل زەبر لە راکێشانی گەشتیاران دەدا.

- لە ڕێگادا، چەند خانوویەکی داری سوورباو سەرنجیان راکێشاین. مانگایەك لە سەر بانی خانوویەك بوو، نازانم چۆن گەیشتبووە سەر ئەو بانە؟! گەیشتینە ڤیلاکەی مەهاراجە. ئەم ڤیلایە تا ساڵی پەنجاو دوو چۆڵ بوو. دە خولەك لە کۆشکی (رامباگ)ەوە دوور بوو. سەردەمێ سەفارەتی وڵاتێکی بێگانە بوو. حەفت ژووری نووستن و هۆڵێکی نان خواردن و دوو هۆڵی تر و پازدە ژووری میوانانی تێدا بوو. سی (٣٠) خزمەتکار کاروباری جۆراوجۆری ڤێلاکەیان بەڕێوە دەبرد. کوڕی مەهاراجە لە ژنی دووەمی، لە بەر دەرگای چوونە ژوورەوە بوو. پێشوازی لێ کردین و گوتی:

- خانمی مەهاراجە دوای چەند خولەکێکی دی دەتانبینێ. لە ناو باخی ڤێلاکە، ژنێکی قژ سووری ئینگلیزی و ژنێکی تری قژ وەنەوشەییمان دی. دیار بوو میوانی مەهاراجە بوون.

پاش نەختێ، ژنەکە هات. (ساری)یەکی سەیری لە بەر بوو. قژی رەش و جوانی رژابووەوە سەر شانەکان و یەك تاکە خشڵی بە خۆیەوە نەکرد بوو. هیچ دەوسی نارایشی بەسەر پێستەی ئەسمەرەوە دیار نەبوو. پنتی سووریشی بە تەوێڵەوە نەبوو. هیچ لە ژنی هیندی

نەدەکرد. لە ژنە ملیۆنێرێکی دەکرد پێستەی لەشی لە سەر تەختەی بەلەمی گەشت و گوزار برۆزاندبێ. هەر بۆ خۆشی کراسی (ساری) لە بەر کردبوو. کامیرایەکی بە دەستەوە بوو. خولقی کردین دابنیشین. کامیراکەی خراپ ببوو داوای لە (دویلیۆ) کرد تەماشایەکی بۆ بکا.

زۆر باش ئینگلیزیی ئۆکسفۆرد قسەی دەکرد. دەنگی (ر)ی وەکوو بنزارێکی فرەنسی دەردەبڕی. ئەمە یادگاریی رۆژانی خوێندنی بوو لە سوێسرا. چاوی گەورەی بڕیبە من. دەیەویست بزانێ بۆچی هاتوومەتە لای. بەلام وای بە باش زانی لەم بارەیەوە هیچم لێ نەپرسێ.

باسی هەموو شتێکی کرد: باسی گەشتی ناو بە ناوی خۆی کرد. باسی کرد چۆن لە وەرزی باران دێتە ئەورووپاو هەمیشە سەرێك لە پاریس دەدا بۆ ئەوەی پانتۆڵێکی راو بۆ خۆی بە رادان بدا. هەندێ جار ماودیەك لە شوقەی خۆی دەمێنێتەوە لە ( ساکس ئینگلیز). دیار بوو پرسیارێکی هەبوو حەزی دەکرد لێم بکا. دوودڵ بوو قسە بکا، یان نا. ئاخیری حەوسەلەی نەماو گوتی:

- ئێوە لە کۆشك دابەزیون، وا نییە؟

بەڵێ، خانم.

- ژوورێکی باشیان پێداون؟

نەمزانی پێی بڵێم لە لابالی پێشووی ئەو دابەزیوم، یان نا؟!

وەلامم دایەوە:

- بەڵێ، ژوورێکی باشە. سوپاس!!

ژوورەکەتان لە کام لای کۆشکە؟ چەپ، یان راست؟

- نازانم، خانم... چونکە کۆشکەکە زۆر گەورەیە.

- ... بەڵێ زۆر خۆش و گەورەیە! لابالی منیان نەداویتێ؟!

- نا. باوەڕ ناکەم لابالی تۆ بێ. ژوورێکی زۆر گەورە نییە...

- کێ لە ژووری پێشووی مێردەکەمدایە؟

- کەس. خانم! وا بزانم کەسی تێدا نییە.

- ژوورێکی زۆر خۆشە...

- بەڵێ، زۆر خۆشە !!

- دیارە ژوورەکەت دیوە؟!

- بێگومان هەموو ژوورەکان گەڕاوم. کەس لە لابالی تۆو لە لابالی مەهاراجەدا نییە.

مەهاراجەو کوڕەکەی لەگەڵ زەمانە دەڕۆن. لە دەست چوونی کۆشکەکەیان بە لاوە گرنگ نییە.. بەلام من وا نیم، من هەموو دڵو گیانم لە ناو ئەم کۆشکەدایە! بە راست، جێگایەکی جوان و خۆشە، وا نییە!؟

- بەڵێ، بەڵام ڤیلای ئێستایشتان زۆر خۆشە!!

وەك ئەوەی گوێی لەم رستەی دواوەی من نەبووبێ، لە سەر قسەکانی خۆی بەردەوام بوو:

- حەوزەکەی ناوەڕاستی هۆڵی دانیشتنت بینی؟!

من حەوزو فیچقەکەم دیبوو، بەڵام کوڕی مەهاراجە شوێنەکەی کردبوو بە مەیخانە. ئێستا مەیخانەکە پڕی کچی ئەمریکی بوو، بە دەم هەڵدانی شەرابی سکۆتەوە دەیانگوت:

- زۆر خۆشە!! زۆر خۆشە!!

ژنی مەهاراجە لە سەر قسەکەی ڕۆیشت:

- ناچار بووین هەموو کەل‌و پەل‌و قەنەفەکانمان لە ناو کۆشك جێ هێشت چونکە کوڕی مەهاراجە رای وا بوو ئەو کەل‌و پەلانە نەبێ بەڕێوەبردنی ئوتێلەکە داهاتی نابێ.

- بەراست، گوتتان ژوورەکەتان لە کام لای کۆشکە؟

ئەم جارە دەستەو داوێنی دوو سەدو هەشتا ملیۆن خودانی پارێزەری هیند بووم. خودانەکان تکایان گرتم‌و فریشتەی رزگاری لە شێوەی پیاوێ لە بەر دەممدا پەیدا بوو. جلێکی شینی وەرزشی لە بەر بوو. پیاوێکی بالابەرزو نەختێ قەڵەو بوو. بۆ نەرم کردنەوەی لەشی لە سەر پەنجەی پێ هەڵدەبەزی‌و دادەبەزی. هات بەرامبەر من‌و مەهاراجە راوەستاو گوتی:

- سەلام! چۆنن؟ چاکن؟ خەریکم وەرزش دەکەم بەڵکوو کەرشم نەختێ بێتە خوارێ.

بە دەم ئەم قسەیەوە، هەر بەو جۆرەی کە هەڵبەزو دابەزی بوو، دەستی بۆ لای من درێژ کرد بۆ ئەوەی بچمە دەستی. منیش خێرا لە جێی خۆم دەرپەڕیم‌و دەستم گوشی بۆ ئەوەی مەشقەکەی لێ تێك نەدەم

مەهاراجە پێی ناساندم:

- ئەمە (جای) هاوسەرمە.

(جای) سەلامێکی کردو بە هەڵبەزو دابەز، لە کنمان دوور کەوتەوە. ژنی مەهاراجە بە نائومێدی سەری باداو گوتی:

- دەبینی؟! ئەو گۆڕاوە. بەڵام من هیچ نەگۆڕاوم. ئەو لەگەڵ

زەمانەدا دەڕوا، شان بە شانی ڕۆژگار خۆی دەگۆڕێ، کەچی من لە ڕابردوودا دەژیم‌و هیچ ناگۆڕێم. دەمەوێ بڵێم من نە لەم لاو نە لەولام. یانی نە تازەساوو ئەمڕۆییم‌و نە نوێخوازو نە کۆنەپەرست. من بە ئینگلیزی قسە دەکەم بەلام بە هیندی بیر دەکەمەوە. خۆشبەزۆك داژۆم بەلام بە کراسی (ساری). گوێ لە مۆسیقای جاز دەگرم بەلام پێم ناخۆشە یەکێ لە کۆشکی من بخەوێ.

منی بۆ لای ڤیلاکە برد. کوڕیژگەیەك لە ڕارەوی پاك‌و سڕاوەی ڤیلاکە خەریکی هاژوانی سێ چەرخە بوو. ژنی مەهاراجە رووی تێ کردو هاواری کرد:

- جەواد، دەرزت هەیە؟!

- خەمت نەبێ دادە. لێگەڕێ بۆ خۆم سێ چەرخە باژۆم.

- سزات ئەوەیە دەبێ ئەمشەو گەردانی سێ کاری لاتینی لە بەر بکەی.

- وای خوایە!! دادە، خۆت دەزانی من ڕقم لە لاتینی دەبێتەوە.

کوڕیژگەکە سێ چەرخەکەی دایە خزمەتکارێك‌و چووە دوای ئیشی خۆی.

بەورێکی (بنگال) کەوڵ کرابوو و کەورەکەی پڕ(کا) کرابوو. ژنی مەهاراجە دەستی بە ملی بەورەکە داهێناو گوتی:

- من خۆم ئەم بەورەم ڕاو کرد، دەبینی ئێمە لە وڵاتێکی پڕ دژو ناکۆك دەژین. پەنجا ملیۆن مەیموون لەم وڵاتەدا دەژی. بە قەد پەنجا ملیۆن منداڵ خواردن دەخۆن. منداڵ لە برسان دەمرن کەچی کەس مەیموون ناکوژێ چونکە لە هیند مەیموون بە پیرۆز دەزانن بەلام

بەور دەكوژن كە ئازاری بۆ كەس نییە. ملیۆن ملیۆن رەشەولاغمان هەیە، بە قەد دانیشتوانی یەك شار دەبن، بەڵام كەس زات ناكا وەحەیان لێ بكا، یان سەریان ببڕێ‌و گۆشتیان بخوا چونكە رەشەولاغیش ئاژەڵی پیرۆزە.

زنی هیندیش وەكوو وڵاتەكەیان پڕن لە شتی دژو ناكۆك. خەبات بۆ بە دەست هێنانی مافی تەلاق دەكەن، بەڵام ئاهەنگی چەژنی (سیتا)یش دەگێڕن. ئایا دەزانی چەژنی (سیتا) چییە؟!

- نا. نازانم...

شەكەت بوو پاڵی بە بەورەكە دا. هەستم كرد تای لێیەو پێویستی بە حەسانەوە هەیە.

جەژنی (سیتا) لە مانگی تشرینی یەكەم ساز دەدرێ. ژنانی كووچەو كۆڵان‌و گەڕەك بە رۆژوو دەبن‌و لە دەوری یەك كۆ دەبنەوەو لە بانگی كەڵەشێرەوە تا ئێوارێ بە كۆمەڵ گۆرانی (سیتا) دەڵێن. (سیتا) خودانی ئەمەك‌و وەفادارییە!! كە مانگ لە ئاسمان دەردەكەوێ، مێرد روو دەكاتە ژنەكەی‌و دەڵێ:

- مانگ هەڵاتووە ئافرەت!! ئەوسا ژنەكە مستە ئاوێك بە رووی مانگدا دەپرژێنێ‌و داوا لە (سیتا) دەكا وا بكا هاوسەری ئێستای لە حەفتا ژیانی ئایندەدا هەر هاوسەری ژیانی بێ.

- تەنانەت ئەگەر لە مێردەكەیشی بێزار بێ؟!

- بەڵێ، ئەگەر حەوسەڵەی بینینی مێردەكەیشی نەبێ.

- ئایا هەموو ژنانی هیند ئەو داوایە لە خودانی وەفاداری دەكەن؟

- بەڵێ، هەموویان.

- کەس گاڵتەی بەم شتانە نایە؟!

- نەخێر هیچ کەس!

- ئەی ئێوە؟! خانمی مەهاراجە، ئێوە قەت گۆرانی (سیتا)تان چڕیوە؟

پێکەنی و گوتی:

- نەخێر"!!

خودا حافیزیم لێ کرد بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە ئوتێل. زەردەپەڕی جایپور زۆر جوان بوو. نازانم چۆن بوو خۆم لە ناوەندی شار دۆزییەوە. رەنگە تەمام بووبێ رووداوێکی تازە ببینم. هەر وایش کەوتەوە. بە سەر دیمەنێکدا کەوتم گەشتیار بۆی دەچێتە ئاسمان. ئەویش دابی ناشتنی پیاوێکی هەژار بوو.

مردووەکەیان لە سەر چارداریکی قامیش درێژ کردبوو. یەکێک تەپڵی لێ دەداو حەفت کەس ژنی کابرای مردوویان دەبرد. بێوەژنی کابرا هێشتا جوان و جحێڵ بوو. خرخاڵی لە پێ و ئەڵقەی مسی لە پەنجە بوو. بە سەرسامی سەیرم کرد. هیچ پەشۆکانی بە دەم و چاوەوە دیار نەبوو. بە جۆرێ دەڕۆیشت دەتگوت بۆ کڕینی شتی رۆژانەی ماڵەوە دەچێتە بازاڕ. کەوتمە شوێنیانەوە تا گەیشتینە داڵانێکی تەسك و تاریك. ئەوێ شوێنی سووتاندنی جەنازەکە بوو. پەیکەرێکی مقەدەسی لێ بوو، دەورانددوری پڕ ئەستێرەی رەنگاو رەنگ بوو. ئەمە (شیوا)ی خودانی مردووانی وڵاتی هیند بوو. پیرەمێردێکی ریش سپی و چاو سوورهەڵگەڕاو مۆمی بۆ دادەگیرساند. دوو قۆپەنە خۆڵەمێش لەولاتر هەبوون. نەختێ پێشتر دوو جەستەیان

سووتاندبوو، هەر ئەوندەیان لێ مابووەوە. پیاوێکی دی شیشە ئاسنێکی پێ بوو. خۆڵەمێشەکانی تێك وەردەدا بۆ ئەوەی ژیلەمۆی ئاگرەکە بکوژێنێتەوەو بتوانن دوو قۆپەنە مشکییەکە ببەن. پاشان رووی کردە منو وەکوو تووتی گوتی:

- مرۆڤی گەورە سێ سەعات، مرۆڤی بچووك دوو سەعاتو منداڵ سەعاتێك!! دیار بوو بەرنامەی کاری خۆی بۆ من دەور دەکردەوە.

چاردارەکەیان لە سەر عەرز دانا. خزمو کەسو کاری مردووەکە کەوتنە مشتو مڕ لە بارەی نرخی داری قەلاشکەری بۆ سووتاندنی مردووەکە. ئاخیری جەنازەی مردووەکەیان لە سەر یەك تەپۆلکە داری قەلاشکەری داناو بە داری تر دایانپۆشی، تەنیا سەری بە دەردوە بوو. یەکێ لە خێزانەکەیان دەستی دایە دارێكو بە توندی لە تەقی سەری مردووەکەی کوتا بۆ ئەوەی لە کاتی سووتاندا نەتەقێ. ئاگریان تێ بەرداو بڵێسەی سووری ئاگرەکە تاریکی داڵانەکەی رووناك کردەوە. دووبارە تەماشای بێوەژنی کابرام کرد. بە کپو ئارامی دەست لە سەر سینگ وەستا بوو. هیچ نیشانەی خەمو خەفەتی بە رووەوە دیار نەبوو. دەتگوت بەسەرهاتەکە هیچ پەیوەندی بەوەوە نییە. ئاگر جەستەی کابرای کردە خۆڵەمێشو بێوەژنەکە لە ناو چرە دووکەڵی ئاگرەکە هەناسەی هەڵدەکێشا، دەتگوت لە دونیایەکی تردا دەگەڕێ!

تەماشای چاوەکانی کابرام کرد. واتەزانی سەیری ئەو حەشیمەتە دەکا کە بۆ سەیر کردنی ئەو کۆببوونەوە. لە پڕ دیتم بێوەژنەکە دەرپەڕیو ئەوەندەی نەمابوو خۆی فڕێ بداتە ناو ئاگرەکە. چەند خزمو کەسێك گرتیان. ژنە، بەبێ دەنگی، خۆی

دەپچڕییەوە بۆ ئەوەی باز بداتە ناو ئاگرەکە. ئەم هەموو ڕووداوە بە کڕو بێدەنگی ڕابرد. نە ژنەکەو نە خزمو کەس و کاری مردووەکە هیچ وشەیەکیان لە دەم نەهاتە دەرەوە. چەند خزمو کەسێکی مردووەکە بێوەژنەکەیان لە دالانەکە ڕاکێشایە دەرێ. لە دڵی خۆمدا بیرم کردەوە، گوتم: ئەوەی دەیبینم، خەوە، یان خەیاڵە؟!

تەنیا لە چیرۆکەکانی (سالگاری) ژن خۆیان فڕێ دەدەنە ناو ئاگری سووتاندنی جەستەی مێردەکانیان. لە خزمێکی مردووەکە نزیک کەوتمەوەو لێمپرسی:

- ئایا ئەم ژنە مێردی خۆی زۆر خۆش دەوێ؟

- ئەی چۆن!!

- ئاخر دەیەویست خۆی فڕێ بداتە ناو ئاگرەکە!!

- ئەی چۆن!!

\+ \+ \+

کە گەڕامەوە ئوتێل چی دیبووم بۆ کوڕی مەهاراجەم گێڕایەوە.

گوتی:

- بەڵێ، خانمی مەهاراجە بەم ڕووداوانە زۆر تێک دەچێ!! پێش چەند ساڵێک هاوسەری مەهاراجەی (یود پور)ی برادەری باوکم خۆی فڕێ دایە ناو ئاگری سووتاندنی جەستەی مێردەکەی. هیچ خزمێکیشی ڕێی لێ نەگرت.

پرسیم:

- ئەی ئەم کارە لە هەزارو نۆ سەدو بیستو حەفت قەدەغە نەکرا؟!

- با. بەلام زۆر ژن گوێ بەم قەدەغەیە نادەن. دەزانی، ژنی هیندی کە شوو دەکا، ئەمە لەگەڵ عومری دایە؟ مردنی مێرد گەورەترین کارەساتە بە سەر ژنی هیندی دێت. هەڵبەت پێشتر ئەمەتان بیستووە.

- بەڵێ، بۆیان باس کردووم. تەنانەت بنکەی چاوەدێریی بێوەژنانیشیان نیشان دام. وەکوو خانەی پیرو بە ساڵاچووانی رۆژاوا وایە. لەوێ ئەو پیرەمێردو پیرەژنانە بەخێو دەکەن کە کەس نییە بە خۆیانەوە بگرێ. بەلام لێرە بێوەژنەکان ئەوەندە بە تەمەن نین. هی وا هەیە تەمەنی لە پازدە ساڵ زیاتر نییە. بەڕێوەبەری یەکێ لەو بنکانە پێی گوتم ئەوانەی تەمەنیان بچووکە لەوانی دی خۆڕاگرترن. بۆ نموونە لە رۆژی پشوودا، لێپرسراوان هانیان دەدەن بچنە دەرەوەو بۆ خۆیان پیاسەیەك بکەن، کەچی ئەوان خۆیان دەدزنەوە. پێیان شەرمە بچنە جادە! هەست بە گوناه دەکەن! حەز دەکەن لە ژووری خۆیان گۆشەگیر بن و گۆرانی بڵێن.

کوڕەکەی مەهاراجە گوتی:

- باشە، بێوەژن دەتوانێ چی بکا؟!

- دەتوانێ مێرد بکاتەوە. یاسای هیند رێی پێ داوە.

- بەڵێ، ئاگام لە چاککردنی یاسای هاوسەریی هەیە. بەلام خۆم تا ئێستا نەمدیوە بێوەژنێکی هیندی مێرد بکاتەوە.

ئینجا کوڕەکەی مەهاراجە لە جێی خۆی هەستا چوو یارمەتی ژنێکی گەشتیار بدا کە پێویستی بە رێنمایی بوو. ژنەکە بێوەژنێکی ملیاردێری خەڵکی (بالتیمور) بوو. بە میراتی مێردی پێشووی گەشتی

به سەرانسەری دونیادا دەکرد. بە کوڕەکەی مەهاراجەی گوت حەز دەکا نموونەی واژۆی هاوسەری مەهاراجەی هەبێ. گوتی نموونەی واژۆی (فرانك سیناترا)یشم هەیە. کوڕەکەی مەهاراجە بەڵێنی پێی نموونەی واژۆی خانمی مەهاراجەی بۆ وەربگرێ.

من و (دویلیۆ) خۆمان پێچایەوە بۆ ئەوەی بچینە (کەلکەتتا).

+ + +

چووینە (کەلکەتتا). قۆپەنەی سپی جەستەی ئەو خەڵکەی لە بەر بێ ئەنوایی ، شەو لە سەر جادە دەخەون، ئاگر لە دڵی مرۆڤ بەر دەدا. لەوێ بە دڵ و گیان هەستم بە دڵتەزێنترین دیمەنی ئەنجامی برسێتی کرد. ئەو خەڵکە لە سەر قیری جادە دەخەوتن ئەگەر شەو بچووبایتە شوێنێ ، دەبوایە بە سەر جەستەی ئەو کلۆڵانەدا بڕۆی. کە دەتگوت رانەمەڕن لە ناو ناغەڵ مۆڵ بوونە. هەندێکیان شەو دەمردن و هەرگیز جارێکی تر سەریان قیت نەدەکردەوە. بۆ بەیانی ترومبێلی شارەوانی جەستەکانی لە جادەکان کۆ دەکردەوەو دەیبرد لە شوێنێ دەیسووتاندن و خۆڵەمێشەکەیان فڕێ دەدایە ناو رووباری (گینگ). پەتاو سووریژەو نەخۆشی تر لە خەڵکەکە چوونەتە کەمین. نازانم بۆچی قوربانییەکان زیاتر هەر ژنن.

خودانێك هەبوو بە ناوی (کالی)، پەرستگاکەی لە نزیك رووباری (گینگ) بوو. تا ئەم سەدەیەی پێشوو، بە شەوی هەیوەشەو، مرۆڤیان تێدا دەکردە قوربانی! سەرێکیشمان لەو پەرستگایەدا کە هەزاران لەگەرمای هاوین پەنای بۆ دەبەن. راهیبی گەورەی پەرستاگە، دوای ئەوەی قۆڵی برین، ئامۆژگاری کردین (کالی) ببینین. وێنەی (کالی)یان

بە شێوەی ئاگرێکی بچووك کێشا بوو. راهیبی گەورە لەباتی باسی(کالی)، باسی (خرۆشەڤ)ی کرد، گوتی:

- (خرۆشەڤ) لە گەشتی پڕوپاگاندەیدا، هاتە هیندو سەری لەم پەرستگایەداو دۆقەیشی لەگەڵ من کرد.

ئینجا درەختێکی وشکی نیشان داین. ژنی ئازا، بە ئومێدی منداڵ بوون، پارچە پەڕۆی بە داوو وردە بەرد لێ دەبەستن. پاشان چووینە ناو ژێرزەمینێك کاتی خۆی قوربانگەی بنیادەم بووە. ئێستا، لەباتی بنیادەم مەڕ بۆ (کالی) دەکەنە قوربانی. لاشەی مەڕەکان سەرنجیان راکێشام. بەم لاو بەو لادا هەڵواسرا بوون و هەر یەکە نرخی خۆی لە سەر درا بوو...راهیبی گەوری پێی گوتین:

- دابی قوربانی کردن ڕێ و رەسمی خۆی هەیە. کە دابەکە تەواو بوو، لاشەی مەڕەکان دەفرۆشین. ئەگەر حەز دەکەن ئێوەیش دەتوانن گۆشت بۆ خۆتان بکڕن. نرخی لە نرخی گۆشتی گۆشتفرۆشەکانی بازاڕ هەرزانترە!

هەر ئەو شەوە، لە پەرستگاکە چیم دیبوو، لە میوانداریەك، بۆ چەند ئینگلیزێکم گێڕایەوە. هیچ پێیان سەیر نەبوو. گوتیان ئەمە گەورەترین دەرسە شارستانێتی ئینگلیزی فێری هیندییەکانی کردووە.

یەکێکیان گوتی:

- ئەگەر مەسەلەکە تەنیا قوربانی کردنی مەڕ بوایە، لە دەستەی پاراستنی گیاندارانەوە، هەوڵمان دەدا رایبگرین. بەڵام لە بەر ئەوەی کوشتنەوەی ئەم حەیوانە ورگی مشتێ بنیادەمی خێر لە خۆ نەدیو تێر دەکا، پێی رازی بووین.

ئەوان ئەوەیان بە لاوە سەیر بوو کە راهیبی پەرستگاکە ستایشی (خرۆشەڤ)ی کردبوو. بۆ ماوەی چەند خولەکێك باسێکی گەرمو گوڕ لە بارەی کۆمۆنیزم هاتە ئاراوە. بە تایبەتی باسی ئەوە کرا بۆی هەیە ئەم رێبازە مەترسی بۆ ئەو میللەتە تێدا بێ کە هەزاران سەددیە بە دەست سستیی و تەمبەڵیی و برسێتییەوە دەناڵێنێ. زۆریان دەترسان. باوەڕیان وا بوو کۆمۆنیزم هەر زوو دەگاتە هیندو هەندێکی تر دەیانگوت: قەت شتی وا نابێ! چونکە هیند وڵاتێکە زۆر بە توندی ئایینی گرتووە. وەك ئەوەی رووسیا خۆیشی رۆژێ لە رۆژان، وڵاتێکی ئایینی نەبووبێ!

پاشان قسەمان لە بارەی سەفەرەکەمانەوە کرد بۆ (سوماترا). پرسیان:

- بۆچی دەچیتە (سوماترا)؟

گوتم:

- دەمەوێ شتێ لەبارەی دایکسالاری بنووسم.

گوتیان:

- ئەگەر بچیتە دوورگەکانی (بالی) گەشتەکەت خۆشتر دەبێ. ئەوێ، بریەتی لە سەماکەری رووتو قووت.

بۆم روون کردنەوە من بۆ کەیفو رابواردن ئەو سەفەرە ناکەم. هەموویان مرۆڤی سستو وەڕەووخێن بوون. ئیدی گوتم با زوو بڕۆمو خۆم دەرباز کەم.

فڕۆکەکەمان شەو دەچووە (سەنگابوورە)و لەوێوە دەچووە (جاکارتا)و ئەگەر زوو بە رێ نەکەوتباین، لە فڕۆکە بە جێ دەماین.

دونیا گەرم بوو. لە ناو هەڵەهەڵو پەلەپەلی خۆمانو لەم کەشو هەوایەدا، من بیرم لە جەمیلەو پەپوولە ناسنینەکان دەکردەوە، بیرم لەو بێوەژنە دەکردەوە کە دەیەویست لەگەڵ جەستەی مێردی ببێ.بە خۆڵەمێش، بیرم لە ژنی مەهاراجە دەکردەوە کە بە بیری دەهاتەوە بۆی هەیە یەکێ لە لاباڵی پشووی ئەم بخەوێ، دڵی دەگوشراو داخی دەخوارد!

ئەمە بوو ئەو هێندەی لە ناو دڵو گیانی مندا مایەوە. ڕێك بە پێچەوانەی ئەو شتەی لە خەیاڵی منداڵیدا بیرم لێ دەکردەوە.

*　　*　　*

# بەشی سێیەم

پێنج سەعاتو نیو سەفەری فرۆکەمان لە پێش بوو. چوار سەعات لە (کەلکەتتا)وە بۆ (سەنگاپوورە)و سەعاتو نیوێك لە (سەنگاپوورە)وە بۆ (جاکارتا).

لە ڕێگادا، جگە لە نەخشەی جوگرافی بەردەم کورسییەکەو ئەو شەرابە سکۆتەی میوانپەروەرەکە پێشکەشی کردم، هیچی ترم نەدی. حەیف!! ئێمەی مرۆڤی ئەمرۆ بە هۆی موعجیزەی خەیاڵبازییەوە، تاسەی بینینی شتی تازەی سەفەرمان لە گیانی خۆمان کوشتووە: عیشقی بینینی شتی نوێو چێژ وەرگرتن لە ڕۆیشتنی هێدیو لە جوانیی چاوەڕێ کردنی دیتنی شتی نەدیتراو...

لەو کاتەی پێ دەخەیتە ناو فڕۆکە تا دادەبەزی بۆ ئەوەی سواری فڕۆکەیەکی تر ببی، کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی وەکوو منداڵی سەقەت خزمەتت دەکەن. کە دەگەیتە شوێنی مەبەست، پێشەکی هەموو ئاگادارییەکیان پێداوی. ئەگەر مەراقی خۆت بەرامبەر کوژییە تاریکەکانی ڕۆحی مرۆڤ، دادت نەدا، تەنیا ئەو شتانە دەبینی کە لە کتێب خوێندووتەتەوەو لە سەر پەردەی سینەما دیوتە! گوندی جوانیی بە خانووی چیمەنتۆ شێواوو لێڕی سەرمۆری سڕاوەی بن پێی جادە

پانەکان‌و شارستانێتی ناو پەردەی بانگەشەی کۆکا کۆلا، شتی چاوەڕێ کراون کە ئێمەی بێگانە بە بیرۆکراسیی گەوجانەوی خۆمانەوە، بە وڵاتە داگیرکراوەکانمان بەخشیوە.

(جاکارتا) گوندیکە، فڕۆکەخانەی هەیە. پۆلیسی فڕۆکەخانەی بە پرسیاران هەڵیپێچاین:

- ئایا چەك؟ یان چەقۆتان پێ نییە؟ بۆچی ڤیزای (جاکارتا)تان وەرگرتووە؟و پرسیاری پڕوپووچی تر...

ئینجا جانتای دەستیی منی سەراوژێر کردو کە چاوی بە چەکی سەفەرم کەوت، هاواری گەیشتە تاقی ئاسمان. چەکێکی زۆری سەفەرم پێ بوو. پۆلیسەکە بە جۆرێ سەیری کردم وەك ئەوەی لە (جاکارتا) دزیبم! ئینجا زۆر بە تووڕەیی لێی پرسیم:

- دەتانەوێ ئەم هەموو چەکە لە (جاکارتا) خەرج بکەن؟!

وەڵامم دایەوە:

- من بە دەوری دونیادا دەگەڕێم.

- ئەی بۆچی ئەم هەموو پارەیە دێنیتە ناو (جاکارتا)؟!

- چونکە ناتوانم پێش گەیشتنە (جاکارتا)، پارەکە لە پەنجەرەی فڕۆکەوە فڕێ بدەمە دەرەوەو پاشان لە سەر ئاوی دەریا کۆی بکەمەوە. ئەگەر پێویست بکا دەتوانم هەمو پارەکە لە لای سەرۆکی پۆلیسی فڕۆکەخانە دابنێم‌و بۆ پارەی نوتێل، پارە لە بانق وەربگرم.

پۆلیسەکە بە سەرسامی گوتی:

- بۆچی؟ جگە لە چەکی سەفەر، پارەی ترتان پێیە؟

بۆم روون کردەوە:

- ئەو رۆژنامەی من کاری بۆ دەکەم هەندێ پارە لە بانقی ئەو شارانە دادەنێ کە من ڕێم تێیان دەکەوێ بۆ ئەوەی ئەگەر پێویستی کرد، سوودی لێ وەربگرم.

پۆلیسەکە بانگی هاوکارەکەی کردو هاوکارەکەی بانگی هاوکارێکی تری کردو... دوای چەند خولەکێك هەموو دەورم بوو بە پۆلیس.چاویان لێ زەق کردبوومەوە. دەیانەویست بزانن بۆچی دەچمە (جاکارتا)؟

وەڵامم دایەوە:

- دەمەوێ شت لەبارەی ژنی وڵاتی ئێوە بنووسم.

گوتیان:

- دەتەوێ چ بنووسی؟

وەڵامم دایەوە:

- نازانم... ئەگەر بمزانیایە، نەدەهاتمە (جاکارتا)و خۆم تووشی ئەم لێ پرسینەوە پڕوپووچە نەدەکرد. دەمەوێ چیم دیو چیم بیست، ئەوە بنووسم. ئاخیری کارمەندێکی پان ئەمریکی وەکوو فریشتەی رزگاری بۆم پەیدا بوو. کابرای ئەمریکی خەڵکی (بوستن) بوو. خودا دەست بە باڵی ئەم هەموو ئەمریکییەی خەڵکی (بوستن)و (سان فرانسیسکۆ)وە بگرێ کە لە ڕێبوارەکانی رۆژهەڵاتی دوور راست دێن.

کاتێ کە بە تەواوی بێ ئومێد دەبی، کاتێ کە پەیوەندی بە سەفارەتی وڵاتەکەت دەکەیتو پێت دەڵێن جەنابی سەفیر تەشریفی لێرە نییە، چۆتە راوە ماسیو حەزرەتی قونسولی یەکەم بانگێشت

کراوە بۆ ئاهەنگێك و لێرە نییەو یاریدەریی رۆشنبیری تەشریفی زلی چووە کڵاو بۆ ژنەکەی بکڕێ و یاریدەریی بازرگانی لەرزو تای گرتووەو لە سەر مێزی خۆی نییە... ئەو کاتە فریشتەی ئەمریکی، کە بە دەم بنێشت جوینەوە لێت پەیدا دەبێ، نیعمەتێکی گەوردیە، لەم بەلاو فەلاکەتە نەجاتت دەدا.

فریشتەی رزگاری ئێمە ناوی (جاك) بوو. پێش هەموو شتێ ئێمەی بردە ناو هۆڵێك لاتەختێکی تێدا بوو. ژووری گومرگ بوو. لەوێ فەرمانبەرێکی بە قرت و فرت جانتاکانی ئێمەی لە سەر لاتەختێك روو کردو بە کاوەخۆ تاکە تاکی جلی ژێرەوەو بگرە تیوبی مەعجوونی ددانیشی پشکنی. پاشان گەڕی لە (دویلیۆ) ئاڵاند ئەم هەموو کامیرایەی بۆچی هێناوە؟ (دویلیۆ) وەڵامی دایەوە:

- هێناومە وێنەیان پێ دەگرم.

ئینجا نۆرە هاتە سەرخرپلەی فلیمەکان . فەرمانبەری پۆلیس ویستی یەك یەك بیانکاتەوە. (دویلیۆ) سەیری کرد خەریکە ماندووبوونی یەك مانگی بە فیڕۆ دەچێ، کردی بە هات و هاوارو مەسەلەکە بە ناوبژیی کردنی کابرای ئەمریکی یەك لا بووەوە، بەڵام کابرا دەستبەرداری کامیراکان نەدەبوو. دەیگوت دەتانەوێ لە (جاکارتا) بیانفرۆشن.

بە کورتی: مەسەلەکە بەوە کۆتایی هات هەموو کەل و پەلەکانی لە پەساپۆرتەکەمان نووسی و دوو سەعات و چل و پێنج دەقیقە بە دەست ئەم شتانەوە گیرمان خوارد.

(جاك) پێی گوتین (جاکارتا) سێ ئوتێلی لێیە. لە هیچێکیان

زوورتـان دەسـت ناکـەوێ. پێـشنیاری کـرد شـەو لـە مـاڵی ئـەو بـین.

پێمگوت:

- لانـادەین. لـە سـەفەرەکەمان بـەردەوام دەبـین بـۆ (سـوماترا).

رێنمـایی کـردین بـۆ کۆمپانیـای فڕۆکـەوانی (ئەندەنووسـیا). بلیتـی مۆرکراوی (جاکارتا - سوماترا)مان پێشان دا. فەرمانبـەری فڕۆکـەوانی، وەك ئـەوەی تووشـی چـەند شـێتێك هـاتبێ، بـە سەرسـامی سـەیری کردین و گوتی: سەفەری سوماترا هەڵوەشاوەتەوە. کەس ناتوانێ بچێتە سوماترا.

- بۆچی؟ جەنگ داکەوتووە؟!

- نا. بەڵام کەس نابێ بچێ... ئەوەیە کە گوتم و تەواو...

- ئاخر لە سەنگاپوورە بلیتەکانیان بۆ مۆر کردووین.

- بە داخەوە فڕۆکەخانە ئیش ناکا.

- بۆچی؟

- جەنگە!!

(دویلیۆ) پێشنیاری کرد بچینە دوورگەکانی (بالی). شایی لـە دڵدا دەگەڕا کە لە باتی دایکسالاری (سوماترا)، دەتـوانێ وێنـەی سـەماکەرە رووتـەکانی (بـالی) بگـرێ. فەرمانبـەری فڕۆکـەوانی (ئەندەنووسـیا) هەموو پلانەکانی لێ کردین بە نەخشەی سەر ئاو.

- سـەفەری فڕۆکـە بـۆ (بـالی)یـش نییـە. تـا سـاڵی دادێ هـەموو بلیتەکان گیراون.

فریشتەی رزگاری سەخڵەت و نارەحەت بوو. ئـەم جـارە هیـچی لـە دەست نەهات. چار چییە؟! چووینە مەیخانەیەك مێشی لە مشتەریيان

زياتر بوو. له سووچێك دانيشتين. چ بكەين؟ ئايا به دەريادا بچينه (سوماترا). ئەوسا سەفەرەكەمان هەشت رۆژ دەبا. دياريش نييه داخۆ رێمان دەدەن پێ بخەينە سەر خاكی (سوماترا)؟ يان نا؟ وا چاكه بچينه ديدەنى دايكسالارانى (جاوە)! جا كێ دەڵێ دايكسالاريى له (جاوە) هەيە؟!

رووم كردە (جاك):

- ئێستا ئێمە چ بكەين؟

جاك به نارەحەتى سەرى باداو گوتى:

- ئێوە نازانن ژيان لەم كاولبووەدا چەند سەختە! كێشەكە تەنيا كێشەى مێش و گەرما نييه. من ئەو رۆژەى گوازرامەوە ئێرە زۆر شادو خۆشحاڵ بووم. ئەشقى دوورگەكانى بالى، بەهەشتى سەر رووى زەوى، له سەرى دا بووم. ئێستا ئەوە سێ ساڵە لێرە گيرم خواردووە. ئەگەر يان ئەمريكى نەمگوازێتەوە، خۆم فيزمالكى لێ دەدەم.

پاشان وەك بيرێكى تازەى بە مێشكدا هاتبێ، گوتى:

- دايكسالارى لە ماليزياش هەيە! بۆچى زوو نەچينە ئەوێ بۆ ئەوەى لەم كێلەوێژەيە رزگارمان ببێ.

بە دەم ئەم قسەيەوە چاوى ئاورينگى لێ دەبووەوە وەك ئەوەى ئەويش ئامادەبێ لەم راكردنەدا بەشداريمان بكا. دڵم زۆر توند بوو چونكە، بێ ديتن، بەناوبانگترين دوورگەم جێ دەهێشت. تەنيا گوندێكى بچووكم بينى بە ناوى (جاكارتا). زوو گەيشتينە فرۆكەخانەو بە ترسەوە پرسيارم كرد ئاخۆ فرۆكە بۆ (سەنگاپوورە) هەيە؟ يان نا؟

وەڵامیان دامەوە:

- هەیە. چەند خولەكێكی تر فڕۆكەیەك بە ڕێ دەكەوێ، بەڵام تەنیا جێگای یەك نەفەری ماوە.

جاك پێشنیاری كرد:

- تۆ لەز كە بلەزینە .. ڕاكەو خۆت بە فڕۆكە بگەیینە!

(دویلیۆ) دەستی بە بۆڵەبۆڵ كرد:

- ئەدی ئەمن چ بكەم؟!

شانم هەڵتەكاند. بە ڕۆخ پۆلیسەكاندا تێپەڕیم‌و لە دوا چركە ساتدا خۆم گەیاندە فڕۆكەكە. تەماشای دەرەوەم كرد. جاك سەركەوتووانە دەسماڵی بۆ هەڵدەشەقاندم. (دویلیۆ) دەستی لە گیرفانی نابوو. بە بێزاری سەیری دەكردم. فڕۆكەكە بە سەر ئەم دوورگە سەوزو شینەدا هەڵفڕی كە وەكوو فسفۆر دەبریقایەوە. قین‌و خەفەتێكی سەیر گەرووی گرتبووم. هەستم دەكرد تازە قەت جارێكی تر پێم بەم شوێنەی دونیا ناكەوێتەوەو ناتوانم لە نزیكەوە ئەم لێڕدوارە سەوزە ببینم. بنیادەم لەبەر ئەوەی گەوج‌و لێوەیە تا زیاتر تووشی یاسای دەست‌و پێ بەست دەبێتەوە، گەوجاتییەكەی زیاتر دەبێ: دونیای یاری كاغەزو بڕیاری ناماقووڵ‌و بێ سەرو بەر...

فڕۆكە لە (سەنگاپوورە)ی شاری زەردەپەڕی سوورو دارخورما نیشت. خەم‌و خەفەتم ڕەوییەوە. دۆزینەوەی دایكسالاری لە (مالیزیا) هیچ زەحمەتی تێدا نەبوو. هەر هێندەیە بچینە (كوالالام پور)و مل بە ڕێگای ناو لێڕوارەوە بنێین. چاوەڕێی (دویلیۆ)م كرد. هات شەلالی ئارەقە ببوو. سوێندی خوارد گوتی:

- لەمەودوا هەر کەسێ باسی (سوماترا)و دوورگەکانی (بالی)بکا، یەك مستی لە دەمو قەپۆزی دەکوتم.

لیخوڕەکەمان ناوی (مینگ سن) بوو. دەوری وەرگێڕیشی دەگێڕا. دووبارە دەستمان بە سەفەر کرد.

+ + +

لە شار دەرچووین و لێڕواری گەورەی دار(کائو چو) هەڵیلووشین. (مینگ سن) لە ئاوێنەی ترومبێلەکەوە سەیری دەکردین. دەیەویست بزانێ بە چ گەلۆرییەك وڵاتی فێنکی خۆمان جێ هێشتووەو هاتووینەتە ناو جەرگەی ئیستیوا کە مرۆڤ لە بەر گەرما زیرەی لێوە دێ. واتدەزانی هەمیشە کلاوخوودەیەکی داغت لەسەرە، دەمو چاوت دەسووتێنێ و چاوت کوێر دەکا. لێخوڕەکە بە دەمو چاوی خڕییەوە دیار بوو لە دلی خۆیدا گالتەی پێ دەکردین. پێمانگوت:

- هاتووین ئەو دایکسالارانە ببینین کە بە قەدەر یەك دنکە برنج نرخ بۆ پیاو دانانێن.

(مینگ سن) دوو ژنی رەسمی و دوو ژنی سیغەی هەبوو.

لێمپرسی:

- ئێوە بە چ وشەیەك بانگی ئەم ژنانە دەکەن؟

- (تو ئان) !

پاشان زانیم (تو ئان) بە زمانی مالیزی یانی جەناب. (مینگ سن) ئەم وشەیەی بۆ گەشتیاری ژن و پیاو بەکار دەهێنا چونکە بڕوای وا بوو ژن و پیاوی بیانی هیچ جیاوازییان نییە.

بۆ چەندین جار گوتم:

- دایکسالار.. من ئەم ناوەم لێ نەناون! لە هەموو دونیادا بەم ناوە ناسراون.

- ئایا دایکسالار لە ئەوروپای ئێوەدا نییە؟!

- با. بەڵام کەس هەر ئاوڕیشیان لێ ناداتەوە.

برادەرێکم لە (کوالالاپور) هەیە دایکسالارێکی هێناوە. ژنەکە لە ناو لێرِ دەستدرێژی کردبووە سەر برادەرەکەمو ... لە بەر ئەوەی ناشیرین نەبووو پێنج مەرەزەیشی هەبوو، برادەرەکەم زەماوەندی لەگەڵ کرد. ئایا لە ئەوروپا شتی روو دەدا؟!

- بەڵێ، بەڵام زۆر نا.

- هەوەڵ جار، ژنەکە ژنێکی باش بوو. خۆی ئیشە گرانەکانی دەکرد بە لام کێشەکە لەوە دا بوو هەرچی برادەرەکەم لە ئیش دەستی دەکەوت دەچووە گیرفانی ژنەکە. ژنەکە وردە وردە خولقو خووی گۆڕا. داوای تەلاقی کردو زەویو پارەکەی بۆ خۆی گێڕایەوەو برادەرەکەمی ناردەوە ماڵی دایکی. ئایا لە ئەوروپا شتی وا روو دەدا؟

- بەڵێ، بەڵێ، زۆر جار...

- ئەی ئێوە بۆچی بۆ دیتنی ژنی نێرە، ئەم رێگەیەتان بڕیوە؟

- چونکە ژنی نێرە بە راستی دایکسالارن و وەکوو ژنی ئەوروپی تەمسیل ناکەنو فلیم دەرناهێنن. ئەم ژنانە جێگای رێزن!

ترومبێلەکە بە خێرایی رێگای دەبڕی. رێگاکە، ئەمریکییەکان لە کاتی جەنگ دروستیان کردبوو. درەختی کائو چو وەکوو سوپایەکی رێك، یەك قەدو قامەت، دەکەوتنە بەرچاو. وەکوو خەونی بڕ درەختی زیوین وا بوو. هەر درەختەو برینێکی لە لەشدا بوو شیلەی

کائو چوی لێدەڕژایە ناو دەفرێکەوە. درەختەکان وەکوو ستوونی کڵێسە، یەك لە دوای یەك، درێژ ببوونەوە. گەڵاکان تا شەست مەتر زەوییان داپۆشی بوو. وەکوو بانێکی سەوز وا بوو لە سەر سەری ئەو کەسەی بە ناو لێرِدا دەڕۆیشت. دەتگوت خۆرەو لە گومەزی کڵێسەیەکەوە بە سەر زەویدا دەدرەوشێتەوە. کرێکار خێرا خێرا، لە ژێر قرچەی گەرمادا، شیلەی درەختەکانیان لە ناو بەرمیلی گەورە دەکرد. هەموو پیاوی قوتەو تۆکمە بوون بە رووتی کاریان دەکرد. تەنیا شتێکی وەکوو پەشتەماڵیان بە بەر خۆیانەوە هەڵدەبەست لە کەمەرەوە تا پێی دادەپۆشی...

(مینگ سن) پێیگوتین زۆربەی ئەو پیاوانە کوڕو مێردی ئەو ژنانەن کە من پێیان دەڵێم دایکسالار. ئینجا گوتی:

- دوور نییە زۆربەیان چارەنووسیان وەکوو چارەنووسی برادەرەکەی (کوالالام پور)م وا بێ.

(مینگ سن) کە قسەی دەکرد، هەر پێدەکەنی. پێکەنینەکەی وەکوو پێکەنینی خەڵکی مالیزیا وا بوو. پێکەنینی ئەو خەڵکە هەموو شتێکی تێدایە: رق، سەرسامی، تووڕەیی...

پێمگوت: هەموو دایکسالارەکان هەر مرۆڤی خراپو بەدکار نین. تەنیا ئەوەیە شێوەی ژیانیان لە ژنی بە مارەو سیغە جیایە. قسەکەی لێ وەرگرتمو گوتی:

- بەڵام ئەم شێوەیە شێوەیەکی ماقووڵ نییە.

- بۆچی؟ ئەی بۆچی شێوەی رەفتاری تۆ لەگەڵ ژنەکانت ناماقووڵ نییە؟

- ئاخر من پیاوم!!

پێم نەکرا چی لە بارەی دایکسالارییەوە دەزانم بۆ (مینگ سن)ی ڕوون بکەمەوە. بۆم نەکرا حاڵی بکەم دەسەڵاتی ئەو ژنانە زیاتر لە ماڵو منداڵەکانیاندایە. ئەو زەوییەی هەیانە هی خۆیانەو زەوییەکانیان تەنیا بۆ کچەکانیان بە میرات بە جێ دێڵنو کوڕ بە بنیادەم حیساب ناکەن. ژن، مێرد تەنیا بە یەك پیاو دەکەنو وەفایان بۆ دەبێ. ژن ناوی بنەماڵەی مێردی وەرناگرێ. ناوی دایکی بنەماڵەکەی خۆیو وەردەگرێ. ژن کە شوو دەکا لەگەڵ مێردەکەی دەژی. پیاوی بنەماڵە هەروەکوو پێش زەماوەند لە ماڵی دایکی دەژی. باوك هیچ دەسەڵاتی بە سەر منداڵەکانییەوە نییە. منداڵ تەنیا گوێ لە قسەی دایکی دەگرێ.

دایکسالار زۆر لە دونیادا نەماون. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئێستایش وەکوو (کولیا) هەر هەنو لە زۆر شوێنی دونیادا وەکوو ژاپۆنو ئوسترالیاو لووتی زێڕینو کەناری عاجو هەندێ شوێنی هیندستان دەژین، تا ئێستا ڕێو ڕەسمی ژیانی خۆیان پاراستووە. کە یەکێکە لە شێوازە کۆنەکانی دونیا. زۆری وەکوو (یاکوب فن شمیس)و (لوی مۆرگان)دەڵێن:

- ڕەگو ڕیشەی ئەم شێوە ژیانە بۆ سەردەمی پێش مێژوو دەچێتەوە کاتێ کە ژنو مێرد پەیوەندی بەینیان ئازاد بووو خزمو کەسو کار تەنیا لە کارەوە دیاری دەکرا. ( هیرۆدۆت) نووسیویەتی دەڵێ:

- خەڵکی ئاسیای بچووك بە شێوازی دایکسالاری دەژین. کاتێ پیاو

دەچێتە راو، یان دەچێتە شەڕ، ژن دەسەلات دەگرێتە دەست. ژن خۆی خاوەنی زەوی‌و شینایییە. لە رۆژی بەرێوە، دەسەلاتی ئابووری‌و دەسەلاتی کۆمەلایەتی زۆر لێک نزیک بوونە. زۆر بە ئاسانی لەم دەسەلاتەوە بۆ ئەو دەسەلات چوونە.

پێش چەند سالێ، دایکسالارەکانی مالیزیا لە سوماترا بوون. لەوێوە بۆ پەیدا کردنی زەوی‌و زار، بە رێگای (مالاکا)دا، کۆچیان کردو خۆیان گەیاندە لێڕەوارەکانی مالیزیاو لێڕەکانیان کرد بە مەرەزەو باخی مۆزو نارگیل.

لە مالیزیا، هیچ کەس نییە لە لێڕەوار نەترسێ. لێڕ دۆزەخێکە بە درەخت داپۆشراوەو تا دێ قەدی درەختەکانی پان‌و پۆزتر دەبێ. هەر دەلێی ئێستا زەوی هەلدەلووشێ. ئەوەی چاوی پێ بکەوێ، مووچڕکی بە لەشدا دێ، بەلام دایکسالارەکان هیچ لە جەنگەل ناترسن‌و هەرگیز جەنگەل جێ ناهێلن. لە کاتی جەنگیشدا، کە هەموو عالەم ماڵ‌و حالی خۆیان جێ هێشت‌و روویان کردە شوێنی ئارامتر، ئەوان دەستبەرداری لێرو شینایی‌و مالەکانیان نەبوون.

دەلێن رۆژێ، فەرمانبەران بە ناو جەنگەلیان وەرکرد بۆ ئەوەی پیاوی دایکسالارەکان بگرن. گوندەکانیان ئابلووقە دا. بە تفەنگ‌و سەرنێزە پەلامارە زنجەکانیان دان، بەلام تەنیا ژنە دایکسالارەکانیان دی گالتەیان بە تفەنگ‌و سەرەنێزەکانیان دەکرد. هیچ پیاوێ لە زنجەکاندا نەبوو. فەرمانبەرەکان ژن‌و مندالەکانیان راپێچا بۆ بارەگای خۆیان‌و لەوێ لێکۆلینەوەیان لەگەل کردن:

- مێردەکانتان لە کوێن؟

دایکسالارەکان بە پێکەنین وەڵامیان دایەوە:

- ئێمە میردمان نییە.

فەرمانبەرەکان دەستیان بۆ کۆرپەی چەند مانگەی ژنەکان درێژ کردو هاواریان کرد:

- ئەی ئەمانە؟ چۆن دەبێ هەمووتان بێ مێردو بێوەژن بن.

بەڵام ئەوان هەر ئەوەیان وەڵام دایەوە.

فەرمانبەرەکان بێزار بوون. هەڕەشەی گوللەبارانیان لێ کردن. ئەم دایکسالارانە میردەکانیان، یان لە ناو جەنگەڵ هەڵاتبوون، یان خۆیان لە ناو مەرەزە شارد بووەوە. دایکسالارەکان گوللەبارانیش کرابان زەوی خۆیان جێ نەدەهێشت چونکە زەوی رەمزی دەسەڵاتیان بوو.

(پیر مارتن)ی فرەنسی، کە ببوو بە سەنگاپووردیی، لە ژیان و دەستوورو رێو رەسمی ژیانی ئەم ژنانەی کۆڵیبووەوە. پێیگوتم:

- دوای جەنگ، شارو فرۆشگاو سینەمایەکی زۆرمان لە دووری جەنگەل دروست کرد، بەڵام دایکسالارەکان ساڵێ تەنیا یەك جار، ئەویش بۆ چوونە لای دانساز، لە ناو جەنگەل دێنە دەرەوە.

لە (مینگ سن)م پرسی:

- بۆچی دایکسالارەکان بۆ چوونە لای دانساز لە ناو جەنگەل دێنە دەروە؟

- خێرا پێدەکەون بۆچی؟

- ئایا تۆ پێت وایە دایکسالارەکان ژنی بەختەوەرن؟

- بە لای منەوە، لەم دونیایەدا، هیچ کەس لەوان بەختەوەر نییە.

(مینگ سن) بە پێکەنینەوە گوتی:

- دۆزینەوەی ژنی بەختەوەر ئاسان نییە.

لە (کوالالامپور) کەس جێگای ژنە دایکسالارەکانی پێ نەدەزانی. لە (کوالا پیلارمبۆ)یش. کە ( پیر مارتن) رایسپارد لەوێ بە دوایاندا بگەڕێم، کەس زانیاری راستو دروستی لە سەر نەبوون. بەختەوەرترین ژنی دونیا ناونیشانی دروستو تەواویان نەبوو.

کاتێ (مینگ سن) لە جێو رێو ژیانی دایکسالارەکانی دەپرسی، خەڵك شانیان هەڵدەتەکاندو بە قامك ئاماژەیان بۆ جێگایەکی دوورو کەس نەزان دەکردو دەیانگوت:

- لەو ناوانەن!!

نزیکەی دوو سەعات بە ناو دارو درەختی چڕی لێڕدا رۆیشتین. دۆزینەوەی بەختەوەرترین ژنی دونیا چرکە بە چرکە زەحمەتترو سەختتر دەبوو. خەریك بوو باوەڕ بێنین ئەم جۆرە ژنە لە دونیادا نین. لەو کاتەدا، لە شوێنێ، کە پێیان دەگوت (سورمبو)، بە رێکەوت تووشی کازم خان هاتین. کازم خان پێیگوتین:

- دایکسالاران ئەفسانە نین. پێویستە لە ناو دارو درەختی جەنگەلدا بە دوایاندا بگەڕێین.

ترومبێلەکەو لێخوڕەکەمان جێ هێشتو بە سواری بایسکل کەوتینە دوای کازم خانو داکشاینە ناو جەرگە لێڕ. لێڕ چرکە بە چرکە چڕترو ترسناکتر دەبوو. کازم خان بۆی باس کردین گوتی ئەم رێگایەی ئێستا وا بە پایسکل پێیدا دەڕۆین، کاتی خۆی سوپا لە شەڕی دژی کۆمۆنیستەکان دروستی کرد. رێگاکە ئەوسا لە ئێستا پانتر بوو،

جێگای ڕۆیشتنی ترومبێلی سەربازی تێدا دەبووەوە، بەڵام لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا، ڕێگاکە لە بەر گەشە کردنی لێڕ تەسك بۆتەوەو تەنیا ئەم کوێرە ڕێیە ماوەتەوە. کازم خان پێی وابوو ئەوەی تەنیا گیان سەختو بەختەوەر بێ دەتوانی لە ناو لێڕی وا تۆقێنەردا بژی.

وای پێوە دیار بوو وردە وردە پەشیمان بێتەوە کە لەم شوێنە دوورو ترسناکەدا، ئاشنایەتی لەگەڵ ئێمە پەیدا کردووە. بە ورتە ورت لە بەر خۆیەوە دەیگوت:

- تەنیا مەیموونو تەیهوو پڵنگو جانەوەری تر لێرە دەژین.

لە پردێك پەڕینەوە، گەیشتینە ناو شیناییان. لە دوورەوە زنجی دایکسالارەکان دەرکەوت. زنجەکان سەریان بە (کا)و گەڵای دار خورما گیرا بوو. دیواریان تەختەداری ڕەش بوو. هەموو زنجەکان لە سەر ستوونی سێ مەتری دروست کرابوون. کازم خان گوتی:

- ئەمانە زنج لە شوینی بەرز دروست دەکەن بۆ ئەوەی لە مەترسی لافاو دوور بێ.

ئینجا گوتی:

- بەڵام کە لافاو هەڵدەستێ ئەمە نابێتە هۆی ئەوە کە زنجە کان بە پێوە بمێنن.

دەنگێکی وەکوو دەنگی مەکینەی دوورمان لە پەنجەرەی زنجێکەوە دەهاتو لەولاشەوە دەنگی گۆرانییەکی ئینگلیزی دەهات.

دوو ژن خەریك بوون لە بن کەپرێك برنجیان دەکوتا بۆ ئەوەی بیکەنە ئاردەبرنج. ئەم گوندە لە بەر چاوان هیچ جیاوازیی لەگەڵ گوندی تر نەبوو کە تا ئەوسا دیبووم.

کازم خان رووی کردە گوندەکەو بە دەنگێکی بەرز چەند قسەیەکی بە ئینگلیزی کرد. دوو ژنەکە دەستیان لە برنج کوتان هەڵگرت. دەرزی گرامافۆن لاکەوتو مۆسیقا نەما. ئەو دەنگە سەیرەی لە دەنگی مەکینەی دوورمانی دەکرد، پچڕا. دوو ژنەکە ئاردەبرنجیان لە دەستیان تەکاندو چاویان بڕییە لای ئێمە. چەند ژنێکی تر لە ناو چڵوچێوی درەختەکانەوە دەرپەڕینە دەرێ. یەکێ دەق وەکوو مەیموون لە سەر دار نارگیلێک سازی دایە خوارێو یەکێکی تر بە چەند بازێکی گەورە لە ناو زنجێک دەرپەڕییە دەرەوە. هەموو ریزیان بەستو تەماشای ئێمەیان کرد.

زۆرمان ئەزیەت کێشا تا ئەو دایکسالارانەمان دۆزییەوە. ئێستا ئەوەتا بە جلی زەردو مۆرو سوور لە بەرامبەرمان وەستاون. هەموو لەڕو لاوازو کورتە باڵان. دەڵێی بە پێی تەمەن ریز بوونە.

نەفەری یەکەمی ریزەکە پیرەژنێکی چورچەڵە بوو. تەمەنی سەد ساڵ دەبوو. دووەم حەفتا ساڵ دەبوو، سێیەم دەوری پەنجا ساڵو چوارەم نزیکەی سی ساڵ دەبوو. جگە لە ژنە سەد ساڵییەکەو چەند کچۆڵەیەکی ئەو ناوە ، ژنەکان لانی کەم یەکەو ددانیان قالبی زێڕ بوو، وێنەی دڵی لە سەر کێشرا بوو. ژنەکانی ئەو ناوچەیە چل ساڵ بوو ئەشقو شەیدای ددانی زێڕ بوون. هەموو هێمنو ئارام بوون. تەنیا پیرەژنەکە رەنگێکی تانەو تەشەری لە چاواندا بوو. هیچ قسەیان نەدەکرد.

کازم خان قسەیەکی کردو ژنەکان فەرموویان لێ کردین بچینە ناو زنجەکانیان. ئەو زنجەی چووینە ناوی زنجێکی پاکو خاوێن بوو.

گرامافۆنێکی بە فورمیش‌و مەکینەیەکی دورمانی تێدا بوو.

مـن ناڕەحـەت بـووم. هەسـتم کـرد تـەفرەم خـواردووە. هـەزاران کیلۆمەترم بڕیوە و ملم بـە جەنگـەڵێکی ترسناکەوە نـاوەو ئـاخیریش ئـەوەتا هـەمووی مەکینەیـەکی دورمـان‌و گرامافۆنێـك لـە نـاو زنجـی دایکسالاران دەبینین. لە کازم خانم پرسی:

- ئەمانە هی کێن؟

گـەنجترین ژنـی تاقمەکـە نـاوی جەمیلـە بـوو. جەمیلـە وەڵامـی دایەوە:

- ئەمانە جیازی مێردەکەی منن! لە کاتی زەماوەنـد لەگـەڵ خـۆی هێنابووی.

کازم خان پرسی:

- مێردەکەت ئێستا لە کوێیە؟

- لەماڵی دایکییەتی؟

- بۆچی لەوێیە؟

- من دەرم کردووە. ناردوومەتـەوە مـاڵی دایکی! ئیشی نـەدەکرد. رازی نەدەبوو تەنانەت شیلەی درەختـیش بگـرێ کـە لـە خـۆی ئاسانتر نییە. نە مشاری لـە درەختێـك دەدا بیبڕێتـەوەو نـە دەیزانـی بـرنج لێ بنێ. ئیتر دەرم کرد. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە پیاویش بۆ خۆیان ئـیش بکەن. رۆژگار گۆڕاوە، وا نییە؟

- ئەی ژنەکانی دی مێردیان چۆتە کوێ؟

هیچ پیاو لەو نـاوەدا دیـار نـەبوو. تاکە نیشانەیەکی پیـاوان ئـەو منداڵانە بوون کە دەوردیان لە ئێمە دا بوو.

پرسیم:

- ئایا ئەوانیش چوونەتەوە ماڵی باوکیان؟ یان چوونەتە شار؟

جەمیلە بە سەرسامی سەیری منی کرد:

من بەردەوام بووم:

- باشە، ئیتر ناگەڕێتەوە؟

- با. مانگی جارێك... حەفتەی جارێك... بە ئارەزووی خۆمانە. کەی بمانەوێ لەگەڵماندا بن، لێ دەگەڕێین بێنەوە. چ پێویست دەکا ماوەیەکی زۆر لە کنمان بن و دەست و پێمان ببەستن؟!

- جەمیلە ژنێکی سەردەمانە بوو. خوێندەواری هەبوو. بگرە دەیزانی ئیتالیا وڵاتێکی ئەورووپایە.

کازم خان ژنەکانی تری تێگەیاند ئێمە بۆچی هاتووین. ژنەکان لە بەینی خۆیانەوە پستە پستێکیان کردو هاتن دەوردیان گرتین بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکانمان بدەنەوە. ئەوان دەیانزانی رۆژنامە چییە؟ جەمیلە گوتی:

- تا ئێستا زۆر رۆژنامەم دیوە.

لێم پرسی:

- تا ئێستا هیچ رۆژنامەنووسی تر هاتۆتە ئێرە؟

- نا... رۆژنامەنووس یانی چی؟

- رۆژنامەنووس ئەو کەسەیە شت لە رۆژنامە دەنووسێ.

- ئاها !!

پیرەژنەکە، کە جەمیلە دەیگوت تەمەنی نەوەدو دوو ساڵەو نەوەزای هەیە، لە ناوەڕاستەوە دانیشتبوو. ئەوانی دی ئەڵقەیان لە

دەورە بەستبوو.

پرسیاری یەکەمم ئەمە بوو:

- دەمەوێ بزانم بۆچی لەم ناوچەیەدا ژن حوکم دەکا؟

ژنێکیان ناوی (حەوا) بوو، رووی تێ کردمو پرسی:

- بۆچی، لە ئەوروپا ژن حوکم ناکا؟

- نا. لەوێ پیاو حوکم دەکا.

- تێناگەم!

بۆم روون کردەوە:

- مەبەستم ئەوەیە لە ئەوروپا پیاو ماڵو خێزان بەڕێوە دەبا... ژنو منداڵ نازناوی پیاوەکە وەردەگرن.

- یانی لە باتی ئەوەی ژن ناوی بنەماڵەی خۆی بە مێردی بدا، پیاو ناوی بنەماڵەی خۆی بە ژنەکە دەدا؟

- دەق ئاوهایە!

- ئاها!! لەگەڵ ئەوەشدا هەر پیاو بەرنەمری ژنە، وا نییە؟

- نا... وا نییە. ژن بەرنەمری پیاوە.

کازم خان قسەکانی بۆ وەرگێڕان. کە گەیشتە ئێرە، دایکسالارەکان هەموو بە یەکەوە لە تریقەی پێکەنینیان دا، وەك ئەوەی خۆشترین نوکتەم بۆ گێڕابنەوە. یەکێ سکی خۆی گرتبوو لە عریکەی دەدا. یەکێ توند بە ئەژنۆی خۆی دا دەکێشاو پیرەژنەکە عریتە عریتی گەیشتبووە ئاسمانو ددانە رزیوەکانی دەرکەوتبوو. کە پێکەنینیان راوەستا، پیرەژنەکە دەستی هەڵبڕیو هەموو بێدەنگ بوون. دیار بوو شتێکی گرنگی بە مێشکدا هاتبوو، یان لە شتێ حاڵی نەبوو

دەیەویست تێی بگا. هێدی سەری بۆ لای من هێناو پرسی:

- لە وڵاتی ئێوە کێ دەچێتە داخوازیی پیاو؟

دەستەوداوێنی کازم خان بووم بۆ ئەوەی تێی بگەیەنێ لە ئەوروپا رەوشت وایە پیاو دەچێتە داخوازی ژن. ئەگەر ئیشەکە پێچەوانە بێتەوە، هەموو عالەم دەڵێن دونیا شێواوە، رێو رەسم نەماوە!! دونیا هەمووی بۆتە بەدرەوشتی!!

حەوا پرسی:

- واتە ژن ناتوانێ مێرد بۆ خۆی هەڵبژێرێ.

- بە زۆری ، نا!!

- ئەی ئەگەر ژنێك لە ناو جەنگەل پیاوێك بەگیر بێنێ؟

- لە ئەوروپا، بە زۆری هەر پیاو ژن بە گیر دێنێ.

ژنەکان تەماشای یەکتریان کردو ئینجا بە بەدگومانی چاویان بڕییە من. هەستم کرد گومان لە ئەقڵم دەکەن.

یەکێکیان پرسی:

- مانای وایە: دوای زەماوەند ژن دەچێ لە ماڵی مێردی دەژی.

- بەڵێ!

دیسان ژنەکان سەیری یەکتریان کردو یەکێکیان پرسی:

- ئەگەر ژن مەسرەفی مێرد نەدا، ئایا کابرا دەتوانێ داوای تەڵاق بکا؟

- لە ئەوروپا، پیاو مەسرەفی ژن دەکا. ئەوەندەی من بزانم لە سەنگاپوورەو والالامپوریش هەر بەو جۆرەیە.

ئەو شوێنانەی ئێوە دەڵێن لە ریز دەرچوونە.

کازم خان شتێکی گوت هەموو ژنەکان لە رکان دەم و چاویان سوور هەڵگەڕا. لێمپرسی: چت گوت. گوتی:

- پێم گوتن ئەمە لە ریز دەرچوون نییە. مەسەلەکە لە هەموو دونیادا ئاوهایە.

ژنێکیان ناوی (نوورپا) بوو. بە پەنجە هەڕەشەی لە کازم خان کردو ئەمری پێ کرد قسەکانی وشە بە وشە بۆ ئێمە وەربگێڕێ. ئەوسا گوتی:

- ئەو کاتەی زەوی ئاوکی دونیاو ئاسمان چەتری زەوی بوو، ئەو کاتەی زەوی بە قەد لەگەنێکی بچووك و ئاسمان بە رادەی سایەی خۆر بوو، پیاو غولام و ژن ئاغا بوو. ژن بەو ئاوی لە زەوی ئا زەوی و ئاوی لە ئاسمان ئا ئاسمان! ژن رازی بوو پیاو لەگەڵیا یەکسان بێ. بەڵام زەوی هەتا هەتایە هی ژنە. هەروەها منداڵ و جیازی پیاویش.

(نوورپا)، کە دڵنیا بوو قسەکانی بە راست و دروستی وەرگێڕدراوە، هەستاو رۆیشت. حەوا گوتی:

- نارەحەت مەبە! ئەمەنێکی رابردووەو بیرو بۆچوونی کۆنە! با شتێکتان بۆ خواردنەوە پێشکەش بکەم.

لە پلەکانی زنجەکەی چووە خوارێ. دار نارگیلێکی راهەژاند. چەند دانە نارگیلێك کەوتنە خوارەوە. حەوا، ئەو نارگیلەی لە هەموویان باشتر گەیی بوو، هێنای و سەرەکەی شکاندو بۆ منی راداشت بۆ ئەوە ئاودکەی بخۆمەوە. پاشان نارگیلێکی تری هەڵگرت و سەیری (دوپلیۆ)ی کردو پرسی بە من کرد:

- روخسەت هەیە نارگیلێکی بدەمێ!

- بەڵێ. ئەگەر دەتەوێ.

- بڕیار بە دەست ئێوەیە خانم! ئێوە ژنن و ئەو پیاوە.

- پێشکەشی کازم خانیش بکەم؟

- بەڵێ، هەڵبەت.

کازم خان بە پشوو درێژی قسەکانی وەردەگێڕا و هەندێ جار لە ڕکان دەم و چاوی شین و مۆر هەڵدەگەڕا.

بە بێدەنگیی ئاوی شیرینی نارگیلەمان نۆشی. حەوا تەبارە گەمەو شینایی گرتۆپەی خۆی نیشان داین و بۆی باس کردین چۆن چۆنی درەخت بە تەور دەشکێنێ. بە سەرسامی تەماشامان کرد چۆن بە بازووی لەڕو بێ ماسوولکەی لە عۆدەی کاری وا سەخت دێ.

جەمیلەو حەوا ڕووخۆش بوون، بەڵام کە قسە هاتە سەر دار کانو چو، ڕوویان گرژ بوو.

جەمیلە بە نارەحەتی باسی کرد گوتی:

- پیاوی پێست سپی دێن جەنگەل دەکڕن و دار کانو جودگان دەبن بە هی ئەوان. ئاخیری ئێمە ناچار دەبین لێرە بار بکەین و لە جێگایەکی تر بە دوای زەوی بە سوودا بگەڕێین. ئەگەر هەندێ ژن زات نەکەن دووبارە تێ هەڵبچنەوە، داخۆ کارمان بە چی دەگا؟ کوڕەکانمان دەبێ زەماوەند لەگەڵ کچی بێ زەوی و بێ شینایی بکەن. من چارەنووس و دوارۆژی (جونوس)ی کوڕی خۆمم لە بەر چاو ڕوون نییە. (جونوس) کوڕی تاقانەی بنەماڵەکەمانە. خودا ئەم بەسەزمانەی بە کوڕ خەلق کردووە. ژیان و دونیای پیاوان سەختە و ناخۆشە!! بۆیە دەمەوێ کوڕەکەم بخوێنێ تا بتوانێ کارێکی باش پەیدا

بکاو بتوانێ جیازێکی لە بار پێکەوە بنێ و زەماوەند لەگەڵ کچێکی خاوەن زەوی بکا!! من تا ئێستا سێ ددانی خۆم لەم ئیشە خەرج کردووە.

پرسیم:

- چت گوت؟

حەوا دەمی کردەوەو گوتی:

- سەیر کەن! قالبی زێڕی سێ ددانی خۆم فرۆشتووە. ئێمە ددانەکانمان بانقمانن پارەی پاشەکەوتمانن، من زەوییەکانم هی کچەکانمە. تاکە سامانی کوڕەکەم ئەم قالبە زێڕانەی ددانمە. هەر کاتێ پارەمان پێ بوێ، دەچمە کوالالامپورو قالبە ددانێکم دەفرۆشم. ئەختێ ناخۆشە، بەڵام گرنگ نییە. جارێکیان گەورەترین عەینەکی کوالالامپورم بۆ جونوس کڕی.

+ + +

کە گەیشتینەوە سەر جادەی قیر، (مینگ سن) پرسی:

- کەیفتان بە دایکسالارەکان هات؟

- بەڵێ. بە دڵمان بوون.

- مانای وایە ئەمانە بنیادەمی بەدفەڕو مزیڕ نین؟!

ترومبێلەکە بەرەو کوالالامپور کەوتە رێ. وردە وردە لەو جەنگەڵە سەیرو خەیاڵاوییە دوور کەوتینەوە کە نە لە زستان دەمرێ و نە لە بەهار شکۆفە دەکا. هەستم کرد جێگایەك جێ دێلم هەمیشە بەختەوەرە.

گەیشتینە کوالالامپور. لەوێ، لێپرسراوێکی دەوڵەت گلەیی لێ

كردين كه تەنيا چووينەتە لاى دايكسالارانى ماليزيا. ئينجا گوتى:

- خۆشبەختانە، ئەم ژنانە تەنيا دە هۆزيان ماوە. ئەوانيش سالّ بە سالّ كەمتر دەبن. دەولّەت لە بەر دايە بەرەو ژيانێكى سەردەمانەيان ببا چونكه شەرمو شوورەييە ژنى كێوى وەكوو ئەمانە لە ولاتێكى شارستانى وەكوو ماليزيا مابن.

ئەم ژنانە مافى دەنگدانى خۆشيان لە هەلّبژاردندا بە كار ناهێنن. بڕوايان وايە گەوجاتييە دەنگ بە پياوان بدەن چونكه بەمەوە وا دەكەن ژمارەيەك زۆردارو ستەمكار بگەنە دەسەلآت.

نووسينگەى لێپرسراوەكەى دەولّەت دەزگايەكى فێنك كەردوەى باشى نەبوو. كه دەمى دەكردەوە، مرۆڤ موچركى پێدا دەهات.

لەوێوە چووينە سەنگاپوورە. لەوێ سەرمايەدارەكان لە مەيخانەى خۆش، سەما لەگەلّ ژنى جيا جيا دەكەنو دار كائو چو لە كەشتييان بار دەكەن كە نرخى بە قەدەر نرخى قالبە زێڕى ددانى هەموو ژنەكانى وەكوو حەوا دەبێ.

سەفەرى سەنگاپوورە نزيكەى شەوێكى خاياند. بە درێژايى شەو باران بە خوڕ دەبارى. (مينگ سن) برنجى بۆ لێنابووين. لە سەر برنج خواردن، حەوام بير كەوتەوە كە چووبووە لاى دانسازو قالبە ددانى خۆى لێ كردبووەوە بۆ ئەوەى گەورەترين عەينەكى كوالالامپور بۆ كوڕەكەى بكڕێ.

* * *

# بەشی چوارەم

(هان سوین) ماڵی لە (جوهور باهرو) لەسەر تەپۆلکەیەك بوو. بە تاکسی نیـو سـەعات لـە (سـەنگاپوورە) دوور بـوو. لـە ( سـەنگاپوورە) هەموو عالەم ناوی ئەم ژنەیان بیستبوو. دەیانزانی مـاڵی لـە (جوهور باهروو)ە. بەڵام خەڵکی (جوهور باهروو)، کەس بەو ناوە نەیدەناسی. بۆ هەندێ ڕێدارم باس کرد:

- ئەو ژنە نووسەری کتێبێکی بەناوبانگە بە ناوی (ئەشق شتێکی شـکۆدارە). ئـەمریکی ئـەم کتێبـەیان کـردووە بـە فلیمێکـی بـەرزو سەرکەوتوو. بەڵام کەس نەیدەناسی. دەتگوت باسـی قەردنتوویـەکیان بـۆ دەکـەم. کـەس هیـچی دەرهـەق نـەدەزانی. خەڵکەکـە یـەك خـانمی دختۆریـان دەناسـی بـە نـاوی (ئیلیزابیـت کومبـەر) پـسپۆری منـداڵو نەخۆشییەکانی ئیستیوایی بـوو. ئـەو ژنـە هـەموو ڕۆژێ، لـە سـەعات (دە) تـا سـەعات (دوازدە)و لـە سـەعات (سـێ) تـا سـەعات (پێـنج)، لـە خانوویـەکی سـەر تەپۆلکەکـە پێـشوازی نەخۆشـانی دەکـرد. ئـەم ژنـە نووسـەرە نـاوی ئەسـڵی خـۆی (ئیلیزابیـت)ەو (کومبـەر) نـاوی مێـردی ئاخیریەتی. مێردی پێشووی نـاوی ( مـارك ئیلیـۆت) بـوو، بـەیامنێری ڕۆژنامەی (تایمز) بوو. کە ئـەو مـرد، (ئیلیزابیـت) شـووی بـە کومبـەر

کرد. (ئیلیزابیت) ئاشقی (ئیلیۆت) بوو. به ئەشق و ئەوین شووی پێکرد. ئەو چیرۆکەی نووسیویەتی و کراوە بە فلیم، باسی بەسەرهاتی ئەو ئەشقە دەکا. کتێبەکەی (ئیلیزابیت) کە لە هەموو شوێنێ، جێگای قسەو باسە، هیچ ناوو شوێن و کاتی دروست کراوی تێدا نییە. هەمووی راستەقینەیە. باسی پەیوەندی بەینی خۆی و (مارك ئیلیۆت) دەکا.

لە مێژ بوو دەمەویست لە نزیکەوە ئەم جۆرە ژنە ببینم کە بە ئازایی و نەترسی، بێ کۆت و بەندو بێ بەکارهێنانی خەیاڵ و شێوازی چیرۆکنووسیی، سەربردەی ئەشقی خۆی گێڕاوەتەوە. دان پێدا دەنێم زیاتر مەراقی خۆم بوو پاڵی پێوە نام ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵدا بکەم تا بە جێ هێنانی ئەرکی پەیامنێریی و چاوپێکەوتنی پیشەیی.

(جنیفر جۆنز) دەوری نووسەری لە فلیمەکەدا دیوە. مەراقم بوو بزانم ئایا نووسەری کتێبەکە لە (جنیفر جۆنز) جوانترە، یان ناشیرینترە؟! ئایا خۆیشی ئاوها راستگۆیە، یان وەکوو زۆربەی نووسەران تەنیا دەوری راستگۆیی گێڕاوە؟! ئایا بەختەوەرە، یان کڵۆڵ و بەدبەختە؟!

وامدەزانی هەر بە دیتنی رەفتارو سەرو سیمای، رەنگە بۆم دەربکەوێ داخۆ ئەوەی لە کتێبەکەدا نووسیویەتی راستە، یان درۆیە؟! دەمەویست وەڵامێکم دەست بکەوێ لە بارەی ئەو ژنانەی کت و پڕ ناوبانگ دەردەکەن. قەت بە خەیاڵمدا نەدەهات دیتنی ئەو ژنە ئەوەندە یارمەتیم دەدا لەو شتانەی لە گەشتەکەمدا عەودالی بووم.

ئەگەر (هان سوین)م نەدیبایە، قەت بە تەواوی نەمدەزانی ژنی چینی چ جۆرە ژنێکە!! ئەم ژنە، چینی ئەمڕۆ و دوێنێ و چینی

کۆمۆنیستو ناکۆمۆنیستو چینی رۆژهەڵاتی دواکەوتووو رۆژهەڵاتی پێشکەوتووو ئازادیخوای لە گیانیدا کۆبۆتەوە. دایکی، ژنێکی بەلجیکی قژ سیس بووە بەڵام دختۆر (ئیلیزابیت کومبەر)، یان (هان سوین) هیچ نیشانەی ئەو دایکە ئەورووپییەی تێدا نییە. چاوی بادامیو قژی رەشی باپیرانی هەموو نیشانەیەکی ئەژادی ئەورووبی لە سیمای سڕیوەتەوە. وەکوو ژنێکی چینی دەژیو دڵداری دەکاو بیر دەکاتەوە، جلو بەرگ لەبەر دەکاو شۆرش دەکا. لە چین هاتۆتە دونیاوەو بەشێکی زۆری ژیانی خۆی لەوێ بە سەر بردووە. لە چین زەماوەندی لەگەڵ مێردی یەکەمی کردو کچێکی لێ بوو ناوی نا (می لینگ). لەوێ، پزیشکیی خوێندو هەر لەوێش یەکەم کتێبی بە ناوی (مەبەست: چیون کنیك) نووسی. هەموو ساڵێ دەچێتە چین بۆ ئەوەی هەوایەکی نیشتمانی خۆی هەڵمژێو سەرپەرشتی موڵکەکانی بکا. زۆرم بە لاوە سەیر بوو کە زانیم لە چین موڵکی هەیە. ئەو، بەم جۆرە شتەکەی بۆ روون کردمەوە:

- بەڵێ چەند خانوویەکم لە پەکین هەیە. باجیان زۆرە. هەموو جارێ دەچمە لای لێپرساوی باجو دەڵێم: توخوا وەرە دەست بەسەر خانووەکانمدا بگرە! ئەویش وەڵامم دەداتەوە دەڵێ: شتی وا نابێ، خانم! ئەم خانووانە موڵکی خۆتن.

مەسەلە ئەوەیە چینییەکان بەر لەوەی کۆمۆنیست، یان هەر شتێکی تر بن، چینینو هەر بە چینیش دەمێننەوە.

تەکسی لە بەردەم کابینەیەکی سپی وەستا، یەك دونیا ژنو منداڵ لەبەر دەرگا ریزیان بەستبوو. نازانم بۆچی وێنەی (هان سوین)م،

وەکوو زۆربەی چینییەکان، بە خەپەتۆڵەو کورتەباڵاو دەم‌و چاو پان‌و
هەندێ جار عەینەك لەچاو، لە مێشکی خۆمدا کێشا بوو.
(هان سوین) ژنێکی جوان‌و جحێڵ بوو. بە رای من ( جنیفر
جۆنز) دەبوایە پەشتەماڵی سووری لەبەر دەم فڕێ بدایە: دەم‌و
چاوێکی لاوازو بەژنێکی بەرزو پێیەکی جوان!!

دیتنی نەخۆشەکان تەواو بوو، بە یەکەوە قسەمان کرد. زۆر بە
شیرینی دەدوا. چاوی وەکوو دوو تۆپەڵ ئاگر وا بوون. بە دەم
قسەکردنەوە وەکوو سەماکەر دەستی دەجوولاندەوەو قاچی بەرزو نزم
دەکردەوە. گوتی:

منت پێ سەیرە، وا نییە؟! واتدەزانی هەموو چینییەکان بێ
جم‌و جوول‌و بێ جۆش‌و خرۆشن، وا نییە؟! چینییەکانی (کانتون)،
کورت‌و رەشەسمەرن، وەکوو خەڵکی ناپولی چەنەبازن، بەڵام
چینییەکانی (شانگهای)، بالابەرزن، وەکوو خەڵکی سویسرا رێك‌و
پێك‌و بە زەبت‌و رەبتن، چینییەکانی پەکین، کەڵەگەت‌و سرڤایمن،
وەکوو ئینگلیزەکان دەستووریان رەق‌و سەختە. ئایا مەسەلەی
(هەلکێش)ت بیستووە؟ با بۆت باس بکەم:

- لە (کانتون)، کە خەڵك دەیانەوێ سواری هەلکێش بن، شان لە
شانی یەکتر دەدەن‌و پاڵ بە یەکەوە دەنێن، ئاخیری هەلکێش وەکوو
قوتووی ساردین شیش کوت دەبێ‌و هەڵدەکشێ بۆ سەرەوە. لە
(شانگهای)، کە خەڵك بیانەوێ سواری هەلکێش بن، بە ریز دەوەستن‌و
هەلکێش زۆر بە ئاسکی‌و ئاسایی بەرز دەبێتەوە، کەچی لە (پەکین)،
خەڵکەکە بەر لەوەی سواری هەلکێش بن، هەموو: فەرموو، فەرموو لە

پەك دەكەنو بە یەكتر دەڵێن: یەكەم جار ئێوە بفەرموون! تكایە، ئێوە! بە گیانی ئێوە نابێ، تا هەڵكێش دەرگای دادەخرێو بە بەتاڵی دەڕواتە سەرەوە.

من خەڵكی (پەكین)م! ئەو هەڵكێشەی بمەوێ پێی سەركەوم، هەمیشە بە بەتاڵی دەچێتە سەرەوە.

كە گەیشتە ئێرە پەردە ڕۆنـدكێكی تەنكی كەوتە سەرچاو. دەستو پێی لە جوولانەوە وەستا. ڕەنگە دەردەسەریو بەدبەختی خۆی بیر كەوتبێتەوە: یادی جەنەراڵ (تانگ)ی دەزگیرانی یەكەمی، كە لە جەنگ كوژرا، یان (مارك ئیلیۆت)، كە لە كووریا سەری تێچوو، یان (لیۆناردۆ كومبەر) كە لێی جیا بووەوە. بێگومان (هان سوین) هیچ بە لایەوە گرنگ نەبوو كە هەم ناودارەو هام نازدارەو هەم پارەدارە. پەنجەی بۆ خانوویەك درێژ كرد خەریك بوون لە هنداو ناوایی ناوایان دەكرد، گوتی:

- هەر ئەوەندەیە خانووە نوێكەم بێ هەڵكێشە! مارك هێشتا ما بوو، بڕیارمان دا لە پەكین بژین. ئەو دەیەویست ببێ بە نوێنەری (تایمز)و منیش گەرەكم بوو لە نەخۆشخانەی ئەوێ ئیش بكەم. ئێستایش كە مارك نەماوە، حەز دەكەم لە مالیزیا بژیم. سەنگاپوورەم بێ خۆشە! ماركیش شەیدای سەنگاپوورە بوو. بە ڕاست، ئەری كتێبەكەی منت خوێندۆتەوە كە لە بارەی دڵداری خۆمە لەگەڵ مارك؟

- هەڵبەت. ئەی تۆ ئەو فلیمەت دیوە كە لە سەر كتێبەكەت دریان هێناوە؟

- نا. حەزیش ناكەم بیبینم. ئەو فلیمە هیچ پەیوەندی بە منەوە

نییە. کە چیرۆکەکەی منیان کڕی، بۆ نووسینی سیناریۆ داوەتیان کردم بۆ هولیوود. نەچووم. پاشان پەیوەندیان پێوە کردم کتێبەکانی ترم بکەن بە فلیم، بەڵام من لەو کەسانە نیم بچمە هولیوود. من کتێب بۆ هولیوودو بۆ ناوبانگ نانووسم. من تەنیا بۆ خۆم کتێب دەنووسم. کە دەنووسم غەمو خەفەتم لە بیر دەچێتەوە. وەك ئەوەی کە لە کاتی چارەسەر کردنی نەخۆشەکانم هەست بە ئاسوودەیی و دڵنیایی دەکەم.

- من هەمیشە بیر دەکەمەوە: ئایا بە راستی تۆ (هان سوین)ی؟! ئەوەی ئەو ژنانەی پێی خۆیان شریتپێچ دەکرد بۆ ئەوەی پێیان گەشە نەکاو هەر بە بچووکی بمێنێتەوە؟ ئەوەی ئەو ژنانەی خوێندەوارییان نەبوو؟! کەچی تۆ ئەوەتا هەم کتێب دەنووسیو هەم چارەی نەخۆشی دەکەی!! ژنی راستەقینەی چینی، تۆی، نەك ئەوان!!

لە پڕ لە جێی خۆی دەرپەڕیو گوتی:

- تۆ دەتەوێ شت لە بارەی ژنی چینییەوە بنووسی، وا نییە؟!

- بەڵێ، وایە!!

- روخسەتیان نەدای بچیتە چینی سوور، وا نییە؟

- بەڵێ وایە، روخسەتیان نەدام بچم!!

- بەڵام دەچیتە هونگ کونگ، وا نییە؟!

- بەڵێ، دەچمە هونگ کونگ.

- تکایە هەرچی دەنووسی، بێ بڕیاری پێشەکی بینووسە. لە هونگ کونگ، گوێ مەدە قسەی نیشتمانپەروەرە زیندەڕۆکان. ئەوان ئاگاداری بارو دۆخی ئەودیوی سنوور نین. من تەواو ئاگاداری بارو

دۆخی چینم. پێتدەڵێم گۆڕانی بارو دۆخی ژیانی ژنی چینی وەکوو موعجیزە وایە. کۆمۆنیزم هیچ دەوری لە دروست بوونی ئەو موعجیزەیە نەبووە.

دەستی بە هاتو چۆ کرد. دەتگوت بە دوای وشەدا دەگەڕێ بۆ ئەو شتەی دەیەوێ بیڵێ.

دوای نەختێ هاتەوە سەر خۆی. رووی کردە منو گوتی:

- باش بیر لە قسەکانم بکەوە:

- ساڵی هەزارو نۆ سەدو چلو یەك، کە لە شاری(شانگهای) پزیشك بووم، بە چاوی خۆم دیم دایكو باوکێك کچی خۆیان بە تاوانی دۆڕاندنی کچێنی کوشت. کەچی دەرکەوت کچەکە کچ بوو، بێ بن نەبوو. من خۆم پشکنیمو بۆم دەرکەوت کچە. بەلام پشتگیریی کردنی منو پشتگیریی نەکردنی من فایدەی نەبوو لەگەڵ ئەوان. وەکوو سەگی هار کچەکەیان بەردەباران کردو کوشتیان. پۆلیسیش هیچی لێ نەکردن.

ساڵی هەزارو نۆ سەدو چلو پێنج، تەنیا لە (شانگهای) هەشت سەد جندەخانە هەبوو. چلو شەش هەزار ژنی خراپ، لە تەمەنی دوازدە ساڵییەوە تا چل ساڵی ئیشیان تێدا دەکرد. ئەمانە بە زۆری دایكو باوکی خۆیان بە فەردە برنجێك فرۆشتبیوویانن! ئەم کارە بە تاوان حیساب نەدەکرا. جا وەرە بیری لێ بکەوە!!

ساڵێ هەزارو نۆ سەدو چلو حەفت، کە مێردی یەکەمم کۆچی دوای کرد، دایكو باوکم ویستیان تا لە برسام دەمرم خواردن نەخۆم. ئەمە رەوشتێکی کۆنی چینیە. پێیان گوتم:

- گۆڕێکی جوانت بۆ دروست دەکەین لەسەری دەنووسین:
(ئارامگای هەمیشەیی هاوسەری وەفادار.)

کاتێ وەڵامم دانەوەو گوتم: (من گۆڕم ناوێ. کچێکم هەیە، دەمەوێ بۆ خاتری ئەو کچە بژیم.) زۆر تووڕە بوون.

ئەمڕۆ ئیتر شتی وا روو نادا. شوێنە پیسەکانیان تێك داوەو ئێستا ژنە ئێخسیرەکانی ئەو شوێنانە فێری خوێندن‌و نووسین دەکرێن‌و بۆ خۆیان شوو دەکەن. کە پیاوێکی چینی زەماوەند لەگەڵ رووسپییەکی پێشوو دەکا، بە پیاوێکی جوامێرو بە رێزی دادەنێن‌و خەڵك بە (رۆڵەی راستەقینەی میللەت) ناوی دەبەن.

بە پێی یاسا، فرەژنی قەدەغەیەو ژن‌و پیاو یەکسانن. ئێستا ژن‌و پیاوی چینی هەردووکیان مافیان وەکوو یەك وایە. کاتی خۆی زیندە بە چاڵ کردنی کچ باو بوو، ئێستا قەدەغە کراوە. کاتی خۆی هەندێ کار هەبوو تایبەت بوو بە پیاوان، ئێستا ژنیش دەتوانن ئەو کارانە بکەن. من دەزانم خەڵك چاوەڕێی ئەم قسانە لە من ناکەن‌و بە کۆمۆنیست تاوانبارم دەکەن، بەڵام من کۆمۆنیست نیم. من کاتۆلیکم‌و هات‌و چۆی کڵێسە دەکەم. راستی من پزیشکم‌و دەبێ وەکوو پزیشك عەودالی راستی بم. کارەکە نەختێ لە نەشتەری نەشتەگەر دەکا. ئێش‌و ژانی هەیە، بەڵام چارەسەری نەخۆشی دەکا.

قسەکانی ئەم ژنەم لە بارەی ئەو شتانەی نەمدەزانین، یان لە ترسی ئاغا کاغەزبازەکان نەمتوانی بوو لە نزیکەوە تاقییان بکەمەوە، بە لاوە زۆر گرنگ‌و بە نرخ بوون. بۆ ئەمەیش چەند جارێك چوومە ماڵەکەی لەسەر تەپۆڵکەکەو هەموو جارێ (هان سوین) زانیاری تازەی

پێـدەدام کـە لـە نووسـینی ئـەم کتێبـە زۆر سـوودم لێ وەرگـرتن!! نیوەڕوان، کە سـەردانی نەخۆشـەکان تـەواو دەبـوو، دەچوومە لای و تـا شـەو لـە کنـی دەمامـەوە. ئـەو قـسەی دەکـردو مـن گـوێم رادەگـرت و (دویلیـۆ)خـەریکی کـاری خـۆی بـوو، چـاوی لـە سـەر (هـان سـوین) هەڵنـەدەگرت. مـن خـۆم لەگـەل زۆر قسەی پڕ سـۆزی (هـان سـوین)دا نەبووم. چونکە ئەو پـێش ئـەوەی کۆمۆنیـست بـێ ، یـان کاتۆلیـك بـێ، وەکوو هەموو چینییەك چینی بـوو. قـسەکانی ئـەو سـوودەیان بـۆ مـن هەبوو بۆ ئەوەی بتوانم بێ بڕیـاری پیشەکی سیاسـی، حـوکم لـە سـەر ئەو شتانە بدەم کە لە هونگ کونگ دەمدیتن!

کە لێی جیا بوومـەوە، زیـاتر هەسـتم کـرد لـە دەسـتە خوشـکێکم جودا دەبمەوە تا لە ژنێکی گەورە! کە هات بڕۆم، (هان سوین) گوتی:

- ئەگـەر بـە قـسەی مـن دەکـەی لـە هـونگ کـونگ مەمێنـەوە. روو بکەرە سنوور!

- باشە، وا دەکەم!

- لە کاتی نووسینی بابەتەکەت قسەکانی منت لە بیر بێ.

- هەڵبەت قسەکانی تۆم لە بیر دەبێ.

هیچی لە (جنیفر جۆنز) نەدەکرد، تەنانەت ئەو کاتـەیش کـە لـە فرۆکەخانە دەسماڵی بۆ هەڵدەشەقاندم.

فرۆکە لە سەر زەوی بەرز بووەوە. دوای سێ سەعات و نیـو فـڕین، گەیشتینە سـەر ناوەکـانی هـونگ کـونگ. شـارەکە وەکـوو نیگـارێکی گولگـوڵی چـینی جـوان و نەخـشین وا بـوو. فڕۆکەکـە لـە دوورگـەی (کولون) نیشت. هونگ کونگی راستەقینە لـە دوورگـەی ڤکتۆریـا بـوو.

به بەلەمی ئازاد هاتو چۆیان بۆ دەکرد. وامان بە پەسند زانی لەو ئوتێلە دابەزین کە هان سوینو مارکی مێردی تیا ژیا بوونو پاشانیش (هان سوین) کتێبەکەی هەر لەوێ نووسی بوو. ئوتێلەکە لە (کالون) بوو.

شەوی یەکەم لە هونگ کونگ بووین. لە ماڵی ژنێکی دەوڵەمەندی چینی داوەت بووین. داوەتەکەی لە سەر شەرەفی (کچێکی شایستە)ی هونگ کونگ کردبوو. شێوی چینیمان خوارد. لە خواردنی چینی تەنیا مێشکی مەیموونمان نەخوارد. دروست کردنی ئەم خواردنە لە هونگ کونگ زۆر زەحمەتە. خواردنەکە لە مێشکی مەیموون دروست دەکرێ. مەیموونەکە هێشتا رۆحی لە بەردا ماوەو هەناسە دەدا، مێشکی دەردێنن. ئەم خواردنە نەفرەتییە نەبێ، هەرچی خواردن هەبوو دەرخواردیان داین: پێنج جۆرە ماسی، چل جۆرە گۆشتی بەراز، شەش دانە خواردنی مریشك، گۆشتی بێ ئێسکی مراویو ئاخیریش قاپێکی گەورەی وەکوو پەیکەری پڕ لە کوڵلەی ئاویو کوارگی دەریاو ماکەروونیو هێلکە مریشکی رەشی برژاو کە بە لانی کەمەوە سەد رۆژ لە ناو گەچیان نابوو بۆ ئەوەی ناوی رش ببێو دەرەوەی سەوز. تامی وەکوو تامی پەنیری رزیو وا بوو.

هەر کەسێ بۆزۆی لە خواردن بکردایە، بە بێ وێڵ تاوانباریان دەکرد. خانەخوێ زۆر ناسكو دڵگەورە بوو. هەر جارەی لە خواردنێك دوودڵ باین، خۆی دەهاتە لامانو نەختێکی لە خواردنەکە لە دەممان دەنا. لە سەر خواردن، شەرابی برنجیان لە بادەی زیو پێشکەش کردین. بەلام پێش خواردنەوەی شەرابەکە، چاوەڕێمان کرد تا

مێوانێك هەستاو گوتارێکی دا. گوتارێکی دوورو درێژ! ناوی یەکە یەکەی خاووخێزانی میوانەکانی ئاهەنگەکەی هێنا تا گەیشتە باپیرەگەورەیان، ئینجا بە رەوشتی بەرزو تایبەتی بنەماڵەکەی هەڵگوت.

هەر گوتارێك‌و دوویش نەبوو. گوتارەکان وایان پێشان دەدا کە خزم‌و کەس‌و کارو باب‌و باپیری هیچ یەکێ لە میوانەکانی سەر ئەم خوانە کەسی نەدارو داماوو قوڕبەسەریان تێدا نەبووە.

بادەکان زۆر بچووك بوون. ئەوەندە کەمیان تێ دەکرد، هەر دەگەیشتە ناو زارت دەتوایەوەو نەدەما. دەردەکە لەوەدا بوو هەر جارەی بادەکانیان پڕ دەکردەوە، میوانێکی تر لە جێی خۆی هەڵدەستا لە بارەی باپیرەی خوالێخۆشبووی ئەفەرەکەی پێش خۆی چەنەی لێ دەدا.

سەعات حەفتی شەو، خوان داندراو تا سەعات یەکی نیوە شەو هێشتا تەواو نەببوو. بۆ ئەوەی بە خۆشی کۆتایی بە ئاهەنگەکە بێنن، جەلاوی مریشکیان هێنا. وەکوو قاوەی پاش خواردن وا بوو. ئیتر گیانمان لەم بەلایە رزگار بوو.(دویلیۆ) روومەتەکانی سوور هەڵگەڕا بوون. چاوی کوسکە کوسکی بوو. بە پێچەوانەی هەمیشەیی خۆی، تەماشای (کچی شایستەی )ی هونگ کونگی دەکرد. کە وەکوو شاژنی جوانیی دونیا زۆر جوان‌و لە هەمان کاتدا گەوج‌و گەمژەل بوو. ئەوەی تەنیشتم تەواو سەرخۆش ببوو. بە درێژایی شەو قاپی پڕ خواردنی خۆمم لەگەڵ قاپە بەتاڵەکانی ئەو دەگۆڕییەوە، بەڵام دەترسام ئەوەك پەی بەم کارەم ببەن. ژنەکانی دی زۆر بە ئاسانی ئەم هەموو

خواردنەیان لـرف کـرد. هـەموو ژنـی خەپەتۆڵە بـوون. بە زۆری لە پەکین‌و شانگهای رایانکردبوو. جلی حازری رۆماو پاریسیان لە بەر بوو. بە کورتی: لەو ژنە چینییانە بوون کە من دەمەویست بیانبینم. پاش خواردنی چەلاوی مریشك، من بـە بیـانووی ژانـە سـەر گەڕامەوە ئوتێل‌و پرسیارم کرد شەمەندەفەری سنووری (لواو)و (شوچون)، کەی بە ڕێ دەکەوێ؟

+ + +

ئایا ژنی چینی چ جۆرە ژنێکن؟

من ژنی چینیم لە سەر سنووری (چینـی سـوور)و لـە ناوچەیەکی بچووکی پڕ شینایی‌و مـەرەزە بینـی. ئـالای ئینگلیـزی لە سەر هـونگ کونگ دەشەکایەوە. ئەو ئالایە دوا ڕەمـزی ئەگبـەتیی ڕۆژئـاوا بوو لە ئاسیا. شەش کیلۆ مـەتر ڕێگای ئاسـن، لەسـەر سـنووری نێـوان چین‌و هـونگ کـونگ هەیـە. شـەمەندەفەر لـە ئێسـتگەی (لـواو)ی ئینگلیـزی زیـاتر نـاڕوا. ئـەو شـەمەندەفەرانەی کـاتی خـۆی ئەفـەریان دەگەیانـدە شانگهای، هەموو ژەنگیان هەڵێناوە. پێـنج سەد مـەتریش لـەولاوە، ئـەو شـەمەدەفەرانەی کـاتی خـۆی دەچـوونە هـونگ کـونگ، لـە ئێـستگەی (شوچون)ی چینی باوێشك دەدەن. ڕووباری (شام چان) بە بـەینی ئـەم دوو ئێـستگەیەدا دەڕواو شـاخی چین‌و ئینگلیـزی لێـك گـیر کـردووە. جۆرە رفتێکی مرۆڤ بە ناو ئاوی زەردی ئەم ڕووبارەدا دەڕوا. پـردێکیـان لە سەر ئەم ڕووبارە ڕۆناوە. ئەو ژنانەی لە هونگ کونگ دەچنە چینی سوور، یان لە چینی سوور دەچـنە هونگ کـونگ بـە سـەر ئـەم پـردەدا دەپەڕنـەوە. کـەم پیـاو بـە سـەر ئـەم پـردەدا دەپەڕنـەوە. ئـەم پیاوانـە

جییـان لـە کۆمۆنیـستو ناکۆمۆنیـستەکان. ئەمانـە بەوپـەڕی رقو نارەحەتی لەم پـردەدا دەپەڕنـەوە. ئەمانـە بـە زۆری نـاتوانن مۆڵەتی چوونە دەرەوە وەربگـرنو زۆریـشان دەترسـن لـە چـین بـچنە دەرەوە. بەڵام ژن زۆر بە ئاسانی بە سەر پردەکەدا هاتو چۆ دەکەن. لە مـانگی کانوونی دووەمو شوباتدا، کە کاتی نوێ بوونەوەی ساڵی تازەی چینیە، هەمیشە دوو ریـزی دوورو درێـژی ئـەو جـۆرە ژنـە دەبینـی بـە پێـی بچووك لە سەر ئەم پردە لە هاتو چۆدان. ئەو ژنانە دایكو خوشكو ماشووقەن، لە وڵاتێکەوە دەچنە وڵاتێکی تـرو بەرگـەی گەڕانەوەیشیان پێیە. ئەو ژنانە لە هەموو روویەکەوە جیاوازییان لەگەڵ یەکتر هەیـە. زۆریشیان رقیـان لـە یـەکتر دەبێتـەوە. هـەر ئـەم رقەیـشە وای کـردووە شەمەندەفەری هەر دوو دیوی سنوور، بە بێ سـوود لـەو گـۆڕە بکـەون. ژنی هـونگ کـونگ دڵبـەرترین ژنـی ئاسیان. بـەردەوام قـژیان ئـارایش کراوەو نینۆکیان سـوور کـراوە. هەمیشە قۆنـدرەی پـانی بـەرز لـە پـێ دەکەن. جۆرە کراسێك لـە بـەر دەکـەن پێـی دەڵێن (چـە ئـونگ سام). تەسكو تریسکەو لە هەر دوو لاوە دوو لچکی درێژی هەیە.

ژنی چینی سـوور لـە چـاو ژنـانی تـری ئاسیا هیچ بەرچاو نـین، هەست بە شەرمەزاریش ناکەن.

کۆبوونەوەیەکی گشتی لـە بـارەی ژنـی چینی کـرا بـوو، سـەرۆکی رێکخراوی ژنان لە پشت مێز هاواری کرد:

- بژی ژنانی چینی ! ئەو ژنە ئاسکانەی لە سـەرەتای سـەرکەوتنی شۆرش تەمبەڵو جوان بوون، ئەمڕۆ جوانی خۆیان لە دەست داوە . لە جیاتی خۆ جوان کردن، خەریکی کارو تێکۆشانن!!

خەڵکەکە لە وەڵامدا هاواریان کرد:

- بژی ژنانی چینی ! ناشیرینی دوێنێیان ئەمڕۆ جوانییەوجوانی دوێنێیان ئەمڕۆ ناشیرینییە!

ژنانی هونگ کونگ ئێستایش پەیڕەوی ڕێنمایی کونفوشیوس دەکەن کە دەڵێ:

(ئەگەر ژنێ فەرمانبەرداری خەزوورو خەسووی نەبێ، یان ئەستەویر بێ ، یان هەڵەوەڕو حەسوود بێ، مێردی دەتوانێ تەڵاقی بدا.) لە شوێنێکی تردا دەڵێ:

(پیاو چەندەی بیەوێ دەتوانێ ئەوەندە ژنی بێنێ.)

بەڵام ژنانی چینی سوور سەر بە یاساو دەستوورێکن دەڵێ:

ژنو مێرد دەبێ تەنیا یەکەو یەك هاوسەریان هەبێو بەس! دەبێ خۆشەویستییان دووسەرە بێ. بۆ ئەوەی بە یەکگرتنو وەرگرتنەوەی یەکتر بتوانن کۆمەڵێکی نوێ پێکەوە بنێن. بێجگە لەمەیش، ژنانی ئەو ناوچەیە دەتوانن نازناوی بنەماڵەی خۆیان هەڵبگرن. منداڵی چینی دەتوانن هەم نازناوی خێزانی دایکیان هەڵبگرنو هەم هی باوکیان. بۆ نموونە کوڕ دەتوانێ نازناوی بنەماڵەی باوکی بۆ خۆی دابنێو کچیش دەتوانێ نازناوی بنەماڵەی دایکی لە خۆی بنێ.

ژنانی هونگ کونگ پەیڕەوی (سانگ مـی لینگ)ی هاوسەری (چیانگ کای شك) دەکەن. کەچی ژنانی چین تەنیا بۆ (سان چینگ لینگ)ی دەستەراستی (ماو تسی تونگ) دەست بە سینگەوە دەنێن. ئەم دوو ژنە خوشکن. ئەگەر بێ چاودانە رقی ناو ئاوی زەردی

رووباری (شام چان)، سەیری ژنانی چینی سوورو ژنانی هونگ کونگ بکەین، دەبینین جیاوازییان زۆر نییە. هەردووکیان بە یەك شێوە منداڵی ساوایان بە پارچەقوماشێك لە پشتی خۆیان دەبەستن. هەردووکیان شێوازی رۆیشتنیان وەکوو یەك وایە، نازانن پەلە کردن چییە. هەردووکیان فەرمانبەرداری باشن‌و بە بێ نارەزایی بەرگەی هەموو کارێکی هەناسەبڕو تاقەتپڕوێن دەگرن. هەردوو جۆرە ژن شکڵیان وەکوو یەك وایە. چۆنیەتی رووبەروو بوونەوەی نەناسیاو، یان تەنانەت چاویشیان کە کەس نازانێ قەپاتە یان کراوەیە، وەکوو یەك وایە. ئەوان شتێکی تریشیان پێك دەچێ: یاخەی خڕو درێژو لووسی جلیان کە لە ژێر چەناگەوە تا بنا گوێیان دادەگرێ. لە بەر ئەم یاخەیە هەمیشە بە بوغرایی سەریان قیت رادەگرن. ژنی چینی نەبێ لە هەموو دونیادا، هیچ ژن نییە یاخەی جلی ئەوەندە درێژو لووس بێ.

ژنی چینی، ئەو کاتەی ساڵی هەزارو نۆ سەدو یازدە، نارەزاییان بەرامبەر رەوشی نامرۆڤانەی شریتپێچ کردنی پێ دەست پێ کرد، ئەم شێوە یاخەیان بە ناودا بڵاو بووەوە. وەك ئەوەی رۆیشتنی بە پێی شریتپێچ نەکراو یارمەتیان بدا سەریان قیت رابگرن‌و لە کاتی رۆیشتندا بەر پێی خۆیان ببینن.

کۆمۆنیستەکان بڕوایان وایە ژنی چینی دوای شۆڕشی ماو تسی تونگ گۆڕاون. بێگومان نکوولی ناکرێ لەو ساڵانەدا زۆر شت گۆڕاوە، بەڵام زۆر لەو گۆڕانانە پەیوەندییان بە ماو تسی تونگ‌و شۆڕشەوە نییە.

(هان سوین) دەیگوت بەشێکی زۆری ئەو ڕووداوانە چەند ساڵ پێش شۆڕشی ماو تسی تونگ هاتوونەتە کایەوە. یانی ئەو کاتەی ژنانی چین خۆیان لە بەندی پیسترین ڕەوشت ڕزگار کرد کە مرۆڤو مرۆڤایەتی بە خۆیەوە دیبێ. ئەویش شریتپێچ کردنی پێیە. بە بێ زانینو ئاگاداربوونی مەسەلەی شریتپێچ کردنی پێ، هەرگیز ناتوانین لە ژنی ئەمڕۆی چینی بگەین. ئەم نەریتە تا ئەمڕۆیش لە هەندێ جێگای چینی سوورو هونگ کونگ هەر ماوە.

ئەوەی لەم سەفەردا لە هەموو شتێ زیاتر دڵی تەزاندم، نە ژیانی ئەو دیو دیواری موسلمانەکانی پاکستان بوو، نە دیمەنی ئەو ژنە هیندییانە بوو کە خۆیان فڕێ دەدایە سەر جەستەی گڕگرتووی مێردیان، بەڵکوو دیمەنی ئەو پیرەژنە چینییە بوو کە لە سەر سنووری چینو هونگ کونگ تووشی هاتم:

ئەوێ ، جگە لەو ژنە هاوشکڵانەی بەردەوام بە سەر پردەکەدا دەهاتنو دەچوون، هیچ شتی باڵکێشی تێدا نەبوو. ئیتر بڕیارم دا سواری شەمەندەفەر بمو بگەڕێمەوە هونگ کونگ.

لە لۆجی شەمەندەفەر پیرەژنێکی لەڕو لاواز لە سەر کورسی بەرامبەرم دانیشتبوو. پانتۆڵێکی ئاوریشمو کراسێکی فشو فۆڵی لە بەر بوو. دەمو چاوی دەتگوت بەلەمێکە بەستەیەکیان لێ پێچاوەو لێیان کردۆتەوە، ئاوها لپر لپرو پڕ لۆچ بوو. لە بەر ئەوەی دانیشتبووو پانتۆڵی کەوتبووەوە سەر پێی، تا چەند خولەکێک پێیەکانم نەدی. پێیەکانی ئەوەندە بچووک بوون، مرۆڤ بڕوای نەدەکرد. ئەو کاتە زانیم پێی وا بچووکە، کە هەستا بۆ ئەوەی بچێتە

لای دەستشۆرك، لە باتی رۆیشتنی ئاسایی، هەر هەڵدەبەزییەوە وەکوو ئەو چۆلەکانەی بۆ دان خواردن لە سەر بانیژەی خانووەکەتان هەڵدەنیشن. بە شانی لووس و لێك، پێی جووت دەکردو قەڵەمبازی بۆ پێشەوە دەهاویشت. هەر جارەی لەنگەری خۆی لە سەر دوو سێ سانتیمەتر رادەگرت چونکە پێی دەگەیشتە سەر زەوی لەنگەری نەدەماو بۆ پێشەوەو بۆ پاشەوە دەهەژایەوەو ناچار دەبوو دەست بە دیواری فارگۆنەکەوە بگری بۆ ئەوەی بەرنەبێتەوە. زۆر لەسەرەخۆ دەرۆیشت. هەر چەندەی بازێکی دەهاویشت، دەوەستاو هەناسەیەکی دەدا. تەکانی شەمەندەفەر ئیشەکەی خراپتر کردبوو. تا دەهات رووی گرژتر دەبوو. (دە) خولەکی پێ چوو تا گەیشتە لای دەستشۆرك و بە (دە) خولەکیش گەڕایەوە. کە هاتەوە بە بێزاریی و رووگرژی خۆی فڕێ دایە سەر کورسی لۆجەکە وەك ئەوەی بیەوێ بەمە تێمان بگەیەنێ تاقەتی قسە کردنی نییە.

من دەمزانی ئەوانەی لەو بەری پردی (شام چان)ەوە دێن پەڕە کاغەزێکی سپییان لە باخەڵدایە روخسەتی گەڕانەوەیان پێ دەدا بۆ شوێنی خۆیان. ئەمانە دەبێ وریای خۆیان بن زۆر تێکەڵی بێگانان نەبن. ئیتر زەحمەتم نەدایە بەر خۆم و داوام لە وەرگێڕەکەم نەکرد سەری قسانی لەگەڵ بکاتەوە. دانیشتبووم سەیری دەرەوەم دەکرد، نوقمی تەماشای ئەو کچانە بووم کە لە مەرەزە ئیشیان دەکردو تا زرانی چەقیبوونە ناو قوڕ. هەر چەند خولەکێ جاریکیش چاوم دەکەوتە سەر پێی سێ سووچی ژنەکە. جارێکیان کە چاوم دایە پێی، پیرەژن تخی لێ کردو رووی کردە وەرگێڕەکەم و گوتی:

- دیاره خانم تا ئێستا پێی وای نەدیوە، وا نییە؟

ئەوسا لە وەرگێڕەکەمی پرسی من خەڵکی کوێم؟و چ کارەم؟ ئینجا دەستی بە قسە کردو گوتی:

- من تەمەنم شەستو حەفت ساڵە. خەڵکی (کانتون)مو بۆ سەردانی منداڵەکانم دەچمە هونگ کونگ.

پیرەژن چی بۆ باس کردم، هەمووی وەکوو خۆی بێ لێ لادانو زیاد کردن، دەنووسمەوە:

(لە رۆژگاری ئێمە مانان، نەدەبایە پێی ژن لە نۆ سانتیمەتر زیاتر بێ. من خۆم پێم نەختێ لەوە گەورەترە چونکە چل ساڵە بێ خۆم شریتپێچ نەکردووە. لە تەمەنی پێنج ساڵییەوە، پێیان بە شریتێکی پەڕۆی دوو مەتر درێژو سانتیمو نیوێک پان دەبەستەوە. لەو تەمەنەدا، ئێسک نەرمەو بە ئاسانی شکڵی خۆی دەگرێ. بێجگە لە ئەنگوستی گەورە، هەموو ئەنگوستەکانی تریان توند بە شریتەکە دەپێچاو رۆژ بە رۆژ شریتەکەیان توندتر دەکرد...تا ئەو رادەیە کە ئێسکەکان نەشکێنو ئەنگوستەکان جوان جوان بە بنی پێوە بنووسێن تا ئێسکەکان شکڵی خۆیان وەردەگرت، دەبوایە هەر لەسەر قەرەوێڵە راکشێینو ئەو ئازارە بچێژین!

شەوێکیان پێم ئەوندە ژانی کرد، بەروەست خۆم نەهاتم، نیوە شەو هەستام شریتەکەم لە پێم کردەوە. کە دایکم پێی زانی لێیدام بۆ ئەوەی جارێکی تر بیر لە لێ کردنەوەی شریتەکە نەکەمەوە. دایکم بڕوای وا بوو ئەو کچەی پێی لە نۆ سانتیمەتر زیاتر بێ، مێردی دەست ناکەوێ. دەیگوت:

- تەنیا ژنە دەشتەکیو کارەکەر پێیان گەورەیە. بە راستیش هەروا بوو. کە پیاوێکی پایە بەرز بیویستایە کچێك بێنێ، یەکەم پرسیاری ئەوە بوو: ئایا کچەکە پێی چەند سانتیمە؟ ئەگەر کچەکە پێی لە نۆ سانتیم درێژتر بایە، زەماوەندی لەگەڵ نەدەکرد.

بە کورتی: من پازدە ساڵی تەواو شەوو رۆژ پێی خۆم بەستەوە. هەموو لەشم گەشەی کرد تەنیا پێم نەبێ، گەورە نەبوو. شەوو رۆژ پێم بچووکتر دەبوو. دایکیشم هەمیشە پێڵاوی تەنگی بۆ دەکڕیم، یان نۆکەی لە ناو پێم دەناخنی. پەندێکی چینی هەیە دەڵێ:

- سەتڵە رۆندکێکی چاوو جووتە پێیەکی شریتپێچ کراو.

من سەتڵە رۆندکێکم زیاتر رشت، چونکە دایکم جگە لە پێیەکانم، مەمکەکانیشی دەبەستمەوە. بڕوای وا بوو لەشی جوان نابێ بەرزیو نزمی تێدا بێ. سینگ دەبێ وەکوو تەختە لووسو پووس بێ. ئەم ئیشە زۆر بە ئێشو ژان بوو.

پیرەژن زۆر شادومان بوو کە توانی سەرسامم بکا. دەستی لێك خشاندو بەردەوام بوو:

(ئێستا زەمانە گۆڕاوە. کچ دەرەقەتی کوران دێن. لە زەمانی مە، هیچ شتێ بە قەد لە دایك بوونی منداڵ سەختو ناخۆش نەبوو. ئەگەر ماڵێك کچیان ببوایە، هەموو تازیەیان دادەناو کچەکە پێش هەموو شتێ فێر دەکرا گوێڕایەڵی دایكو باوکی بێ. کە مێردیشی دەکرد، دەبوایە بەرنەمری مێردو خەزوورو خەسووی بێ. کچ بۆ یەکەمین جار لە کاتی مارەبڕیندا، مێردەکەی دەدیو بە زۆریش کوڕەکە لە کچەکە بچووکتر بوو. من خوشکی خۆم لە تەمەنی هەژدە

ساڵیدا، مێردی بە کوڕێکی حەفت ساڵی کرد. وەکوو دایک تەڕو وشکی لە کوڕەکە پاك دەکردەوە بۆ ئەوەی گەورە ببێو بتوانی دووگیانیی بکا، بەڵام کوڕەکە لە تەمەنی دوازدە ساڵیدا مردو خوشکم بە بێوەژنی مایەوە بێ ئەوەی کچێکینیشی چووبێ. بێگومان ئەو سەردەمە بێوەژن نەیدەتوانی مێرد بکاتەوە. ماڵەوەمان چاوەڕێیان دەکرد خوشکم تا لە برسان دەمرێ خواردن نەخوا بۆ ئەوەی لە سەر شانی دایكو باوکم نەبێ بە بارگرانی!! هەندێ لە بێوەژنەکان خۆیان دەکوشت چونکە بەم شێوەیە دەیانتوانی بایەخ لای خەڵك پەیدا بکەن. بنەماڵەکەیان جەنازەیەکی شکۆمەندیان بۆ رێك دەخست. تاقی سەرکەوتنیان بۆ دەچەقاندو لە سەریان دەنووسی: (بۆ هاوسەری وەفادار!).

بە پێچەوانەوە، ئەو ژنانەی بە جحێڵی نەدەبوون بە بێوەژن، حەزیان دەکرد بە پیری ببن بە بێوەژن. ژن بە پیری بایەخیان پەیدا دەکردو هەموو کەس رێزی دەگرتن. هەڵبەت ئەگەر ژنی یەکەمی ماڵەوە بان. من، دایکی خۆم ژنی یەکەمی ماڵەوە بوو. بە پیری هەموو پێیان دەگوت:(لوئو تای تای) واتە: (دایکی ناوداری بنەماڵە). منداڵی ژنەکانی تریش بە منداڵی ئەو دادەنران. کە لە ژووری خۆی دەهاتە دەرەوە،، سەر لە بەری ئەو ماڵە، لە کوڕو کچی ساواوە بگرە تا بووكو نەوەکان، هەموو بە رێز دەوەستانو نیکلامیان بۆ دەکێشا. هەر بڕیارێکی ئەو بیدابایە، رەت کردنەوەی بۆ نەبوو. بەڵام ئەمڕۆ هەموو شتێ گۆڕاوە.

شەمەندەفەر گەیشتە ئیستگەی (کالون)، پیرەژنە چینییەکە چاوی کرایەوەو هوشیار بووەوە. ویستی تێم بگەیەنێ گفتوگۆو

دۆستایەتی کورتمان کۆتایی هات. لە پەنجەرەی لۆجەکەوە، کورەکەی خۆی دی‌و قیت بووەوەو بە هەڵبەزیی وەکوو چۆلەکە رۆیشت‌و جێی هێشتم بێ ئەوەی هەر هیچ نەبێ بە سەرلەقاندن خوا حافزیم لێ بکا، بەڵام رۆژنامەکەی بۆ من بە جێ مێ. جا نازانم لە بیری کرد، یان بە ئەنقەس بە جێی هێشت بۆ ئەوەی من رۆژنامەکە بخوێنمەوە. چونکە رۆژنامەکە لەو رۆژنامانە بوو کە کۆمۆنیست بۆ گەیشتنە کۆمەڵێکی باشتر بڵاوی دەکەنەوەو ناکۆمۆنیست وەکوو رۆژنامەیەکی گاڵتەو گەپ دەیخوێننەوە.

ناونیشانی سەرەکی رۆژنامەکە (ژنانی چین) بوو. چەند چیرۆکێکی سەرنجکێشی تێدا بوو. وەرگێڕەکەم پێی گوتم ئەگەر بمەوێ چیرۆکێکم بۆ وەربگێڕێ. کە چووینە لای کەشتی، رەزامەندیم پێشان دا. چیرۆکەکەی بۆ گێڕامەوە لە بارەی ژنێکی ئەمرۆی چینی بوو. بە ناوی (هس یو یینگ). پێش دوو ساڵ، (کو یینگ چن)ی مێردی بۆ خوێندن چووە سۆڤیەت. لە کاتی ماڵاواییدا، ژنە بە مێردەکەی گوت:

- دوو ساڵ ماوەیەکی زۆرە! من ژنێکی نەخوێندەواری بەدبەختم! کە لە سۆڤیەت گەڕایتەوە، خۆ هەر منت خۆش دەوێ!!

کابرا وەڵامی دایەوە:

- با بزانین...تۆش بۆ خۆت ئەو ماوەیە بخوێنە!

ژنەکە دەستی بە خوێندن کرد. خێرا بوو بە سەرپەرشتیاری لیژنەی کاروباری بیناسازی‌و پاشان بوو بە بەڕێوەبەری بەشێکی گرنگی کارگەیەك...

کاتێ (کو یینگ چن)ی مێردی وەفاداری لە سۆڤیەت هاتەوە، لە ژنەکەی پرسی:

- بە راست ئەگەر ئەو ماوەیە لە بیرم کردبای چ دەبوو؟!

ژنەکە وەڵامی دایەوە:

- هیچ! چونکە ئەمڕۆ لەم دونیایەدا، هی لە تۆ گرنگتر زۆرە.

(کو یینگ چن) گوتی:

- ئای بێ دەردتان خۆم!! وای لێهات تۆ من بە کۆنەپەرست بزانیو بتەوێ لە بەڵای من رزگار ببی؟!

کە سواری کەشتی بووم، وەرگێڕەکەم ئەم چیرۆکەی بۆ وەرگێڕام.

زۆربەی ژنەکانی هاوسەفەرمان ئەو جلەیان لە بەر بوو کە پێی دەگوترێ (چە ئونگ سام)و دوو لەچکی لارو درێژی هەیە. بیرم لە چیرۆکەکەی رۆژنامەی (هس یو یینگ) کردەوە.. بە لامەوە دوور بوو ئەم ژنو کچانە هەمان ئەو ژنو کچانە بن کە پیرەژنە چینییەکە بە پێی بچووكو هەڵبەزینی چۆلەکانەی بۆی باس کردم. دونیای ئەم ژنانە هیچ پەیوەندی بە دونیای (هس یو یینگ) دوە نەبوو. ئەمە هیچ باسی سەتڵە رۆندکی تێدا نەبوو.

ژنە چینییەکان مەمکدانی پلاستیکیان دەبەست . گاڵتەیان بە چیرۆکی ئەو ژنانە دەکرد کە ناچار بوون پێی خۆیان شریتپێچ بکەن بۆ ئەوەی زەقایی لەشیان نەمێنێ. مەمکدانی پلاستیکی لە هونگ کونگ باوی هەبووو خەریك بوو وردە وردە دەپەڕییەوە بۆ پەکینو شانگهای. لەم شارانەیش، هەر وەکوو نیویۆركو ستۆکهۆلم، ژن پێویستی ماڵەوە دەکڕێو قاپو قاچاغ دەشوا. لەوێ ، نە مەمکدانی

پلاستیکی هەیەو نە پیاوی فرەژن. بەڵام لە هونگ کونگ، کە خەڵکەکەی زۆر درەنگ دەست بەرداری رەوشتی دێرین دەبن، ئێستایش پیاوی فرەژن هەیە. بێگومان ئێستایش ژنی پیر مل بۆ فرەژنیی رادەکێشێ، بەڵام کچی گەنج بە زۆری خۆیان بە مێردی فرەژن تەڵاق دەدەن.

یەکێ لەو ژنانە کە زۆر بەناوبانگ بوو تاقی کردنەوەی خۆی خستبووە کارو ئامۆژگایەکی لە هونگ کونگ دامەزراند بوو. لەو ئامۆژگایەدا خانمەکانیان فێر دەکرد چۆن رێ لە بەرەڵلایی مێردەکانیان بگرن. وانەیان پێ دەگوتن چۆن فێری شێوازیی جیا جیای ئەشق و دڵداری ببن. ئەو ئامۆژگایە ناوبانگێکی زۆری پەیدا کردبوو. پۆل، مێزو لاتەخت و تەختەرەشی تیدا بوو. مامۆستا لە پشت مێز دادەنیشت و کە پێویست بوایە وێنەی هەموو ئەندامەکانی لەشی مرۆڤیان لە سەر تەختەرەش دەکێشا. لەم پۆلەدا، بە پێچەوانەی پۆلی قوتابخانەی ئاسایی، بە ئاشکرا ناوی هەموو ئەندامەکانی لەشیان دەهێنا. قوتابییەکان رێك و پێك و گوێڕایەڵ بوون. لەگەڵ لێدانی زەنگ دەچوون لە سەر لاتەختەکانیان دادەنیشتن. قەت وا نەدەبوو بە دژی ناوەرۆکی وانەکەوە دەم و چاویان لە شەرمان سوور هەڵبگەڕێ. رەنگە ئەمە کاردانەوە بێ دژی رابردووی تفت و تاڵی ژنی چینی وەکوو کاردانەوەی (هس یو یینگ)ی کۆمۆنیست بەرامبەر بە رابردووی خۆی. بە وەرگێڕەکەمم گوت:

- دەمەوێ ژنێکی وەکوو (هس یو یینگ)م پێ بناسێنی. ئایا ژنی کۆمۆنیست لە هونگ کونگ هەیە؟

وەڵامی دایەوە:
- دەتوانین ژنی وا لە کتێبخانەی کۆمۆنیستی، یان لە بارەگای رۆژنامەی کۆمۆنیستی بدۆزینەوە!!

کەشتییەکە گەیشتە دوورگەی (ڤکتۆریا). کە دابەزین، چینییەکی زۆرمان دی عارەبانەیان پێ بوو. لە نەفەرەکان دەپاڕانەوە سواری عارەبانەکانیان بن. بە عارەبانەکانیان دەگوت (ریشو). (ریشو) عارەبانەیەك بوو، لە باتی ئەسپ، عارەبانچییەکە خۆی رایدەکێشا. ئەم تەرزە عارەبانە تەنیا لە هونگ کونگ ماوە. چینی سوور هەموو ریشووەکانی لە ناو بردووەو ئێستا ئەم جۆرە عارەبانەیە تەنیا لە چەند گوندێکی دووری ژاپۆن ماوە. لە (سەنگاپوورە) لە چەند دانەیەك زیاتری نەماوە، گەشتیارەکانی پێ دەگێڕن. عارەبانەکانی پاکستان لە بایسکل بەسراون و بیستم ئەمر دراوە بایسکلەکان بکەن بە ماتۆر، بەڵام لە هونگ کونگ، عارەبانەی دەستیش وەکوو عارەبانەی ئەسپ لە رۆخ جادە راگیراون. لەوێ، عارەبانچی بە پێ خاوسی و بە چاوی بە رێشکەو پێشکەوە گەشتیارەکان دەبەنە ئێرەو ئەوێ. گەشتیاری ئەوروپی حەزیان لێیە سواری ئەو عارەبانە دەستیانە بن و گاڵتە بەو کەسانە دەکەن کە لەگەڵ سەیری کردنی لەشی شەڵاڵی ئارەقی ئەم عارەبانچییانە، دڵیان ژان دەکا. من رازی نەبووم سواری ئەو عارەبانانە بم. یەك جار لە (کاراچی) سواری عارەبانەیەکی دوو پێچکە بووم بەڵام لە چەند خولەکێ زیاتر تاقەتی سەیر کردنی عارەبانچییەکەم نەبوو، خێرا دابەزیم. لەگەڵ (دوبلیۆ)، کە هەر بۆڵە بۆڵی بوو، رووومان کردە ریزە فرۆشگای (چاتیا ئستوور)، لەوێ شتی

هاوردەی چینیی سووریان بە نرخێکی هەرزان دەفرۆشت. ئەوەی بیەوێ لەم فرۆشگایە کار بکا، دەبێ ئەندامی پارتی کۆمۆنیست بێ. زۆربەی فرۆشیارەکان لەو کچانەن کە بۆ باشتر کردنی زمانی ئینگلیزی خۆیان، لە پەکینو شانگهای هاتبوونە هونگ کونگ. جلی ئەورووپی ئەو کچانە لەگەڵ یەکەم سەرنجدا مرۆڤی سەرسام دەکرد چونکە ئەم جۆرە جلە زۆر کەم لە هونگ کونگ دەکەوێتە بەر چاو. سیمای سەنگینیان زۆر لە کچی تەرکەدونیای دەکرد. یەك دنکە ئارایشیان بە دەمو چاوەوە نەبوو. زۆربەیان عەینەکیان لە چاو بوو. بە جۆرێ رەفتاریان دەکرد مرۆڤ ناچار بوو خۆیان لێ بە دوور بگرێ. کە ئاوریشمو دەفتەرو پاکەتم لێ دەکرین، دەتکوت بولبولن بەڵام کە لێم دەپرسین بۆ نموونە، ئایا ژیانی هونگ کونگتان پێ خۆشە؟ یان چۆن ئەم ئینگلیزییە چاکە فێر بوونە؟ دەمیان دەبوو بە تەلەی تەقیو. لاڵ دەبوون. من لەم فرۆشگایە بەرەو رووی یەك لەشکر مرۆڤی کەرو لاڵ بوومەوە.

لەوێ هاتمە دەرەوە رووم کردە کتێبخانەی کۆمۆنیستی شار. بەڵکوو بتوانم لە نزیکەوە ژنی کۆمۆنیستی چینی ببینم.

لە (تایم) خوێندبوومەوە ژنێکی شوودارى خەڵکی پەکین نامەیەکی بۆ حەفتەنامەی (ژنانی چین) نووسی بووو پرسیاری کردبوو:

- (مێردەکەم مەیلی دژی شۆرشی هەیە. بەردەوام قسە بە پارتیو ماو تسی تونگی گەورەو مەزن دەڵێ. ئایا لەسەرمە لای لێپرسراوانی دەوڵەت خەبەری لێ بدەم؟! ئەوەیش هەیە ئێمە چەندین ساڵە ژنو

مێردین‌و مێردەکەم هەمیشە ڕەفتاری لەگەڵ من باش بووە...).

بەڕێوەبەری گۆڤارەکە، لە وەڵامی ژنەکەدا، نووسیبووی:

- (خوێنەری بەڕێز، لە وڵاتی سوشیالیستیدا، تەرازووی ئەشق نێوان ژن‌و مێرد بە پێی هەوڵ‌و ئارەزوویان بۆ پتەوکردنی بناغەی سوشیالیزم هەڵدەسەنگێنرێ. ئەگەر شکات لە مێردەکەت نەکەی، زەبر لە خۆت‌و لە ئاسایش‌و سەلامەتی خۆت‌و بنەماڵەکەت دەدەی!)

کە گەیشتینە کتێبخانەکە، کچێکی جوان لە پشت مێزەکە دانیشتبوو، تەمەنی دەوری هەژدە ساڵ دەبوو. رووم تێکردو گوتم:

- ژمارەیەکی(ژنانی چین)م دەوێ!.

ئینجا پرسیم داخۆ ژمارە کۆنەکانیان ماوە؟ یان نا؟

وەڵامی دایەوە:

- بە دوای چیدا دەگەڕێی؟

- بە دوای خەبەرێکدا دەگەڕێم. دەمەوێ لە خەبەرەکە دڵنیا بم!

- خەبەری چی؟

- راستی خەبەر نییە... نامەی ژنێکی پەکینە، پرسیارێکی لە بەڕێوەبەری گۆڤارەکە کردووە.

(تایم)م پێشان داو پێم گوت ستوونەکە بخوێنێتەوە. کچەکە بە وشکی‌و سەنگینی خەبەرەکەی خوێندەوەو رۆژنامەکەی دامەوەو گوتی:

- شتی قۆڕو پڕوپووچە! هەمووی بانگەشەی درۆیە!! شتی پووچ‌و بێ مانایە!!

- باشە بەڵام من دەمەوێ ئەو ژمارەی گۆڤارەکە بخوێنمەوە.

دەکرێ ژمارە کۆنەکانم بۆ بێنی؟

- ئەمە هەمووی درۆیە. درۆی بە کلكو شاخە!!

- باشە باش، بەڵام ئایا دەکرێ ژمارەکە ببینم؟

- نا. چەند خولەکێکی تر کتێبخانە دادەخرێ. ئێستا کاتی فراوینە.

بە ئاسکی دەرگای دەرەوەی نیشان دام بۆ ئەوەی تێم بگەیەنێ سوور بوونم بێ فایدەیە. ئیتر پێم گەوجاتی بوو لێی بپرسم داخۆ حەز دەکا وەڵامی پرسیارەکانم بداتەوە ، یان نا؟

ئەو چەند رۆژەی لە هونگ کونگ بووم، نەمتوانی یەك ژنی کۆمۆنیست ببینم. تەلەفۆنم بۆ رۆژنامەنووسانی رۆژنامەی ( چینی سوور) کرد بۆ ئەوەی چاو پێکەوتنیان لەگەڵدا بکەم، گوتیان:

- خۆشحاڵ دەبین بە دیدارت بەڵام بۆ کاری وا دەبێ روخسەت لە بەرێوەبەری رۆژنامە وەربگری. چەند جارێك هەوڵی وەرگرتنی روخسەتم دا، هەموو جارێ داواکەیان رەت دەکردمەوە. نەمزانی هۆی چی بوو؟

لە هونگ کونگ، قسەچنیی لە قاچاغی تریاكو بەردی بەهادار بە رەواجترە. بەڵام قسەچنێ بەڵگەی بە دەستەوە نەبێ، لە رادەبەدەر خۆی دەپارێزێ.

لە مێشکی خۆمم بردە دەرەوە شوێن ئەو کەسانە بکەوم کە خۆم بارو دۆخم دەزانین. ئیتر بۆ ئامادەکردنی بابەتەکەم کەوتمە شوێن ئەو ژنانەی زۆر بە پارێز نەبوون. ئەم دوورگەیە ژنی زۆر تێدایە لەوانەیە هەموو شتێکی لێ بقەومێ. دەمتوانی ماوەیەکی زۆر لەگەڵ

هەر یەکێکیان بە سەر ببەم.

وەرگێڕەکەم سوور بوو سەرێك لە کەنداوی (شاکی وان) بدەم. گوتی ژنەکانی ئەوێ زۆر جیاوازن لەو ژنانەی لە سەر رووباری (مرواری کانتون) دەژین.

بەیانییەکی سافو شین بوو گەیشتینە ئەوێ. بەلەمی بایەوان بە ئارامی لەسەر سەوزترین دەریای دونیادا دەسووڕانەوە. ئەو رێگایەی دەچووە کەنداوی (شاکی وان) پڕ بوو لە بۆنی گیاو قەوزەی دەریا. ئاوی (شاکی وان) سەوز نییە. سەوزاییەکە هی قوڕو زێلاقێکە بۆنی وەکوو بۆنی غازی (ئاشۆتیس) بۆڕی هەناسەی مرۆڤ دەگرێ.

بەلەمەکان وەکوو ساردین لە کەناری دەریا لە تەنیشت یەك ریز ببوون. تا چاو بڕ دەکا ریزیان درێژ دەبووەوە. قەبارەیان لە تەختێکی یەك نەفەری زیاتر نەبوو. هەر بەلەمێك یەك سەوڵو یەك چارۆکەی هەبووو یەك چرای نەوتو یەك دۆشەکی تێدابوو. ئەو ژنانەی لێرە دێنە دونیا، ئێستایش پێیان دەڵێن: (تان کا) واتە (نایاب). ئەوانە لە ناو ئەو بەلەمانە دێنە دونیاو هەر لە ناو ئەو بەلەمانەیش دەژینو دەمرن بێ ئەوەی هەرگیز پێیان بە وشکاتی بکەوێ. دوو هەزار ساڵە ئەم چەرخە بەردەوامە. کەنداوی (شاکی وان)یش وەکوو رووباری (مرواری کانتون) هیچ پیاوی تێدا نییە. پیاو بۆ راوەماسی دەچنە سەفەری چەند مانگیو کە دەگەڕێنەوە حەز دەکەن کاتی خۆیان لە سەر وشکاتی بە سەر بەرن. بۆیە ئەو فەرشە یەك پارچەیەی بەلەمەکان پێکیان هێناوە، تەنیا هاتو چۆی ژنانی بە سەرەوەیە. ئەو ژنانە جلی دزوونی دەوڵەمەندەکان لە سەر وشکاتی دێننو لە ناو

ئەشتی ناو دەیانشۆن. ماسی وشك دەكەنەوە. شت لە نووكی سەری قامیشی درێژ دەبەستن و لە بەلەمێكەوە دەیگەیەننە بەلەمێكی تر.
زۆریشیان لە بۆشایی تەنكەبەری بەینی بەلەمەكان دەسوورێنەوەو برنج و سەوزەو ناوی خواردنەوە دەفرۆشن. بەلەم بە سەوڵ داژۆن و سەولەكە لە شێوەی شیشەیەكی ناسندایە. هەموو ژنەكان لەبەر هەتاوی قرچەی گەرما سووتاون و لە كاركردندا ماندووبوون نازانن.
زۆریان منداڵ لە پشتی خۆیان دەبەستن. منداڵی چینی ساغ و تۆكمەو پتەون. نازانم ئەو ژنانە چۆن لە كاتی كاركردندا، بەرگەی قورساییان دەگرن؟!

قسەكەی (هان سوین)م بیر كەوتەوە. كە گوتی: ژنی چینی بەهێزترین ژنی دونیان و لە هەموو ژنێ زیاتر بەرگەی ماندوێتی دەگرن. (هان سوین) دەیگوت:

- ژنم دیوە كە هاتۆتە سەر منداڵ بوون، بە تەنێ چۆتە بەنایەك، منداڵەكەی بووەوەو خێرا گەڕاوەتەوە سەر ئیشی خۆی.

هەروەها دەیگوت:

- ژنم دیوە باری وای هەڵگرتووە پشتی بەهێزترین ئیستر دەشكێنێ. ساڵی هەزارو نۆ سەدو پەنجاو هەشت، ژنانی چینی یەك چیای تەواویان لە بن هێناو بەنداوێكیان پێ دروست كرد. دوو سەد هەزار ژن كاریان دەكرد. منداڵی ساوایان لە پشت بەستبووو سەبەتەی پڕ بەردیان دەهێناو دەبرد.

(پاك لینگ)یش منداڵێكی لە پشتی بەستبووو منداڵێكی تری بە پەت لە پێی چەپەی خۆی بەستبوو. بەم شێوەیەو بێ ئەوەی رووی

گرژ بکا، سەولی لێ دەدا بۆ ئەوەی بەلەمەکەی نەختێ لە کەنار دوور بخاتەوەو بۆنی قوڕو زێلاقی کەمتر بۆ بێ. وەرگێڕەکەم بۆی باس کردم گوتی:

- (پاك لینگ) بەختی باشە دەتوانێ بەلەمەکەی بجوولێنێو لێرە بیباتە ئەوێ. بەلەمەکانی تری نزیك کەنار چەند ساڵە لە ناو قوڕو دەقنەدا چەقیونو ناتوانن لە شوێنی خۆیان بجولێنەوە.

لە(پاك لینگ)م پرسی:

- قەت ناچیتە سەر وشکاتی؟

وەڵامی دایەوە:

- نۆی نا... (تان کا)ی داماو چ ئیشی بە چوونە کەنار هەیە؟!

دوای بینینی (پاك لینگ)، بەلەم بە بەلەم رۆیشتین و سێ مەتر لە کەنار دوور کەوتینەوە. (پاك لینگ) گوتی:

- قەت هونگ کونگم نەدیوە. یەك جار تا نزیك مەیدانی (شاکی وان) چووم کە بەردەوام جمەی دێ لە گەشتیارو فرۆشگاو ترومبێل. بەڵام نەگەیشتمە ئەوێو گەڕامەوە ناو بەلەمی خۆم. تا ئێستا هیچ مەردزدیەك، یان پاسێك، یان جادەیەکم نەدیوە.

(پاك لینگ) تەنانەت نەیدەزانی درەخت چۆن گەشە دەکا. بۆی باس کردم لە حیساب باشە چونکە فەرمانبەرانی باج هەموو ساڵێ دێنە سەر بەلەمەکەی ئەمو بەلەمەکانی دی. (تان کا) دەبێ حیساب بزانێ بۆ ئەوەی قۆڵی نەبرن. ئینجا بۆ ئەوەی بۆم بسەلێنێ کۆکردنەوەو لێ دەرکردن دەزانێ، حیسابی کرد من دەبێ تەمەنم نزیکەی حەفتا ساڵ بێ.

بیستبووی ئەو منداڵانەی لە (یەنگی دونیا)، کە وڵاتی پێست سپییانە، دێنە دونیاوە تەمەنیان سەد ساڵەو تا گەورە دەبن، لە باتی ئەوەی ساڵێ یەک ساڵ تەمەنیان زیاد بکا، یەک ساڵ تەمەنیان لە سەد ساڵەکە کەم دەبێتەوە. ویستم بزانم چ گەوج و گەلۆرێک ئەم شتە پڕوبووچەی بردۆتە مێشکییەوە، بەڵام بەزەییم پێدا هاتەوەو نەمویست بە تێگەیاندنی راستی نارەحەتی بکەم. تەنیا پێم گوت:

- من حەفتا ساڵ نیم. تەمەنم نەختێ لەوە زیاترە.

ئینجا لە تەمەنی خۆیم پرسی. گوتی:

- من تەمەنم چل ساڵە. پیر بوویم!!

ئەم ژنە لە ناو یەکێ لە ناو ئەو بەلەمانە لە دایک بووە، لە چوارده ساڵی مێردی کردووەو لە سەر ئەو بەلەمانە کچێنی هەڵگیراوەو پێنج منداڵی لە سەر رووی ئەم ئاوە بووە. رۆژێکیش دێ هەر لە سەر ئەم بەلەمە دەمرێ. باسی کرد دوای مردن جەنازەکەی لە بەرزێەک دەپێچن و لە شوێنێکی دووره کەنار فرێی دەدەنە ناو دەریا.

دوو کوڕی لە ناو ئەو بەلەمە دەژیان. ئەو کاتە لەگەڵ باوکیان چووبوونە راوە ماسی . دوو کچیشی لە هونگ کونگ بوون. دوا قسەی بە فیزەوە کردو گوتی:

- خۆم کچەکانم رەوانەی هونگ کونگ کرد. نەمویست ئەوانیش لە ناو بەلەم بمرن. سێ ساڵە چوونەتە هونگ کونگ. ساڵێک پێش ئێستا هاتنەوە سەریان لێدام. ئای چەند جوان ببوون!! ئای چ‌ۆ جلی جوانیان لەبەر بوو!! پێڵاوی پانی بەرزیان لە پێ بوو. نازانم چۆن دەیانتوانی بەم پێڵاوانە برۆن. گوتیان کارمان زۆر زەحمەتە. بە شەو

کار دەکەن. بە ڕاست ئەریّ کاری شەو چ جۆرە کارێکە؟!

- نازانم... لەوانەیە لە کارگە ئیش بکەن.

- کارگە چییە؟

- ئەو شوێنەیە کە شتی وەکو ترومبێلی لیّ دروست دەکریّ.

- نا... ئیشیان دروست کردنی ترومبێل نییە. من دەزانم ترومبێل چییە. ئیشیان لەوە باشترە. گوتیان ئیشمان ئەوەیە رابواردن و خۆشی بۆ پیاوان دابین دەکەین. من نازانم ئەمە چییە!! ئەی ئێوە دەزانن ئەمە چ کارێکە؟

لە سەول لێدان وەستاو بە نیگەرانی سەیری کردم.

بە درۆ وەڵامم دایەوە:

- نا... نازانم.

- یەک داوام لە ئێوە هەیە. ئێوە زۆر لە ناو هونگ کونگ دەگەڕێن، بەم لاو بەو لادا دەچن، ئەگەر کچەکانی منتان بینی، سەلامی منیان لیّ بکەن. سەلامێکی گەرمی (پاک لینگ)ی پیرە دایکیان.

- باشە. هەڵبەت.

منی تا نزیک کەنار هێنا. بە سەر بەلەمەکاندا تێپەڕیم و خۆم گەیاندەوە وشکاتی.

بیری کچەکانی (پاک لینگ) ئۆقرەی لیّ هەلگرتم. لەوانەیە بتوانم لە چێشتخانەیەک، یان لە فرۆشگای (چاینا ئسوور) بیاندۆزمەوە. بەڵام ئەو گوتی لەو جێیانە نین. ئیتر هەر بەو شەوە بەرەو میترۆپۆل کەوتینە ریّ کە بەناوبانگترین دیسکۆی کچانی هونگ کونگ بوو.

میترۆپۆل جێگایەکی سەیر بوو: دەرگایەکی سادەی هەبوو. وێنەی

ئەزدیهایەکی گەورەی لە سەر بوو. بە سەر سەکۆیەکی گەورەی سەمادا دەکرایەوەو دەوراندەوری سەکۆکە ژووری بچکۆلە بوو. مـرۆڤ واقـی ور دەما. تابلۆیەك لە تەك لستی شەربەتی ساردو گەرم و میوەو بەستەنی لە سەر مێز بوو، لێی نووسرا بوو:

(نۆشینی خواردنەوەی کحوولی و هێنـانی کـچی خـوار شـازدە سـاڵی قەدەغەیە.)

کاغەزێکی زەردیشی لە سەر بوو. بە چینی و ئینگلیـزی لـە سـەری نووسرا بوو:

(کچی بە دڵی خۆتان!)

لە ژێر ناونیشانەکەدا، نـاوی ژنـەکان و تەمـەن و قـەبارەی لەشـیان نووسرا بوو. لستەکە نـاوی حـەفت کەسی تێـدا بـوو. ناوەکـان زۆریـان ئـەوروپی بـوون، بـەڵام ژنـەکان خۆیـان چینی بـوون. هەڵبـژاردن زۆر سەخت بوو. کە دڵت کچێکی بگرتایە، نیشانەیەکی زەربت لـە تەنیشت ناوەکەی دەدا. پێشخزمەت پێی دەگوتی ئەو کچە ئێستا بۆ ئیشە، یـان گیراوە. نرخی قسەو سەما، بیست خولـەك بـە پێـنج دۆلاری ئـەمریکی بوو. دوای بیست خولەکەکە دەتتوانی کچێکی تر داوا بکەی، یان ماوەی کچی یەکەم درێژ بکەیتـەوە. دوای نیـوە شـەو، ئەگـەر بتـەوێ دەتـوانی کچەکە لەگەڵ خۆت ببەیتە دەرەوەی دیسکۆ بە مەرجێ یازدە هێندەی نرخی بیست خولەك قسەو سەما بدەی. مشتەری دەشێ پیاو بێ ، یـان ژن. نـرخی رەگـەزەکە جیاوازی نییـە. بێگومـان زۆربـەی مـشتەرییەکان پیاون. بەڵام هەنـدێ پیـاوی ئـەوروپی کەچرەویان تێدایـە نـارەزووری هاورەگەزی خۆیان دەکەن. ئەو شەوە، ژنی وایش لە دیسکۆ هەبوون.

کە بە بەڕێوەبەری دیسکۆم گوت من لەم جەشنە ژنانە نیم! من کارم رۆژنامەگەرییەو بۆ چاوپێکەوتن‌و وێنەگرتن هاتووم، راچلەکی... ئەوانەیە نووسینی من وەکوو بانگەشە سوودی بۆ دیسکۆکەیان هەبێ، بەڵام نەختێ لە وشەی رۆژنامەنووس ترساو دوودڵ بوو. ئاخیری رازی بوو. کچەکانی ناو ژوورە بچووکەکانی نیشان دام‌و گوتی روخسەتی هەموو شتێکت هەیە تەنیا وێنەگ تنی ئەو جەناب‌و خانمە بەڕێزانە نەبێ کە مشتەری ئێرەن‌و حەز ناکەن وێنەیان چاپ‌و بڵاو بکرێتەوە. کچەکان گوێیان دابووە قسەکانی من‌و بەڕێوەبەر. ویستیان خۆیان بە ئەدەب‌و بە رێز نیشان بدەن. بە زەردەخەنە لێیان پرسیم چ جۆرە زانیارییەك‌و چ جۆرە وێنەیەکم دەوێ. خۆیان بۆ (دویلیۆ) تاس‌و لووس داو وەڵامی پرسیارەکانی منیان دایەوە. یەکەو چەند وشەیەکی ئینگلیزییان دەزانی. ئەویش ئەو وشەو رستانە بوون کە لە ئیشەکەی خۆیان پێیاندەویست. رستەی وەکوو: (خۆشم دەوێی! شەرابی تر دەخۆمەوە! لای تۆم زۆر پێ خۆشە!)

زۆربەیان دەیانگوت لە پەکین‌و شانگهای لە دایك بوونەو بە هۆی کێشەی سیاسییەوە رایان کردووە بۆ هونگ کونگ، بەڵام زۆربەیان درۆیان دەکرد چونکە ئەوان لە هونگ کونگ لە دایك ببوون‌و هەر لەوێش گەورە ببوون.

یەکێکیان لە هەموویان جوانتر و ناقڵتر بوو. پێمگوت:

- کاردەکەی خۆتت پێ خۆشە؟

وەڵامی دایەوە:

- بێگومان نا.

ـ حەز دەکەی شوو بکەی؟

ـ کێ بە من رازی دەبێ؟!

کچەکان بە جلی نیمچە رووت زۆر دلکێش و هەوەسبزوێن بوون. زۆر بێ وێڵ بوون. لە هەموویانم پرسی ئاخۆ هیچ (تان کا) دەناسن بە ناوی (باك لینگ)؟ هەموو بە (نا) وەڵامیان دامەوە تەنیا (ترزا) نەبێ کە کچێکی زۆر ناشیرین بوو، کاتێ گوێی لە ناوەکە بوو، وەکوو چەوەندەر سوور هەلگەڕاو بە بێزەوە گوتی: کچی وەکوو من چۆن ئاسیاوی لەگەڵ (تان کا) دەبێ.

لەو کاتەدا ژنێکی ئەمریکی زمووت هات و بەرگەیەکی نیشان دا کە باردی تەواوی هاونشینی کچەکەی داوە. (ترزا) بە شەرمەوە دەستی لە سەر شانی من دانا و دووبارە سوور هەڵگەڕا. ئینجا شانی هەڵتەکاند و کەوتە شوێن ئەمریکییەکە. بە لای خۆمەوە راستی لەگەڵ گوتم.

لە هونگ کونگ کڕین و فرۆشتنی کچ لە هەموو شوێنێکی ئاسیا بە هەرمێنترە، لەوێ، ژمارەی رووسپی لە هەموو شوێنێ زیاترە کەچی ژنی چینی لە هەموو ژنانی ئاسیا زیاتر خۆیان بە پاکی و نەجیببی رادەنێن! ژنی چینی هەرگیز لە جادەدا قۆڵ لە قۆڵی پیاو هەڵناکێشێ، با مێردی خۆیشی بێ. ژن قەت لە دیار خەڵك مێردی ماچ ناکا. چینی مرۆڤی ئایینی توندڕەو نین، بەڵام هەر لە کۆنەوە بنەمای رەوشت و دەستووری دێرینی بنەماڵە دەپارێزن!! هەرگیز لە هونەردا ئیلهامیان لە لەشی رووتی ژن وەرنەگرتووە. هەرگیز لەشی ژنیان لە ئەدەبیات بە کار نەهێناوە. بۆ وەسفی ژن پەنایان بۆ خواستنی رەگەزەکانی

سروشت بردووە. بۆ نموومە: شانو ملی ژنیان بە شۆڕدبیو چاویان بە بادامو برژانگیان بە مانگی نیوەو نیگایان بە ناوی دەریاچەی وەرزی پایز چواندووەو لە لایەنی وردی ژن روونەچوونەتە خواردوە.

ئەگەر کچێ پێش زەماوەند، کچێنی خۆی لە دەست بدایە، دەیانکوشتو کەسیشیان سزا نەددا. ساڵی هەزارو نۆ سەدو سیو پێنج، لە گەڕەکێکی پەرگەی شانگهای، کچێکی بیستو دوو ساڵەیان زیندە بە گۆڕ کرد بە تاوانی ئەوەی دوای تاریک کەوتنە عەردی لەگەڵ دەزگیرانەکەی چووبووە دەردوە. دایكو باوکی کچەکەیان بردە دادگا، بەڵام دادگا بە تاوانێکی تر حوکمی دان. تاوانی ناشتنی جەستەکە لە سەر ڕێبازێکی گشتی کە بە پێی یاسای تەندروستیی گشتی شتێکی دروست نییە. لە سزای ئەمەیش باوكو دایکەیان نەختێ جەریمە کرد.

ژنێکی تر زاتی کردبوو بە نیوەڕۆی هاوین لە حەوشەی ماڵی خۆی پاڵی دابووەوە. لە دەردوە رێدار چاویان بە لەشی کەوتبوو، حوکمیان کرد تا دەمرێ تینووو برسی بکرێ!!

لە چین وشەی (عیشق) وشەیەکی قەدەغەیەو بە تابوو دادەنرێ. ئێستایش ئەمە لە چینی سوورو هونگ کونگ هێلی سوورە. وشەی (عیشق) نابێ لە چێشتخانەو جادەو سینەماو شوێنی گشتی بە سەر زمانی هیچ کەس دابێ.

شەوێکیان لە هونگ کونگ، چوومە سەیری فلیمێکی دڵداری چینی. لە دیمەنێکی فلیمەکەدا، پیاوە پاڵەوانەکە لە ژنە پاڵەوانەکە نزیك کەوتەوە وەك ئەوەی بیەوێ وشەیەکی عاشیقانەی بچرپێنێتە

گوێ، بەڵام هیچ قسەی نەکرد . چەند چرکەیەك چاوی لە چاوی ژنەکەی ناو فلیمەکە بڕی و کشایەوەو تێیهەڵکردە گۆرانی. مانای گۆرانییەکەی بەم جۆرە بوو:

تۆم خۆش دەوێ

دەمەوێ بە ڕەزامەندی دایبابت

زەماوەندت لەگەڵ بکەم.

بێکەنیم. بەلامەوە گاڵتەجاڕی بوو یەکێ لە کاتی وا دا تێ هەڵکاتە گۆرانی، بە تایبەتی کە فلیمەکە مۆسیقی نەبوو. سەیری دەورو بەری خۆمم کرد بزانم خەڵکەکەش پێدەکەنن؟ یان نا؟ بەڵام کەس پێ نەدەکەنی. لە وەرگێڕەکەمم پرسی:

- ئایا لە هەموو فلیمێکی چینی، پاڵەوانی چیرۆکەکە بە گۆرانی خۆشەویستی خۆی بۆ گراوییەکەی دەردەبڕێ؟

- بەڵێ، لە هەموو فلیمێك.

- ئایا چینییەکان لە ژیانی راستەقینەیش هەر وان؟ یانی یەکتر ماچ ناکەن؟!

- هەڵبەت یەکتر ماچ دەکەن، بەڵام لەبەر چاوی خەڵك نا، تەنیا ئەگەر هاوسەر بن.

(هان سوین) کاتی خۆی لەم بارەیەوە پێیگوتم:

- ئەوانەی وا دەزانن سیستەمی کۆمۆنیزم عیشق ئازاد دەکاو بانگەشەی بۆ دەکا، بە هەڵەدا چوونە! ئامانجی کۆمۆنیزم وای کردووە پیاوان و بە تایبەتیش ژنانی چینی لە کاری زایەندیدا بتۆقن. بەندو دیل کردنی چل هەزار رووسپی لە ناو چوار دیواری ماڵەوە تەنیا بۆ

هـۆی کۆمەڵایـەتی و ئـابووری ناچـێتەوە، بـۆ لای ڕەوشـتپەروەریش دەچێتەوە.

ئـەمڕۆ لـە چـین جگـە لـە زەماوەنـد کـردن هـیچ جـۆرە پەیوەندییەکی دڵداریی قابیلی قبووڵ و تێگەیشتن نییـە. ئەگـەر ژن و پیاوێـک بـە بـێ زەماوەنـد لەگـەڵ یـەکتر بـژین، کۆمـەڵ نـەفرەتیان لێ دەکاو بە لادەر و دەرکراویـان دادەنـێ. خیانـەت کـردن لەگـەڵ هاوسـەر تاوانێکی گەورەیە! ئـەو ژنـە، یـان ئـەو پیـاوەی خیانـەت دەکـا، ئەگـەر ئەندامی پارتی بێ، سزای سەختتر و قورستر دەبێ چونکە لـە دادگـای سیاسیدان دادگایی دەکەن. هەر کەسێ دڵداریی بکا، دەبێ دڵدارییەکەی بـۆ زەماوەنـد بـێ و بـە زەماوەنـد کۆتـایی بـێ. تـەلاق زۆر زۆر کـەم و دەگمەنە. دەوڵەتی کۆمۆنیستی، وەکوو کڵێسەی کاتۆلیـک، بایـەخێکی زۆر بە یەکگرتنی خێزان و ئەرکی دایباب بەرامبەر منداڵەکانیان دەدا.

ژنی چینی ئەوەندە پابەندی ڕەوشتن، چەمکی نوێیـان بـۆ عیشق داهێناوە. جاران وشەی (نـوی یـان)یـان بـۆ ژن و مێـرد بـە کـار دەهێنـا، واتـە: (ئـەوەی لـەماڵەوە دەژی) کەچـی ئـەمڕۆ لـە بـاتی ئـەم وشـەیە وشـەی (ئـای یـن) بـە کـار دێـنن، واتـە (ئـەوەی خۆشـم دەوێ- خۆشەویستەکەم). کەس ناتوانێ ئەم وشە نوێیە، جگـە لـە ژنـی خـۆی، یان لە مێردی خۆی، بۆ هیچ کەسی تـر بـە کـار بێنـێ. دەتـوانین بڵێین دڵداریی لە چین ، ئەگەر بە پێی یاسا نەبێ، عیشق و دڵداریی نییە.

زۆر کـەس بڕوایـان وایـە پـەیڕەو کردنـی زیـادەی پـاکیزەیی و دۆستایەتی، کە دوو ڕەوشتی بنچینەیی ژنی چینین، خۆ جـوان کردنـی تێدا کوشتوون. جلی سەربازیی ژنان وەکوو جلی سەربازیی پیاوان دڕو

ناشیرینە. کە لە شەقامێکی چینی گەنجێکی چینینت بە تەکدا تێدەپەڕی، نازانی کچە، یان کوڕە. ئەگەر لە بەر کەزییەکەیان نەبێ وا دەزانی هیچیان کچ نین. باس کردنی چەشکەی زایەند قەدەغەیە. ئەوە ناڵێم ئەگەر لە ناو بابەتی پزیشکی، یان زانستی بێتە پێشەوە.

ژنێکی چینی بە (سیمون دو بوڤوار)ی گوت:

- شۆرش ئێمەی لە بەڵای عیشق رزگار کرد.

بە رێکەوت لە چێشتخانەیەکی هونگ کونگ تووشی بازرگانێکی سویسری هاتم، گوتی:

- من ڤیزای چینی سوورم هەیەو هەندێ جار ناچار دەبم بە نیش‌و کاری بازرگانی چەند مانگێك لە چین دەمێنمەوە. مانەوەم لەم وڵاتەدا زۆر سەخت‌و ناخۆشەو زۆر ئازارم دەدا. پیاو یەك دونیا داواکاری هەیە، بەڵام ژنی چینی لەم رووەوە گەمژەنە. ئەگەر بە سەد دەردەسەری بتوانی یەکێکیان بۆ شێو داوەت بکەی، تەنیا باسی جەنگی پۆلات بۆ دەکا، نەك هیچ شتی تر. من هەموو جارێ بیر دەکەمەوە باشە ئەمانە ئەی ئەم هەموو منداڵەیان چۆن دەبێ؟! ئەو ژنە تەرکەدونیایانە چۆن بەو جلە سەربازییەی شەوو رۆژ لەبەریانە، دەبن بە خاوەن منداڵ؟!

رۆژێ، ئەم پرسیارەم لە ژنێکی بەڕێوەبەری کارگەیەك کرد، پێی گوتم:

- وەخت بۆ ئەم جۆرە کارەیش هەیە! ئەی مەبەست لە زەماوەند هەر منداڵبوون نییە؟!

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ بۆچی زۆر قەشەی کاتۆلیك پشتگیری

حکوومەتی (ماو تسی تەنگ) دەکەن‌و بۆچی زۆربەی دابی رەسمی چینی ئوسقوفێکی تێدایە!

چین تاکە وڵاتێکی ئاسیایە بەرزەفت کردنی کۆمەڵ‌و رەوشتی جڵەو کردنی منداڵبوونی تێدا جێ بە جێ نەکراوە.

ساڵی هەزارو نۆ سەدو پەنجاو شەش، زۆر بە پارێزو بە وریاییەوە، نەختێ کاریان لەم بارەیەوە کرد. بەڵام دەوڵەت ناچار بوو هەر زوو وازی لێ هێنا چونکە ئەو کاتە سەرقاڵی شۆرشێکی تر بوون. لە شەقامەکان هاواریان دەکرد:

- بۆچی فرۆشتنی کەرەستەی ئارایش قەدەغە ناکەن؟ بە کار هێنانی ئەم هەموو کەرەستەی ئارایشە مانای ئەوەیە ژن حەز دەکەن ببن بە خاوەن منداڵ.

لەگەڵ ئەوەشدا، ژنی چینی رەوشتبەرزو پاکیزەو دژی بەرەڵلایی‌و خۆ جوانکردنن. شۆرشی جیاجیایان لە هەردوو بەری رووباری (شام چان) بەرپا کردو سەریش کەوتن. بۆ نموونە لە یاسای چاککراوی ساڵی هەزارو نۆ سەدو یازدەدا هاتووە: ژن‌و پیاو لە چینی کۆمۆنیست یەکسانن‌و مافی وەکوو یەکیان هەیە. هەروەها لە راپەرینی چواری مایسی ساڵی هەزارو نۆ سەدو نۆزدەدا، دوای کۆنفرانسی فرسای، قوتابی کچ شان بە شانی قوتابی کور رژانە کووچەو شاقامەکان‌و ژنانی چین توانیان زۆر لە مافەکانی خۆیان لە دەوڵەت بسەنن، وەکوو مافی وەرگیرانی کچان لە زانکۆی پەکین‌و کردنەوەی پۆلی تایبەتی لە هەموو بەشەکاندا، کە ساڵی هەزارو نۆ سەدو نۆزدە هاتە دی. یان شۆرشی میللی ساڵی هەزارو نۆ سەدو

بیستو شەش، کە (چە کمین تانگ) چالاکییەکی زۆری نواند بۆ ئەوەی ژنان راکێشێتە ناو پارتی، وەکوو چاککردنی یاسای یەکسانیی میراتی ژنو مێردو روخسەتی بە کار هێنانی مۆدەی جلو سالنامەی سەماو پێلاوی پانی بەرزو گۆرەوی ئاوریشمو مەمکدانو کراسی ناسراو بە (چە نو نگ سام). لە چین، تا پێش سی(٣٠) سال، رێزگرتنو نەوازش کردنی ژنو بایەخدان بە کاروباری ژن، قەدەغە بوو، بە مێشکی هیچ کەس دا نەدەهات...پیاو لە هەموو ئیشێك، تەنانەت لە ئیشی ژنانیش، لە ژنان لە پێشتر بوون. لە بیر نەکەین باشترین چێشتکەرو بەرگدرووی چین هەمیشە هەر پیاو بووە.

نووسەرێکی چینی هەیە ناوی (لین یو تانگە)یە ، نووسیویەتی:

- مرۆڤی چینی ئەوەی پێ لە هەموو شتێ سەیرترە کە پەیکەری ژنێکیان لە سەر بەرزایی بەندەری نیویۆرك چەقاندووە، بە تایبەتی ئەگەر پێی بلێن ئەم پەیکەرە نیشانەی زایەندی ژن نییە ، بەلکوو رەمزی ئازادییە. مرۆڤی چینی هەرگیز بۆی قووت ناچێ کە لە رۆژئاوا ئەندامی ژن رەمزی ئاشتیو دادپەروەریو ئازادی بێ.

ژنی چینی قەتاو قەت زەعیفەو کۆیلەو بێ کەلك نەبووە، هەمیشە ئازاو بەجەرگو باوەڕبەخۆ بووە. ژنی چینی زۆر باش بەرگەی ئازارو سەختی دەگرێ.

هیچ گومانم نەبوو شتی باوەڕنەکردەنی لەو بەری پردەکە هەن. لەوێ لە سەدا بیستو سێی نوێنەرەکان ژننو وەزیرەکانیش زۆریان ژنن.

لە چین، کە (ماو تسی تونگ) تووشی دەردەدڵ، یان باپەڕ دەبێ،

ژنێ بە ناوی (سانگ چینگ گنیك) بۆ راپەڕاندنی دابی رەسمی دەبێ بە جێگری‌و بڕیاری گرنگ دەدا. دوو هەزارو پێنج سەد ژن لە قوتابخانەو زانکۆکانی پەکین دەرز دەڵێنەوە بۆ ئەوەی ئەو راستیية تاڵە لە مێشکی خۆیان‌و دونیا بسڕنەوە کە پێش بیست ساڵ ژنی چینی نەخوێندەوارو بێ سەواد بوون.

لەو بەری رووباری (شام چان)، زۆر کچی چواردە ساڵی کیخوای گوندی شەش سەد نەفەرین. ژنی ئەمڕۆی چین هەم فێردەکرێژن چۆن کۆمەڵی سوشیالیستی بەڕێوە بەرن‌و هەم پێیان دەگوترێ ئەرکی رێنمایی کردنی کۆمەڵ بگرنە ئەستۆ. ئەو ژنانەی کاتی خۆی ئەگەر پاش تاریك کەوتنە عەردی لەگەڵ دەزگیرانی خۆیان بچووبانە پیاسە زیندە بە گۆڕ دەکران، ئەمڕۆ ئەوەو ئەوەزاکانیان لەو بەری رووباری (شام چان)، بە ناسوودەیی بەڕێوەبەرایەتی رێکخراوی گەورە دەکەن بە ناوی (لیژنەی سەر شەقام). ئەم لیژنانە ئەرکیان رێکخستنی کارو باری دارایی‌و تەندروستی‌و نەهێشتنی ناکۆکی ناو خێزانی خەڵکی چینە.

لە سەدا چلی ژنان لە پیشەسازی قورس کار دەکەن‌و هەقدەستیان وەکوو هەقدەستی پیاوان وایە. ئەوانەی لەو دیو سنووردوە دێن، دەڵێن یەك جار رەوتی شۆڕشی گەورەی ئۆکتۆبەر ببینی، بەسە بۆ ئەوەی بزانی ژن لە چینی سوور گەیشتوونەتە چ پایەیەك! زۆر کەس بڕوایان وایە ماوەی نێوان ژیانی ئەوسای ژنی چینی‌و ژیانی ئەمڕۆیان، کە لەگەڵ پیاو یەکسانن، ئەوەندە کەم بۆتەوە، زۆر ژنی تووشی دوودڵی‌و نیگەرانی کردووە.

خانمی (چو)ی سەرۆکی یەکێتی ژنانی چین لەم بارەیەوە پێیگوتم:

ئێمە ئەمڕۆ ئەرکی سەرەکیمان ئەوەیە ژنی چینی لە گرێی گەورو کورتی رزگار بکەین. ژنی چینی هەست دەکا شان بە شانی پیاو بەجۆتە پێش. ئەوانەی لە ناو جەرگەی ئەم گۆڕانەدا نەبن، لەو نارەحەتیو نیگەرانییە ناگەن کە تووشمان هاتووە.

(ماو تسی تونگ) دەڵێ: شۆڕشی وەرگرتنی مافی ژنی چینی بانگ هێشتن نییە بۆ ئاهەنگو زیافەت. کەس گوڵی نورکیدەی لە بەرۆك نادرێ. ژنەکانمان نیشانەی ناشیرینی وەردەگرنو دڵنیاشین شیاوی وەرگرتنین.

گەورەترین کارەسات، کە بە سەر ژنی چینی هات، بە تایبەتی پیرەکانیان، ئەو کاتە بوو کە دەوڵەت دەستی بە هەڵمەتی دژی نەخوێندەواری کرد لە وڵات. ژن گەورەترین تەگەرە بوون لە بەردەم گەیشتنە چینێکی بێ نەخوێندەوار. نزیکەی لە سەدا حەفتای ژنان نەیانتوانی ئەو هەزارو سێ سەد ڕەمزە فێر ببن کە لە زمانی چینیدا بۆ خوێندنەوەی ڕۆژنامە پێویستە.

کاتێ فرەژنی پیاو قەدەغە کرا، دەوڵەت نەیتوانی زەماوەندی فرەژنیی پێشوو هەڵوەشێنێتەوە چونکە ئەگەر وای بکردایە یەك دونیا ژن بێ مێرد دەبوو. نەیاندەتوانی خۆیان بژێنن (بەڵام زۆربەی ژنی ڕەوشتبەرزی ئەمڕۆی چین دەتوانن بە بێ پیاو بژینو ئەمەیش هەندێ جار وایان لێ دەکا لە خۆیان بایی بنو خۆیان لە پیاو بە گەورەتر بزانن!! دەتوانین بڵێین جۆرە دایکسالارییەکی کۆمەڵایەتی

له چین پەیدا بووە کە شتی وا لە ئەمریکادا نییە. ژن بەڕێوەبەری کارگەو نەخۆشخانەو بگرە قوتابخانەی هونەرەکانی جەنگن کە وەکوو ڤایرۆسی دایکسالاری لە ڕێگای رووباری (شام چان)ەوە دەگاتە هونگ کونگ.

(هونگ کونگ ستاندەرد) رۆژنامەیەکە لە هەموو رۆژنامەکانی تری هونگ کونگ دانەی زیاتری لێ چاپ دەکرێو بە زمانی ئینگلیزیو چینی بڵاو دەکرێتەوە. خاوەنی ئیمتیازو بەڕێوەبەرەکەی ژنێکی لێهاتووە بە پێنج ملیۆن چینی دەڵێ چۆن بیر بکەنەوە. ئەو ژنە ناوی (ئاو سیان)ە.

\+ \+ \+

بە شێوەیەکی زۆر سەیر ئاشنایەتیم لەگەڵ (ئاو سیان) پەیدا کرد. بە هۆی مووچاخێك بووین بە ئاشنا.

لە ئوتێل دانیشتبووم، لێپرسراوی گۆشەی ژنانی (هونگ کونگ ستاندرد) تەلەفۆنی کرد گوایە دەیەوێ شتێ لە بارەی ئەو رۆژنامەنووسە گەورەیە ئامادە بکا کە شت لە بارەی ژنانی دونیاوە دەنووسێ. سەیرم پێ هات چونکە بڕوام نەدەکرد رۆژنامەنووسێکی ئەختێ باش ببێ بە بابەتی سەرەکی گۆشەیەکی باشی رۆژنامەیەکی دیار!! پاشان کە چوومە ژاپۆن بۆم دەرکەوت ئەو جۆرە وتارە لە رۆژهەڵاتی دوور بابەتی رۆژانەیەو خوێنەری زۆری هەیە. ئیتر رازی بوومو رێك کەوتین خۆیو وێنەگری رۆژنامەکە بێنە دیدەنیم لە ئوتێل.

کە هاتو چاوی بە من کەوت، بێ پێشەکی یەکسەر لێی پرسیم

ئەو وڵاتانەی دیومن، ژنی کام وڵاتم بە لاوە لە هەموویان پەسندترە؟!

ئەم پرسیارە شتێکی نوێ نەبوو بۆ من. چوونکە هەر وڵاتێ ئەم پرسیارەیان لێ کردووم‌و چاوەڕێ بوون بە راستگۆیی وەڵامیان بدەمەوە. منیش وەڵامێکی ئامادەم بۆ ئەم پرسیارەی پێ بووو دەمزانی چ دەڵێم. هەروەکوو لە هیند گوتم ژنی هیندیم بە لاوە پەسندەو لە پاکستان گوتم ژنی پاکستانیم پێ پەسندەو ئەگەر بچووبامە ژاپۆنیش وەڵامم دەدایەوە ژنی ژاپۆنی باشترین ژنی دونیان، لە هونگ کونگ، گوتم ژنی هونگ کونگ لە هەموو ژنی دونیا پەسندتر دەکەم. لێپرسراوی گۆشەی ژنانی رۆژنامەکە کەیفی بە وەڵامەکەم هات‌و چووە سەر پرسیاری پڕو پووچی تر:

- تەمەنت چەند ساڵە؟

- رۆژێ چەند دانە جگەرە دەکێشی؟

- رۆژێ چەند وشە دەنووسی؟ یان تایپ دەکەی؟

لە لایەکەوە ئەو پەیامنێرە منجرەو لە لایەکی ترەوە، گەرما بێزارو سەخڵەتی کردم. مووچاخم لە سەر بوو. بۆ توند کردنی قژم لە سەرم نابوو. مووچاخەکەم تا قورستر دەبوو، زیاتر سەری دەگوشیم. ئاخیری تاقەتم چوو، بە دەم وەڵامدانەوەی پرسیارەکانەوە مووچاخەکەم لە سەر کردەوەو فڕێم دایە ناو چەکمەزەی مێزەکە. لە بەر چەخماخەی کامیرای وێنەگرەکە کوێری کردم‌و لێپرسراوی گۆشەی ژنان لە شوێنی خۆی هەستایەوەو بە سەرسامی پرسی:

- ئەوە چییە؟

- مووچاخە.

خۆت قژت هەیە، بۆچی مووچاخ لە سەر دەنێی!؟

- حەزم لە مووچاخە چونکە قژ بە پاك و ڕێك و پێکی دەردەخا.

- باوەڕ ناکەم.

بۆ بەیانی، هەستی خۆپەرستی، کە لە هەموو مرۆڤێکی گەوج و گەلۆردا هەیە، هانی دام ڕۆژنامەیەکی (هونگ کونگ ستاندەرد)م کڕی. سەیری وێنەی بە مووچاخ و وێنەی بێ مووچاخی خۆمم کرد. وتارەکە چوارەکە لاپەڕەیەك بوو بە ناوی ( ئۆریانای سەر قۆزی بن ئالۆز- مرۆڤێکی نائاسایی) بە فیزو گەپجاڕی دەستم بە خوێندنەوەی وتارەکە کرد بۆ ئەوەی بزانم چ قسەیەکی منی بە لاوە نائاسایی بووە. ئاخیری زانیم شتە نائاساییەکە مووچاخەکەم بووە نەك قسەکانم. لە وتارەکەدا نووسیبووی:

- ئۆریانا مووچاخ لە سەر دەنێ بۆ ئەوەی قژی خۆی نەشوا.

هەر بە ڕاستیش من ڕقم لە قژ شووشتن دەبووەوە. ڕاستت دەوێ ئەگەر من ڕۆژنامەنووسێکی باش بوومایە، نەدەبا گوێ بەم شتە پڕوپووچانە بدەم. نەدەبا ناڕەحەت بم کە شتی قۆڕیان لە بارەوە نووسیوم، بەلام لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەنووسێکی دروست و تەواو نەبووم، تەنگاو بووم و تەلەفۆنم بۆ سکرتێری ڕۆژنامەکە کرد. کردم بە هات و هاوار و گوتم دەبێ بەڕێوەبەر ببینم بزانم چۆن ئەو شتە قۆڕانەی لە ڕۆژنامەکەی بلاو کردۆتەوە.

لە هونگ کونگ، لە هەموو شتێ زەحمەتتر ئەوەیە بتەوێ وادەی چاوپێکەتن لەگەڵ بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی (هونگ کونگ ستاندەرد) وەربگری. بیری لێ بکەوە شتەکە چەند کەری کەرانە!! گەلۆرێك

وتارێك‌و دوو سێ وێنە لە بارەی منەوە بڵاو دەکاتەوە، ئەمە وا دەکا من ناوم لە هەموو شوێنێ بڵاو ببێتەوەو (ناو سیان)ی بەڕێوەبەری ڕۆژنامەکە یەکسەر وادەی چاوپێکەتنم بۆ دابنێ‌و بڵێ زۆر بە دیدارت خۆشحاڵ دەبم!!

من نەمدەزانی (ناو سیان) ژنە. زمانی چینیم نەدەزانی‌و وشەی editor)ـــئیدیتەر)ی ئینگلیزیش بۆ ژن‌و بۆ پیاو بە کار دێ. ئیتر خێرا چوومە ئارایشگاو قژی خۆم بە جوانترین شێوەی ڕۆژهەڵاتی ڕێك خست‌و چوومە سەردانی. (ناو سیان) لە ناو یەك چیا کاغەزو کتێب‌و ڕۆژنامەی کۆن دانیشتبوو. بە چاو، تەمەنی سی(٣٠)ساڵیش نەدەبوو. لەشی لەڕو لاوازی خۆی لە ناو (چە ئەنگ سام) شاردبووەوە. دەم‌و چاوی وەکوو دەم‌و چاوی ئەو ژنانەی لە کتێبخانەی کۆمۆنیستی دیمن، گران‌و سەنگین بوو. زیاتر لە کچێکی قەیرەی ئومێدبڕاوی دەکرد. کە بە تەلەفۆن قسەی دەکرد دەنگی وەکوو جیکە جیکی جووجەلە وا بوو. ئەوەندە بە فەرمان‌و بە (وا بکەو وا مەکە) قسەی لەگەڵ فەرمانبەرەکان دەکرد ، هەر لە بیرم چوو بۆ چی هاتووم. لە باتی ئەوەی ئارەزایی لە بارەی وتارەکە دەربڕم، بڕیارم دا گفت‌وگۆیەکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ بکەم.

(ناو سیان) بۆی باس کردم گوتی:

- من ژنێکم، پەنجا نەفەر لە بەر دەستم کار دەکەن. هەست بە ناڕەحەتی دەکەم. کاتێ باوکم، کە پێیان دەگوت (بەوری گەورە)، لە (ناو بون هاو) کۆچی دوایی کرد، ئەم ڕۆژنامە گەورەیە بە میرات بۆ من مایەوە. ئەو کاتە زراوم لێ چوو بوو. یەکەم جار بۆ خوێندنی

رۆژنامەگەری چوومە ئەمریکاو شەش مانگ لە نیویۆرک دەرزم خوێند. پاشان چوومە ئەلمانیاو شەش مانگ لە میونیخ مەشق و لێکۆڵینەوەم لە سەر مەکینەی چاپی جۆراوجۆر کرد. لەوێ، نوێترین مۆدیلی چاپی (روتاتیو)م کڕی. کە دڵنیا بووم ئیتر دەتوانم رۆژنامە دەر بکەم، گەڕامەوە هونگ کونگ! کار کردن ناخۆشە بەڵام من ناتوانم بێ کارکردن بژیم. من لەو پارەدارانە نیم کە کاتی خۆیان بە (کوت دا زور) دەچوێنن. من حەز دەکەم سوودێك بە کۆمەڵ بگەیەنم. ئێستا زۆر ژن لە رۆژنامە کار دەکەن. ئەو سەردەمە رۆیشت کە کونفوشیوس دەیگوت: (نەزانیی ژن نیشانەی زانایییە!)

ئێستا ئەوە ئەماوە ژن هەموو ژیانی خۆی لە ناو چوار دیوار بباتە سەر. پاشان پێیگوتم:

- حەز دەکەی دایکم و کچەکەم ببینی کە بۆی هەیە رۆژێ لە رۆژان ببێ بە میراتگری ئەم رۆژنامەیە؟!

بۆ بەیانی چوومەماڵیان. خانووەکەیان یەکێ بوو لە خانووە هەرە خۆشەکانی هونگ کونگ. دیواری یەشمی سەوزو دەرگای زیوکاری بوو. باوکە، واتە (بەوری گەورە) خانووەکەی لە سەر شێوازی چینی دروست کردبوو.

(تان کی کی)ی دایکی گەورەی ماڵەوەیان، لە ناو هۆل لەگەڵ ئەوە بچووکەکەی دانیشتبوو کە پانتۆڵێکی کاوبۆی و بلووزێکی دامەیی لەبەر بوو. چاودێریی ئێمەیان دەکرد. دادە گەورە پێیەکانی بچووك بوون. هەڵبەت پارەیەکی زۆری دابوو بۆ ئەوەی وەستای تایبەتی پێڵاوێکی وای بۆ دروست بکا، پێیەکانی بە ئاسایی بکەونە بەر چاو.

ئەویش لە باتی ڕۆیشتنی ئاسایی، هەر هەڵدەبەزی.

(ناو سیان) ئمرەی پێی سیو حەفت بوو. پێی لە چاو پێی دادە گەورە، زۆر گەورە بوو. کە چاوت بە دادە گەورە دەکەوت، دەتزانی ئەمە خاوەنی ماڵو سەرپەرشتیاری دابو دەستووری خێزانەکەیە. هەرچی ئەو دەیگوت، (ناو سیان)و کچەکەی سەری قبووڵو ڕەزامەندییان بۆ دادەنەواند. خانووەکەیان نیشان دام. زۆرم بە لاوە سەیر بوو کە دیتم (ناو سیان) ، کە گرنگترین ژنی هونگ کونگە، لە ژووری دایکی دەخەوێ بۆ ئەوەی شەو لە کاتی نووستندا چاوی لێ بێو خزمەتی بکاو ئاگاداری تەلەفۆنەکەی بێ. لێم پرسی:

- تا ئێستا بیرت لەوە نەکردۆتەوە بە تەنیا بژی؟ یان لە ژوورێکی تایبەتی بخەوی؟

- ئاە ! نا ! ئایا تۆ شتی وات پێ ڕاستە؟!

کاتی ڕۆیشتنم داهات. دەنگی مۆسیقای پۆپ لە ژووری ئەوەی ماڵەوە دەهات. (ناو سیان) حەزی کرد بە ترومبێلی خۆی بمگەیەنێتەوە ئوتێل. هەوای خۆش بوو! کزەبایەکی فێنك دەمو چاوی دەلاواندینەوە. (ناو سیان) گوتی:

- دەمەوێ ئەخشەیەکی گشتی بۆ گەشەپێدانی ڕۆژنامەکەم دابنێمو کاری پێ بکەم. دەمەوێ کارێکی وا بکەم تا چەند ساڵی دی ژمارەی دانەکانی ڕۆژنامەکەمان سێ هێندەی ئێستای لێ بێ! لەوانەیە کارمەندی نوێی ژن دابمزرێنم. ژن لە پیاو ژیرو ئیشکەرترن...

پێمگوت:

- کە لەم ئیشانە بوویتەوە، بۆچی بۆ خۆت مێرد ناکەی؟!

وەڵامی دایەوە:

- کاتی ئەوەم نییە. لە هونگ کونگ، پیاو زۆر کۆنەپەرستانە بیر دەکەنەوە. حەز دەکەن ژنیان هەر لە ماڵەوە بێ‌و جگە لە مێردیان، بیر لە هیچ نەکەنەوە. کۆمۆنیستەکانی چین، لەم بارەیەوە، زۆر لە ئێمە پێشکەوتووترن. ئەوان کاتی خۆیان بە عیشق‌و دڵداری ناچوێنن!! عیشق خۆسەرقاڵ کرنی مرۆڤی تەمبەڵ‌و بێ ئیشە!!

- نا...مەمنوون...جگەرە ناکێشم!!

+ + +

ئەمە دوا چاوپێکەوتنم بوو لەگەڵ ژنێ لە هونگ کونگ. بە تەما بووم دوای نیوە شەو بە فڕۆکە بچمە ژاپۆن. دوای نیوەڕۆی ئەو رۆژە، من‌و (دویلیۆ) خۆمان بە کڕینی هەندێ وردەواڵە خەریك کرد کە هەرگیز سوودمان لێ وەرنەگرت.

هونگ کونگ بەندەرێکی ئازادە. نرخی هەموو شتێکی سێیەکی وڵاتانی ترە. (دویلیۆ) ملوانکەیەکی پیرۆزەیی کاری شانگهای کڕی بۆ ئەوەی بیکاتە دیاری بۆ یەکەم کچ کە بڕوای وا بێ پیاو لە بەرد دروست نەکراوە.

کە فڕۆکە بە تاریکی شەو، لە زەوی جودا بووەوە، (دویلیۆ) دەمی کرایەوەو بە نارەحەتی بۆی باس کردم کە لە هونگ کونگیش نەیتوانیوە راببوێرێ.

- بۆچی بە درۆ بانگەشە دەکەن گوایە پیاو لە هونگ کونگ بە ئاسانی دەتوانێ ئاسیاوی لەگەڵ ژن‌و کچ پەیدا بکا؟!

پیاوی ئەوروپی بچێتە رۆژهەڵات، ئەگەر خۆی بە ژنی رووسپی

ئالوودە نەکا، دەبێ وەکوو قەشە بژی. بۆی هەیە ئەمەیش ببێ بە لایەنێکی گرنگی بابەتەکەی تۆ لە بارەی ژنانی رۆژهەڵاتەوە. لە کەراچی، هیچ کچێ رازی نەبوو هەر قسەیشم لەگەڵ بکا. لە هیند، تەنیا یەك هاورەگەزباز ئاوڕی لێ دامەوە. لە سەنگاپوورەیش، خۆت ئاگادار بووی چیم بە سەر هات. گوتم هەر هیچ نەبێ بەڵکوو لە هونگ کونگ شتێ بە شتێ بکەم، کەچی تەنیا مشتێ رووسپیم تووش هات، بێزم نەهات هەر قسەیشیان لەگەڵ بکەم. ئەگەر لە من دەپرسی: من هیچ هەوەسم بە ژنی رۆژهەڵاتی نایە!!

پێمگوت:

- کوڕە بەسی کە!! بێ شك بارو دۆخ لە توکیۆ باشترە... هێشتا (هونولولو)یش ماوە.

- شتی پڕوپووچە!! بچینە هەر شوێنێ، بارودۆخ هەر ئەمەیە. خۆم پێ راناگیرێ تا دەگەمەوە نیویۆرك. لەوێ کچێك دەناسم، لەوانەیە زەماوەندی لەگەڵ بکەم.

- لەوانەیشە لە ژاپۆن زەماوەند بکەی. پەندێکی باو هەیە دەڵێ: (پیاوی بەختەوەر ئەوەیە ماڵی ئەمریکی بێ، خواردنی چینی بێ، ژنی ژاپۆنی بێ!).

من ئەم پەندەم لە وڵاتی جیا جیاو لە سەر زمانی مرۆڤی جۆراو جۆر بیستووە!!

کە فڕۆکەکەمان فڕی، وشەکانی بە مێشکمدا هاتنەوە. بەر لەوەی سەفەر بکەم بۆ ژاپۆن، خۆم لەگەڵ ژنی ژاپۆنی بەراورد دەکردو ئەو هەستەم هەبوو کە پزیشکی دەروونی پێی دەڵێن: (گرێی کەموکرتی)،

یان (خۆ بە کەم زانین).

سوپاس بۆ خودا، دوای سەفەری ژاپۆن و دیتنی خەڵکەکەی، لە بەڵای ئەم گرێیەش رزگار بووم!!

* * *

# بەشی پێنجەم

بۆ ئەوەی بە وردو قووڵی لە ژنی ژاپۆنی بگەین، دەبێ باش لە تۆکیۆو لە بارو دۆخی تۆکیۆ بگەین. تۆکیۆ، کە یەکەم جار سەیری دەکەی، وەکوو زۆر شاری ئەمریکاو ئەوروپا وایە: شەقامی پانو تەلاری هەوربڕو هاتو چۆی چڕی میترۆو ترومبێل...تەنانەت بورجێکی ئیفێلیش لە تۆکیۆ هەیە. وەکوو بورجی ئەسلی وایەو نزیکەی دوازدە مەترەو لە تەك کۆشکی دەسەلاتداریتی قیتیان کردۆتەوە. هەموو خانووەکانی شار بە شیشەو چیمەنتۆ دروست کراون. هەموو فرۆشگاکان پلیکانەی کارەباییو تابلۆی نیۆنیان هەیە کە بە ناوی ئەوروپی چاوقرتکێ دەکەن.

هەوای تۆکیۆ، لە بەر چرەدووکەڵی کارگەی زۆری دەورو بەری ڕەنگی خۆڵەمێشییە. هۆڕنی بەردەوامی ترومبێل گوێ کەڕو کاس دەکاو خەڵك خێرا خێرا دێنو دەچن. وەکوو مرۆڤ لە شەقامێکی شیکاگۆ یان بەرلین بڕوا وایە.

تۆکیۆ نووکارترین پایتەختی ڕۆژهەڵاتی دوورە. سێبەری هیچ شتێکی سەیرو نهێنی بە سەردا نەکشاوە. لە بەر ڕوناکایی ڕۆژ، شارێکی ناشیرینە، بەلام شەو، زۆر جوان دەبێ. وا جوان دەبێ ، مرۆڤ

دڵی بە دیتنی جوانییەکانی دادەخورپێ. دەنگو هەراو زەنا نامێنێ. پلیکانەی کارەبایی رادەوەستێ. خەڵك لە جمو جووڵ دەکەوێو گنیتزا، کە گەورەترین شەقامی شارە، وەکوو شریتێکی گەشو بریقەدار، شار روناك ەکاتەوە. شەقامی زۆر باریکیش دەبینی، حانووەکانیان لە کارتۆن دروست کراوە، وەکوو بەرزە هەوایلە نازکن! لە سەر دەرگای هەر ماڵێك، چرایەکی سوور یان سەوز، یان شین، ئارام ئارام دەجریوێنێ. ئەم شەقامانە چێشتخانەی بچووکیان تێدایە، هەر بە قەدەر لۆچی شەمەندەفەرێك دەبێ. جێی شەش حەفت کەس زیاتر نابێتەوە. ژنی کیمونو لەبەر، (ساکی _ واتە شەرابی برنج_)ت لە پیاڵەیەك پێشکەش دەکەن. دەڵێی بۆ بووکە شووشە دروست کراو، شایەری سازندە (شمن سن) دەژەنن و ئاوازی عاشقانە لێدەدەن. چێشتخانەی تریش هەیە، پێش ئەوەی بچیتە ژوورەوە، دەبێ پێڵاوت دابکەنی و کە چوویتە ژوورەوە، دەبێ چوارچمکی دابنیشی. مێزێك لە بەر دەمی خۆتدا دەبینی، قالۆیەکی ( واتە بەردێکی گەرمی) لە سەرە، گۆشتو باینجانو سێوی لە سەر دەبرژێنن. لەوێ، هەر مشتەرییەك یان چەند مشتەرییەك دەتوانن ژوورێکی تایبەتی بگرن کە جگە لەو مێزەی قالۆکەی لە سەرە، هیچی تری تێدا نییە. کە دەچیتە ژوورەوە، دەرگای ئۆتۆماتیکییە، هێدی دادەخرێتەوە. بۆ ئەوەی هیچ دەنگ نەچێتە دەرەوەو لە دەرەوەیش خەڵکی بە مەراق تەماشات نەکەنو ئیسراحاتت لێ تێك نەدەن. زۆری پێناچێ دەرگا دەکرێتەوە. پێشخزمەتێکی کیمونو لەبەر دێ لە بەر دەمت چۆك دادەداو ئەو خواردنەی داوات کردووە، لە سەر سینییەك پێشکەشت دەکا. ئینجا

هەڵدەستێ بە هەنگاوی وردیلە دەچێتە لای مێزەکە وەك ئەوەی بترسێ ئەوەك سەخڵەتت بکا. لە بەردەم مێزەکە چۆك دادەدا. زوو گۆشتی کووزکراو سوور دەکاتەوە. ئەوسا رووت تێ دەکاو بە تکاو پاڕانەوە، خواردنەکەت لە زار دەنێ. ئەوەندە لە سەریا بەردەوام دەبێ تۆ وا هەست دەکەی بوویتەوە منداڵو ئەمە دایکتە خواردنت لە دەم دەنێو دەیەوێ هەموو خواردنەکە بخۆی بۆ ئەوەی زوو هەڵبدەیو گەورەو بە تاقەت ببی. کە بە چاوی نیوەکراوەو بە لێوی داخراوەوە بۆت پێدەکەنێ، دایکی خۆتت بیر دەکەوێتەوە. ئاخیری بە ورپو گێژی لە چێشتخانەکە دێیتە دەرەوەو زۆری پێناچێ لە پڕ ئەم هەستی حەسانەوەیەت لە لەش دەردەچێ.

لە شەقامی ترو لە بەردەم دیسکۆکان، کچی جوان داوەتت دەکەن بۆ سەیری (ستریپتیز). ژنەکە وردە وردەو پارچە پارچە جلی فڕێ دەداو سانتیم سانتیم لەشی رووتی پێشانی پیاوی بەرەڵلاو نەخۆش دەدا.

تۆکیۆ (سنك بار)ی لێیە زۆر لە سنك بارەکانی شیکاگۆو بەرلین دەکەن. یەك ریز کچ بە قژی کلکەجوانووو پانتۆڵی کاوبۆیو کراسی دامەیی ، دراو دەخەنە ناو دەزگای پەخشو گوێ لە گورانی (فرانك سیناترا)و گۆرانی تری رۆژاوایی دەگرن. هەر ئەو کچانە، دوای ئەختێ، دەچنە لای فاڵچیو ناولەپخوێنان بۆ ئەوەی لە زمانی ئەوانەوە گوێیان لە چارەنووسی ئایندەی خۆیان بێ. فاڵچییەکان لە ناو ژووری سوور، چاوەڕێی مشتەرییان دەکەن. ژوورەکانیان لە سەر پیادەڕۆی شینەو مۆمی تێدا داگیرساوە.

تێگەیشتنی ژنی ژاپۆنی وەکوو تێگەیشتنی تۆکیۆ، کارێکی سەختو زەحمەتە.

کە گەیشتینە تۆکیۆ، بیستو چوار سەعاتی یەکەم، تووشی جۆرە ماخولیاو سەرەگێژەیەك هاتم، لەوانەیە تووشی هەر ژنێکی ئەورووپی بێ کە دەچێتە شوێنی وا. جۆرە شادیو وڕووژانێکە، بێزارییەکی بە دەمەوەیەو حەپەسانو بێتۆتکەیی تێدایە.

گەڕامەوە میوانخانە بۆ ئەوەی بە شێنەیی بیرێکی لێ بکەمەوە. بۆم دەرکەوت هیچ لە بارەی ژاپۆنو ژنی ژاپۆنی نازانم. (چاس جۆن) رابەرو وەرگێڕم بوو. نووسەرو گەنجێکی کوورییایی بوو. ماوەیەکی زۆر بوو لە ژاپۆن دەژیا. لە دەمو چاوی زەعفەرانیو چاوی بادامییەوە دیار بوو گاڵتەی بە خەشیمیی من دەهات. پێیگوتم:

پێش چەند ساڵێ، نووسەرێکی ترم بە ناو (تۆکیۆ)دا گێڕا ناوی (جیمز کایت) بوو. دیتم تووشی ئەو حاڵەتە هات کە ئێستا تووشی تۆ هاتووە. جۆرە ...سەرسامییەك...

- سەرسامی نییە، نەختێ وڕو گێژییە! ئەو ژنەی لە چێشتخانە خواردنی بۆ هێنایین، زۆر جیا بوو لەو ژنانەی دوو هەنگاو لەولاتر (ستریپ تیز)یان دەکردو ئەوانیش تەواو جیا بوون لە کچۆڵە پاڵتۆ لەبەرەکان.

- خراپ تێگەیشتووی!! ئەوانە هەموو وەکوو یەك وان... تەنیا ئەوەندە هەیە ئەوانیش وەکوو شارەکەی خۆیان دوو roویان هەیە.

شاگرد مەیخانەی ئوتێل (ساکی)ی بۆ هێناینو بە سەیری، سەیری منو (چاس)ی کرد. بە دەم ساکی تێ کردنەوە، یەك زنجیرە قسەی

کرد. لە (چاس)م پرسی:

- ئەوە ئەم ژنە چ دەڵێ؟

- دەڵێ تۆ شکلت لە (دیوراوکەر) دەکا.

- چی؟!! شێت بووە؟ یان کوێرە؟

- هەروەها دەڵێ تۆ شێوەت لە ( مارلن مۆنرۆ) دەکا.

- پێی بڵێ لە خۆی هەڵدا.

- بە منیش دەڵێ وەکوو ( براندۆ)ی.

- گوێت لێ بێ (چاس)، ئەمە بۆچی ئەم قسانە دەکا؟!

- هیچ هەروا. دەیەوێ دڵمان رابکێشێ. ژنە ژاپۆنی زۆر بە وێڵ و میوانپەروەرن.!

راوەستاین تا ژنەکە لە پێشکەش کردنی شتەکان بووەوە. ئەوسا بە جۆرێ دەستی جولاندەوە وەك ئەوەی بیەوێ مێش هەڵفڕێنێ. ئیدی ملی رێی خۆی گرت و رۆیشت.

- ئەمانە لە رادە بەدەر بە ئەدەبن. دوور نییە بەو ئەدەبەیان تووشی شێتخانەت بکەن. بەر لە ماوەیەك ، پەیوەندی دڵداریم لەگەڵ کچێکی خەڵکی تۆکیۆ بەست. پێش وەخت پێمگوت من بە تەمای ژن هێنان نیم. زۆر بە ئەدەب بوو. گوتی: دەمەوێ لەگەڵ تۆ یەك ماڵ بم. ئەو کاتە خەریکی نوسینی کتێبێك بووم. دەبوایە شوێنەکەم نارام و دوورو بەرم کش و مات بێ. کچە ئەوەندە ناسك و بە ئەدەب بوو، قەت بە خەیاڵمدا نەدەهات تووشی کێشەو قەرقەشم بکا. بە کورتی، ئەوساو ئێستایش کتێبەکەم بۆ تەواو نەکرا. کە دەچوومە ژووری کارکردن و دەرگام دادەخست، دەهات دەیگوت: حەزت لە پیاڵە چایەك نییە؟

دەمگوت: نـەء! خـەریکی نووسـینم نامـەوێ. دەچـووە دەرەوە. دوای چـەند خولـەکێ دووبـارە دەهاتـەوە، لێیدەپرسـیم: حـەز لـە شیرینی ناکەی؟ دەمگوت: نـەء! دەڕۆیـشت. دەسـتی بـە گریـان دەکـردو دەنگی گریانی بە جۆرێ بە ناخمدا دەچووە خوارێ، خـۆم پـێ نـەدەگیرا، وازم لە نووسین دەهێنا. دەچوومە لایەوە، پیالە چایەكو نـەختێ شیرینیم لەگەڵ دەخوارد. بەزمێکی سەیرو ترسناك بوو.

- ئەنجامی بە چی گەیشت؟

- کاتێ بە ئەدەبەوە پێمگوت لەو هـەڵسو کەوتـەی وەڕس بوویم، هەر وەخت بوو بمکوژێ.

- (چاس)، دەزانی شتی وا هەر تەنیا لە (ژاپۆن) نییە.

- تێدەگـەم. دەتـەوێ بڵێـی شـتی وا لـە وڵاتـی تـریش هەیـەو لە (ژاپۆن)یش روو دەدا... بەڵام بە هەڵەدا چووی.

(چاس) پیاوێکی رۆژهەڵاتی بوو، بەڵام رۆشـنبیرییەکی رۆژئـاوایی هـەبوو. بۆیـە قسەکەم بـە هەنـد وەرنـەگرت. ناشـنایەتیو پەیوەنـدی بەسـتنی(چـاس) لەگـەڵ کـچێکی ژاپـۆنی بـە ئـەدەب گرێـی هەسـتی کەمایـەتی منـی بەرامبـەر ژنـی ژاپـۆنی نـەکردەوە. هـەر چـەندە ئەم قسانەی دەکرد بەڵام هێشتا بڕوای وا بوو ژنی ژاپۆنی ئـەو فریـشتانەن کە زانیاریستانی ئینگلیـزی ، لـە ژێـر پیتـی (ژ) دا بـەم جـۆرە باسیان دەکا:

( فەرمانبەردارن، لە رووی رەوشتەوە هیچ کەمو کورتییـان نییە. جـوانن. فیـداکاری شـکۆمەندن. لـە هـەموو ژنـی دونیـا گـرانو سەنگینترن!!)

منیش وەکوو هەر گەشتیارێك وێنەی ژاپۆنم بەو جۆرە لە مێشکدا بوو کە تەنیا (گی شا)و پەیکەری (بوودا)و شکۆفەی سپی و هەلووژەی جوانی تێدایە.

دیارە من لە بارەی ژنی ژاپۆنییەوە تەنیا پێناسەکەی زانیاریستانم لا بوو. گەشتیاری هەست ناسك تەنیا ئەو شتانەی دەکەوێتە بەر سەرنج کە حەزیان لێ دەکاو خۆی بۆ ئامادە کردووە. بێگومان ئەو جۆرە مرۆڤە ئەگەر ببیسێ قەدی دارهەلووژەی قەراخ شەقامی (گنیتزا)ی پلاستیکییەو گوڵەکانی دەستکردە، یان (گی شا)کان سەندیکایان دروست کردووە، یان پەیکەرەکانی (بوودا) لە بۆمبابارانی جەنگ لە ناو چوونەو کارگەی کامیرایان لە جێگا دروست کراوە، نارەحەت دەبن. مەسەلەکە ئەوەیە هەموو زانیاریستانێك بۆی هەیە هەڵەی تێ بکەوێ، یان باشتر بڵێم بۆی هەیە پێناسەکانی سەردەمانە نەبن.

دوای ئەوەی گەیشتمە (تۆکیۆ) بە چەند رۆژێك، هەندێ شت رووی دا وایان کرد بڕوا بێنم قسەکانی (چاس) تا رادەیەکی زۆر لە راستییەوە نزیکن.

رۆژنامەی ئینگلیزی(تۆکیۆ)م دەخوێندەوە، لە گۆشەی (نامە بۆ سەرنووسەر)دا، هەندێ رستەی وەکوو ئەمانەم کەوتە بەر چاو:

(شەرمو فدێیە کچی ئەمڕۆ لە ناو پاس تریق تریق پێدەکەنن! کە دەبینن پیاوێك لە ناو پاس بە پێوە وەستاوە، هەڵناسن جێگای خۆی بدەنێ.)

یان شتێکی تر کە کەس باوەڕ ناکا:

(چەند رۆژێك بەر لە ئێستا، لە (گنیتزا) پیاسەم دەکرد. کچێکی کیمونوپۆش داوای کرد گوڵی لێ بکڕم. لێمنەکڕی. قۆڵی چاکەتی راکێشام، هەر وەخت بوو قۆڵی چاکەتم لێ بێتەوە.)

یان:

(گوێت لێ بێ . پیاو وا دەزانن پێغەمبەرن، بەڵام من بڕوام وایە لە رووی زایەندەوە زۆر بێ هێزن!! وا مەزانە لە ناو نوێن دەیانەوێ سوود لە ژن وەربگرن.)

لە تەك ئەم گۆشەیەشدا، دەنگو باسی ترم کەوتە بەر چاو زیاتر لە دەنگو باسی وڵاتی وەکوو (سوید)و (ئەمریکا)ی دەکرد تا (ژاپۆن). بۆ نموونە وەکوو ئەو دەنگو باسەی دەڵێ:

(ژمارەیەك کچی جحێڵی ژاپۆنی پشووی کۆتایی حەفتە لەگەڵ کوڕە برادەرەکانیان لە کەنارەکانی (ئیزو)، یان لە لێڕەوارەکانی (کاروزاوا) بەسەر دەبەن. بە شەو هەموو لە تەك یەك دەخەون. بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس پەنجا پۆلیسی ژنی بۆ چاوەدێریی ئەو کچانە داناوە).

(میشو تاکە یاما)ی پرۆفیسۆری زانکۆی (تۆکیۆ) وتارێکی توندی لەم بارەیەوە نووسیوە:

(گەنجی وا نیشانەی ئاژاوەو بەرەڵلایی سەردەمەکەمانن. نائومێدیو بێ بڕوایی ئەم گەنجانە شتێکی ترسناکە.)

پرۆفیسۆر لە بارەی کچانی دیسکۆ بڕوای وا بوو ئەمانە بەرەو بە ماچی رۆژاوایی دەدەن..

(چاس) دڵی بە کچانی ژاپۆن خۆش نەبوو. بۆ ئەوەی منیش دڵم

لە سەر سارد بن، هەندێ چاوپێکەوتنی بۆ رێك خستمو ئەوانەی چاوم پێ کەوتن قسەی خراپیان بە ژنی ژاپۆنی دەگوت. هەر دەتگوت (چاس) پارەی پێ داون بۆ ئەوەی قسەی وا بکەن.

(چـاس) منـی بـردە لای دختـۆر(ئومـە زاوا)ی سـەرۆکی بەشـی نەشتەرگەری لە نەخۆشخانەی(جوبین). ئـەویش بـۆی بـاس کـردم لـە سەدا چلی ئەو کچانەی لە دەرەوەی ماڵەوە کار دەکەن، نزیکەی هەر هەموو مووچەکەیان لە گۆڕینی مۆرکی ئاسیایی خۆیان خەرج دەکەن.

زانـیم دختۆرەکـانی ژاپـۆن بـە جـۆرە نەشـتەرگەرییەك شـێوەی بـادامیی چـاوی ژنـان دەگـۆڕن. ئـەم کـارە لایـەنگری زۆرە لـە ژاپـۆن. نەشتەرگەرییەکە نزیکەی پەنجا خولەك دەخایەنێ.

شتێکی تریش ببوو بە باو. ئەویش گەورە کردنی مەمك بـوو. بـە نەشتەرگەری پلاستیکیان لە مەمك قایم دەکـرد، ئـیتر پێویـستیان بـە بەستنی مەمکدان نـەدەما. ئـەو ژنو کـچانەی مـەمکیان بـچووك بـوو، ئیلەیەکی وەکو هەتوانیان بە دەرزی لە بنی مـەمکیان دەدا. ئـەم کـارە زانێکی زۆری هەبوو.

(چـاس) منـی بـردە ئامۆژگایـەکی ژنـان. خـانمی( ئـایکو یامـا نـو) بەڕێوەبـەری بـوو. بـۆی بـاس کـردم نـاوی ئۆکـسیجین وەکـوو شـامپۆ دەفرۆشرێ.

لە تۆکیۆ، لە هەر (دە) ژن، چوار ژن رەنگی قژی خۆیـان دەگـۆڕن. لە ردش دەیکەن بە شەرابیو ئینجا کەستەنایی. ئیشەکە وردە وردەو حەفتە بە حەفتە دەکەن بۆ ئەوەی مێردەکانیان هەستی پـێ نەکـەنو هێدی هێدی چاویان لە رەنگی تازە رابێ.

من کە سەیری ئەو دەمو چاوە زەعفەرانییانەم دەکردو دەمدی قژی سوورو زێرینیان هیچ پەیوەندە بە رەنگی پێستیانەوە نییە، لە جێی خۆم وشك دەبووم. کە دەمدی لەشی لەڕو لاوازیان لە ناو جلی ئەوروپی بزر بووە، دیسان تووشی تاسانو حەپەسان دەبووم!!

لە سەدا پەنجای ژنی ژاپۆنی، بە تایبەتی لە تۆکیۆ، جلی رۆژاوایی لە بەر دەکەن. کیمونو لە جلی ئەوروپی گرانترە مەگەر بە حازری لە فرۆشگاکانی تۆکیۆ بیکڕن. لە فرۆشگا، تەنیا ژوورێکی بچووك بۆ فرۆشتنی کیمونو تەرخان کراوە، هەموو ژوورەکانی تری فرۆشگا جلی جۆراوجۆری ئەوروپییان لێ دەفرۆشرێ.

جێی سەرنجە، ژن کاتێ کیمونو لە بەر دەکەن، لەشیان دەرناکەوێ. وەکوو بووکۆکەی ناسكو پاکیزە وان. کەچی هەر ئەو ژنانە بە جلی ئەوروپی زۆر دەگۆڕێن. سمتی گەورەو شانی پانو بۆڕیان پیاو شێت دەکا. کە جلی ئەوروپی لەبەر دەکەن، پاکیزەییان نامێنێو وەکوو ژنی جندەو سەلیتە دەکەونە بەر چاو. کە پێڵاوی ژاپۆنی لە پێ دەکەن، ناچارن بە هەنگاوی وردو لەرزان بڕۆن، کەچی کە پێڵاوی پانی بەرزی ئەوروپی لە پێ دەکەن توندترو خێراتر دەڕۆنو دەمیان دەکرێتەوەو هەژدەر هەژدەر قسە دەکەن. کەچی بە کیموتو بە زۆری دەمیان داخراوە.

ژنی کمونوپۆشی ژاپۆنی وەکوو تۆکیۆی ناو تاریکە شەو جوانن، کەچی بە جلی ئەوروپی وەکوو تۆکیۆی ناو روناکی رۆژ ناشیرین دەبنو ژاوەژاوی قسە کردنیان وەکوو هۆڕنی شەقامەکانی توکیۆ مرۆڤ بێزار دەکا.

ژنێکی بە ساڵاچوو نامەیەکی بۆ رۆژنامەی (ئاشتی) نووسیوە دەڵێ:

(جلی سووکی ئەوروپی وا لە ژنو کچەکانمان دەکا هەڵەوەری بکەن، پێویستە سەر لە نوێ بگەڕێینەوە بۆ کیمۆنوو بەرەوی بێ بدەین. چۆن دەبێ ژنی پێ خواس بێو لە هەمان کاتدا ژنێکی ژاپۆنیو (نو کا می سان – خودانبانووی ژن) بێ؟!

مێردی ژاپۆنی بۆیە کۆمەڵەی(می پون کی کای)یان دروست کرد تا ریزی رابوردوویان بە سەر ژنەکانیاندا بسەپێننەوە. لە بەیاننامەکەدا دەڵێن:

(ئەمڕۆ، بۆ ئەوەی لەگەڵ (نوکاسان)ێکدا بژی، دەبێ نازایی (کامی کازە)یەکت هەبێ. ئەمڕۆ، کامی کازە بەو فڕۆکەوانە ژاپۆنییانە ناگوترێ کە لە کاتی جەنگدا، فڕۆکەکانیان لە کەشتی ئەمریکی دەکوتاو خۆیان دەکوشت. ئەمڕۆ، لێخوڕی تەکسی تۆکیۆ کامی کازەن کە لە ناو ترافیکی شێتانەی ئەم شارەدا، دەستەو دامێنی (بوودا) دەبن.

- ژنی ئەمڕۆی ژاپۆنی چ جۆرە ژنێکن؟

لە ژاپۆن زۆر جار ئەم پرسیارەیان لێ دەکردم. وەك ئەوەی بشێ باوەڕی رۆژنامەنووسێکی بیانی هەموو گومانێك لە سەر پەندە کۆنەکەی ژنانی ژاپۆنی بڕەوەێنێتەوە. هەرجارەی ئەم پرسیارەیان لێ دەکردم، لە خۆم تەریق دەبوومەوەو خەفەتم دەخوارد: بۆچی ژنانی ژاپۆن بەو جۆرە نین کە لە زانیاریستانی ئەنگلیزیدا هاتووە. بەڵام ژنی ژاپۆنی بەو جۆرەیش نین کە مێردەکانی کۆمەڵەی ( می پون کی کای) دەیانگوت...

راستە، شارستانێتی رۆژاوا لە ژنی هەموو وڵاتانی ئاسیاو بگرە لە ژنی چینیش زیاتر کاری لە ژنی ژاپۆنی کردووە. چونکە ژنی چینی بە دراوسێتی ئەم شارستانیەتە، جۆرە بایی بوونێکیان پەیدا کردووەو بە دەم ئازارێك قاڵبوونەتەوە لە ژنی ژاپۆنییەوە دوورە. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەگەر کچی گوڵفرۆشیش قۆڵی چاکەتی مرۆڤ رابکێشن و رۆژ بە رۆژ بنکەی تەندروستی و نەشتەرگەری پلاستیکی و فرۆشتنی جلی ئەوروپی زیاتر ببێ، دیسان ئەو ژنانە شاعیرانەترین نیشانەی ئەم وڵاتەن کە خاوەنی شارستانێتی و مێژووی تایبەتی خۆیەتی.

هەر ماڵێکی ئەم وڵاتە، تەنانەت ماڵی هەرە نووکاریش، لانی کەم ژوورێکی تێدایە حەسیری لێ راخراوەو دەبێ بەبێ پێڵاو بچیتە ژوورەوە. لەم وڵاتەدا، بەڕێوەبەرایەتی خێراترین شەمەندەفەری دونیا، بە بۆنەی ئاهەنگی ساڵانەی، رکەوو کەناریی زیندوو پێشکەشی نەفەرەکانی دەکا. ئەوانەی تووشی پەسیوو باپەڕ دەبن، ئەوەندە ناسك و بە ئەدەبن، پەڕۆیەکی سپی لە دەم و چاویان دەبەستن بۆ ئەوەی نەخۆشییەکەیان لە شەقام بڵاو نەبێتەوە.

کە وەڵامی ئەم پرسیارە سەختانەم لە بارەی ژنانی ژاپۆنەوە دەدایەوەو بیرم لە رووسپی دیسکۆکانی (گنیتزا) و( گی شا)کانی تۆکیۆ دەکردەوە، ئەو کچە تەمەن بیست و یەك ساڵەم دەهێنایەوە بەر چاوم کە کچی قاقانی (کوڕی خۆر) بووو شووی بە کارمەندێکی بانق کرد. ئەو کچە کیمونۆیەکی کۆنی هەرە بە نرخی لە ناو دۆڵابی جلاندا هەبوو، بەڵام حەزی لە باووز و تەنوورەی ئەوروپی دەکرد. ئەو کچە خۆشترین رابواردنی ئەوە بوولە سەر ئاوازی رۆژاوایی سەما بکا. بەڵام کە وەختی هات بچێتە ماڵی مێردی، بیری لەوە کردەوە پێش هەموو

شتێ دوو کتێب بە وردی بخوێنێتەوە: (چۆن ماڵ رێك دەخەی؟)و (هونەری چێشت لێنان). مەبەستم (شاهر سوگا)ی منداڵی چوارەمی قاقانە. ئەو کاتە دیم کە خەریك بوو شووی بە کوڕێکی گەنج دەکرد بە ناوی (شی مازو). (شی مازو) کارمەندێکی سادەو ناسایی بانق بوو.

+ + +

بۆ یەکەمین جار، قاقانم لە ئاهەنگی زەماوەندی شازادە خانمدا، بینی. چاویلکەیەکی پزیشکی لە چاو بوو. پیاوێکی بەژن کورت بوو. لەناو چاکەتی گەورەی بزر ببوو. شاژن لە دووی دەڕۆیشت. شاژن قژی خۆی وەکوو دایکی (ئایزەنهاوەر)، لە سەر شکڵی چەتر ئارایش کردبوو. دوای ئەوانیش جێگرو عەرشنشینی دوارۆژ دەهات. پێشتر لە رۆما دیبووم. هەموو ئەندامانی بنەماڵەی دەسەڵاتو لێپرسراوە گەورەکانی وڵات هاتبوون. ئەو میوانانەیش هاتبوون کە بە زۆری لەم جۆرە بۆنانە داوەت دەکرێن. پاش هەموویان ئینجا (سوگا) هات. کیمونویەکی ئاوریشمی رەشو نارنجی لە بەر بوو. کیمونوکە تەمەنی هەزارو سەدو حەفتاو شەش ساڵ بوو. لە داڵانێکی کۆشکی دەسەڵاتدا دیم. دەستە مەعجوونێکی لە دەمو چاوو ماتکێکی تۆخی لە لێوی دا بوو. برۆی رەشو پەیوەستی لە دوورەوە لە چاو دەچەقی. وەکوو ئەکتەری تیاترۆی (کا بو کی) لێ هاتبوو. مووچاخێکی چین لە سەر چینی لە سەر نا بوو. لای سەرەوەی لوولە کاغەزێکی سپی بوو. ئەم لوولەیە رەمزی ئەوەیە ژنی ژاپۆنی بەڵێن دەدا ئەگەر مێردی خیانەتیشی لەگەڵ بکا هەرگیز لە هیچ شوێنێ ئەمەی بە سەر زاردا نایەو باسی ناکا.

ئەوەی لە هەمووی زیاتر سەرنجی مرۆڤی رادەکێشا، جل‌وبەرگی

سەیرو غەمی ناو نیگاو بزەی دەسکردی سەر لێوی بوو. دیار بوو رانەهاتبوو بە قاپقاپە بڕوا. بیستم هەمیشە پێڵاوی راحەتی تێنس لە پێ دەکا.

(چاس) بۆی باس کردم هەزار ساڵ زیاترە بووکەکانی خانەوادەی قاقان ئەم جۆرە جلە لە بەر دەکەن، بەڵام شازادە خانم بە شەرمەوشەق و تەنیا بۆ خاتری دڵی باوکی رازی بوو ئەم جلە لە بەر بکا. دەیگوت هەقی خۆیەتی بە جل و تۆڕی سپی بە بووک بچێ. ئاخیری بە قیافەیەکی داسەپاوەوە چووە ناو هۆڵی مارەبڕین. هیچ نامەحرەمێك هەقی نییە بچێتە ناو ئەم هۆڵە، یان هەر تەماشایشی بکا.

(چاس) گوتی:

- سوێند دەخۆم کە گەیشتە ناو ئەم هۆڵە جوێن بە زەمین و زەمان دەدا! لە ناو باخی کۆشك چاوەڕێم کرد تا چاوپێکەوتنی رۆژنامەگەری شازادەخانم دەست پێ دەکا. یەك دونیا رۆژنامەنووس و وێنەگرو فلیمساز چاوەڕێیان دەکرد.

دوای سەعاتێك، کاتێ بووك لەگەڵ (شی ما زو)ی مێردی هاتە ناو رۆژنامەنووسان، مووچاخ و کیمونوو قاپقاپەی نارەحەتی لە ناو دۆڵابی سەڵتەنەتی نا بووو دەستە جلێکی ئەورووپی لە بەر کردبوو. سەعاتێك پێش ئێستا دەم و چاوی نیگەران و نارەحەت بوو، کەچی ئێستا خەندان و شادومان بوو.

(شی ما زو) پیاوێك بوو وەکوو هەموو پیاوێکی ژاپۆنی تر، ددان زەردو دەم و چاو خڕ، لە گۆشەیەکی ناو باخ راوەستا بوو. دەیەویست بە تەنیا پەیڕەوی داب و دەستووری دێرین بکا. وەکوو پەیکەری مۆم

بێ جووڵەو بێ هەستو خوست وەستا بوو. هەوڵی دەدا تەنانەت چاوی بادامیشی لە پشت چاویلکە نەجووڵێنێتەوە. بە پێچەوانەوە، (سوگا) زۆر ئاسایی بوو. شادومان بوو کە ئەم خەڵکە بۆ خاتری ئەم لە ناو باخ کۆبوونەتەوە.

کە پاسەوانەکان خافڵان، خۆم لێ نزیک کردەوە. چاوێکی لێ داگرتم، یانی ها، ئەم پاسەوانانە هیچ نینو دەتوانم لە نزیکەوە قسەی لەگەڵدا بکەم.

من لەوەتی پەیامنێرمو بۆ داخستنی مەراقی خوێنەران دەچمە ناو خەڵك، بەشداریی زۆر چاوپێکەوتنی رۆژنامەگەریم کردووە. ئەو چاوپێکەوتنانە زۆربەیان شتی پڕوپووچو بێ سوودن. مرۆڤ تووشی باوێشکدان دەکەن. ئەوەی چاوپێکەوتنی لەگەڵدا دەکرێ، مەشقی لەسەر دەورەکە کردووەو پێشتر پێیان گوتووە چ بڵێ، بۆیە شتی تازەی پێ نییە. بەڵام چاوپێکەوتنەکەی (سوگا) شتێکی بەرزو نایاب بوو. بەلای منەوە ئەم ژنە بیستو یەك ساڵەیە، ئەو پێناسایە دەیگرێتەوە کە زانیاریستانی ئینگلیزی بۆ ژنی ژاپۆنی کردووە:

( رەمزی پشوودرێژیو شەیدای بێدەنگیو...)

رۆژنامەنووسێك لە (سوگا)ی پرسی:

- شازادە خانم، ئێوە بە پێی رەسمیات، مێردەکەتان بە (خاوەن شکۆ) بانگ دەکەن؟ یان هەر بە (شی ما زو)؟

(سوگا) وەڵامی دایەوە:

- نازانم. (شی ما زو)، تۆ بڵێ... حەز دەکەی چۆن بانگت بکەم؟ بە (خاوەن شکۆ)؟ یان بە (شی ما زو)؟

یەکێکی تر پرسی:

- کێ یەکەم جار زەرفی مووچەی مانگانەی جەنابی(شی ما زو) دەکاتەوە؟: شازادە خانم؟ یان (شی مازو) خۆی؟

- وا چاکە خۆی یەکەم جار زەرفەکە بکاتەوە، چونکە من دەستبڵاوم. دڵنیام لەسەر مەسرەف لێمان دەبێ بە دەمەقاڵێ. لە ئێستاوە لە سەر ئەم مەسەلەیە مشتو مڕمانە!!

- چۆن هاوسەرەکەتت ناسی؟ بێگومان زەماوەندی ئێوە پێشبینی نەکرا بوو.

- لە گۆڕەپانی تێنس تینوو بووم. ئەویش هات کۆکا کۆلایەکی پێشکەش کردم...

کە پرسیاریان لێکرد: ئێوە، کە بنەماڵەی سەلتەنەتی جێ دێڵنو دەبن بە ژنێکی ژاپۆنی ئاساییو وەکوو هەر ژنێکی تری ژاپۆنی دەژین، ئایا هەست بە چی دەکەن؟

زۆر بە ریكو پێکی دەستی بە قسە کرد:

- داخ بۆ ئەو شوێنە ناخۆم کە لێی دەڕۆم، زیاتر نیگەرانی ئەو شوێنەم کە بۆی دەچم. زۆر شارەزاییم لە شێوازی بەڕێوەبردنی ماڵ نییە، ئومێدەوارم بتوانم دڵی مێردەکەم رازی بکەم.

هەموو سەریان سوڕما. بە گوێرەی کچیو نیگەرانی سەعاتێ پێش ئێستای (سوگا)، ئەم قسانەی لێ رەچاو نەدەکرا. هەر دەتگوت شازادە خانم لە بیری چووە ئەو خانووە دوو نهۆمەی بە تەمایە تێیدا بژی، دیاریی باوکی قاقانیەتیو ئەو جیازەی بۆ ئەو ماڵەی دەبا، بۆ پیاوێکی قەلۆشی وەکوو (شی ما زو)، جۆرە بردنەوەی یانەسیبێکە ماڵو

جیازەکە مولکی ئەم پەیکەرە مۆمەن!

کاتێ چاوپێکەوتنی رۆژنامەگەری تەواو بوو، (سوگا) نەیویست، وەکوو داب‌و دەستوورو پایەکەی دەیخواست، یەك هەنگاو پێش (شی ما زو) بکەوێ. هەردووکیان شان بە شانی یەکتر رۆیشتن تا گەیشتنە دەرگای دەرەوەی کۆشك. لەوێ، (سوگا) لە ناکاو پێی گران کرد بۆ ئەوەی مێردی پێش بکەوێ. بۆیە کاتێ بیستم (سوگا) لە ئاهەنگی رۆژی پاشی، خۆی کێکی شەش چینی زەماوەندی بڕیوە، زۆر سەرم سوڕما چونکە بە گوێرەی داب‌و نەریتی ژاپۆنی، زاوا دەبێ کێکەکە ببڕێ. هەموو رۆژنامەکان وێنەی بڕینی کێکەکەیان بڵاو کردەوە.

کە چوومە سەردانی شازادە خانمی (ستزو کوشی کی یو)ی خاڵەتی (سوگا)، رۆژنامەکانم لە کن دی. خاڵەتی بووك یەکێ بوو لە ژنە هەرە دێرین‌و پارێزکارەکانی ژاپۆن. بۆیە حەزم کرد بزانم رای بەرامبەر بەم کارەی (سوگا) چییە؟

پیرەژن هەموو شتێکی گران‌و ئارام‌و سەنگین بوو. خانووەکەی ڤیلایەکی دار بوو. لە ناو حەوشەی کۆشکی سەڵتەنەنتدا لە جێگایەکی سووتمانی کاتی جەنگ دروست کرابوو. ژوورەکانی وەکوو ژووری ئەوروپیان رازابووەوە. تەلەفزیۆنیشی تێدا بوو. لە دەرەوە بایەکی توندی دەهات‌و (ستزو کو) بە تەنیا بە تای کیمونویەکی کۆن لە ماڵەوە دانیشتبوو. رەمزێکی زیندووی شکۆمەندیی بنەماڵەی دەسەڵاتداری ژاپۆن بوو. لە ژنی مەهاراجەی(جایبور) پاکیزەتر دیار بوو. کە ئەویش لە سووچێکی تری دونیادا گازاندەی لە گۆڕان دەکرد. دەیگوت:

- ئاخ!! ئای لەو ئاگرە سوورە!! یەکە یەکەمان لە ناو دەبا! لە بیرمان نەماوە کاتی خۆی چ بووینو هەر بیریشی لێ ناکەینەوە.

رۆژنامەیەك وێنەی (سوگا)ی تێدا بوو لە کاتی بڕینی کێکی شەش چینی. لەسەر مێزو لە تەك پیاڵەی چای سەوز داندرابوو. بە واق وڕماوی تەماشام کرد. لە مەبەستم گەیشتو گوتی:

- بەڵێ، دەزانم چییان پێ گوتووی. بەڵام من بڕوام وایە (سوگا) ئیشێکی باشی کردووە. ئەو زەمانە رۆیشت ژنی ژاپۆنی زیاد لە پێویست پەیڕەوی وشەی وەکوو (فیداکاریو فەرمانبەرداری) بکا. تکایە بۆ خوێنەرەکانت بنووسە نەوەیەکی تازەی ژنان لە سەر کەلاوەی ئەو شارانەی بوونە خۆراکی ئاگر، هاتۆتە کایەوە. ئیتر ژنە ژاپۆنی هەر تەنیا رەمزی جوانیو بووکەشووشەیی نییە، بەلکوو ئێستا دەتوانێ خۆی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدا. ئەمە ئەنجامی جەنگە. لەو جەنگەدا، کە خانووو ماڵی هەموو سووتاند، تەنیا ژنی ژاپۆنی بردیانەوە.

+ + +

نازانم داخۆ شازادە خانمی(سیتزو کو شی شی یو)یش لە جەنگدا سەرکەوتوو بووە؟ یان نا؟ کاتێ کە دەنگ هەڵدەبڕێ، غەمی لە چاواندایە!! بەڵام هیچ گومانی تێدا نییە کچی وەکوو (سوگا) لەم جەنگەدا براوەن.

جێی سەرنجە هۆی ئەم سەرکەوتنە، ئەو سەربازە ئەمریکیانەن کە ژاپۆنی لە هەموو کەس زیاتر رقیان لێیانە. کەسانی وەکوو جەنەراڵ (ماك ئارتەر) دەڵێن: کۆمۆنیستەکان، یان باشتر بڵێم

رووسەکان چییان بۆ چینییەکان کرد، ئەمریکیەکانیش ئەو شتەیان بۆ ژاپۆنییەکان کرد. یانی هەردوو لایان، ئەو دوو میللەتەیان لە کۆیلایەتی هەزار ساڵە رزگار کردو ئەو شۆرشەیان تەقاندەوە کە پێش چەند ساڵ تۆوەکەی گەڵاڵە ببوو.

راستە ژنی ژاپۆنی هیچ یاسایەکیان بۆ فرەژنیو شریتپێچ کردنی پێ نەبووە، بەلام کتێبی یاسای زەماوەندیان هەیە، ئەو شتانەی تێدایە کە بە قسەی (کونفوشیوس) دەبێ بە هۆی دەست لێك بەردانو تەلاقدانی ژن، وەکوو: بە گوێ نەکردنو نێرەیی بردنو غەیبەتو منداڵ نەبوون.

لە ژاپۆنیش، هەر وەکوو چین، ژن دەبێ فێری سێ جۆرە گوێڕایەڵیی ببێ: گوێڕایەڵی باوك پێش شوو کردن، گوێڕایەلی مێرد دوای شوو کردنو گوێڕایەڵی کور دوای مردنی مێرد.

لە ژاپۆنیش، هەروەکوو چین، کاتی خۆی کچیان بە فەردە ناردێك بە جندەخانە دەفرۆشت. تا ساڵی هەزارو نۆ سەدو پەنجاو حەفت، پۆلیس لە دوورگەی (هوکایدۆ) تووشی شتی وا دەهاتن.

لە ژاپۆنیش، هەر وەکوو چین، ژمارەی خۆکوشتنی ژن زۆر لە هی پیاو زیاترەو ژن تەنیا ئومێدی بە پیریی هەیە رێزێکی بۆ پەیدا بکا. وشەی (شوگوکجو فو یین) یانی (ئەو ژنەی کاردەکا)تا ئەم چەند ساڵەی دوایی لە ژاپۆن بە جوێنو قسەی ناشیرین دادەنرا.

ساڵی هەزارو نۆ سەد، ژنێك بە ناوی (کاچە یانا) داوای کرد پێویستە کارمەندو کرێکاری ژنیش مووچە وەربگرن. وەکوو تاوانبار خستیانە ژێر تاقیبو چاودێری. تا ئەو کاتە هەموو چالاکییەکی

کۆمەڵایەتیو سیاسی، بە پێی یاسا، لە منداڵو ژنو نەساخ قەدەغە بوو. ساڵی هەزارو نۆ سەدو بیستو سێ، کاتی بوومەلەرزە لە سەدا حەفتای تۆکیۆی کاولو کامباخ کرد، بڕوا بە توانای ژن زیاد بوو.

بۆ یەکەم جار لە مێژووی ژاپۆندا، بەڕێوەبەرایەتی شار کەوتە بەر دەستی ژنو ژنان ئیشی جۆراوجۆری وەکوو کرێکاریو لێخوڕیو شاگردیو کارمەندییان گرتە ئەستۆ. ژنان توانییان ئەو کارانە بکەن کە پێشتر هەر کاری پیاوان بوون. زۆریان بۆ یەکەم جار جلی ئەورووپیان کردە بەر کە لە باڵەی یارمەتیی وڵاتانی ئەورووپاوە بۆیان دەهات. هیچی تریان نەبوو لەبەری بکەنو ئەم بەرگەش زۆر خۆشو رەحەت بوو.

ئینجا جەنگی دووەمی جیهانی هات. لە ژاپۆنیش، هەر وەکوو ئینگلتەرەو ئەڵمانیا، ئەم دروشمەیان هەڵگرت:

(سەنگەری شەڕ بۆ پیاوو کارگە بۆ ژن.)

ئەوسا زۆر ژنی ژاپۆنی کە هەرگیز بەبێ مێرد لە ماڵەوە نەچووبوونە دەرێ، بە جوولە کەوتن. فێر بوون جلو پاڵتۆی سەربازی بدوورن. تەنانەت (گی شا)کانیش لە ژوورە بۆنداره‌کانیان هاتنە دەرەوە بۆ ئەوەی خزمەتێکی نیشتمانەکەیان بکەن.

ژن، تا کارەساتی هیرۆشیما، لە ژێر بۆمبابارانی هەناسەبڕدا، شان بە شانی مێردیان خەباتیان دەکردو دەجەنگان. کاتێ پیاو بە رسواییو بەزیوی، بە لەشی داڕزاوو گیانی رووخاوەوە، گەڕانەوە ماڵێ، دوای هەزار ساڵ، تازە بە تازە لەو راستییە گەیشتن کە نەبەزو نەمر نین.

پیاوەکان زۆریان لە بەرەی شەڕ نەگەڕانەوە. لە باتی ئەوان پیاوی

تر بە سواری کەشتی هاتن‌و دابەزینە سەر بەژو وشکاتی. هەموو بالآبەرزو قژ سیس بوون. بنێشتیان دەجوی‌و جاروبار لەبەر دەعیەو فیزو لووتبەرزی تفیان دەکردە سەر زەوی، بەلآم ئەو پیاوە رووقایمانە لەبەر دەم ژنان فش دەبوونەوە چونکە خەڵکی وڵاتێکی وا بوون سەد ساڵ زیاتر بوو ژن ئاغای راستەقینە بوو. بەم پیاوە بالآبەرزو قژ سیسانەیان دەگوت (جی- یك)و ئەمانە بوون ژاپۆنییە وردیلەکان دەیانەویست وەکوو لەشکری مێروو لە ناویان بەرن!

هیچ کەس نەیدەزانی ژنی تۆقاوی کیمونوپۆش چییان بە سەر هات؟

جەنەرال(ماك نارتەر) دەرفەتی بۆ رەخسا بۆ ئەوەی پیاوە بەزیوو بۆڕخواردووەکانی ئەم وڵاتە رەزیل بکا. کە لە شەڕدا جارێك رەزیلی کردبوون‌و ئێستایس شۆرشێکی کۆمەلآیەتی بەر پا کردبوو بۆ ئەوەی ژنی ژاپۆنی لەو مافانەی خۆیان ئاگادار بکاتەوە کە تا ئەوسا هیچیان لە بارەوە نەدەزانی. ژن تێگەیشتن بڕوا کردن بەو شتە قەدەغەو تابوویانەی تا ئەو رۆژە بڕوایان پێ هەبوو، شتێکی چەند گەپجاڕو پێتڕانکە!!

ئەو کاتەی جەنەرال (ماك ئارتەر) تەوانی قاقان (هیرۆ هیتۆ) ناچار بکا لە گوتارێکیدا دان پێدا بنێ کە خۆی خودا نییەو ئەوە درۆیەك بوو بۆ خۆی هەڵیبەستبوو، کچی وەکوو (سوگا) تەمەنیان حەفت ساڵ زیاتر نەبوو. دوای چەند ساڵێك (خودای خۆر) واتە قاقان کیمونۆی فش‌و فۆلی داکەندو بە چاکەت‌و پانتۆڵ لە شەقامەکان کەوتە پیاسە بۆ ئەوەی بە هەموو کەس نیشان بدا کە ئەویش تەنیا

پیاوێکی وردیلەی چاویلکە لە چاوەو هیچی تر. بێگومان، (مارک ئارتەر) بۆ رسوا کردنی ئەم پیاوە وردیلە عەینەک لە چاوە بوو کە داوای کرد، نەک لە کۆشکی سەلتەنەت، بەڵکوو لە ئوتێلی (دامی چی) چاوی پێ بکەوێ. لەوێ زۆر یاسای ئەوسای چاك کرد. یەکێکیان ئەوە بوو کە لە ماددەی بیستو چواردا هاتووە:

(زەماوەند مەسەلەیەکی دوو لایەنە. ژنیش وەکوو پیاو هەقی خۆیەتی داوای تەلاق بکا. ژن لە تەمەنی (٣٠)سی ساڵیدا، دەتوانێ بریار لە سەر چارەنووسی خۆی بدا).

ئەم شتانە لە ساڵی هەزارو نۆ سەدو چلو شەشدا هاتنە ئاراوەو هەر لەو ساڵەشدا بیستو شەش ژن بوون بە نوێنەری ئەنجوومەنی ژاپۆنو سێ سەدو حەفتا ژنیش بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی شوێنی جیا جیای دەوڵەت هەڵبژاردران. فرۆشگاکانی (گنیتزا) پڕ بوون لە جلی ئەوروپی. ئەم جلانە لە چاو کیمونو ناشیرین بوون. لاقو لەتەری ئەستوورو سمتی گەورەیان دەخستە بەر چاو، بەڵام بە سەلیقەی ئەوروپیانە جلی زۆر جوانو رێكو پێك بوون.

ژنان بەو جلانە دەچوونە سینەماو مەیخانەو دەبوون بە کارمەندی ئەو فەرمانگانەی هەردوو لا لە سەر دروستکردنیان رێك کەوتبوون. ژن فێری زمانی ئینگلیزیو سەمای گەلحۆیانە بوون. لەگەڵ ئەمەشدا، دەنگی ناسكو منداڵانەو رێزو سەنگینی هەزار ساڵەیان بەرامبەر بەو مرۆڤە گەورەی پێی دەڵێن پیاو، هیچ نەگۆڕا. لە هەمان کاتدا، هەرچەندە کچی لە کچی ژاپۆنی جوانتر، لە ئەمریکا کەم نەبوو، ئەم ژنانە توانیان دڵ لە پیاوە بالابەرزو قژ سیسەکان

بسەنن. زۆر چیرۆك لـه بـارەی ئەشق و دڵداریی سەربازی ئـەمریکی و کچی ژاپۆنیو زەماوەند کردنیان هەیە کە هەندێ جار شادو برێ جار غەمگین بووه. زۆر چیرۆك لـه بـارەی ئـەو پیاوانـه نووسـراوه کـه فێر بوون له سەر زەوی بخەونو به پەلووکه داری ژاپۆنی خـواردن بخۆن.

ئـەو سـەربازه ئەمریکییانـه دەتکـوت پـێش دیتنـی ژنـی ژاپـۆنی، لـه عومری خۆیان ژنیان نەدیوه. کچی جوانی (کالیفۆرنیا)و (نبراسکا) بـه باڵای بەرزی خۆیانەوه سەیریان دەکردو پێیان سەیر بـوو پیاوەکانیـان چ شتێکی سەرنجکێشیان لـەو ژنـه وردیلـەو دەمو چـاو پانانـه دیـوه؟ مەسەلەکه ئەوه بوو، ژنی ژاپۆنی بـه قـەدرو ریـزو میهرەبـان بـوون و سەربازەکان ئەشقی ئەو قەدرو رێزه بوون. کەچی ژنـی ئـەمریکی، بـه پێچەوانەوه، کـاتی خـۆی شـەڕەگوللەیان لەگـەڵ پێـست سـوورەکان کردبووو وەکوو پیاوان له پشت سوکان دادەنیشتن. سـەربازەکان بۆیـه ئەشقی ژنـی ژاپـۆنی بـوون چـونکه کـه دەگەڕانـەوه مـاڵێ، ژنـەکان نیکلامیان بۆ دەکێشانو پاروو پاروو خواردنیان له دەم دەنان.

که ئەمریکا ژاپۆنی داگـیر کـرد، سـاڵی یەکـەم، سـیو پێـنج هـەزار زەماوەند له تۆکیۆو پازده هەزار له ئوزاکا ، لـه بـەینی کچی ژاپـۆنیو سەربازی ئەمریکی کرا. دەوڵەتی ئەمریکا کەوته خۆی بۆ ئـەوەی رێگا له هاتنی بووکی ژاپۆنی بگرێ بۆ ئـەمریکا. ئـەوان گۆشـتی خۆیـان بـه شیـشەی پێـسترەشەکانەوه دیبـــوو، ئێـــستا دەترســـان ئـــەوەك پێسترەردەکانیش دەردو مەترسییەکی تازەیان بۆ دروست بکەن.

کچی عـازەبی ئـەمریکی نارەزاییـان دەردەبـڕی، دەیـانگوت راسـت نییه ئێمه باج بدەینو پارەکـه لـه دروسـت کردنـی قوتابخانـه بـدەنو

ژنی ژاپۆنی تێدا فێری هێلکەو روونو قاورمە کردن بین!!

زۆر ژنی ژاپۆنی هەرگیز بۆیان نەکرا بچنە ئەمریکاو دووچاری چارەنووسی(مەدام بەتەرفلای) هاتن، بەڵام ئەوەندە هەبوو ئەوان لە بارەی رۆحییەوە شکستیان بە پیاوان دا بوو.

لەوانەیە ئەو پەندە باوەی لە سەر ژنی ژاپۆنی هەیە ئەو کاتە کەوتبێتە ناوەوە، بەڵام دەبێ بزانین ئەوانەی دایانهێناوە رایان لە بارەی ئەو ژنە ژاپۆنیانەی لە ئەمریکا ناکنجی بوون، چییە؟

ئەو دەوروبەرەی مرۆڤی تێدا دەژی کار لە هەموو شتێ دەکا. تەنانەت لە ناسکیی ژنیش. زۆر لەو ژنە نازدارو گوێڕایەڵانە کە پێیان نایە دونیای رۆژاوا، بوون بە خێوو پیرهەڤی بە کلكو شاخ! شتێکی تریش هەیە لەوانەیە گەشتیاری هەست ناسك نارەحەت بکا. ئەویش ئەودیە بزانین شۆرشی ژنی ژاپۆنی ، بە پێچەوانەی نوقلانەلێدانی شاعیرانە، بە هۆی پلاوکولێنی کارەبایی‌و ئامێری ئەلکتریکی‌و کەردستەی جۆراوجۆری دژی سکبوون، هاتۆتە کایەوە.

پێش جەنگ، ژنی ژاپۆنی لە هەموو ژیانی خۆیان لەزکولی کاردبایان نەدی بوو. برنج، کە لە ژاپۆنیش وەکوو زۆربەی وڵاتانی ئاسیا، خواردنێکی سەرەکییە، لێنانەکەی دوو سەعات‌و هەندێ جار زیاتریشی پێدەچوو. ژنی ژاپۆنی، بە پلاوکولێنی کارەبایی هەرزان، فێر بوون بە ماوەی چەند خولەکێك برنج لێ بنێن‌و ئەو کاتەی بۆیان دەمێنێتەوە لە دەرەوەی چوار دیواری ماڵەوە بەسەری ببەن کە تا ئەوسا تێیدا بەند بوون. کاتی خۆیان بە یاری لەبەر دەم ئامێری (فلیپەر)ی قومار دەچواند کە لە (لاس)و ( گاس) پێك هاتووە.

دوای داگیرکرانی ژاپۆن، سەربازی ئەمریکی ئەم ئامێرەی قوماریان بە هەموو لایەکدا بڵاو کردەوە. بە چەند مانگێك هەموو کووچەو کۆڵانەکانیان لێ پڕ کرد.

لەم یارییەدا، گۆیەکی ئاسن دەخەیتە ناو کونێك. کونەکە بە بادانی دەسکێك دەکرێتەوەو دادەخرێ. گۆیەکە دەباتە ناو چەند کونێکی تر. ئەگەر گۆیەکە بکەوێتە ناو کونی سەرەکی، ئامێرەکە چەند دانە گۆیەك فڕێ دەداتە دەرەوەو یاریکەرەکە بەرامبەر هەر گۆیەك چەردەیەك پارە وەردەگرێ. ئەم ئامێرە (رۆلت)ی قەرنتەو هەژارانە. هەر گۆیەك بەهای پەنجا (یەن)ە. ئەگەر یەکێ پەنجا گۆ بباتەوە، دوو هەزارو پێنج سەد یەن وەردەگرێ. ئەم پارەیە دەکاتە نزیکەی کرێی دوو رۆژی کرێکارێك. ژنە ژاپۆنی شەیدای ئەم یارییە بوون.

کاتێ نوێنەرانی ئەنجوومەنی ژاپۆن، یاسای داخستنی جندەخانەکانیان دەرکرد، گەڕەکی (یوسی هارا) ، کە گەڕەکێکی گەورەی تۆکیۆ بووو کاتی خۆی گەڕەکێکی بەدناو بوو، پڕ بوو لە ئامێری (فلیپەر). قومار شتی پووچە، هەر لە ژنان دەوەشێتەوە. من خۆم، کاتێ، شەو، لە گەڕەکی (یوسی هارا)، لە ماڵە سوزانییان دەگەڕام بۆ ئەوەی چاو پێکەوتن لەگەڵ ژنەکان بکەم، هەزاران ژنم بینی وەستا بوون مژوولی ئەم یارییە بوون. تەق و تۆقی (فلیپەر) گوێی کەڕ دەکرد. بەڵام ئەمە خۆشترین بیرەوەری بوو لە بارەی تۆکیۆو ژنەکانی لە مێشکم مایەوە.

ئەم ئامێرە نەفرەتیانە، کە زیاتر بە کەلکی (چارلی چاپلن)

دەهاتن بۆ فلیمی ( سەردەمی نوێ)، تەنیا ژنیان لە بەردەم وەستا بوو. ئەو ژنانە لە جێی خۆیان رەق راوەستابوون. قاپقاپەیان لە پێ بووو منداڵی خەوتوویان بە سەر شانەوە بوو. یارییان دەکردو چاویان بە دوای گۆی ئاسنی نەفرەتیدا رەشکەو پێشکەی دەکرد کە رەمزی ئازادییان بوو.

ئێستا نۆرەی جلەو کردنی زۆربوونی کۆمەڵ هاتووە. جاران، لەم وڵاتەدا، ژن تەنیا بۆ منداڵ بوون دەچوونە ماڵی مێردیان بۆیە ئەم کاری جلەوکردنە لم وڵاتەدا، کارێکی سەختە!

پێش جەنگ، ژاپۆنی لە سەر دەستووری (گەورە بن‌و منداڵ بێننە دونیا) دەرۆیشتن. دوای جەنگ، دەوڵەت رایگەیاند بەرژەوەندی لەوەدایە پەیرەوی یاسای جلەوکردنی زۆربوونی کۆمەڵ بکەن. ژاپۆنی، رۆژ بە رۆژ، زیاتر لەگەڵ وشەی وەکوو (سان چی سی) یانی ( لە بار بردنی منداڵ)و (ژوتای چوستو) یانی: (کەرەستەی دژی سک بوون) ئاشنا دەبوون. ئەم وشانە ببوون بە ویردی سەر زمانی هەمو کەس‌و گۆڤارو رۆژنامە نەبوو شتیان لە بارەوە نەنووسێ!

ژنی ژاپۆنی، بە پێچەوانەی ژنی چینی، هەرگیز لافی نەجابەت لێ نادەن‌و گوێ بە قەدەغەی زایەند نادەن. ژاپۆنی سەد ساڵ زیاترە فێری گەرماوی گشتی بوونە. ژن‌و پیاوو پیرو گەنج بە یەکەوە دەچنە ناو ئاو. شتی وا هەرگیزاو هەرگیز لە چین نەبووە. ژنی چینی مێردی خۆی لێ دەرچێ، هیچ کەس لەشی نابینێ.

دەستووری منداڵ بوونی زۆر، لە ژاپۆن ریشەیەکی ئایینی‌و خەرافی نییە. هەمیشە بە پێویستییەکی کۆمەڵایەتی داندراوە. هەر

بۆیەش خەڵك خۆیان لەم هەڵمەتە نوێیە دوورەپەرێز نەکرد، چونکە هەستیان دەکرد لە بەردەم مەسەلەیەکی نەتەوایەتی دان و دەبێ خۆیان لەگەڵ بگونجێنن. زۆری پێ نەچوو دەوڵەت بە خۆشی و بە ئاشکرایی رایگەیاند کە ژمارەی مردن و ژمارەی لە دایك بوون بەرامبەرن و وەزیری تەندروستیش گوتی ئەم موعجیزەیە لە سەر دەستی ژنان هاتۆتە کایەوە.

سێیەکی ژنانی ژاپۆن کەرەستەی دژی سکبوون بە کار دێنن. شتی وا پێشتر لە هیچ شوێنێکی دونیادا نەبووە.

خانمی (توشی بومی ناکا جیما)ی نووسەری ژاپۆنی لەم بارەیەوە نووسیویەتی:

(ئێمە کە جلەو کردنی زۆربوونی کۆمەڵمان قبووڵ کردووە، وا نییە پیاو فەرمانیان پێ کردبین، ئێمە خۆمان دەرکمان پێ کردووە کە ئەم کارە لە بەرژەوەندی خۆماندایە. ئێمە تەنیا یادێکی لێڵ و ئاڵۆزمان لەم بارەیەوە هەیە و هیچی تر. ژنی ئێستای ژاپۆن ئاقڵ و شۆرشگێڕە! ئێمە سی و پێنج هەزار رێکخراوی تایبەتی ژنانمان هەیە بە یازدە ملیۆن و نیو ئەندام. شەش ملیۆن ژن لە کارگەکان و نۆ ملیۆن لە سەر شیناییەکان کار دەکەن. تەنانەت تەراکتەر و دەراسەیش داژۆن.)

کەس بەرپەرچی ئەم ژنەی نەدایەوە و ناداتەوە.

لە ژاپۆن، سەربازیی لێ دەرچێ، هیچ کارێك لە ژنان قەدەغە نییە. زۆربەی ئارایشکارانی پیاوان ژنن و تەنیا سەندیکای ئارایشکارانی تۆکیۆ سەدو حەفتا هەزار ئەندامی هەیە.

شتێکی سەیرم لە تۆکیۆ بینی کە یەکێکە لە شارە هەرە

گەورەکانی ژاپۆن. بەلای منەوە جەنەرال (ماك ئارتەر) تێنەگەیشتبوو کە نابێ رەوشتی دێرینی وڵاتو ئەو دابو نەریتەی ئەوە بە ئەوە هاتۆتە خوارێ، بگۆڕێ. هەستو سۆز هەمیشە لە پێش مەنتیقەوە دێ. من ئەمەم لە تۆکیۆ بۆ دەرکەوت.

رۆژێ، (چاس) دوو کچی، یان بڵێین دوو رەمزی ژیانی نووکارو دێرینشکێنی ژاپۆنی بە یەکەوە ناساند. یەکێکیان دەورگێڕو ئەستێرەیەکی سینەما بوو. ئەوەی تر رەخنەگری هونەری چەند رۆژنامەیەکی گرنگی تۆکیۆ بووو بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیشی هەبوو. دەورگێڕەکەی سینەما ناوی ( مومـوك كـی كـی) بـوو. بـە (سۆفیا لۆرین)ی ژاپۆن ناسرا بوو. جیاوازیی لەگەڵ سۆفیا لۆرین ئەوە بوو، ئەو یەك تۆزقاڵ دەعیەو فیزی نەبوو.

(مومـوك) زۆر جار لە ئوتێل دەهاتە لام بۆ ئەوەی بە یەکەوە قسە بکەین. ئافرەتێکی کەلەش گەورە بوو. بە پێچەوانەی بۆچوونی مـن هـورفیو نـەزان نـەبوو. زۆر شـتی لـە بـارەی (پیکاسـۆ)و (مۆدیلیانی)یەوە دەزانی. زۆر کتێبی خوێندبووەوە. بە دوای هەندێ سەرچاوەدا دەگەڕا لە بارەی پەیڕەو کردنی سوسیالیزم لە ئەورووپادا. کچێکی سەردەمانە بوو. ئەوەندە سەردەمانە بوو، بە مۆسیقای ژاپۆنی بێزار دەبوو، لە سەر عەرز دانەدەنیشت، نیازی شوو کردنی نەبوو. دەیەویست خەریکی پیشەکەی خۆی بێو بە شتێ بگا. سەعات یازدەی شەو، سەرقۆڵی کیمۆنۆکەی لە سەر سەعاتی مەچەکی لاداو گوتی:

دەبێ زوو بچمەوە ماڵێ.

ئینجا گوتی:

- لە ماڵەوە، لەگەڵ دایكو باوكو شەش برام دەژیم. نابێ درەنـگ

بچمەوە.

پرسیم:

- ئەگەر درەنگ بچیتەوە، دایكو باوكت شەڕت لەگەڵ دەكەن؟

- نا... بەڵام هیچ شتی لەوە ناشیرینتر نییە كە درەنگ بچمەوە ماڵێ.

رەخنەگرە هونەرییەكەیش ناوی (ماسا كو مونت سو) بوو. كچێكی ناسكو دڵبەر بوو. تەمەنی بیستو چوار ساڵ بوو. دوا شێوازی جلی ئەوروپی لەبەر دەكرد. بە تاقی تەنێ لە شوقەیەكی نزیك ئوتێلی (ئیمپریاڵ) دەژیا. دایكو باوكی هێشتا لە لادێ بوون. (ما سا كو) چوار ساڵ بوو، لەوەتی بۆ پەیدا كردنی زێڕ هاتبووە (تۆكیۆ)، نەیدیبوون. لە سەرەخۆ قسەی دەكرد. هەڵسو كەوتی زۆر ناسك بوو. زۆر بە شادیو رووخۆشی سەیری (دویلیۆ)ی دەكرد. هەر زوو دانی پێدا نا كە ئەشقی گەنجی ئەوروپییە. (دویلیۆ)یش ئەوەی قۆستەوەو داوەتی كرد بۆ شێوی ئێوارە.بە غەمزەی چاو منو (چاس)ی حاڵی كرد دەیەوێ بە تەنێ بچێو نابێ سەخڵەتی بكەین. (ماساكو) سوور هەڵگەڕاو رازی بوو سەعات حەفتی شەو لەگەڵ (دویلیۆ) بچێتە چێشتخانە. (دویلیۆ) كەیفە كەرانەی هەستا. چەند كێوو دەریاو كیشوەری بڕیبوو، تا (ما سا كو)ی دەست كەوتبوو. دانی پێدا نا هیچ نیازی خراپی لە سەردا نییە، بەڵام زۆر شادە كچێكی رۆژهەڵاتی دەست كەوتووە ژوانی لەگەڵ دابنێ.خودا حافیزیان كرد. منو (چاس) بڕیارمان دا بچین شێو لە چێشتخانەیەك بخۆین. (چاس) ناونیشانی چێشتخانەكەی لە سەر پارچە كاغەزێك نووسیو دایە (دویلیۆ) بۆ ئەوەی ئەگەر كارێ هاتە پێشەوە، بتوانێ پەیوەندیمان پێوە بكا. پێمان

گوت خۆی تاخیر نەکا بۆ ئەوەی بتوانین بەیانی زوو بگەینە ئێستگای ناسن‌و لەو شەمەندەفەرە جێ نەمێنین کە بڕیار بوو پێ بچینە (کیوتو).

سەعات هەشت‌و نیوی شەو، سەرو سەکووتی (دویلیۆ) پەیدا بوو. قەت ئەوەندە زارو پەرێشانم نەدیبوو. ئاگری لە چاوان دەباری! دەتگوت هەموو پیاوی ئەوروپییان لە بەر چاو سووتاندووە.

پرسیم:

- ها؟ چ بوو؟ (دویلیۆ) ؟

خۆی لە سەر فەرشی ناو عەردی چێشتخانەکە درێژ کردو سەیری خواردنی (تەمپوور) سەر مێزی کردو گوتی:

- دەمەوێ بگەڕێمەوە ئیتالیا.

- بێ خەم‌و خەیاڵ بە! (دویلیۆ)، دوای ژاپۆن دەچینە (هونولولو). دوای ئەوە دەگەڕێینەوە نیویۆرك!

- من دەمەوێ بگەڕێمەوە ئیتالیا!

لە پڕ وەکوو تۆپترەقە تەقییەودو گوتی:

- کچەکە برای لەگەڵ خۆی هێنا بوو. گوتی ئێمە نەمانکردۆتە عادەت بە تەنیا شێو لەگەڵ پیاوی بێگانە بخۆین!

- بەدبەخت (دویلیۆ)!!! زۆر داغان ببوو. بڕیارمان دا بیبەینە دیسکۆو بردمان!!

+ + +

بەیانی زوو، بەرەو (کیوتو)ی شاری (گی شا)کان کەوتینە رێ. ئەو گوندانەی لە رێگادا بە تەکیاندا تێپەڕین، ددق وەکوو ئەو وێنانە وا بوون کە لە ژاپۆن گیراون: ناسك، سەرمۆر، شاعیرانە!! مرۆڤ هەر

ئەوەتە بە بیری دەما هاوسەفەری تەنیشتی چاکەتو پانتۆڵی فانیلەیی لە بەرەو ئەو کچەی بەرامبەری دانیشتووە گۆرانی رۆژاواییی لەبەر خۆیەوە دەورینگێنێ.

(کیوتـو) تاکە شارێکە لـە کـاتی جەنگدا بۆردومـان نـەکراوەو شارستانی رۆژاوا زۆر کاری لە خەڵکەکەی نەکردووە.

کـە گەیـشتینە (کیوتـو)، ئارامییـەکی سـەیر دایگـرتین. ئـەو شارستانیەتە زمووتە کاڵ بووەوە دووبارە ئەو شیعرەم بیر کەوتەوە کە پێی دەڵێن (ژاپۆن).

(کیوتـو) بـە دەم لایلایـەی بـاران خـەو بردبوویـەوە. رووبـارێ بـە ناوی ( ئارامی زیوین) وەکوو پەرستگایەکی (زن)ی نـاو جەرگەی لێـو، بـە شکۆمەندی خـۆی تێـدا دەنوانـد. بـە حەپەساوی بـە نـاو شارێکدا دەڕۆیشتین زیاتر لە خـەونی دەکـرد. کانییـەکی لێ بو بـە نـاوی (کـانی پاك)، پەرستگایەکی لە سەر دروست کرابوو! لەو پەرستگایەدا، مـرۆی سەرتاشاو روو لە مێرابی دار دوعای سەیریان دەکردو عوودو کاغـەزی پڕ نووسینیان فڕێ دەدایە ناو ئـاگر. لـە کۆشکێکی نزیـك پەرستگاکە، ژنان کاغەزی دوعایان لـە درەختـی پیرۆز گـرێ دەدا. لقـەکانی دارەکـە هەمووی بە کاغەزی گەچلاوی دوعای ژنان داپۆشرا بوو.

گەڕەکی (گی شـا)کـان نـاوی وەکوو ( هەمیشە ئـارام)و ( باڵنـدەی بەختەوەری)و ( گەلای لەرزان)یان لێ بوو. دەنگی گۆرانی ئەو ژنانەیان لێ دەهات کە ژیانی خۆیان بۆ میهرەبانی نواندن لەگـەڵ مێـردی ژنـانی تـر تـەرخان کـردووە. ئێمـە بـۆ دیـتنو ناسینی ئـەو ژنانـە هاتبووینـە (کیوتو)، چونکە هەموو لا بڕوایان وا بـوو نـاتوانین بـە باشـی لـە (گی

شا)کان بگەین ئەگەر لە رەمزو رازی ئەو ژیانو دونیایە نەگەین کە تێیدا دروست بوونەو ئەگەر دیمەنی جوانی پەرستگاکان نەناسینو ئاشنای خانووی بێ ناومالّو بێ رێو رەسمی ئەم ژنانە نەبین کە هەمیشە بە دڕدۆنگی سەیری جەنەرالّ! (ماك ئارتەر)یان دەکرد.

هەرگیز باوەڕم نەدەکرد (میکی مو تو) لە (کیوتو) ببینم. برادرێکی هەردووکمان بە ناوی (کنت وانتا بی) داوای لێ کردم ئەگەر چوومە (کیوتو) سەلامی ئەوی پێ بگەیەنم. دان پێدا دەنێم هەستێکی مەراقی پڕو پووچ بوو دنەی دام بچمە دیدەنی ئەم ژنە. لە بەر ئەوە بوو چونکە شووی بە کوڕی (میکی مو تو) کردبوو کە خاوەنی گەورەترین کۆمپانیای دونیا بوو بۆ ناردنە دەرەوەی مرواری. مەراقم بوو لە نزیکەوە بیبینم. بڕیارمان دا لە مالّی دایکی (میکی مو تو) یەکتر ببینین کە ناوی ( تو کو کو) بوو.

خانووەکە لە دارو کاغەز دروست کرا بوو. کەوتبووە کۆتایی کۆلانێك گلۆپی زەردو سووری پێوە کرا بوو. پێش چوونە ژوورەوە، پێلاومان لە پێ کردەوە. بە دەم ئیکلام کێشانێکی بێ کۆتایی چووینە ژوورەوە. دالانێکی داری پاكو خاوێن دەرگای دەچووە سەر هەندێ ژوور، هەر یەکە تەنیا مێزێکی نزمو گولّدانێكو چەند کۆمۆدییەکی بچووکی پڕ دۆشەکی ئووستنی تێدا بوو.

دوو ژنی سەیر لە ژوورێك چۆکیان دادابوو. مرۆڤ کە چاوی بەم دووانە دەکەوت، یەکسەر بۆی دەردەکەوت، نابێ هەر (تۆکیۆ) لە بەر چاو بگرین بۆ نموونەی ژاپۆن. (سومیکو مو تو)، تەمەنی دەوری سی(٣٠) سالّ دەبوو. کیمونویەکی سەوزی شینباوی لە بەر بوو.

(نوکوکو یو شمیکو)، تەمەنی حەفتا ساڵو شتێ بوو، کیمونویەکی قاوەیی لە بەر بوو. ئەمانە بە سەیرو سەرسامی تەماشایان کردین. دەتگوت گاڵتەیان پێ دێ ئەم هەموو ڕێیە هاتووین تەنیا بۆ ئەوەی (گی شا)کان ببینینو بیانناسین. ئیشەکانیان جۆرە فریودانێك بوو. ئەمەیان لە پێشکەش کردنی چای سەوزی بێ شەکرەوە دیار بوو. دونیاو جلو بەرگو تەنانەت پرسیارەکانی ئێمەیان بەلاوە گاڵتەجاڕ بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، لەوماڵەدا هەستمان بە ئارامی دەکرد. مرۆڤ لەم شوێنە چۆڵو بەتاڵە، کە تەنیا میزێکی نزمو گوڵدانێکی پڕ گوڵی تێدایە، بە دەم هەستێکی خۆشەوە خۆی لە بیر دەکرد. لە ناکاو (سومیکو) لە جێی خۆی هەستاو چەکمەزەی کردەوەو گوتی:

- تکایە گوێ بگرن:

دەنگی گۆرانییەکی نەرمو ناسکمان کەوتە بەر گوێ. (سو میکو) یەکسەر وشەکانی وەرگێڕا:

**جگەرەیەك ئاگر لە خۆی بەردەدا،**
**هەر دەسووتێو دەسووتێ،**
**کە بوو بە بوولو خۆڵەمێش،**
**لێوی خاوەنەکەی ماچ دەکا.**
**سەروەرەکەم،**
**بزانە من جگەرەی تۆم!!**

- جوانە، وا نییە؟! ئەمە بە دەنگی (گی شا)کانی ( ئامۆژگای گی شاگەری کۆتر) گوتراوە. لە منداڵییەوە فێری ئەم گۆرانییە دەبنو تا دەمرن دەست بەرداری نابن.

هەندێ جار بیر دەکەمەوە: ئایا داخۆ دەبێ پێشکەوتنی شارستانێتی گی شاگەری لە ناو ببا؟ لەناوبردنی گی شاگەری وەکوو ئەوە وایە شتێ لە ناو ببەن کە هەموو خەڵکی ژاپۆن حەزی لێ دەکەن: نەرمو ناسکیی، ئەدەبو وێڵی و هەموو شتێکی خەیاڵیی دوور...

هەندێ جار کە گوێم لە گۆرانی گوتنیان دەبێ، لە دڵەوە ئێرەییان پێ دەبەم... ئەی تۆ، دایکە؟ تۆ قەت ئێرەییت بە (گی شا)کان بردووە؟!

پیرەژن رووی عاجی هەڵبڕیو گوتی:

- بۆ ئێرەییان پێ ببەم؟ لە کاتی جەنگدان (گی شا) یەك ماڵیان کەوتە بەر بۆمباباران و کاول بوو. شارەوانی رەوانی ماڵی ئێمەی کرد. ژنێکی جوان بوو. ئەوەندە بە حەیا بوو تەماشای مێردەکەیشی نەدەکردم. هەموو کارەکانی جوانو نازدار بوو. خۆزی بە خۆزیداران ژنی ئەم عەیامەیش وەکوو (گی شا) کان بوونایە!!

نەحتێ زەق زەق تەماشای کچەکەی خۆی کرد، ئینجا رووی کردە منو گوتی:

- بۆ نموونە سەیری ئەم کچەی من بکە. نازانێ گوڵی لاڵە لە ناو گوڵدان دابنێ، هیچ لە دابو نەریتی چای ژاپۆنی نازانێ. کاتێ...

نا! نا! بە روخسەتتان...

(توکوکو)ی بە ساڵاچوو، لە پڕ، وەکوو کچێکی جحێڵو چاپووك لە جێی خۆی هەستا. سێ جار لەبەر دەم (دویلیۆ) ئیکلامی کێشا کە خەریك بوو جگەرەیەکی دادەگیرساند. ویستی جگەرەکەی بۆ داگیرسێنێ. (دویلیۆ) سوور هەڵگەڕاو کشایەوە. ویستی خۆی جگەرەکە

داگیرسێنێ. (تو کو کو) سەری سوڕما، پرسی:

- ئاخیر بۆ؟ بۆ؟!

من بۆم باس کرد:

- لەبەر ئەوەی (دویلیۆ) پیاوە، ئەرکی ئەوە، هەستێ و جگەرە بۆ ژنێ داگیرسێنێ.

(توکوکو) وەڵامی دایەوە:

- بە هیچ کلووجێك!!

پاشان بێ ئەوەی ماوە بدا من، یان (دویلیۆ) قسە بکەین، جگەرەیەکی داگیرساندو لە قسەکانی بەردەوام بوو:

- دەزانی کچەکەم کام بەشی خوێندنی هەڵبژاردووە؟ کەمانچە لێدان!! ئای چەند بەم هەڵبژاردنەی خەجاڵەت و شەرمەزار بووم!! ئەمڕۆ مرۆڤ چ بە چاوی خۆی دەبینێ؟! کچ دوای دوو مانگ دەزگیرانەتی، زەماوەند دەکەن و بەم زەماوەندە عاشقانەیە دڵخۆشن. ئامادە نین پێش زەماوەند خۆیان پێشانی دختۆر بدەن.

ئینجا سەری هەڵبڕی وەك ئەوەی بیەوێ بەسەرهاتی ناو داستانێك بگێڕێتەوە، گوتی:

- دەزگیرانەتی من سێ ساڵ درێژەی کێشا. دڵنیام ئەگەر تووشی ئەو ژانە دڵە نەفرەتییە نەبام، لەوەیش زیاتر درێژەی دەکێشا. بەختێکی باشم هەبوو مامەی دەزگیرانم دختۆر بوو. هێنایانە سەرم. منیش دەرفەتەکەم قۆستەوەو بە بیانووی ژانە دڵ، داوام لێ کرد هەموو گیانم بپشکنێ. داوای لێ کردم زوو زەماوەند بکەم. زەماوەندێکی ژیرو عاقڵانە بوو!! من بە درێژایی ژیانی هاوسەرێتیم،

به مێردەکەمم نەگوت: (خۆشم دەوێی!) کەچی ئەمڕۆ ئەودتا کچەکەم دەچێتە ئەولا بە مێردەکەی دەڵێ: (خۆشم دەوێی!) دێتە ئەم لا بە مێردەکەی دەڵێ: (خۆشم دەوێی!). ئای لەو شووردییە!! دەیەوێ خۆی لە (ئومیایی) بدزێتەوە. بە ڕاست؟ ئایا ئێوە دەزانن (ئومیایی) چییە؟

- من دەمزانی مەبەست لە (ئومیایی) دیدارو دانیشتنی ڕەسمی ئەو کوڕو کچەیە کە بە تەمان زەماوەند بکەن. ئەم دیدارو دانیشتنە (توکودو)یەك، یان یەکێکی خێزانەکانیان ڕێکی دەخا. (توکودو) وێنەی کچە عازەبەکە نیشانی دایبابی کوڕە گەنجەکە دەداو زانیاری پێویست لە بارەی دوو خێزانەکە دەداتە یەکتر. ئەگەر هەموو شتێ بە ئاسایی بڕواو ڕایان لێ بێ، ئەوسا (ئومیایی) دەکرێ. کەم ژاپۆنی هەیە بەبێ (ئومیایی) زەماوەند بکا. لە شار، زۆربەی گەنجەکان بەم شێوەیە زەماوەند دەکەن. ئەوانەی ئەم ڕێو ڕەسمە جێ بە جێ نەکەن، خێزانەکەیان گلەییان لێ دەکەن.

کاتی خۆی، ( ئاکی هیتۆ)ی جێ نشینی ژاپۆن لە ئاهەنگێکدا، کچێکی دی بە ناوی (شیکو شودا کە) بەبێ ڕێو ڕەسمی (ئومیایی) دەزگیرانەتی خۆی لەگەڵ ڕاگەیاند. هاتو هاواری دێرینخوازەکان گەیشتە ئاسمانو ئاخیری قسەکەری دەربار ناچار بوو ڕایگەیاند ئەم زەماوەندە بە عیشقو دڵداری نەبووە. بە سەرپەرشتی خانەوادەکەیان (ئومیایی) لە ئاهەنگێك، کراوە. لە خانمی (سومیکو میکی مو تو)م پرسی:

- باسی (ئومیایی) خۆتم بۆ بکە.

- باشە. من بۆ بەشداری کۆنسەرتێك چووبوومە (شەنگهای). دایکم

بۆی نووسیم: کوڕی (میکی موتو) دەیەوێ وادەی (نومیایی)ت لەگەڵ دابنێو (تو کو دو) واتە پێناو وێنەی تۆی لێ وەرگرتووەو بردوویەتی پێشانی داونو باسی کەسێتیو ماڵو حاڵی رابردووی خێزانەکەمانی بۆ کردوون.

بە دایکمم گوت: ئامادەم بۆ خاتری تۆ بێمەوە ژاپۆن. بەڵام حەز دەکەم لە باتی زەماوەند خەریکی دەرزو کاری خۆم بم.

دایکم پێی داگرت. منیش گەڕامەوە. ئەو رۆژەی گەڕامەوە، بۆ بەیانی، (نومیایی) لەگەڵ (میکی مو تو) دەستی پێکرد. هەوڵم دا شتێکی وا بکەم پەسندم نەکا. کراسو پانتۆڵێکی رۆژاواییم لەبەر کردو بە بێ شەرمی چاوم لە دوڕ چاوی بڕی. ئەدگاری زۆر سەرنجکێش نەبوو. لەگەڵ هەموو ئەمەشدا (میکی مو تو) دڵی ئەڕەنجاو دوای چەند رۆژێك، نامەیەکی بۆ نووسیم. منیش بە پێی رەوشت، نامەکەم بە دەنگ بۆ ماڵەوە خوێندەوە. ئەمە بەشێکی نامەکەیە:

- خێزانەکەمان پێیان حەیفە لە سەر دەرفەتێکی وا باز بدەم. منیش نەمویست دژی بۆچوونی ئەوان بوەستم. جگە لەوەیش ژن هەر دەبێ شوو بکا!! وایە؟ یان نا؟

بە رازی بوون وەڵامی نامەکەم دایەوەو وادەی زەماوەندمان بۆ دوو مانگ دواتر دانا... دەزانی... منو دایکم رامان جیاواز بوو، بەڵام لە یەك شت رامان کتو مت وەکوو یەك وا بوو: شتاق بڕوامان بە زەماوەندی ئەشقو دڵداری نەبوو. هیچ مرۆڤێکی ژیرو ئاقڵی ژاپۆنی بڕوای بەم جۆرە زەماوەندە نییە. ئەم جۆرە زەماوەندە بە زۆری بە

دەست لێك بەردان كۆتایی دێ، چونكە مرۆڤ كە ئاشق بوو، وا دەزانێ خۆشەویستەكەی لە ئاسمان هاتۆتە خوارێو پاشان كە بۆی دەركەوت راستییەكەی وا نییە، دڵی لەسەر سارد دەبێتەوە. ئەوانەی بە (ئومیایی)و بێ پێشەكی زەماوەند دەكەن، هەرگیز تووشی ئەم دڵەراوكەیە نابن چونكە چاوەڕێ ناكەن هاوسەرەكەیان لەوە باشتر بێ كە تێیگەیشتوون.

ئێمە زەماوەندەكەمان زەماوەندێكی سەركەوتووە. هاوسەرەكەم منی خۆش دەوێو منیش ئەوم بە دڵە. وردە وردە خەریكە ئەو شتەمان لە نێوان پەیدا دەبێ كە پێی دەڵێن (ئەشق).

+ + +

لەمەوە گەیشتمە ئەم ئەنجامە كە (میكی مو تو) رەمزی واقیعی ژاپۆنو نوێنەری دابو نەریتی ئە وڵاتەیە. (گی شا)كان زادەی كۆمەڵێكن رەنگە ژنەكانی نەزانن گوڵ لە گوڵدانن بچێننو دەشێ پیاوی وای تێدا بێ لێ بگەڕێ ژن جگەرەی بۆ دابگیرسێنێ، بەلام لە بارەی زەماوەند كردنەوە حەز دەكەن بەبێ ئەشقو دڵداری شوو بە هەر كەسێ بكەن كە خێزانەكەیان بۆیان دەست نیشان دەكەن. دەزگایەكی دەوڵەت بلاوی كردۆتەوە لە سەدا هەشتای مرۆڤی ژاپۆنی سەرووی سی(٣٠) ساڵی لە مانای زاماوەندو یەككگرتنی دوو مرۆڤی ئاشق بە یەك ناگەن، بەڵكوو بە چاوی پەیوەندییەكی پیرۆزی نێوان دوو خێزان سەیری دەكەن. یانەیەك لە ژاپۆن هەیە تایبەتە بە مرۆڤی زوگورتی، یەكێ دایمەزراندووە بە ناوی ( هارو یو كو چی). ( هارو یو كو چی) شەیدای شارستانێتی رۆژئاوایە. بە پێكەنینەوە

پێیگوتم:

- من کارمەندەکانی خۆم هان دەدەم تەنانەت لە ناو فەرمانگەیش ناشقاتی بکەن. ئەشق شادی دەبەخشیّو توانا پتەو دەکاو لێپرسینەو دەچەسپێنیّ. لیمپرسی:

- ئایا رەفتاری کارمەندەکان لە رەفتاری ئەوانە جیایە کە دینە یانەو دەبن بە ئەندام؟

گوتی:

- هەڵبەت! دوێنیّ زەماوەندی بە کۆمەڵی بیست ئەندامی یانە بوو. ئەمانە پێش هاتنە یانە، هیچێکیان زاتی نەدەکرد دەست لە دەستی رەگەزی بەرامبەر بدا. کوڕی گەنجی ژاپۆنی خۆی بە ئاسایی دێتە لامان، بەلاّم خانمەکان، بە زۆری پێشتر دایکیان رەوانە دەکەن.

هەموو کەس ئاگای لێیە کاتیّ فرۆشگایەکی فرۆشتنی کەلو پەلو پێویستی زەماوەند لە (گنیتزا) کرایەوە، بوو بە چ هەراو هۆریاو جەنجاڵو شەماتەیەك!! خاوەنی فرۆشگاکە کچی جوانو ناسکی بۆ فرۆشتنی شت دانا بوو. کڕیارەکان بە زۆری پیرەمێرد بوونو نیازی ژن هێنانیان بۆ کوڕەکانیان هەبوو. ئیتر لە جیاتی کڕینی تۆڕو کراسی بووکو جلی زاوا، کچە فرۆشیارەکانیان بە پرسیار هەڵدەپێچا. لە بنەماڵەو رابردوویان دەپرسین بۆ ئەوەی ئەگەر دڵیان گرت، (ئومیایی) بکەن. ئاخیری، خاوەنی فرۆشگاکە ناچار بوو فرۆشیارە کچەکانی لابردو پیرەمێردی ترنی لە جێگە دانان.

ئەشق لەم وڵاتەدا کارو بڕیارێکی کۆمەلاّیەتییە. هەستو سۆز هیچ دەوری تێدا نییە. ئەمەیش رێو رەسمێکی کەوناراو دێرینە

هەزاران ساڵە پەیڕەو دەکرێ. لەوە دەکا ئەورووپی باش لەم ڕاستییە حاڵی نەبووبن. لەوانەیە ژنی ژاپۆنیش، لەم ساڵانەی دواییدا، زۆر حەز نەکەن تێی بگەن. بەڵام ڕێزی وشەکە دەگرن، هەروەکوو ڕێز لە وشەی وەکوو (ئومیایی)و ڕستەی وەکوو ( دەست لە ژیانی دەرەوەی مێرد وەرمەدەن!) دەگرن. ڕەنگە هەر ئەمەیش بێ وای کردبێ (گی شا) لە ژاپۆن پەیدا ببێ.

ژنی وەکوو (میکی مو تو)، ئەگەر مێردیان دوای تەواو بوونی کار، زوو بێتەوە ماڵێ، شەرم لە خۆیان دەکەنەوەو ناڕەحەت دەبن. وا تێ دەگەن ئەم ئیشەی مێردیان مانای ئەوەیە مێردەکەیان هیچ دۆستو برادەری نییەو نازانێ شەو چۆن بباتە سەر. خۆ ئەگەر مێردەکەیان برادەرێکی خۆی بێنێتەوە ماڵێ، یان داوا لە ژنەکەی بکا لەگەڵ ئەم برادەرەی بچێتە چێشتخانە، زۆر ناڕەحەت دەبن. ژنی ژاپۆنی بڕوایان وایە: (ژنی چاك لە ماڵەوە دەبێ، وەکوو سەماکەر خۆی پێشانی خەڵك نادا.) ژنی ڕۆژاوایی کە وەکوو قڕنە بە مێردیانەوە دەنوسێنو لەگەڵیان دەچنە چێشتخانەو سەفەری کار، خراپ نییە سەرنجێك لە ژنی ژاپۆنی بدەنو نەختێ فیداکاریو خۆنەویستییان لێ فێر ببن.

لە ژاپۆن، ئەگەر پیاوێك بۆ بەشداری کۆنگرەو شتی وا داوەت بکرێ، ژنەکەی لەگەڵ خۆی نابا. بۆ ناودەنگیی سەفەر، (گی شا)یەك لەگەڵ خۆی دەبا. وا دەبێ ژنەکەی خۆی هەردووکیان، واتە مێردەکەیو (گی شا)ی هاوسەفەری میردی، تا ئێستگەی شەمەندەفەر بەڕێ دەکاو هیوای گەشتێکی خۆشیان بۆ دەخوازێ.

ژن لەگەڵ مێردی ناچێتە چێشتخانە. کابرا ئەگەر حەز بکا (گی

شایەك لەگەڵ خۆی دەبا. ژنی زرنگ خۆی (گی شا) بۆ مێردی دەست نیشان دەکا. دەزانی بۆچی؟ چونکە ژنی ژاپۆنی مەرج نییە بەرامبەر بە مێردی سرقایم بێ‌و پیاوی ژاپۆنیش حەز دەکا لە سەر خوانی خواردن گیرو گرفتەکانی خۆی تاووتوو بکا. ئیتر لەبەر ئەوەی دەزانێ ژنەکەی سرقایم نییە، باسی هەموو شتێکی لەلا ناکا، کەچی کە لەگەڵ (گی شا)یەك دادەنیشێ، بە ئارەزووی خۆی قسە دەکاو سفرەی دڵی خۆی دەکاتەوەو هەموو نهێنییەکانی خۆی باس دەکا چونکە هیچ گومانی لە سرقایمیی (گی شا)کە نییە. بە راست!! ئەری (گی شا) کێن؟

(گی شا) ئەو ژنانەن کە پیاو پێیان دەڵێن: (ماشووقەی خەیاڵی)و لەو باوەڕەدان بەم زوانە دواییان دەبڕێتەوە. زۆر کەس بڕوایان وایە تا چەند ساڵێکی دی (گی شا) وایان لێ دێ وەکوو پێست سوورەکانی (ناواجوس)ی ئەمریکا گەشتیار بۆ سەفاو خۆشی دەچنە سەیرو تەماشایان. (گی شا) هەرگیز بە ئاسایی نەژیاون. پارتی سۆشیالیستی ژاپۆن خەریکە بە توندی مۆڵەتی کارو چالاکیان لێ دەسێنێتەوە. دەڵێ لەبەر ئەوەی سەرمایەدارەکان ئیشیان پێ دەکەن، زەبر لە ئابووری وڵات دەدەن. سەرمایەدارەکانیش ئەم مەسەلەیەیان بە هەند هەڵگرتووە. زۆر کۆمپانیاو دەزگای گەورە، کارمەندانی خۆیان تێگەیاندووە نان لەگەڵ (گی شا)کان نەخۆن‌و سەفەریان لەگەڵ نەکەن چونکە بە گران لە سەریان دەوەستێ، مەگەر بە راستی مشتەری هەست ناسك‌و (گی شا) پەرست بن.

کچانی دیسکۆو مەیخانەکانیش ململانەیەکی توند لەگەڵ (گی

شا)کان دەکەن. ئیتر زۆر (گی شا) بە هۆی ئەم ململانەوە ناچار دەبن واز لە رەوشتی دێرینی خۆیان بێنن و کەرەنا لێ بدەن و سەمای رومبای کوبی بکەن. دەوڵەت باجێکی زۆری لەسەر (گی شا)کان داناوەو ئەمەیش وای کردووە (گی شا)یەکی زۆر دەست لە کاری (گی شا)یی هەڵگرن . لەگەڵ ئەوەشدا، ئێستایش بیست و نۆ هەزار (گی شا) لە ژاپۆن هەیەو هەموو ساڵێ ژمارەیەکی زۆری (گی شا) لە ئامۆژگاکانی پێگەیاندنی (گی شا) لە کیوتو دەردەچن.

- (گی شا)کان چ ئیش دەکەن؟

پێش هەموو شتێ دەبێ بزانین (گی شا)کان ژیانیان زۆر لە ژیانی ژنی تەرکە دونیا دەکاو زۆر بڕوایان بە نیزام و زەبت و رەبت و یاسای وشك و دەست و پێ بەست هەیە. ئەمانە جۆرە ژنێکن ئێمە ناتوانین لە بیرو هەست و سۆزیان بگەین . پێناسەی رۆژهەڵاتناسە جیا جیاکانیش دادمان نادا.

ئەو رۆژەی چاومان بە خانمی (میکی مو تو) کەوت، بۆ بەیانی چووینە سەردانی ئامۆژگای گی شاگەری. لەوێ، کیوتوم لەلا گۆڕاو بوو بە شوێنێکی پڕ نهێنی! (گی شا)کان لە دالانەکانی قوتابخانەدا وەکوو خوشکە رەبەنان دەستیان بە کلەنگوچکی درێژ و کراوە بەرز کردبووەوە وەکوو ئەوەی لە خاچ کێشرابن چاویان بڕیبوە بەر پێی خۆیان و بە بێ دەنگی خیزەریان بەستبوو دەڕۆیشتن. زۆریان بە کیمونوو کاڵوی چوارچمکی لە ناو پۆلی گۆرانی و سەماو خەلکناسیدا دانیشتبوون. مرۆڤ بڕوای نەدەکرد ئەمانە خەریکی دوعاکردن بن!! هیچێکیان بە دیتنی ئێمە مانان سەرسام نەبوون و برژانگیان لێك

ئەدا. وەکوو پەپوولەی پاکی وشککراوە وا بوون کە بە دەرزی لە دیوار درابێ. خوشکە رەبەنەکانی ناو پەرستگا هەناسە دەدەن و جاروبار دەکۆکن، واتە هەست دەکەی ئەمانە زیندوون، بەڵام شاگردەکانی گی شاگەری وەکوو کۆمەلە پەپوولەیەکی وشککراوە وا بوون. هەر دەتگوت مردوون. ئەمانە لەبەر کیمونوی رەنگاو رەنگ بە پەپوولە دەچوون. مرۆڤ زاتی نەدەکرد هیچ پرسیاریان لێ بکا. مامۆستایەکیان لەبەر دەم وەستا بوو، دەنگی بەرز دەکردەوەو راستەکەی لە هەوادا دەجوولاندەوە.

بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بۆی باس کردم، گوتی:

- ئەم قوتابخانەیە سێ سەدو سی شاگردی تێدایە. تەمەنیان لە نێوان دوازدە ساڵی و حەفتاو دوو ساڵیدایە. سەیر نییە (گی شا)ی حەفتاو دوو ساڵی بچێتە قوتابخانە چونکە (گی شا)کان تا دەمرن نابێ دەست لە فێربوون هەلگرن. کاتی خۆی، زۆر کەس وەکوو کچەکانی بالێی رۆژئاوا لە شەش ساڵییەوە دەستیان بەم کارە دەکرد، بەڵام دوای جەنگ، یاسای پاراستنی منداڵ بڕاندییەوە منداڵ تا تەمەنی دوازدە ساڵی نابێ مۆڵەتی بدرێ بچێتە قوتابخانەی گی شاگەری. زۆر کچ ئەم کارەیان بە میرات لە دایکیان بۆ ماوەتەوە. هەندێکیشیان کاتی خۆی دایکیان هەژار بوون و بە بیست هەزار یەن و فەردە برنجێك بە (گی شا) کۆنەکانیان فرۆشتبوون بۆ ئەوەی بۆ ئەم کارە پەروەردەیان بکەن. (گی شا)کان مەسرەفی قوتابخانەو جل و بەرگی کچەکە دەکێشن. بەرامبەر بەمەیش، لەو کاتەوە کچەکە دەست بە ئیش دەکا تا (گی شا)کە دەمرێ، لە سەدا بیستی داهاتەکەی بۆ (گی شا)کە دەبێ و بەمە

قەرزەکە دەداتەوە.

یەکەم مەرجی گی شاگەریی جوانیو ناقڵییو هەستو سۆزە.

بەڕێوەبەری قوتابخانەکە گوتی:

- سوودی نییە (گی شا) ئەدگارو روخسارێکی جوانی هەبێ بەڵام گفتو لفتی جوان نەبێ! (گی شا) دەبێ لە هەمو شتێ بزانێ: لە سیاسەتەوە بگرە تا فەلسەفە. نازانم ئێوە دەزانن (گی شا) مانای چییە؟ یان نا؟ وشەی (گی شا) لە دوو پارچە پێك هاتووە: (گی) واتە: مرۆڤو (شا) واتە: رۆشنبیر. وشەکە بەسەر یەکەوە مانای (مرۆڤی رۆشنبیر) دەگەیەنێ. (گی شا) بەر لە زەوقو سەلیقەیەکی جوانیی هەبێ، دەبێ رۆشنبیرییەکی بەرزی هەبێ. نازانم مەبەستی لە زەوقو سەلیقە چ بوو؟! چونکە (گی شا)کان ژیانی عاشقانەیان زۆر کورتە. کاتێ لە ئامۆژگان، دەبێ لە سەعات هەشتی بەیانییەوە تا بەردبەری رۆژئاوا بخوێنن. دوای ئەوە نیو سەعات ئازادن بۆ خۆیان بە ناو باخدا پیاسە بکەنو ماندووی خۆیان بحەسێننەوە. شەو، کە لە ژووری خۆیان دەخەون، چاودێرێکی رەق زێرەوانییان دەکا. کە دەستیش بە کار دەکەن، بەریان بە بەزمی ئاشقاتی نییە. لە سەدا پەنجای (گی شا)کان هەرگیز لە ژیانی خۆیاندا ئاشقی ناکەن. زۆربەیان لەبەر ئەوەی لە ژێر چاوەدێریی توند دان، وردە وردە هەستو سۆزیان دەمرێو دەبن بە ژنی ساردو سڕ. زۆربەیان بڕوایان وایە گی شاگەریی کارێکی سەختو ناخۆشە. ئیتر وا باشە ژنی پیاوەکان، خۆیان کاری شەکەتباری ناو نوێنو نووستنیان بۆ جێ بە جێ بکەن.

زۆر کەم وا دەبێ (گی شا) پەیوەندی زایەندی لەگەڵ پیاوێك

هەبێ. هەندێکیان میانچییان هەیە وەکوو جاکەشی ئەورووپیو دەلالی ئۆتۆمۆبیل، بە خەڵکیان دەناسێنن.

زۆربەی (گی شاکا)ن شوو ناکەن، نەك لەبەر ئەوەی کەس پێیان رازی نییە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی خۆیان شتی وایان هەر بە خەیاڵدا نایە!! ئەوان هەموو شتێکیان هەیە: خۆشگوزەرانیو رێزو حورمەتی ئەو پیاوانەی دەیانلاوێننەوە! ئەگەر زەماوەند لەگەڵ پیاوێك بکەن، زۆربەی ئەم شتانەیان لە دەست دەچێ.

بەڕێوەبەری قوتابخانەکە پێی گوتم تەنیا بە دیتنی ئامۆژگا ناتوانم تێ بگەم گی شاگەریی چییە. وا باشە شەوێك لای (گی شا)کان بمێنمەوە. ئینجا پێیگوتم:

- ئەگەر دەتەوێ، من دەتوانم شەوێکی لە بیر نەچووت بە داشکاندنێکی تایبەتی بۆ رێك بخەم.

بێ شك رازی بووم. نابێ (شتی لە بیر نەچوو) لە دەست خۆمان بدەین. (دویلیۆ) هەر وەخت بوو لە خەنی خۆشییان بفڕێ. ئاخیری خەریکە شتێکی دەست دەکەوێ بۆ برادەرە ئیتاڵییەکانی بگێڕێتەوە.

هەر ئەو شەوە، لەگەڵ (چاس)و (دویلیۆ)چووینە بەناوبانگترین چایخانەی ژاپۆن. بڕیارمان هەشتی شەو بوو. پێیان گوتین رێك لە کاتی خۆی بگەینە ئەوێ بۆ ئەوەی (گی شا)کان عاجز نەکەین.

چایخانەکە لە دار دروست کرابوو. پستە پستو دەنگی پێکەنینێکی نزم لە پشت دیوارەوە دەهات. ژنەی خاوەنی چایخانە بە جلێکی پۆشتەو پەرداخ لەبەر دەرگا چاوەڕێی دەکردین. بە حەپەساوی چاوی بڕییە من. لەوە دەچو وا تێ بگا من ژنێکی

بەدرەوشـتـم هاتوومەتـە چـایخانەی پیـاوان. سـەرنجێکی لێـدام وەك ئەوەی پێم بڵێ:

دڵنیا بـە لای کـەس باسـت ناکـەم! ژنەکـە ئێمـەی بـردە ژوورێکی نهـۆمی یەکـەم. نیـو سـەعات چـاوەڕێمان کـرد. ئینجـا ئێمـەیان بـردە ژووری نان خواردن. مێزێکی نزمی تایبـەت بـە خواردەمـەنی ژاپۆنیو چـەند پـشتییەکی تێـدا بـوو. هـیچ (گـی شـا) لـەوێ نـەبوو. بـەڵام شاگردەکە گوتی:

- ئێستا یەکەو (گی شـا)تـان بـۆ دێ. بـەڕێوەن، چـەند خولـەکێکی دی دەگەنە جێ.

بە چوارچکمی لەسەر عەرزەکە دانیشتینو چاوەڕێمان کرد.

(گی شا)ی یەکـەم بـە ئـیکلام کێشان هاتـە ژوورەوە. چـۆکی داداو نێوچـەوانی گەیانـدە سـەر زەوی. ژنێکـی زۆر ناسـك بـوو. تەمـەنی چوارده پازده ساڵ زیاتر نـەبوو. کرمۆکەیەکی سپی بریقـەداری لەسـەر هەنیە بوو. لە بووکە شووشەیەکی قورمیشکراوی دەکـرد. بـرۆی تاشی بوو. یەك دونیا گوڵو پارچە کاغەزی لـە مووچـاخی دابـوو. دیـار بـوو لەبەر گەرماو مووچاخەکەی بە ئـازار بـوو. چـەند دڵۆپـە ئاردقەیـەکی بەسەر تەوێڵو تیرێژە فرمیسکێکی بەسەر روودا دەهاتە خوارێ.

هـیچ قـسەی لەگـەڵ نـەکردین. تـەنیا سـەرنجێکی ساردی لێـداین. ئینجا رووی کردە (چاس). رەنگە (چـاس)ی لـە ئێمـە زیـاتر کەوتبێتـە بەر دڵ. یەکسەر بۆ قەرەوێتەکەی چووو دەستی پێدا هێنا. ئینجا هات پەنجەی لە گوارەی مـن دا. لـەوە دەچـوو لـە عـومری خـۆی قـەرەوێتو گـوارەی نـەدیبێ. دووریـش نییـە مەبەسـتی ئـەوە بـووبێ وەختـەکـە

بكوژێ‌و بیەوێ تێ بگا ئێمە كێین؟و چ كارەین؟ بۆ ئەوەی باشتر خزمەتمان بكا. دوای چەند خولەكێ بێدەنگیی كە بە لامانەوە چەند سەعاتێك بوو، بە دەنگێكی كزو نزم گوتی:

- من ناوم (تو كی كو)ە. لە خزمەتتان دام.

كە وای گوت ددانە زەردو درێژەكانی دەركەوت. زۆربەی (گی شا)كان ددانیان زەرد دەكەن بۆ ئەوەی خۆیان گوتەنی وەكوو رەنگی خۆرەتاوی لێ بێ!

(گی شا)ی دووەم پیرو ناشیرین بوو. قەڵەوو خرپن بوو. ددانی لە ددانی (گی شا)ی یەكەم زەردتر بوو. زۆر بە گەپجارِیی دەم‌و چاوی ناولاوی خۆی رەنگ كردبوو. گوتی:

من ناوم (تو شی كو)ە.

یەكەو راست چووە لای (دویلیۆ)و لە كنی دانیشت. (دویلیۆ) زۆر پەست‌و مرِ بوو.

(گی شا)ی سێیەم ئەدگاری زۆر لە (گی شا)ی نەدەكرد. دەم‌و چاوی خۆی ئارایش كردبوو. قژی خۆی وەكوو قژی كورێكی بچكۆلە قوت كردبوو. چاوی وەكوو چاوی ئەوانی دی بچووك نەبوو. گۆشەی چاوی جێگای داوی دوورینەوەی نەشتەرگەریی پێوە دیار بوو. نیكلامی كێشا، بەلام ئاشكرا پێیەوە دیار بوو حەز لە كارەكەی ناكا. هەڵس‌و كەوتی وەكوو دوو (گی شا)كەی دی ئاسك نەبوو. كیمونویەكی شینی لەبەر بوو، بەلام ئەو ژنە شتێكی وای تێدا بوو نازانم بۆچی نیگەرانی كردم.

خاوەنە گێل وێلەكەی چایخانەكە ئەمەی بۆ من دانابوو. ئەم (گی

شا)يەى من ناوى (ناناكو) بوو. گوتى بۆيە ئەم ناوەم لە خۆم ناوە چونكە شەيداى (نانا)ى قارەمانى (ئەميل زۆلا)م. جگە لە زۆلا نووسەرى ترى وەكوو (گيد)و (فلۆبێر)و (ستاندال)و چەند نووسەرێكى ديكەيشى دەناسى. پرسيارى لێ كردم داخۆ كتێبى(چالى تەنيايى)م خوێندۆتەوە؟

خواردن هات. خەنى بووم. ئيتر لەم (گى شا)يە نەجاتم دەبێ. خۆم بە ماكەروونييەوە خافلاند كە لە ناو ساسى كەرامل مەلەى دەكرد. خواردنێكى بێ تام بوو. ئەگەر ئێستا لێرە نەبوايە، لە هەر شوێنێكو لە هەر كاتێكى تر بوايە بشيان كوشتبام دەمم لێ نەدەدا.

بە درێژايى ئەو ماوەيە، (تو كى كو) هيچ قولاتى نەكرد. دەتگوت ژێى دەنگيان بڕيوە. (تو شى كو) لە خۆوە پێدەكەنىو (ناناكو) بەردەوام هەژدەر هەژدەر قسەى دەكرد. رەنگە تێگەيشتبێ خاوەنى چايخانەكە بە هەلە شتەكەى وەرگرتووە. ئيتر هەولى دەدا بە هەر جۆرێ بێ تووڕەييم دامركێنێتەوە. هەولى دەدا بە هەر جۆرێ بێ شتێكم بۆ بكا. بۆى باس كردم كارەكەيان كارێكى زۆر سەختە. شەوو رۆژ، هەر كاتێ مشتەرى هەبێ، دەبێ لەسەر پێ بن بۆ خزمەت.

(گى شاكا)ن سەنديكايەكيان دروست كردبوو. ئەم ژنە خۆى سەرۆكى سەنديكاكە بوو. سەنديكا تێدەكۆشا مافى كاركەناريىو پەككەوتەيى و بارمتەى ژيان بۆ (گى شا)كان لە دەولەت وەربگرێ.

(ناناكو) ئينگليزييەكى باشى دەزانى. (دويليۆ) بە بێ هوودەيى هەولى دەدا لە منى برفێنێ. (دويليۆ) دەيگوت حەزم لە شتێكى ئەم كچەيە خۆيشم نازانم چييە؟! هەرچى كرد، نەيتوانى (ناناكو)م لێ جيا

بکاتەوە. ئاخیری ناچار بوو چووە لای (تو کی کو)و بە یارمەتی (چاس) داوای لێ کرد تا لای ترومبێلەکە لەگەڵیا بچێ، شتێکی لە بیر کردووە دەیەوێ بیهێنێ. (تو کی کو) بە ژیری‌و گوێڕایەڵیی کەوتە شوێنییەوە. کە گەڕانەوە، (دویلیۆ) لە رقان دەم‌و چاوی رەش هەلگەڕا بوو. گوتی: هەولم دا قسەی لەگەڵ بکەم بەلام وەکوو پەیکەرێکی گەچ قسە بێ لە زاری نەهاتە دەرەوە. (دویلیۆ) حەزی نەدەکرد هاودەم‌و هاوگفتەکەی پەیکەرێکی گەچ بێ.

دەستمان بە خواردن کرد. (ناناکو)و (چاس)و (دویلیۆ) وەخت‌و ناوەخت منیان دەلاواندەوە چونکە ئیشی تریان نەبوو بیکەن، منیش خۆم دەکێشایەوە.

هەر سێ (گی شا) هەوڵیان دەدا تا پێیان دەکرێ خواردنمان لە دەم بپەستن. یەك لەسەر یەك (ساکی)یان بۆ لە بادە دەکردین‌و بە پەلووکەداری ژاپۆنی خواردنیان لە دەم دەنایین، کە (تو شی کو) زانی (دویلیۆ) حەز ناکا کەس خواردنی لە دەمی بنێ، هەر واقی ورما. گوتی:

- ئاخر بۆچی؟! بەڕێوەبەرو پایەدارەکان، بە درێژایی شەو، دەست لەسەر سینگ دادەنیشن‌و تەنانەت بۆ خواردنەوەی (ساکی)ش دەست بەرز ناکەنەوە.

شێو لە تەواو بووندا بوو. دووبارە نیگەرانیی دایگرتم. دوای ئەمە چ دەبێ؟!

- هیچ !! باوەڕ بکەن دوای ئەوە هیچ نەبوو. هەموو دابی ئەو شەوە شتێکی وشك‌و برینگ‌و چرووك بوو. بۆم دەرکەوت رابواردنی

شەو لەگەڵ (گی شاکا)ن یەکێکە لە ئیشە هەرە کرێتو بێ زەوقەکانی سەر رووی زەوی.

کاتێ مێز لە یەك دانە تووی فەرەنگی زیاتری لەسەر نەما، (تو شی کو) پرسی داخۆ حەزمان لێ نییە یارییەك بکەین؟ یارییەکە ئەمە بوو: (تو شی کو) بژمێرێ: یەك، دوو، سێو ئێمەیش بە یەکەوە چەپڵەی بۆ لێ بدەین. بە یارییەکە رازی نەبووین. ئەوسا پێشنیاری کرد لەسەر چوار پەل برۆینو وەکوو سەگ بحەپین. کەسمان بەم یارییەش رازی نەبووین. یاری سێیەم ئەمە بوو: چەند دنکە لۆبیایەك، دنك دنك، بە پەلووکەداری خواردن لە ناو کاسەیەکەوە بخەینە ناو کاسەیەکی دی. لەبەر ئەوەی دڵی (تو شی کو)مان شکاندبووو دوو یارییەکەی پێشوومان رەت کردبووەوەو لەبەر ئەوەی عادز بوو چونکە نەیتوانی بوو دڵمان رابگرێو رازیمان بکا، بڕیارمان دا بەم یارییە رازی بین. دەستمان پێ کرد. بە پەلووکەداری خواردن دنکە لۆبیامان لە ناو کاسەیەکەوە دەگواستەوە ناو کاسەیەکی ترو پاشان دووبارە دەمانهێنایەوە ناو کاسەی یەکەم.

شەوێکی بێزارو شەکەتبار بوو. (چاس) بە سەرنجو تێبینی تێیگەیاندم چەند لە دەستم وەرسو بێزارە. سیو دوو ساڵ خۆی لە (گی شا)کان بە دوور گرتبوو، کەچی ئێستا بۆ خاتری من ئەوەتا ئەم نمایشە دەکا!! (دویلیۆ)یش هەر باوێشکی دەهاتێو دەیگوت:

- لە عومری خۆم ئەوەندە بێ تاقەت نەبوویم!

منیش خۆم شەکەتو کەوەڕێو بێزار ببووم.

(گی شا)کان ژنی جوانو نازدار بوون. هەڵسو کەوتیان ناسك

بوو. (ناناکو) کە زانی بەڕێوەبەری چاخانەکە بە هەڵە لە مەسەکە گەیشتووە، خۆی کێشایەوەو بوو بە کچێکی ناسكو خۆش مەشرەب، بەڵام ئەو بۆن ئارەقەیەی لە کیمونوو مووچاخی دەهات بێزارو هەناسەبڕی کردبووین.

ئەوەندی هەوڵم دا لەم دونیا کپو بێ زاخە بکەم، هیچم لێ هەڵنەکڕاند. ئەمەیش لەبەر ئەوە نەبوو کە من ژنم، تەنانەت (چاس)یش کە پیاوێکی ڕۆژهەڵاتی بووو (دویلیۆ)یش کە بە یەك دونیا هیواو ئارەزووەوە هاتبوو، سەریان لە دونیای (گی شا)کان دەرنەکرد.

هەستاین خوا حافیزی بکەین، (تو کی کو)و (تو شی کو) نیگەران بوون نەوەك نەیاتوانیبێ بە پێی پێویست خزمەتمان بکەنو دڵمان خۆش بکەن!! پاڕانەوە نەختێکی تر بمێنینەوە بۆ ئەوەی سەمامان بۆ بکەنو ئێمەیش تەماشایان بکەین. ناچار بووین ماینەوە.

لەوە دەچوو لە سەماکردندا جووڵاندنی هەر ئەنگوستێك مانایەکی تایبەتی هەبێ، بەڵام ئێمە هیچی لێ تێ نەدەگەیشتین. قسەیەکی (ولیام دومبی)م بیر کەوتەوە. دەڵێ: (گی شا) بە جۆرێکی وا سەما دەکا دەڵێی عاشقی خۆیەتیو ناتوانێ ئەو هەموو ئەشقەی دەرونی دەرببڕێ.

(گی شاکا)ن وازیان لێ نەدەهێنایین! سوور بوون جارێکی تریش سەریان لێ بدەینەوە گوایە ناتوانن بەرگەی دووریمان بگرن.

خودا حافیزیمان لێ کردن. پێڵاومان لە پێ کردو داوای لستی حیسابمان کرد. بۆ دوو سەعات شەکەتیو باوێشکدان پارەیەکی زۆر

زۆریان لێ بەردابنەوە، ئەویش بە داشکاندنی تایبەتی!!!

لە گەڕانەوە تۆکیۆ هیچ شتی سەرنجکێشمان نەدی. شەو بوو. هیچمان نەدەدی... لە تۆکیۆ خێرا جانتاکانمان پێچایەوە بۆ ئەوەی بچینە (هاوای).

روخساری جوانی (چاس) دوا رەنگو روخساری رۆژهەڵاتی بوو دیمان. شتێکی وامان لە ژنە پڕ نهێنییەکانی ژاپۆن دەست نەکەوت. رەنگە لەبەر ئەوە بێ باش لە پیاوی ژاپۆنی نەگەیشتبووین. کە بڵندگۆ بانگی راهێشت بچین سواری فڕۆکە بین، گەڕامەوە لای (چاس)و بۆ دوا جار توند دەستم گوشی.

(چاس) پیاوێکی رۆژهەڵاتی چاوقایم بوو. بێ ئەوەی یەک ماسوولکەی دەمو چاوی بجووڵێنێ، وردە وردە دەگریا.

* * *

# بەشی شەشەم

فرۆکـە وردە وردە لـە دوورگـەکانی (نیبیـسکوس)و ( نورکیـدە) نیشت. بێ خەمترینو تەمسەرترین ژنی دونیا لـەم دورگەیـەدا دەژیـن. ئەو ژنانە کاتی خـۆی بەختـەوەرترین ژنـی دونیا بوون. ئۆقیانووسی ئارام وەکوو گۆمی تایبەتی وا بـوو بۆیـان، دەوری دوورگەکـەی دابـوون. ئـەوروپاو ئیتالیـا لـە لایەکـەی تـری گـۆی زەوی بـووون. دوورگـەکانی هاوای وەکوو پەڵەی سەوز لەسـەر رووی ئۆقیـانووس مەلـەیان دەکـرد. هـەر دەتگـوت چـووینەتە شـوێنێکی ئاشـنا. ئێرەمـان بـە لاوە لـە هیندسـتانو ژاپـۆنو مالیزیـاو بگـرە ئیتالیـاش ئاشـناتر بـوو. ئـەو دیمەنانــەی لــە پەنجـەرەی فرۆکــەوە دەمــانبینین، دەتگــوت پێــشتر دیومـانن. دونیـا هـەمووی یـەك پارچـە درەختـی نارگیـلو هـەنجیری هیندی بوو. بـەینی درەختـەکان هـەمووی شینایی هەراوی قـاوە بـوو. کـەناری ئۆقیـانووس بەنــدەرێکی لێ بـوو بـو نـاوی بەنــدەری (پێـرل هاربـەر). یـەك دونیـا تـەختـە داری سپی لـە دەورو بـەری لەسـەر ئـاو دەگەڕا. شەپۆلی ئۆقیانووس لە کەناری دەکوتان. هەموو شوێنێ تـابلۆی سەربازی ئـەمریکی بـوو. لەسـەریان نووسـرا بـوو: (هـاتن قەدەغەیـە).

شوێنەکە خانووی دارو گۆمی شکۆداری ( هولیوود)ی بە بیر مرۆڤ دەهێنایەوە. مەیدانی دوورو درێژی راگرتنی ترومبێلی رەنگ سەیری لێ بوو. ئالآی ئەمریکا لەسەر فڕۆکەخانەی (هونولولو) دەشەکایەوە. گوتیان (هاوای) پەنجایەمین هەرێمی ولایەتە یەککرتووەکانی ئەمریکایەو گەشتەکەمان خەریکە کۆتایی دێ.

ئەو ژنانەی ماوەی چەند سالی دوورو درێژ بوو لەم شوێنە سەوزەی ناوەندی ئۆقیانووسدا دەژیان هەموو ژنی پاکیزەو سەرمۆر بوون. نەیاندەزانی گوناح چییە؟ خەرافەو نەریتی دزێوو نەخۆشییان لە ناودا نەبوو. بەبێ جل، بە رووتو قووتی ، لەبەر هەتاو دەخەوتن. چاوی پڕ بەرانەتو جەستەی برۆنزیو سیمای بایيو قژی چڕو رەشی خۆیان لە کەس نەدەشاردەوە ، بەڵام مرۆڤی گیانبازی وەکوو (جیمس کۆك)و قەشەی پرۆتستانتیو دۆزەرەوەی ولاتی جۆراوجۆر، کە بە پارچە کاغەزێك زەویو ماڵی خەڵك دەکەن بە مولکی خۆیان، لە ناکاو هاتن. ئیتر ئەو ژنانە نەیانتوانی چیدی بە رووتو قووتی بەم لاو بەولادا بگەڕێن. جۆرە کراسێکیان لەبەر کردن پێیاندەگوت: (مومو)، زیی قەپاتو کلەنگوچکی تا قولەپێی دادەپۆشی. ژنە راهیبەکان ئەم جلانەیان بە هەڕەشەی گوناحو سزای خودایی بردە گیانیانەوە. لەوە بە دواوە ئیتر نەژادی ئەو ژنانە بە پاکیو سەرمۆری نەمایەوە. ژنەکان زەماوەندیان لەگەڵ ئەو رەگەزە جیا جیایانە کرد کە دەهاتنە دوورگەکەیانو دوای چەند ساڵێك هەموو جۆرە رەنگێکی پێستەو قژو چاویان لە ناو پەیدا بوو. وای لێ هات تەنیا دەوری لە سەدا شازدەیان بە نەژادی رەسەنی پولینیزی مانەوە. ئەوانەی تر هەر

یەکە باوکی لە شوێنێکی دونیاوە هاتبووە ئەم دوورگەیە. بۆیە کە شاژنی جوانیی (هاوای) هەڵدەبژێرن، بە یەك شاژن رازی نابن، لە هەر نەژادێك شاژنێك هەڵدەبژێرن. لە ئەنجامدا دەبن بە خاوەنی حەفتا شاژن کە هەر یەکەیان بە خەڵکی شوێنێکی دونیا دەچێ. تەنیا یەکێکیان بە زێدو زادگاو بە رەسەن هاواییە. ئەم شتانەم لەو نامیلکەیە زانی کە میواندارەکەم پێشکەشی کردم. نامیلکەکە ئەوەیشی تێدا بوو کە ژنی هاوایی جوانترین ژنی دونیان‌و لە جوانیدا لەو گوڵە ئیبیسکوسەیان تێپەڕاندووە کە لە سەری خۆیان دەدەن. ئەم مژدەیەم دایە (دویلیۆ). هەر خەنی بوو! بە شەوق‌و شادی پێیگوتم:

- ئەوە بوو!! ئیتر دەتوانین بڵێین چووینە شوێنێکی زۆر خۆش.

لەبەر قرچەی هەتاو بە شادمانی لە فڕۆکە دابەزین‌و بەو تابلۆ گەورانە شادتر بووین کە بە گوڵی راستەقینە دروست کرابوون‌و لەسەریان نووسرا بوو:

- (بە خێر بێن بۆ هاوای، بەهەشتی گەشتیاران.)

ئەو شوێنە لە هەموو روویەکەوە رەسەن‌و دەق نەشکاو بوو. لە فڕۆکەخانە، نوێنەری (بەڕێوەبەرایەتی هێلی هەوایی هاوای) چاوەڕێی دەکردین. دیار بوو سەر بە فەرمانگەیەکی بە زەبت‌و رەبت بوو. ناوی (بیل) بوو. یونیلیزی بوو. پیاوێکی تۆکمەو چوارشانەو تیکسمراو بوو. دەم‌و چاوی هەتاوگەستی بوو. کراسێکی فش‌و فۆڵی لەبەر بوو، گوڵی سوورو نارنجی تێدا بوو. ترومبێلێکی گەورەی دوازدە نەفەری لە بن بوو. وێ نەدەچو بە کەڵکی ئێمە بێ. کە چاوی بە ئێمە کەوت، هاواری کرد:

ـ هەلۆوا!!
چەند ئەلقە گوڵێکی لە مل کردین بۆنێکی خۆشیان لێ دەهات.
گوتی:
ـ هەمووومان رۆژێك تەمەنمان زیادی کرد...
وایدەزانی ئێمە هیچ لە بارەی ئەوێ نازانین. گوتی:
ـ ئەم دورگەیەی ئێستا لە سەری وەستاوین، گەورەترین دوورگەی هاوای نییە کە هەموو دوورگەکان هەر بەو ناوە ناسراون. ئێرە پێی دەڵێن: (ئوهو). (هونولولو) پایتەختی (ئوهو)یە. هەر دوورگەیەك ناوێکی هەیە. من خۆم، کاتی خۆی لە (کائو کای) دەژیامو کارم ماسیگری بوو. کە (پێرل هاربەر) هات، دەستم لە کارەکەم هەڵگرتو هاتمە (هونولولو)و فێری زمانی ئینگلیزی بووم. ئەو کاتە (هونولولو) بەندەرێکی گەورە بوو. خانووەکانی دار بوون. پلاژێکی هەبوو بە ناوی (وای کی کی)و کەنارەکان یەك فەرش سەدەفی سوور بوو!! ئەو حەلە ئەم هەموو دوورگەیە یەك گۆمی تێدا نەبوو. سوپا چەند گۆمو چەند بورجێکی بۆ حەسانەوەی سەربازەکانی دروست کرد. کە سەربازەکان گەڕانەوە وڵاتی خۆیانو باسی جوانیی (هونولولو)یان بۆ خەڵك کرد، عالەم هورووژمیان هێنا بۆ ئەم دوورگەیەو کاولیان کرد. گەشتیارەکان پێیان لەسەر سەدەفی پلاژ ئەزیەتی دەخوارد، هەستان یەك دونیا لمیان هێناو بە سەریان دا کرد. رەنگی سووری پلاژەکە بوو بە خۆڵەمێشی!! لە هەموو لایەکەوە کەوتنە تێکدانو نەهێشتنی رەسەنایەتی (هونولولو).
قسەکەی راست بوو. هەر دەتگوت ئێمە لە (مەیامی)، یان

(فلۆریدا)، یان (لۆنگ بیج)ی (کالیفۆرنیا)ین.

بیلی چوارشانە لەسەر جادەی قیر دەڕۆیشتو (هربرت گرۆنۆیل)ی نوێنەری دادپەروەریو سەرۆکی کۆمپانیای ئاوی سێو، لەسەر تابلۆی بانگەشە ددانی گڕ کردبووەوە. ملیاردێری حەپەساو، بە کراسی هاوایی، وێنەی ئەناناسی گەورەی پلاستیکییان لەگەڵ ژنی بەدفەساڵی (مومو)لەبەر، دەگرت.

ڕێو ڕێ کە دەڕۆیشتین، هەمووی هەر تابلۆی نیۆنی نوتێلو مەیخانە بوو. چاوقرتکێیان دەکرد. پلاژی (وای کی کی) جمەی دەهات لە گەشتیاران. هەموو بە تای مایۆ هاتبوونە مەلەوانی.

(بیل) باسی کرد تا بیست ساڵ پێش ئێستا، هەموو داهاتی ئەم دوورگەیە ئەناناسو قامیشە شەکرو قاوە بوو. کەچی ئەمڕۆ گەشتیار زۆرترین پارە دێننە ئەم دوورگەیە. ساڵێ، نزیکەی سەدو پەنجا هەزار گەشتیار دێنە هاوایو نەوەد ملیۆن دۆلار دێننە ئەم دوورگەیە. سەرچاوەیەکی تری ئابووری کە پێشبڕکێ لەگەڵ گەشتیاران دەکا فرۆشتنی گوڵی (ئورکیدە)یە. ئەمریکا ساڵێ پەنجا ملیۆن گوڵی ئورکیدە لە هاوای دەکڕێ. بێ گومان ئەم ئەندازە زۆرە بە ئورکیدەی خۆڕسکی ناو لێڕەکان ، کە زۆر لە کەمیی داوە، دابین نابێ. بۆیە ئورکیدە وەکوو سێوو نۆکی فەرەنگی لە شینایییان دەچێنن.

بیل هەر سەری با دەداو نچە نچی بووا!!

من هەر چاوم لەسەر موموی ژنان بوو. لەبەر چاوم جلێکی زۆر ناشیرینو ناڕەحەت بوو! نەمدەزانی ئەم ژنانە چۆن ڕازی بوونە ئەم جلانە لەبەر بکەن! ئەم جلە ناشیرینانەو ئەو شتانە نەبان کە لە

نامیلکەی رابەرەکەدا نووسرا بوو، باوەڕم نەدەکرد لە هاوایم. ئەم بۆچوونەی خۆمم بە بیل گوت. بیل ئاخێکی هەڵکێشاو گوتی:

- گوێت لێ بێ، خانم! کاتی خۆی کەناری ئەم دەریایە پڕ ماسی بوو، بەڵام ئێستا هیچ ماسی تێدا نییە! کاتی خۆی، ئاسمان پڕ باڵندە بوو، بەڵام ئێستا چاوت بە یەك باڵندە ناکەوێ! ژنی رەسەنی هاوایش وەکوو ماسیو باڵندەکان بزر بوونو نەمان!!!

- ئاخر بۆچی بیل؟!

- نازانم. مەسەلە رەگەزپەرستی نییە. ئێمە هەودسمان بەوە دێ کە هەموو شتێ لە دوورگەکەمان تێکەڵو پێکەڵە. ئێمە ئەو جۆرە کەسە نین پۆز بە رەگەزو رەچەڵەك لێ بدەینو زێدەڕەوی لەم جۆرە شتانە بکەین. مەسەلە جۆری ژیانە! مەسەلە مەرگە!!

جاران بارو دۆخ بە جۆرێکی تر بوو. ئەوسا بێ شەرمو شووردیی دڵداریمان دەکردو بێ زەماوەند منداڵمان دەبوو. ئەمە جۆرە شانازییەك بوو بۆ ئێمە!! چونکە تەنیا ئەو رێگایە هەبوو بزانین داخۆ ئەو ژنەی خۆشمان دەوێ منداڵی دەبێ؟ یان نا؟ ژن هەموو گوێڕایەڵو بەرئەمری مێردیان بوون. نەیاندەزانی ئێرەیی چییە؟! ئەمڕۆ هەموو دڵمردوون. مێردیان، دوای مارەکردنیش، ناوێرن دەستیان بکەنێ. وەکوو کۆیلە مامەلە لەگەڵ مێردەکانیان دەکەن. لە شتی زۆر بچووك زویر دەبنو هەڕەشەو گوڕەشەی تەلاق دەکەن. بەختیان هەیە فێر بوونە پارێز لە خواردن بکەنو لەشو لاریان وەکوو قامیش لێكو باریك بکەن. وەکوو مەیموون لاسای ئەمریکییەکان دەکەنەوە. تۆ، کەس نا، سەیرێکی لەشی من بکە. بەر

ئەوەی ژنە شێتەکەم خواردنەوەی بیرەم لێ قەدەغە بکا، کێشم (سەدو دە) کیلۆ بوو، رۆژێ یەك سندووقە بیرەم دەخواردەوە، کەچی ئەمڕۆ، کێشم تەنیا (نەوەد) کیلۆیە. ژیان بۆ من مانای تێدا نەماوە. ژنەکانمان وەکوو رابردوو چێژ لە ژیانی خۆیان وەرناگرن. ماسی باڵندەیش بەم بارو دۆخە رازی نەبوون، بۆیە سەریان هەلگرتو لێرە رۆیشتن.

هەر بە راستیش باڵندەو ماسیو ئەو ژنانە نەماون کە گەشتیارەکان پێش سەد ساڵ ئەوەندە باسیان کردوون. لەو کاتەوە کە فەرماندەیەك بە زاری(یانکی)و بە بەرگی (سموکینگ) هاتو لە جێی (ئیما)ی شاژنو شاهەنشا (کا مەها مەها) لەسەر عەرشی زێڕی کۆشکی (ئەیولانی) دانیشت، ئیتر ئەو ژنە رەسەنانە دیار نەمان.

دوای نیوەڕۆ، چووینە شاری هاوای کە شارەوان لەسەر بیناسازێکی دینسنی لاند کۆپی کردووە. گوتیان ئێستایش لەوێ کچی وا هەن تەنوورەی گەڵای دار لەبەر دەکەنو سەمای (هولا) دەکەن، بەڵام ئێمە تەنیا پێشانگەیەکی کامیرای (کۆداك)مان دی. هەر یەکێ کامیرایەکی کۆداکی بکڕیبایە، دەیتوانی وێنەی کچەکان بگرێ. کۆمپانیایەکی کەرەستەی ئارایشی لێ بوو، هەر کەسێ شتێکی لێ بکڕیبایە، بە خۆڕایی دەرزێکی فیربوونی سەمای هولایان پێ دەگوت. دەرزی سەما لەبەر چاوی هەموو خەڵك دەگوترایەوە.

گرامافۆن ئاوازێکی کەشەنگی بڵاو دەکردەوە. کچێکی ئەسمەر دەهات تەنوورەیەکی نایلۆنی لەبەر بوو، ورگی بەرزو نزم دەکردەوەو گەشتیارەکانی بانگ دەکرد بچن لەسەر دەپی شانۆ سەما بکەن. بەشداری دەرزەکان زۆربەیان پیرەمێرد بوون. بە قژی وەنەشەیی و

ورگی زلەوە، دیمەنێکی ناڕێکیان هەبوو.

هەموو رۆژێ سەعات نۆی شەو، پێشبڕکێی سەمای هولا لەسەر ئەم دەبی شانۆیە دەکراو بەشدارەکان دەیانتوانی تەنوورەی نایلۆن بە داشکاندنی لە سەدا دە بکڕن. زۆربەی گەشتیارەکان حەزیان لێ بوو بچنە دیسکۆو تەماشای سەمای سەماکەری راستەقینە بکەن. ئێمەیش هەر وامان کرد.

ئەو دیسکۆیەی هەڵمانبژارد دیسکۆیەکی ئاسایی ئەمریکی بود. هەموو سەماکەرەکان لە ئیشی خۆیان وەستاو شارەزا بوون. زۆربەیان کچە قوتابی بوون، بە رۆژ ئەنگلناسی، یان بیرکاری، یان لقی تریان لە زانکۆی (هونولولو) دەخوێندو بە شەویش بۆ دەرهێنانی پارەی مانگانەی زانکۆ، لە دیسکۆکان سەمایان دەکرد. زۆربەیان خەڵکی هاوای نەبوون. لە (سانفرانسیسکۆ)و (لۆنس ئەنجلس)و (تاهیتی)یەوە هاتبوون. نەیاندەزانی جوولانەوەکانیان مانای چییە کە زۆر بە لێزانی بەڵام بە سستی دەیانکرد. بیل پێیگوتم یەك ژنی رەسەن لە هاوای هەیە. ددتوانن لە (هونولولو) بیبینن. پاشان گوتی:

- ژنەکە تەمەنی حەفتاو دوو ساڵە. لە موزەخانە کار دەکا. ناوی (کاونا یوکی)یە. خەریکە ئیش لەسەر تەواو کردنی فەرهەنگێکی پولینیزی – ئینگلیزی دەکا.

گاڵتەم پێ دەهات دە هەزار کیلۆ مەتر بڕم بۆ ئەوەی پیرەژنێ لەناو موزەخانە ببینم

بەیانی، هەموومان بە یەکەوە چووینە موزەخانەکە. بلیتمان بڕی‌و چوینە ناو هۆلی گەورە بۆ ئەوەی ئەو شتانە ببینین کە تەنیا

هەر ئەوانە لە بەهەشتی ونبوودا مابوونەوە.

کووخێکی دار لە ناوەڕاستی هۆڵەکە هەبوو. پەیکەری ژنێکی (پولینیزی) چاو شووشەیی لە تەنیشت بوو. نەختێ لەولاتر، کچێك دانیشتبوو، کچێکی راستەقینە بوو، پەیکەر نەبوو. حەسیری لە گەلای دارخورما دەچنی بۆ ئەوەی گەشتیارەکان سەیری بکەنو بزانن حەسیر چۆن دروست دەکرێ. هەموو جارێ کە لە چنینی حەسیرەکە دەبووەوە، گەلاکانی هەڵدەوەشاندەوەو دووبارە سەر لە نوێ دەستی بە چنینی دەکردەوە. نەهەنگێکی گەورەیش بە ساپیتەوە هەڵواسرا بوو، کرابوو بە دوو قاش. رابەرەکە بڕوای وا بوو ئەمە (موبی دیك)ە. هەموو رۆژێ فەرمانبەرێکی تەندروستی دەرزی فۆرمالینی لێ دەدا بۆ ئەوەی زوو گەنی نەبێو گەشتیارەکان چێژ لە دیتنی وەربگرن. ئەو نەهەنگە دەتگوت لە گەچ دروست کراوە، بۆنێکی ناخۆشی لێ دەهات. ئەو بۆنە لە گۆشت ماسی هاوایو لاشەی مارەکانو تەنانەت لە دڵی خەڵکی (هاوای)ش دەهات کە دڵیان نەختێ لە مرۆڤی ئاسایی گەورەترە.

هەندێ پەیکەری مۆمی شاژنەکانی هاوایو چەند بەلەمێکی لە قەدی دار دەرهێنراویشی لێ بوو. هەروەها وێنەی چەند ژنو پیاوێك بۆ بانگەشە بە دیوارەوە هەڵواسرا بوو. ئەمانە چەند ساڵێکی زۆر بە تەنیا تێکۆشابوون بۆ ئەوەی ولاتێکی پاكو بەختەوەر بکەن بە مۆزەخانەیەکی بۆگەنی. ئەمانە زۆربەیان سیمایەکی بەزمەلیو چاوێکی مردوویان هەبوو. رابەرەکە گوتی:

- بە خێرا ئەم مرۆڤانە بوو، ئەمڕۆ هاوای وای لێ هاتووە ئەوەندە

سەرنجکێشەاا بەر لەوەی ئەمانە بێن، خەڵکی هاوای شەرمو حەیایان نەبوو. ساڵێ جارێك ئاهەنگێکیان ساز دەدا بە ناوی (ئاهەنگی سکبوون). لەو ئاهەنگەدا، ژنو مێردەکانیان دەگۆڕییەوەو ئەگەر میوانێکیان بهاتبایە، خانە خوێ بۆ پێشاندانی رێزو میوانپەروەری، ژنی خۆی شەوێك دەپاڵ میوانەکە دەکرد. وێنەی (جیمز کۆك) کە هاوای دۆزییەوەو ساڵی هەزارو نۆ سەدو حەفتاو نۆ، لە جەنگی دژی نیشتمانپەروەرانی هاوای کوژراو وێنەی ئەو گیانبازە ئەوروپیانەی دوای مردنی (جیمز کۆك) ئەم هەموو دوورگانەیان کرِی، بە دیواردوە هەڵواسرا بوون.

هاونیشتمانەکان هەکتار هەکتار زەوییان بە قاپە ویسکییەك، یان بە بەلەمێك دەفرۆشتو گاڵتەیان بە پێست سپییە گەوجەکان دەکردو دەیانگوت ئەم مرۆڤە خەرفاوانە بۆچی زەوی ژێر پێ، کە لە جێی خۆی ناگوازرێتەوە، بە بوتلە ویسکیو بەلەم دەکڕن کە مرۆڤ دەتوانێ بیانباتە هەر شوێنێ کە بیەوێ؟! ئیتر بەبێ هیچ گومانو دڵەڕاوکێیەك، بە چاو قوچاوی، گرێبەستەکانیان مۆر دەکرد... تا رۆژێ هاتو پێست سپییەکان بە خۆو بە گرێبەستانیانەوە هاتنو ئەو زەویانەیان لێ سەندن کە بە پێی قەواڵە ببوو بە هی خۆیان. زۆر هاونیشتمانی لە خەفەتی ئەم کارەساتە شێت بوونو دیقیان کرد.

ئاغا تازەکان نەخۆشیی جۆراوجۆری وەکوو وەرەمو سووزەنەكو هەزار جۆرە ژەهری ماری تریان لەگەڵ خۆیان هێناو بوون بە هۆی مردنو لەناوچوونی زۆر هاونیشتمانی.

رابەرەکە، کە ئەم چیرۆکەی بۆ گەشتیاران دەگێڕایەوە، فرمێسکی

ڕانەدەوەستا. ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەیش بێ کە (ماری کاونا یو کی) بە ناکە ژنی ڕەسەنی ئەم دوورگەیە دادەنرێ.

(ماری) وەکوو لەندەهۆرێکی ڕەشی دەمو چاو بە قەد بێلێک لە زوورەکەی خۆی چاوەڕێی دەکردین. (مومو)یەکی سەوزو زەردی لەبەر بوو. گولێکی (ئیبسکوس)ی گەورەی وەکوو کڵاو لەسەر قژی زەردی لەسەر نابوو. خەندەیەکی ناسکی بە لێوەوە بوو نیشانی دەدا یەک ددانی لەناو دەمدا نەماوە. هیچی لە باوکی پێست سپی بە میرات بۆ بە جێ نەمابوو. باوکی خەڵکی (ماساچوست) بوو. چەند ساڵ لە خانوویەکی سەر گردێکی دوورگەی هاوای ژیا بوو.

بە سەمای (هولا) پێشوازی لێ کردین، بەڵام بە زۆر دەیتوانی وەکوو خۆی دەیەوێ، ئاوها ورگی زلی بجوولێنێ.

ئەنگوستەکانی لەراندەوەو دەستەکانی وەکوو خاچ لەسەر سینگی داناو گوتی:

- ئەم جوولەیە، یانی: خۆشم دەوێی!

پاشان بازووەکانی جوولاندەوە دەتگوت کۆرپەیەک دەخەوێنێو گوتی:

- ئەمە، یانی: کۆرپەی ساوا!

ئینجا هەستایەوە سەر پەنجەی پێو دەستی بەرز کردەوەو گوتی:

- ئەمە، یانی: درەخت!

(هولا)ی ڕاستەقینە ئەمەیە، نەک ئەو ورگ هەژاندنەی لە دەرزی فێرکردنی سەمادا دیم. (هولا) زمانێکی جوانی ژنانە. بە جوولەی ناسکو ئاوازی نەرمو ئارام چیرۆکێکت بۆ دەگێڕێتەوە.

(ماری کاونا یو کی) بە بێزاری گوتی:

لـە جێگـای داروودرەخـت بینـای هـەوربڕیان دروسـت کـرد، (هولا)یـان لـە رەگـو ریشەوە دەرهێنـا. زمانەکەیان لـەناو بـردین. لـە هاوای، بـە منـداڵ دەڵـێن (گـوڵ)و بـە رق دەڵێن (گـەرداو)و بـە باران دەڵـێن (سـەمای پەلکـە گـوڵ)... بـەلام ئـەم گەلحۆیانـە وشـەی (children)و (anger)و (rain)یـان لـە جێـی ئـەو نـاوە خۆشـانە دانا.

ئەوسا کۆڵە مستێکی لە قەفەزی کتێبخانەکە کوتاو گوتی:

فایدەی چییە من خۆم لەناو ئەم موزەخانەیە بەنـد بکـەمو ئـەم کتێبانە بنووسم؟! زینـدوو راگرتنـی دڵێـكو لەتـە نەهـەنگێکی مـردار دەرمـانی چ دەردێـك دەکـا؟! شـەو، خـەون بـەو رۆژانـەوە دەبیـنم کـە منـداڵ بـوومو لـەناو گـردو تەپۆلکـەکان دەژیـام. دایکـم دەچـووە راوو بـاوکم (لوئـو)ی دروسـت دەکـردو سـاڵێ جارێـك هـەموومان بەشـداری ئاهـەنگی (مـا کـا هـی کـی)مـان دەکـرد. ئەشـقو ئـەوینمان بـە یـەك دەبەخشی، بەلام ئەمڕۆ ئەم وشەیە بـووە بـە جـوێن. هـەر کەسـێ ئـەم وشەیەی بەسەر زماندا بێ جەریمە دەکرێ. ئـاخر بۆچـی؟!جـوێن ئـەو پێشکەوتنو ئازادییە ساختەیەیە کە پێی دەڵێن (سەربەخۆیی).

ئەو کاتە خەڵك رێزی یەکتریان دەگرت، کەچـی ئـەمڕۆ لـە یـەکتر دەترسن! ئەو رۆژگارە خەڵك بە لوتفو میهرەبـان بـوون لەگـەڵ یـەك، کەچی ئەمڕۆ لەگەڵ یەك ناحەوێنەوە! زەمـانی مـن ژنو پیـاو هـەموو خوشـكو بـرا بوونو لـە مـافو ئەرکدا وەکـوو یـەك وا بـوون، کەچـی ئەمڕۆ ئەودندەمان دروشمـی یەکسانی داداوە نـاکۆکی کەوتۆتـە بـەینی

ئاخ!... کچم! دەزانم تۆ ئەمڕۆ بە دوای چ تەرحە کچێکدا دەگەڕێی؟!...دەتوانی زۆر ژنی جوان و سەردەمانە ببینی، بەلام هەرگیز ژنێکی بەختەوەرو کۆنیان لەناو نابینیتەوە!

بڕوام بە هەموو قسەکانی (ماری کاونا یو کی) نەکرد. دەمدی هەموو مرۆڤە بە ساڵاچووەکان هەمیشە بۆ رابردوو دەگریان. وەك ئەوەی وشەی (دوێنێ) بە مانای باش و وشەی (ئەمڕۆ) بە مانای خراپ بێ. من هیچ گومانم نییە رابردوویش لایەنی خراپەی خۆی هەیە. بە لای منەوە ئەم داخ خواردنە زیادە بۆ رابردوو، شتێکی گاڵتەجارییە!!

بیل دەیگوت:

- بۆ دۆزینەوەی ژنی رەسەن و راستەقینەی هاوایی دەبێ پشوومان درێژ بێ و چەرخەیەك بەناو دوورگەکاندا لێ بدەین.

دەیگوت:

- زۆربەی دوورگەکان سیماو شۆپی رۆژگاری رابردوویان لەناو چووە.

ئەوە بوو بەناو دوورگەکاندا کەوتینە گەڕان.

(نوموتا کا ئو ئای) نیو سەعات زیاتر بە فڕۆکە دوور نەبوو. بیل پێشنیاری کرد لە (کا ئو ئای)یەوە دەست پێ بکەین. لەوێ لێڕ تا کەناری دەریا داکشاوەو بە لیتەی ئاگرپڕژێن ڕەش هەڵگەڕاوە، تاڤگە لەسەر کێوی سەوزەوە دەڕژێتە خوارێ و گوڵی (نورکیدە) ئەوەندە تەڕو ناسکە پەلکێکی لێ بکەیتەوە، شیلەیەکی پەیتی وەکوو جەلاتینی

لێ دێته دەرەوە.

ژنێکی لێ بوو ناوی (برنیج لانیو ما بەندەلی) بوو. هەموو پێیاندەگوت (پوورە برنیجە). (پوورە برنیجە) کاتی خۆی قەرەواشی شاژن (ئیما)ی دوا شازادەی هاوای بوو. (فەرمانگەی هێلی هەوایی هاوای) وەکوو دیاردەیەکی مێژوویی‌و پسپۆرێکی خۆراك دانی پێدا نابوو. تەمەنی نەوەد ساڵ بوو. ماڵی لەسەر تەپۆلکەیەك، لەناو خانوویەکی داری سپی بوو. لە هەیوانەکە لەسەر کورسییەکی هەلۆرکە دانیشتبوو. (مومو)یەکی لەبەر بوو. لەشی چورچ‌و ئێسکنی لەناو جلی فش‌و فۆلی شل‌و شۆق دیار بوو. هیچ لە قارەمانی کتێبی (ستیڤنسن)ی نەدەکرد. زیاتر لە شاژنی (بالتا)ی گاوانی دەکرد. پوورە (برنیجە) هەوڵی دا شتی رابردووی بیر بکەوێتەوەو بە چرپە گوتی:

- ئا ه !! ... ئیتالیا!... ئیتالیا!

کە سەیرم کرد (چیللیا گاریبالدی)م بیر کەوتەوە. رۆژی هەوەڵ کە بۆ سەردانی چوومە (کایر را) جگە لە خۆی‌و شوان‌و گاوان‌و رەشە وڵاغ‌و پەزو گۆڕی باوکی، هیچ شتێ لە دوورگەکە نەمابوو. بەڵام لەو رۆژەوە کە گەشتیارەکان بەو دوورگەیان زانی‌و هاتن چادریان لە کەناری دەریا هەڵدا، ئەم پیرەژنە ئەوەندە نارەحەت بوو، وردە وردە مێشکی تێکچوو. جیاوازی نێوان (گاریبالدی)و پوورە (برنیجە) ئەوەیە: (گاریبالدی) لە نەژادی خاووخلیچك‌و دانیشتووی بەر سۆبەیە، کەچی پوورە (برنیجە)، بابە گەورەکانی مرۆڤی جەنگاوەرو هەتاوگەستی بوون.

دوای چەند خولەکێ، پوورە (برنیجە) بە قسە هات‌و گوتی:

- سەربازی گەڕناس و بەناوبانگی ئیتالیا چۆنن؟!

نەمزانی چی وەڵام بدەمەوە:

- باشن... ئێوە چۆنن؟!

- گەرداو حەجمانی لێ بڕیوم!! چەند ساڵە دوعا دەکەم و دەپاڕێمەوە ئەم فرۆکەخانەیە کاول بکا، کەچی دێ تەنیا بانی کووخی من هەڵدەتەکێنێ!!

- بۆچی دوعا دەکەی فرۆکەخانە کاول ببێ؟!

- بۆ ئەوەی مرۆڤی وەکوو ئێو نەیەنە ئێرە سەخلەتم بکەن. من لەندەهۆر نیم وەکوو (موبی دیك) بێنە تەماشام!!

گوتم:

- ببوورە کە سەخلەتمان کردی...

لە جێی خۆم هەستام بۆ ئەوەی بڕۆم، بەلام پوورە (برنیجە) توند مەچەکی گرتم و لەسەر کورسی دانام و گوتی:

- خۆت گەوج مەکە... تازە مادەم هاتووی، نابێ بڕۆی... بڵێ چت لە من دەمەوێ؟

زۆر بە کورتی مەبەستی سەفەری خۆمم تێگەیاند. وەڵامی دایەوە:

- ئای لە ئیشی وا پڕو پووچ؟! تۆ ئەوەندەت بەسە بچیتە (نیویۆرك)... بەڵام مادەم ئەوەندە هێڕو هوڕی، حەز دەکەم یارمەتیت بدەم. تەلەفۆن بۆ ( گلادیس براندت) دەکەم.

- (گلادیس براندت کێیە)؟

- ژنێکی خەڵکی هاوایە. دەتوانی ئەو زانیارییەی دەتەوێ لێی

وەربگری. چەندەلێدانی پیرەژنێکی وەکوو من و (ماری کاونا یو کو نی) چ دادت دەدا!؟ ئێمە ئیتر نوێنەری هیچ نین. وا چاکە بچیتە لای گەنجان، هەی کچی هیرو حۆل!

بۆ ئەوەی یارمەتیم بدا، ئاوها بەردەوام جوێنی پی دەدام، ئەگەر نا مەبەستی شکاندن و سووکایەتی نەبوو. بیل دەیگوت زۆربەی بەختیارەکانی هاوای ئاوها رووقایم و دەم شڕن!! کە کەیفیان هەڵدەستێ، جوێن دەدەن. لە هیچ شت و هیچ کەسی ناترسن و کە پێکەنینیان دێ، قاقا لە ناخی دڵەوە پێدەکەنن، بەڵام بە پێچەوانەوەی ژنانی ئەمڕۆ، میهرەبان و دڵپاکن.

کە لای پوورە (برنیجە) رۆیشتین هێشتا هەر بە بێ ئەقڵیی ئێمە پێدەکەنی. ئێمە لە گەڕان و پشکنینی خۆمان بەردەوام بووین کە دەم بە دەم پڕوپووچتر دەردەکەوت.

(گلادیس براندت) بەڕێوەبەری ئامۆژگایەك بوو لە(لهیو). ژنێکی جوان و خاتوون و دڵبەر بوو. سووتی لەبەر بوو. وەکوو زۆربەی ژنە هاوڕەگەزەکانی خۆی کەپوو پان و ددان سفت و سپی بوو. بە عەینەکی چاوییەوە دیار بوو کارەکەی کارێکی بەڕێوەبەرایەتی بوو. هەرچەندە ناوێکی ئەوروپی لێ بووو ژنە راهیبێك ناوەکەی لێ نابوو، هیچ نیشانەی خوێنی بێگانەی تێدا نەبوو. لە تەمەنی چواردە ساڵیدا، شووی کردبوو. تا تەمەنی شازدە ساڵی لە گەڵ مێردەکەیدا لەناو جەنگەڵ دەژیا. ئێستا تەمەنی سی و هەشت ساڵە و لەو تەمەنەدا ئەوەی هەیە. لەم ساڵانەی دواییدا، رووداوی جیا جیای بەسەر هات و زۆر شتی تێدا گۆڕی بۆیە دڵی لە جەنگەڵ هەڵکەندو هاتە شار.

دەستی بە خوێندن کرد. ئێستا سووت لەبەر دەکا. سەرۆکی خاچی سووری (کوای)یە. (ئەنجوومەنی لایەنگری پێشکەوتنی ئابووری هاوای) بە ژنێکی شایستەی داناوە. بێگومان ئەم شتانە هیچیان سەرسامیان نەکردم. خۆی بۆی باس کردم:

- لە کۆمەڵی هاواییدا، ژن هەمیشە لەگەڵ پیاو یەکسان بووەو یەکسانە. تەنانەت لە دەسەڵاتی وڵاتیشدا ژن‌و پیاو، واتە شاو شاژن، بە قەدەر یەك دەسەڵاتیان هەیە. ئاڵایەکی ئەمریکی لەسەر دەرگای ئامۆژگاکەی هەڵدرابوو. پێی گوتم: هەر کاتێ بتەوێ ئامادەم شاگردەکانم بێنم بۆ جێگایەکی ئەم دوورگەیە، بۆ ئەوەی وێنەیان بگرین. خۆی ئەمەی پێ خۆش بوو، هاوکاریی لەگەڵ هێلی هەواییش دەکرد. چەندشاگردێکی دەست نیشان کرد. هەموو سوور بوون جلی (سارونگ) لەبەر بکەن چونکە بە یاسای شارەوانی کچانی (کوای) دەبێ تەنیا بە جلی (سارونگ) وێنە بگرن! هەر چەندە ئەم تەرزە جلە لە ناو دوورگەی هاوایش رەواجی نەماوە. بڕیارمان دا دوای وێنەگرتن شاگردەکان بۆ فراوین ببەینە میوانخانەی (کوکونت پالمز) کە تایبەتە بە ملیاردێرەکانی ئەمریکا. شاگردەکان زۆریان پێ خۆش بوو چونکە (روسانو براتسی) لە کاتی دەرهێنانی فلیمی (ئۆقیانوسی ئارامی باشوور) لەم میوانخانەیە دابەزی بوو. زۆریان حەز دەکرد زووری خەوتنی (روسانو براتسی) ببینن. کەوتنە پرسیار کردن لە من:

- تۆ (روسانو براتسی) دەناسی؟

- برادەرتە؟ ئای خۆزگەم بە خۆت!!

- ئایا (هولیوود)ت دیوە؟

- ئاری!!

- ئای خۆزگەم بە خۆت!!

ئەم کچانە ئەمریکایان نەدی بوو. بەڵام هەموو بە پەرۆشەوە بوون بچنە ئەمریکا! هەندێکیان حەزیان دەکرد کارێك لە ئەمریکا پەیدا بکەن و هەندێکی تر خەیاڵپلاوتر بوون دەیانەویست بچنە پاریس و (جان پۆل سارتەر) ببینن. زۆر بەبێ پەردە باسی وجوودیيەتیان دەکرد. بە هەمان شێوەیش خۆیان لەبەر دەم کامیرای (دویلیۆ) رێك دەخست بۆ ئەوەی وێنەیان بگرێ. ئەویش وەکوو دیقلی بوغرای ناو رەوە مریشکێك دەهات و دەچووو وێنەی دەگرتن. زۆربەی کچەکان دەم و چاو پان و لەش و لار ناسك و قژ پڕ و درێژ بوون.

پاکییەکی سەیریان تێدا بوو:

(پریشتی لا) لە تیرەی پێست سوورەکان بووو بەوانیش دەچوو.

(بتی لو) لە نەژادی چینی بوو، شکلی چاوی وەکوو چاوی ئەوان وابوو.

(فلۆرانس) پێست رەش و (جین) بە رەچەڵەك دەچووەوە سەر پورتوگالییەکان.

نەمزانی پوورە (برنیجە) بۆچی منی رەوانەی لای (گلادیس براندت) کرد؟ کچەکانی ئامۆژگاکەی رێك وەکوو کچی ئەمریکی وا بوون، هیچ شتی نوێیان بۆ من پێ نەبوو.

کە گەیشتینە کەناری دەریا، ژنێکی ماسیگری (پولینیزی)مان بینی ناسیاوی بیل بوو. شاگردەکان هەموو گاڵتەیان پێ دەکرد. قاچێکی لەڕو دەم و چاوێکی پیاوانەی هەبوو. زۆر لە پەیکەرە دارینەکانی موزەخانە (هونولولو)ی دەکرد. ئێستایش بە بارانی

دەگوت: (سەمای پەلکە گیا.)و بە رقی دەگوت: (گەرداو). قەت هەوڵی نەدابوو خۆی فێری زمانی ئینگلیزی بکا. لە ئینگلیزی تەنیا وشەی: ( لوسی مایکا)ی دەزانی. بیل گوتی:

- داماو لوسی! هیچ گوێ بەم گەوج و گێلانە نادا! بەدبەختی لەوەدایە منداڵەکانی خۆیشی گاڵتەی پێ دەکەن و پەستن کە بیرکردنەوەی کۆنەپەرستانەیە. دوو منداڵی رایان کردووە بۆ ئەمریکاو تەنیا چەند وێنەیەکی خۆیان بۆ بە جێ هێشتووە. هەر کاتێ چاوی بە وێنەکان دەکەوێ، سۆزی هەڵدەستێ و دەگری.

بیل سەلامی لە لوسی کرد:

- ئالو، ها ! لوسی مایکا دی !

لوسی وەڵامی دایەوە:

- ئالو، ها بیل!

لە بیلی پرسی داخۆ من ژنێکی پێست سپیم؟!

کە بیل وەڵامی دایەوە: بەڵێ، بە تووڕەیی چاوی لێ زەق کردمەوەو چووە لای کەچە ترومبێلە ژەنگاوییەکەی.

لە بیلم پرسی:

- بە ترومبێلیش نەچێتە راوە ماسی؟!

بیل وەڵامی دایەوە:

- با، بەدی!!

لێرەدا زانیم لە سەفەری (کا نو نای) ش بە دەست بە تاڵی دەگەڕێمەوە. کە لوسی مایکا رۆیشت، بە بیلم گوت:

- با بەیانی بچینە دوورگەی هاوای!

له (كوونا) سێ ژنی رەسەنی هاوایی چاوەڕێیان دەكردین. ناویان (سادی سایمور)و (فانی كانها یو)و (ئیرما لیكی) بوو. تەمەنیان له نێوان چل ساڵیو پەنجا ساڵیدا بوو. مومویان لەبەر بوو. زۆر میوانپەروەر بوون. (سادی) بابۆڵەیەكی زۆری بۆ سەیرانی كەناری دەریا دروست كردبوو. (فانی) جێبەكەی خۆی هێنا بوو بۆ ئەوەی پێ به ناو دوورگەكەدا بگەڕێین. شتاق نەیاندەزانی ئێمه بۆچی هاتووین؟ وایاندەزانی دەمانەوێ دورگەكه ببینین. به جێب ئێمەیان به ناو شینایی قاوەدا گێڕا. كۆشكێكی داریان نیشان داین هی شاژنێكی دێرین بوو. له ژێر (لوهان)ێك وێنەیان گرتین. درەختێكیان نیشان داین گەلاكانی شینی ئاسمانی بوون. ئاخیری خەناوكەیەكی سەدەفیان پێشكەش كردین. كه زانییان بۆچی هاتووینەته دوورگەكە، هەر واقیان ورما!! گوتیان ژنی ئەوێ ئەوەنده له ژنی ئەمریكی جیاواز نین. رەنگه هەموو جیاوازییەكەیان ئەوەبێ دەتوانن به كەیفی خۆیان له قاقای پێكەنین بدەن، چونكه له ئەمریكا ژن به هۆی كەش و سەقای ئەوێ هەمیشه نەختێ ساردن.

پرسیارم لێ كردن گوزەرانیان لەسەر چییه؟... هیچ كامیان كارێكی وای نەبوو. (ئیرما) بەرازی بەخێو دەكرد. (فانی) مەیتەری ئەسپی سواری بوو. (سادی) له شینایی قاوه ئیشی دەكرد.

پرسیم داخۆ مێردیان هەیه؟ یان نا؟

وەڵامیان دایەوە: نا.! هەرسێكیان خۆیان به مێردیان تەڵاق دابوو. بڕوایان وابوو به تەنیا بن لەوە باشترە لەگەڵ ئەو جۆرە مێردانەدا بن. هەروەها گوتیان:

- زۆربەی ژنەکانی ئەم دورگەیە بە تەنیا دەژین.

گوتیان: هاوای گەورەترین شوێنی قەیرە کچی ئەمریکایە. چەند ساڵە ژمارەیەکی زۆری پیاوەکانی کۆچیان کردووە بۆ وڵاتی تر.

پرسیارم کرد:

- (فانی) من تێناگەم پیاو بۆچی لێرە کۆچ دەکەن؟ ئێرە زەوییەکی بە پیتو بەرەکەتی هەیە، بەروبوومو داهاتی زۆر باشە، ئاووهەوای زۆر خۆشە! جگە لەوەیش، باشە ئێوە بۆچی لەگەڵیان ناچن؟!

(فانی) تەماشایەکی (ئیرما)و (سادی) کرد وەك ئەوەی بیەوێ رایان وەربگرێ راستیم پێ بڵێ، یان نا!

(ئیرما) لە باتی ئەو وەڵامی دایەوە:

- من بەش بە حاڵی خۆم بۆیە وازم لە مێردەکەم هێنا چونکە تاقەتی پەیوەندی زایەندوجووتو بوونی لەگەڵما نەمابوو! دەیگوت ناتوانم لەگەڵ هیچ ژنێ بخەوم کە لەم دورگەیە لە دایك بووبێ.

(فانی) گوتی:

- مێردی منیش هەروا!!

(سادی) گوتی:

- مێردی منیش!!

ئایا ئەدی ئەوە راستە ئێوە تاقەتی پەیوەندی زایەندیتان لەگەڵ مێردەکانتان نەماوە؟!

(سادی) بە کزی گوتی:

- ئوم... نا... راستە ئێمە نەختێ گۆڕاوین، بەڵام چی تێدایە؟

پیاوەکانمان توندو رەقەکارن! ئەوان دەیانەوێ ئێمە وەکوو داپیرانمان هەمیشە خۆمان لە ماڵەوە بەند بکەین. خۆیشیان کاتێ رۆژئاوا دێنەوە ماڵێ، ئەوەندە ماندوون، تاقەتی هیچیان نییە. ناتوانن یەک خولەک بۆ ئێمە مانان تەرخان بکەن. بە رۆژ ئەوەندە کار دەکەن روحیان لەبەردا نامێنێ. ئاخیری ئێمەیش ناچار دەبین داوای تەلاق بکەین. پێشکەوتنی شارستانیی مافی تەلاقی پێداوین، بۆچی ئەو مافە بە کار نەهێنین؟!

ئای لەو ئەقڵە!! بە کار هێنانی مافی تەلاق؟!! واتە زیاد کردنی ئەو هەزاران هەزار بێوەژنەی لە (شیکاگۆ)و (نیویۆرک)و ( شانگهای)و شارەکانی تر خەریکە لە تەنیایی دیق دەکەن.

نەخێر...لە هاوایش وەکوو (موری)و (مو سو کای)، ئەوەی عەوداڵی بووین دەستمان نەکەوت. تەنیا دوورگەی (نیهو) مابوو. ئەویش لێ نەدەگەڕان کەس بچێ.

(نیهو) بچووکترین دوورگەیە لە هاوای. تەنیا دوو سەدو سیو هەشت کەسی لە نەژادی رەسەنو نەگۆڕاوی (پولینیزی) تێدا دەژی. خاوەنی دوورگەکە ناوی (ئالیمەر روبنسن)ەو ئەم دوورگەیەی لە داپیرەی (ئیلیزا سنیکلەر) بە میرات بۆ ماوەتەوە. (ئیلیزا) یەکێ بوو لە ملیاردێرەکانی (بوستن). ساڵی هەزار هەشت سەدو شەستو چوار، ئەم شوێنەی بە نرخی دە هەزار دۆلار لە دەولەتی هاوای کڕی. هەموو باسیان دەکرد دەیانگوت: خەلکی ئەو دوورگەیە وەکوو پێش سەد ساڵ دەژین. پارە لەوێ نییە. لە باتی پارە شت بە کەروێشک ئاڵو گۆڕ دەکەن. کڕینو فرۆشتنی خواردنەوەو جگەرە قەدەغەیە. بە ئەسپ

هاتوچۆ دەکەنو بە بێ زین سواری دەبن.

لە (نیهو)، قوتابخانەو قەشەو پاسەوانو رووسپیو دزو زیندانو نەخۆشی نییە. لەم پەنجا ساڵەدا، تەنیا دوو سێ حاڵەتی ریخۆڵە کویرەو برینی گەدەی تێدا دیتراوە. ئەم دوورگەیە بەریدی تێدا نییە. ئەوەی بیەوێ خەبەرێ بۆ یەکێ رەوانە بکا، خەبەرەکە لە قاچی کۆترێك دەبەستێ بۆ ئەوەی بیگەیەنێ.

ئەمە هەمووی سەخمەراتی ئەوەیە (ئالیمەر روبنسن) پیرەمێردێکی شاعیرەو حەز دەکا ئەم دوو سەدو سیو هەشت کەسە (پولینیزی)یە لە ژیانی پیسی ئەمرۆ دوور بخاتەوەو نەژادو رەچەڵەکیان بە پاکی بپارێزێ.

خەڵکی (نیهو) کەسیان هەقی نییەو ناتوانێ بەبێ روخسەتی (ئالیمەر) لەو دوورگەیە بچێتە دەرەوە. ئەگەر یەکێ بێ روخسەتو بە قاچاغ بچێتە دەرەوە، ناتوانێ جارێکی تر بگەرێتەوە. لە دەرەوەیش، هیچ کەس مافی چوونە ناو ئەم دوورگەیەی نییە. رێگای چوونە ئەم دوورگەیە دەچێتەوە سەر خنکان، یان دابەزینی ناچاری بە چەتری رزگاری.

لە کاتی هێرش کردنە سەر پێرل هاربەر، فرۆکەوانێکی ژاپۆنی لەو دوورگەیە دابەزیو خەڵکەکە وەکوو بەراز سەریان بڕی. جارێکی تر پەیامنێرێك ویستی بچێتە ئەو دوورگەیەو سێ رۆژ خۆی لەناو تەڕاشان شاردەوە، بەڵام دۆزییانەوەو ئەگەر ئالیمەر روبنسن نەبایە ئەویشیان وەکوو فرۆکەوانە ژاپۆنییەکە دەکوشت. بێگومان دەوڵەت ئەم کارەی لێ خۆش نایەو دادپەروەریی گشتیی هونولولو ماودیەکە لێ

دەکۆڵێتەوە بزانێ داخۆ دەوڵەت ناتوانێ بە پێی یاسا کاریگەرییەك بخاتە سەر ئەم دوورگەیە؟! ئەم دوورگەیە یەکێکە لە دوورگەکانی هاوایو بەشێکە لە خاکی هەرێمی پەنجایەمینی ئەمریکا. هەر ناو بە ناو کۆشکی سپی چەند کەسێك دەنێرێ بۆ ئەوەی لەم دوورگەیە بکۆڵنەوە، بەڵام لێکۆڵینەوەکە هەرگیز سەری نەگرتووە چونکە تۆژەرەوەکان یان تووشی نەخۆشی هاتوون، یان دەستیان لە کار کێشاوەتەوە.

(ئالیمەر روبنسن) پارەی زۆرە. دەزانێ چۆن رێ لە هاتنی ئەمانە بگرێ بۆ دوورگەکە. تەنیا یەك تۆژەرەوە بە بەرتیل رازی نەبوو. ناوی (کلیفتن ئاشفرید) بوو. ئەم تۆژەرەوەیە پەیامێکی باوەڕ نەکردەنی بۆ (ئایزنهاوەر) ناردو پێی گوت هیچ پیاوێکی ئەم دوورگەیە عەسکەری نەکردووە. (ئایزنهاوەر) بڕیاری دا لەم مەسەلەیە بپێچێتەوە بەڵام لەبەر سەرقاڵی لە بیری کرد.

زۆرم مەراق بوو بچمە دوورگەی (نیهو). لە دونیادا، تەنیا ئەم دوورگەیە بە بەختەوەری ماوە. (ئالیمەر روبنسن) رازی نەبوو بچم. رێی هیچ کەسی نەدەدا. ئیتر هەوڵم دا ئەوەندەی بۆم بکرێ لە دەرەوە زانیاری لە بارەی دوورگەکە کۆ بکەمەوە. دەستم بە پرسینو لێکۆڵینەوە کرد. هەرچەندە (روبنسن) لێنەگەڕا دوورگەکە ببینم. بەڵام لە دڵەوە ئەم کابرایەم زۆر خۆش دەویست. کاری شاعیرانەو بۆچوونە سەیرەکانی زۆر لە منەوە نزیك بوو. دوورگەکەم خۆش دەویست. بیرم لە ژنەکانی دەکردەوە کە ئازادو بێ کۆتو بەندن، چۆنیان بوێ وا دەژین. مانای کۆیلایەتیو بایی بوون نازانن. وەڵامی

هەموو پرسیارێکی دونیا دەدەنەوە.

کە گەڕاینەوە (کوونا)، چوومە لای ئەو پەیامنێرەی چووبووە دوورگەکەو ئەوەندەی نەمابوو گیانی خۆی لەسەر دابنێ. پاشان چاوپێکەوتنم لەگەڵ (کلیفتن ئاشفرید) کرد. ئەوە بوو کە دەنگو باسی دوورگەکەی بە (ئایزنهاوەر) گەیاند. ئەرشیفی رۆژنامەکانە هونولولو گەڕام بەڵکوو خەبەرێك، یان وتارێك لە بارەی دوورگەکە بدۆزمەوە. ئەنجام ئەمە بوو:

- ئەو دوو سەدو سیو هەشت کەسەی لەو دوورگەیە دەژین لە ئەژادی رەسەنی (پولینیزی)ن. هەموویان، یان کاوبۆی لەبەر دەکەن، یان مومو. (ئالیمەر روبنسن) جلیان بۆ دەکڕێ چونکە دەیەوێ چاوی نامەحرەم بە لەشی رووتی ژنەکان نەکەوێ. خۆی زۆر رەوشتپەروەرە. چەند قوتابخانەیەکی سەرەتایی بۆ فێر کردنی زمانی ئینگلیزی لە دوورگەکە کردۆتەوە. مەسەلەی کۆتری نامەبەریش تەنیا گاڵتەیە( کۆتری نامەبەر شتێکی راستەقینەیەو هەیە، بەڵام دەبێ بزانین مەسەلەکە چۆنە- وەرگێڕی کوردی). (ئالیمەر روبنسن) هەموو حەفتەیەك کەشتییەکی بچووکی پڕ قوتووی ساردینو ئاوی میوەو رۆژنامەی وەکوو (تایم)و (نیویۆرك) بۆ ئەو دوورگەیە دەنێرێ. ژنەکان ئەختێ هەژارترو ئەختێ ئەخوێندەوارترن لە (لوسی میکای). داوایان لە ( ئالیمەر روبنسن) کرد پاترییەکیان بۆ بێنێ. ئەویش بۆی هێنان. خۆیان مەکینەی جل شووشتنیان داهێناوە. بە پاترییەکە ئیشی پێ دەکەنو ئەگەر ئەفتیان هەبێ، بە ئەفت ئیشی پێ دەکەن. کە پاتریەکە لە کار دەکەوێ، رادیۆی پێ بە ئیش دەخەنو گوێ لە

دەنگ و باسی دونیا دەگرن. راستە، هەر کەسێ لە دوورگەی (نیهو) بچێتە دەرەوە، مافی گەڕانەوەی نییە، بەڵام خەڵکەکە زۆربەیان گوێ بەم مەسەلەیە نادەن. جاروبار دەچنە (کو وای)و دێنەوە. پیاوەکان شاگردیی دەکەن و ژنەکان لە کارگەی قوتووبەندکردنی ئەناناس کار دەکەن.

(نالیمەر روبنسن) زۆر رەفەکار نییە. هەندێ جار کاری سەیرو سەمەرەی لێ روو دەدا لەگەڵ رەق و سەختی خۆی ناگونجێ. بۆ نموونە، بە بەلەمی خۆی ژنی زایمان بۆ منداڵبوون رەوانەی نەخۆشخانەی (کو وای) دەکا. زۆربەی ژنەکانی (نیهو) لە (کو وای) منداڵیان دەبێ. دەڵێن ژن لەوێ بێ ژان و ژوور منداڵیان دەبێ.

ژنی (پولینیزی) زۆر بە شەنگ و تاقەتن. تا چەند ساڵێ پێش ئێستا، کە دەهاتنە سەر منداڵبوون، دەچوون لە ناو چڵ و گەڵای لێر منداڵەکەیان دادەنا و بۆ بەیانی، بۆ شوکرانەبژێری خودا، سەمای (هولا)یان دەکرد، بەڵام ئەمڕۆ حەز دەکەن بێ دەردو ژان منداڵیان ببێ.

+ + +

زۆر بە شادو گوشادی گەڕامەوە ئوتێل. دونیا ئەوەندە گەرم بوو دەتگوت چلەی هاوینە. جلی ئاوریشمم بە لەشەوە نووسا بوو. دار خورما دەتگوت دەستەو بەرەو ئاسمان بەرز بۆتەوە. شەپۆلی دەریا بە تاوێری کەنار دەکەوت و ئاوازێکی خۆشی لێ هەڵدەستا. ئەم بەشەی گەشتەکەمان بە لایەنی کەمەوە ئەو سوودەی تێدا بوو جوانترین و خۆشترین شوێنی دونیامان دی. کونەبا (مبردە) ژوورەکەی فێنک

کردبوومەوەو سارنجۆك(سەلاجە) پڕ میوەو خواردنـەوەی سارد بـوو.
یەك ڤوتوو ناوی نەناناسم فڕ کـردو نامەیـەکی سوپاسـم بـۆ (نیرمـا)و (سـادی)و (فـانی) نووسـی. دەمزانـی هەوەسیان پـێ دێ. ئینجا بـانگی (دویلیـۆ)م کـردو گـوتم دەمــەوێ بــۆ فــراوین بـچینە (ویلـو) کـە بەناوبانگترین چێشتخانەی (هاوای)ە لە (نواهیو)و خاوەنەکەی ژنێکی ئینگلیزییە بە ناوی (کاتلین پەری).

ئەو شەوە، (کاتلین پەری) شێوێکی تایبەتی سەروی لێنا بـوو کـە دەبێ لەسـەر عـەرد دابنیـشیو بـە کەوچكو چـەنگاڵ بخۆی. کەلەشە بـەرازێکی سـاغیان لـەناو قـومی داغ برژانـد بـووو گـەلای مۆزیـان بەسـەرداکردبوو. هێنایـان لەبـەر دەم میوانـان دایاننـا. وەکـوو فلیمـی مۆسـیقایی کـە لـەبارەی دەریاکـانی باشـووری دونیـا دەریـدێنو بابەتەکـەی ئەشـقو زەماوەنـدکردنی کەشـتیوانەکانە لەگـەڵ کـچی هاونیـشتمانی، ئـەم دیمەنـە ئاوها ئیشتیای گەشتیارەکانی بزوانـدبوو! زەوقیان کرابووەوە. وەکوو منـداڵ قاقا پێدەکـەنین. لـەزگ بـوو گـوڵی (ئیبیسکوس)ی ئەڵقەی ملیان لەگەڵ خواردنەکە بخۆن.

دوای چەند سـەعاتێك تاقـەتمان چووو بـۆ خواردنـەوەی شـەرابی سکوت چووینە دیسکۆیەکی هاوای. لەوێ، نـەدەبوو لەگـەڵ کوڕو کچی گەنجی هاوای سەما بکەین. من لەگەڵ کوڕێکی قژ سیس سەمام کرد لە ئەنگلناسی دەیخوێنـدو هاوسـەمای (دویلیـۆ)یـش کـچێکی قـژ خەنـەیی مامۆسـتای وەرزش بـوو. هـەردووکیان وەکـوو خـەڵکی رەشـەوەندی نـاو فلیمەکانی (هولیـوود) قـۆز بـوونو سـەمایەکی جوانیـان دەکـرد، تـەنیا ئەوەندە بوو نـەختێ زیـاد هەسـتو سـۆزیان دەردەبـڕی. هـەر بۆیـەش

ئێمە تێمانتەقاندو رۆیشتین.

هەر چەندە شەو لە نیوەی تێپەڕی بوو، فرۆشگاکان هێشتا دانەخرابوون. ئەوەند مەست بووین، یەك دونیا شتی پڕو پووچمان کڕی. ئەگەر پێکێکمان زیاتر بخواردایەوە، بێ شك دەچووینە سەر دەپی شانۆو شان بە شانی ئەو پیرە گەشتیارەی قژی خۆی مۆر کردبوو، سەمای (هولا)مان دەکرد.

دوای کەمێ بیل هات. دەمو چاوی تێکچوو بوو. دەتگوت کەسێکی مردووە. گوتی:

- سەلام، خانم!

گوتم:

- سەلام، بیل!

شەرمەزارم لەم گەشتەدا نەمانتوانی ئەوەی دەمانەویست بە دەستی بێنین!

- وا نییە: بیل! تۆ هیچ گوناهت نییە. سووچەکە سووچی خۆمان بوو... تۆ راستت دەکرد کە یەکەم جار گوتت: ژنی ڕەسەنی هاوای وەکوو ماسیو باڵندە ئەمڕۆ نەماون. ژنی ئەمڕۆی هاوای هەر ئەوانەن کە بە یەکەوە دیمانن. خۆ پرسە دانانێین؟! پێی ناوێ خۆمان نارەحەت بکەین!

لەگەڵ تاروباری بەیانی، لە (هونولولو) رۆیشتین. فەرمانبەرێکی ناناسایی گومرگ هەموو جانتاکانی سەراو بن کردین نەوەك تۆو، یان قینچکەی گوڵی ئورکیدە لەگەڵ خۆمان ببەین. قەدەغەیە ئەم جۆرە شتە لە دوورگەکە ببرێتە دەرەوە. من نەختێ تۆوی گوڵەکەم پێ بوو.

فەرمانبەری گومرگ پێی نەدۆزرایەوە. حەیف نەیدۆزییەوە!! ئەگەر بیدۆزیبایەوە، پاشان من ئەم هەموو ئەرکەم بەلاش پێوە نەدەکێشا. نە تۆو، نە قینچکە هیچی لە ئیتالیا سەوز نەبوو. تەنیا یەك قینچکە بوو بە بنە ئورکیدەیەکی گەورە بەڵام ئەویش گوڵەکانی ئەوەندە ورد بوون. دەبوایە بە زەرەبین بگەڕێی تا دەیاندۆزیتەوە.

فڕۆکەکەمان پڕ گەشتیار بوو. گوڵی ئورکیدەی تەعقیم کراویان لە ملدا بوو. دوای نیوەڕۆ گەیشتینە ( لۆس ئەنجلس). بۆ بەیانی ڕۆژی پاشی، لە نیویۆرك بووین. ئەو شوێنەی ژنەکانی لە ژنی هەموو شوێنێکی دونیا دەسەڵاتیان زیاترە. لەوێ ئاخیری، (دویلیۆ) بە مەرامی دڵی خۆی گەیشت. کچە دۆستەکەی برووسکەی هاتنی (دویلیۆ)ی پێگەیشتبوو. هاتبوو لە فڕۆکەخانە چاوەڕێی دەکرد. کچێکی ئەشمیلی قژ زێڕینی لەش‌و لار ناسك بوو!

ئەوەندە بە (شەکراوەکەم!... شیرینەکەم!... هەنگوینەکەم!...) (دویلیۆ) وشەباران کرد، من پاش چەند خولەکێ هەستم کرد وەکوو شتێکی چرمساوو ئاو لێ مژاوم لێ هاتووە. وام هەست دەکرد ئەم کچە وەکوو ژنێکی میهرەبانی ژاپۆنی، یان دایکێکی دڵسۆزی مالیزایی، یان ژنێکی ناسکی هیندی، یان ئافرەتێکی گوێڕایەڵی پاکستانی مامەلە لەگەڵ (دویلیۆ) دەکا، بەڵام دوای دوو خولەك، کە لە پشت سوکانی ئوتومبێل دانیشت، وەکوو هەموو ژنێکی ئەمریکی بوو بە دەکتاتۆرو خۆپەرست‌و بە (دویلیۆ)ی گوت قسەی لەسەر نییە دەبێ دوو ڕۆژ لە نویۆرك بمێنیتەوە چونکە بەرنامەم داناوەو تازە ماوەی چاو سوور کردنەوە نەماوە.

لە نیویۆرك هێشتا زستان بوو. سەرما دەگەیشتە سەر مۆخی ئێسقان. بە هەموو گیانم هەستم بە سەرما دەكرد. (لۆرین)ی كچە دۆستی (دویایۆ) باشی لێ دەخوری. بە بیست خولەك ئێمەی گەیاندە ناو جەرگەی (مانهاتان). لە ناو ترومبێل هەستم دەكرد وەكوو ئەو مندالە وام كە پشوویەكی خۆشی كۆتایی حەفتەی لە (لونا پارك) بەسەر بردبێ‌و ئێستا بگەڕێتەوە بەشی ناوخۆ. ترسی هەمیشەیی دایگرتمەوە: ترس لەو هەموو هەوبرە پیسە، ترس لە شەقامی سەرگێژكەرە، ترس لەو پیاوانەی دەرفەتی سەیركردنی یەك ژنیان نییەو وەكوو با بە تەنیشتتدا تێدەپەڕن! ترس لەو ژنانەی لەگەل پیاوان دەكەونە ملە...ئەمڕۆ هەزاران ژن لە ناو جەرگەی ئەم بیابانە، كە بە یەك پارچە نیۆن داپۆشراوەو هەرگیز تیشكی گەرمی خۆریان پێ ناكەوێ، لەگەڵ مێردی نامرادیان دەجەنگن‌و فەرمانیان بەسەردا دەكەن، بەڵام لە ناخی خۆیانەوە هەست بە تەنیایی دەكەن.

نیوەڕۆیان كە زەنگی فراوینی فەرمانگەكان لێ دەدا، ئەو ژنانە هەموو وەكوو تاقگەیەكی بە هاڕەو هاشەی غەمگین لە ژوورەكانیان شۆڕ دەبنەوە خوارێ‌و لەناو مەیخانەو لوقنتەكان لە دیار هەمبەرگەرێك‌و قاپە سەلاتەیەك دادەنیشن. لەگەڵ هەر قەپێكی لە هەمبەرگەرەكەی دەدەن، یان هەر گەلا خاسێكی دەیكرمێنن، هەوڵ دەدەن قسەیەك لەگەڵ ئەو پیاوە بكەن كە لەو بەرەوە، بەرامبەر هەمبەرگەرو سەلاتەكەیان دانیشتووە. ئاورینگێكیان لە چاو دەبێتەوە نیشانەی سوالكردنی خۆشەویستییە. بەڵام پیاوەكە وەڵامی ئەو چاوانە ناداتەوە چونكە لە مرۆڤەكەی ئەو دیو ئەو نیگایە دەترسێ. ئینجا

ژنەکان لە جێی خۆیان هەڵدەستن‌و خێرا پارەی خواردنەکە دەدەن‌و هەر شتێکی پێیان بوێ، لە فرۆشگا دەیکڕن‌و سەرنجیك لەو بەرهەڵبێنەیەی پیاوان دەدن کە تابلۆیەکی گەورەی لەسەر دراوەو لێی نووسراوە:

(بەرهەڵبێنەیەك بۆ مێردەکەت بکڕە کە لە چێشت لێنان یارمەتیت دەدا)

ژنەکان بێ کڕینی بەرهەڵبێنە دەگەڕێنەوە فەرمانگەی تاریکی خۆیان‌و درێژە بە خەباتی دژی رەگەزی پیاو دەدەن‌و سەرکەوتوویش دەبن. راستی ژنی ئەمریکی توانایەکی گەورەی نەپەنییان تێدایە شتی وا لە ژنی هیچ شوێنێکی تری دونیادا نییە. سێ چواریەکی هێزی ئابووری ئەمریکا لە دەست ژندایە. ئەم رەگەزە ناسکە خاوەنی لە سەدا شەست‌و پێنجی پشکی کارگەکان‌و لە سەدا حەفتای سیگۆرتەنامەکان‌و لە سەدا شەست‌و سێی دەفتەری پاشەکەوتن. یانی بایی دەوری سەد ملیارد دۆلار دەفتەری پاشەکەوت‌و حەفتا ملیارد دۆلار سیگۆرتەنامەو هەشتا ملیارد دۆلار پشکی پیشەسازی!

ژنی ئەمریکی لە بواری پیشەسازیشدا خۆیان سەلماندووە: ساڵی هەزارو نۆ سەدو پەنجاو هەشت، لە کاتی سەرژمێر دەرکەوت ژمارەی دەنگدەرانی ژن چوار ملیۆن‌و نیو لە ژمارەی دەنگدەری پیاو زیاتر بوو. واتە پالێوراوی سەرۆك کۆماریش دەبێ ژن رایان لێ بێ. ژن دەستیان بەسەر نزیکەی هەر هەموو بواری رۆشنبیری ئەمریکا داگرتووە: لە سەدا حەفتاو پێنجی مامۆستای قوتابخانە ژنن. بەڕێوەبەری لە سەدا هەشتاو چواری نیگارخانەی هونەری‌و تیاترۆو

لە سەدا پەنجاو هەشتی کارمەندانی سینەماو تەلەفزیۆن ژنن. پەروەردە کردنی منداڵ، ڕێکخستن‌و ڕازاندنەوەی ماڵ، هەڵبژادنی کارو جل‌و بەرگ، جۆری سەیران‌و وەخت بەسەر بردن‌و چەشنی خواردنی پیاوان، هەمووی ژن ڕایی دەکەن.

پیاوی ئەمریکی لەو ڕۆژەی دیتە دونیاوە تا دەمرێ، هەر فەرمانی ژن جێ بە جێ دەکا.

پیاوی ئەمریکی هەر لە منداڵییەوە دەبەنە مێشکییەوە کە لە ژن کەمترە چونکە هەر دایکە خزمەتی دەکاو میهرو خۆشەویستی پێ دەبەخشێ. ئەگەر هیچ گومانی لەم بارەیەوە هەبێ، کە چووە قوتابخانە، لەوێ، گومانەکەی دەڕەوێتەوە چونکە خانمی مامۆستا پێش هەموو شتێ فێری دەکا ئەوپەڕی ڕێز بۆ ڕەگەزی بەرامبەری دابنێ. کە پێڕاگەیشت‌و ژنی هێنا، ژنەکەی پایەی کۆمەڵایەتی لە خۆی باڵاترە! ئیتر هیچ گومانی لە بارەی باڵادەستیی ژنەوە نامێنێ.

لە ئەمریکا پیاوی ڕاستەقینە ژنەو ژن پیاوە!!

ژن لە ئەمریکا، پیاوێکە دەسەڵاتی لە پیاوەکانی دی زیاترە: دەتوانێ دەنگ بدا، بەڵام ناچار نییە ببێ بە سەربازو بچێتە جەنگ. چاوەڕێ دەکا پیاو لەناو هەڵکێش شەپقەی ڕێزی بۆ دابگرێ. کە دەستی پیاو دەگوشێ، دەستکێش لە دەست ناکاتەوە. ئەگەر دەزگیرانی هەبێ‌و دەزگیرانەکەی لێی بتۆرێ، دەتوانێ شکاتی لێ بکا چونکە بەڵێنی زەماوەندی پێ داوە، بەڵام دەزگیرانەکەی ئەو مافەی نییە. ژن ئەگەر تەلاق بدرێ، دەتوانێ داوای نەفەقە لە مێردی بکا، بەڵام پیاو مافی شتی وای نییە با ژنەکەی پارەداریش بێ.

لەو پەنجا ساڵەی دواییدا، پێشکەوتنی تەکنۆلۆجی ئەمریکا تەنیا یەك ئامانجی لەبەر چاو بووە: ئاسوودە کردنی ژیانی ژن!! هیچ کەس، تەنانەت یەك جوێنی بۆ پیاو دانەهێناوە. کەچی مەکینەی هیربار شووشتن و مەکینەی جل شووشتن بۆ یارمەتی ژنانان داهێنراوە. هیچ شت بۆ یارمەتی پیاوان نەکراوە کە هەر ئەوانیشن ئامێرەکانیان دروست کردووە. لە کاتێکا کە پیاو بۆ ئاسوودەیی ژنەکانیان رۆحی خۆیان دەردێنن، ژن دەست بە بەهرەو کاتی خۆیانەوە دەگرن بۆ ئەوەی بەهرەو تواناو دەسەڵاتیان لە جاران پتر ببێ.

هەر لەبەر ئەمەشە لە ئەمریکا، ژمارەی ژن لە ژمارەی پیاو زیاترە. ساڵی هەزارو نۆ سەدو سی، ژمارەی ژنان ملیۆن و نیوێك لە ژمارەی پیاوان زیاتر بوو. ساڵی هەزارو نۆ سەدو پەنجاو حەفت، ئەم ژمارەیە گەیشتە حەفت ملیۆن و نیو. لە ئەمریکا، بەرامبەر بە هەر سەد کچ، سەدو نۆ کوڕ دێنە دونیا. ئەم رێژەیە تا تەمەنی هەژدە ساڵی لە ناو کوڕو کچاندا دەمێنێ. لە هەژدە ساڵی تا بیست و چوار ساڵی، بەرامبەر هەر سەد کچ تەنیا سەدو سێ پیاو دەمێنێ. لە بیست و چوار ساڵی تا چل و دوو ساڵی، ئەم ژمارەیە دەبێ بە هەشتاو شەش پیاو بەرامبەر بە سەد ژن. لە چل و دوو ساڵی تا دوامینی عومر، شەست و پێنج پیاو بەرامبەر بە سەد ژن لە ژیاندا دەمێنێ...

لە زۆربەی وڵاتانی دونیادا ژن لە پیاو زیاتر دەژی چونکە بە پێچەوانەی ئەو بانگەشەی دەیکەن، ژن لە رووی جەستەوە لە پیاو بەهێزترە.

ژن لووەکانی بەهێزترو فشاری خوێنی نزمترو بەرگری فتریاتی

زیاتره.

له یەنگی دونیا، تەمەنی ژن له هەموو شوێنێکی دونیا زیاتره. ژنی ئەمریکی دەوری حەفتاو دوو ساڵ دەژی. ئەمە بەرزترین ناوەندیی تەمەنی ژنە لە دونیادا. بەڵام پیاوی ئەمریکی وا نییە. لە ئەمریکا، پیرەژن زۆرە، بەڵام پیاوی تەمەن سەرووی پەنجا ساڵی کەمە. فەرمانگەو چێشتخانە پڕە لە پیرەژن، بەڵام هیچ پیرەمێردیان تێدا نییە. مرۆڤ ئەم پرسیارەی بۆ دێ:

- باشە پیاو خۆیان لە کوێ شاردۆتەوە؟!

پیاو خۆیان نەشاردۆتەوە چونکە بەر لەوەی پیر ببن، دەمرن. پیاو ئەوەندە بە دروست کردنی ئامێری تازە بۆ ژنان شەکەت و ماندوو دەبن و ژن ئەوەندە بەردەوام سووکایەتیان پێ دەکەن هەموو تووشی دڵەستەو نەخۆشی شێرپەنجە دەبن. لە سەدا حەفتای پیاوان بەم دەردە دەچن!

لە سەرژمێر دەرکەوتووە پیاوی ئەمریکی لە پیاوی شوێنەکانی تری دونیا ئومێدیان کەمتر هەیە دوای چل پەنجا ساڵی لە ژیاندا بمێنن. ئەوان لە لە سەدا بیست و چواری پیاوی ئیتالی و لە سەدا پەنجاو پێنجی پیاوی سوێدی کەمتر ئەو ئومێدەیان هەیە. بێگومان کوژراوی ئەو جەنگانەیش حیساب نەکراوە کە ئەمریکا بەردەوام هەڵیاندەگیرسێنێ. بۆیە ئەمریکا پڕە لە بێوەژن. ئەمریکا بەرامبەر هەر ملیۆن و نیوێک بێوەمێرد، نۆ ملیۆن بێوەژنی تێدایە. ئەم بێوەژنانە لە هەموو دونیادا دەبینی. لە (ئیتالیا) و لە (نیس) و لە (پاریس)ەوە بگرە تا (مەیامی). ئەمانە بە پێچەوانەی بێوەژنەکانی

هیندو وڵاته جیاجیاکانی تر کلۆڵو بەدبەخت نین! ئەمانە سامانی مێردە داماوەکانیان بە میرات بۆ ماوەتەوە کە بە یەك عومر پاشەکەوت، کۆیان کردۆتەوە. ئەم بێوەژنانە دەیانەوێ تا پێیان بکرێ چێژ لە ژیانی خۆیان وەربگرن. بۆیە کاتێ لە ناو (مانهاتان) پیاسە دەکەمو پیاوی قۆزو بەوەج دەبینم، یەك گۆڕستانی پڕ ئێسكو پرووسکی پیاوانم دێتە بەرچاو کە بە دڵوەستەو شەکەتیو سووکایەتی مەحکوومن. ئەمە دیاری ئەو ژنانەیە کە بەردەوام وشەی (شەکراوەکەم!... شیرینەکەم!... هەنگوینەکەم!...)یان بۆ دووبارە دەکەنەوە.

(دویلیۆ)ی داماویش کاتێ لە چێشتخانەی (برادوی) لەگەڵ منو (لۆرین) خەریکی شێوخواردن بوو، لە هەست بە سووکایەتی کردنەوە هیچی وای لە پیاوی ئەمریکی کەمتر نەبوو. (لۆرین) باسی دەکرد چۆن بوو بە وێنەگرێکی سەرکەوتووو چۆن ئێستا خەریکی وێنە گرتنە بۆ رۆژنامەیەکی ژمارە زۆرو چۆن پیاوەکانی تەواو شەرمەزار کردووە؟ (لۆرین) تا ئێستا خۆی بە دوو مێرد تەڵاق داوە. ئێستایش بۆ ئەوەی لە تەنیایی دەربچێ، هاتۆتە لای (دویلیۆ)و دەیەوێ ئەویش وەکوو دوو گەوجەکەی پێشوو بخاتە داوەوە.

بەردەوام بە (دویلیۆ)ی دەگوت:

- هەنگوینەکەم، بۆچی حەز ناکەی لە نیویۆرك بژی؟ شیرینەکەم، دەزانی لە نیویۆرك پارەت چەند لە ئیتالیا زیاتر دەست دەکەوێ؟ جگە لەوەیش، شەکراوەکەم، من لێرە خزمەتت دەکەم. ئەگەر بە گوێم بکەی بە یەك ساڵ بارت راست دەبێتەوە!

(دویلیۆ) وەڵامی دایەوە:

- خۆزگە وا بێ!!

(دویلیۆ) کە هەمیشە بزەیەکی ساختەی رۆمایی بەسەر لێوەوە بووو وەکوو ئیتالییەك گران باوەڕ بوو، نازانم فلیمی دەردەهێنا؟، یان بە راستی حەزی دەکرد لە نیویۆرك بژی.

(لۆرین) وازی نەدەهێنا:

شیرینەکەم! رازی؟!... هەنگوینەکەم؟! ئەوەی گوتم باش بیری لێ بکەوە.

دەنگی زرنگەیەکی تێدا بوو. خەریك بوو کارتێکی گرنگ و دوا کارتی خۆی یاری دەکرد.

(دویلیۆ) بە دوودڵی گوتی:

- ئاخ!...ئەمریکا!...ئەمریکا!...

مرۆڤ کە سەیری سەرو سیمای دەکرد، دڵی بۆ هەلا هەلا دەبوو. بە نیوەرۆحی و شەکەتی لە ناو هەوای گرمخی نیویۆرك دەمهێنایە بەر چاوی خۆم، بەڵام دیتم چاوی ئاورینگی داو تەماشای (لۆرین)ی کردو بە وریایی مرۆڤێکی ئەوروپی، کەوتە بەرگری لە خۆی، گوتی:

- ئەوەی بمەوێ لە ئیتالیا هەمە! ئەگەر بێمە نیویۆرك ناچار دەبم چەند قات زیاتر کار بکەم.

ئینجا قسەکەی گۆڕی و باسی ئەو شوێنانەی کرد کە چووبووین!

(لۆرین) وەکوو مستوەشێنێ دەرفەتی بردنەوەی لە دەست دابێ، بەڵام ئومێدی هەر مابێ، چیتر درێژەی بە باسەکە نەدا. مرۆڤ بە دەستە خۆی نەبوو سکی پێ دەسووتا. لە راوچییەکی هۆزانی دەکرد،

بەڵام دیار نەبوو تا ج رادەیەك ئومێدی بە نیچیریکی دی هەیە. (لۆرین) لە دونیای ئەو پیاوانەدا دەژیا کە هەموویان کۆیلەی شەکەتیی بوون و رۆژ بە رۆژ بیرازی بەینیان لەگەڵ رەگەزی ئاسکی بەرامبەریان قووڵتر دەبوو. (لۆرین)و هاورەگەزەکانی بەردەوام بە کارو کردەوە ئەم بیرازەیان قووڵتر دەکردو لێپەڕینەوەیان سەختتر دەکرد. ئایا بە راستی ئەو ژنانە هیچ رێگایەکی رزگارییان نییە؟ کە رۆژ ئاوا دەبێ، میترۆ وەك ئەژدەها لرفیان دەکاو لەبەردەم ئەو شوقانە هەڵیاندەرێژێ کە بە پارەی گیرفانێکی ئازادو سەربەخۆ کڕیویانە. دڵیان پڕ دەبێ لە خەفەت و ناکامی، ئاه و هەنسکیان نیویۆرك بەو گەورەییە دێنێتە لەرزە. پاشان دووبارە لە شوقەکانیان دێنە دەرەوەو دەچنە ناو ورگی ئەژدیها. ئەویش لەبەر دەم دیسکۆیەك، یان مەیخانەیەك، یان سینەمایەك دایاندەبەزێنێ. چەند بادە شەرابێکی سکۆت دەخۆنەوە! خەفەت و ناکامی خۆیان لە بیر دەکەن و بیر لەو راستییە ژەهری مارە دەکەنەوە کە توانا و دەسەڵاتیان بەسەر مێردەکانیانەوە، کە سەرنجی هەموو دونیای راکێشاوە، چەند بە گرانی لەسەریان دەوەستێ!

راستە ژن دەسەڵاتێکی زۆریان لەسەر پیاوان هەیە! ئەو پیاوانە لە گیانی ژندا، تەنانەت لە گیانی سکرتێرەکانیشیاندا، بە دوای دایکێکدا دەگەڕێن! بەڵام ژنەکان لە ناخی دڵەوە خۆزگە دەخوازن فیزو بایی بوونیان بە پەککەوتەیی بگۆڕنەوە هەر هێندە بتوانن مێردیکی وەفاداریان هەبێ. راستە کەس ناتوانێ خۆی لەو یاسا وشك و رەقانە رزگار بکا کە کۆمەڵ بەسەریدا سەپاندوون، بەڵام ژن ئامادەیە بۆ

ڕێزگرتنی ئەو یاسایە هەستو گیانی خۆی بخاتە ژێر پێو سەرکوتی بکاتەوە. نازانم گوناهی دووڕیانەکەی بەردەم (لۆرین) لە ئەستۆی خۆیدا بوو، یان مێردەکانی پێشووی. بۆیشی هەیە خۆیو مێردەکانی بە قەد یەك گوناهبار بن.

ئێستا ئیتر دەشێ ئەوەی ببێ بە بێوەژنو وەکوو زەلامکوژێکی قاچاغ، بە پارەی بادی هەوا، بە دەوری دونیادا بگەڕێ، وەکوو جاران سەرنج ڕانەکێشێ.

(لۆرین) بە دەمو چاوێکی غەمبار گوێی دابووە قسە ئومێدبڕەکانی (دویلیۆ) و هەڵی دەدا جڵەوی خۆی بگرێ... هەندێ جار بە سەرنج لێی دەپاڕایەوە بەزەیی پێدا بێتەوەو وا نەکا گڕی ئەو ئەشقەی لە گیانی بەرداوە دابمرکێتەوە. (دویلیۆ) لە پێشان سوورتر بوو خۆی لە ئەرك‌و لێپرسینەوە نەجات بدا. لەوە دەچوو بیەوێ من فریای کەوم.

دان پێدا دەنێم پێم خۆش نەبوو یارمەتی بدەم. من هەرگیز یارمەتی مرۆڤی براوەم نەداوە. ئێستایش دەمەویست بێلایەنیی گەوجانەی خۆم بپارێزم. لە دڵی خۆمدا دەمگوت: بە دەرەك!! با بۆ خۆیان پێك بێن! بە من چی؟! بۆچی خۆم لە ئیش‌و کاریان هەڵقورتێنم؟

بەڵام لە پڕ بیرم کەوتەوە من لە وڵاتێك هاتوومەتە دونیا ئامێری هیربار شووشتن‌و ئامێری جل شووتنی تێدا زۆر نییەو زۆربەی بێوەژنەکان مووچەیان کەمەو خراپترین پیاو دەتوانێ هەر ژنێکی بیەوێ بیهێنێ. ئیتر خوێنی ژنانەم هاتە جۆش‌و بێ هیچ بینەو

بەرەیەك لایەنگری (دویلیۆ)م کرد. باسێکی گشتیو هەمیشەییم کرد. باسم کرد خەریکە دونیا دەگۆڕێ. خەریکە ژن شۆرش دەکەن. باسی جلی ناشیرینی ئەوروپیو پێڵاوی بێ نموودی بن عانەو ململانەی جارۆکی نێوان ژنو پیاوم کرد. ئاخیریش گەیشتمە ئەم ئەنجامە:

(هەر چەندە جلی حازرو دزواوی فرەنسی لە فرۆشگاکانی (توکیۆ) بفرۆشن، هەر چەندە لە شەقامەکانی (بۆمبای) دروشم لە بارەی گەورەیی ژن دابدەن، هەر چەندە کۆلیجی سەربازی (پەکین) دەرگا بۆ وەرگرتنی کچان بکاتەوە... دیسان شەڕی نێوان ژنو پیاو هەر دەمێنێ، چونکە ژن ژنەو پیاو پیاوە!

(دویلیۆ) گوتی: ماندوومو (لۆرین) سەری لەقاندو بە دەنگێکی غەمگین دانی پێدا نا گوتی:

- ژنی هەموو دونیا وەکو یەك وان.

لە دڵەوە پشتگیری ئەم راو بووچوونەیم کرد. (راکو ماری ئامریت کور)ی ئاقڵترین ژنی دونیاش لەسەر یەکێ لە تەپۆڵکەکانی (دەهلی) هەر ئەم قسەیەی بۆ کردمو گوتی:

- ژنی سەرانسەری دونیا بەرو پشتی یەك کراسن. لە هەر ئاوو هەوایەك گەورە بووبن، لە هەر ئەژادو رەچەڵەکێك بن، لەسەر هەر ئایینێك بن، هیچ جیاوازییان نییە! چونکە سروشتی بنیادەم ناگۆڕێ! راستی، هەق لەگەڵ ئەودا نییە! ئەگەر بیر لە بارودۆخی ژنانی سەرتاسەری دونیا بکەینەوە، دەبینین زۆربەیان لە ناو دڤنو زێلاقی هەڵەو بێ خەبەریدا پەلەقاژە دەکەن. چ وەکوو گیانداری ناو لاورستان (باخچەی ئاژەلان) لە دووری مێردەکانیان بژینو چ وەکوو قەل خۆیان

لەبەر چاوی پیاوان بشارنەوە، چ وەکوو جەنگاوەری ئەفسانەیی نازایەتی بنوێنن‌و هەزار دانە مەدالیاو نیشانەیان بە بەرۆکەوە بێ... هیچێکیان وەکوو پێویست بە بەختەوەری‌و ژیانی خۆش نەگەیشتوون کە مافێکی رەوای خۆیانە.

من ناتوانم جیاوازیی بخەمە نێوان غەمی تەماشاکردنی بووکی بەدبەختی (کەراچی)و سەیرکردنی پێی بچووکی ژنی چینی‌و بڵێم ئەمەیان لەویان جەرگبڕترە.

نازانم ئاخۆ ژیانی ژنە بەڵەم نشینەکانی هونگ کونگ دڵتەزێنترە، یان هەستی ئەو ژنە ئەمریکییەی رەنجی دەدا پیاوێکی خەواڵووی ئیتالی بخاتە داوەوە.

بە (لۆرین)م گوت:

بەلای منەوە زۆربەی ژنی دونیا رێگایەکی چەوتیان گرتۆتە بەر، ئەو رێگایە تەنیا بە ئەشکەنجەو بەدبەختی کۆتایی دێ. لەم رۆژگارەدا، وشەی (پێشکەوتن)و (سەربەخۆیی) لەسەر زمانی هەموو ژنێکی دونیایە. چوومە هەر شوێنێکی دونیا تووشی ئەم دوو وشەیە هاتم. هەموو وەکوو بنێشت کاوێژیان دەکردەوە، بێ ئەوەی بیر بکەنەوە لەوانەیە لێیان ببێ بە دەردەدڵ. (دویلیۆ) گوتی:

- خودایە ئەم باسە باسێکی چەند شەکەتبارە!! هەر وەختە ببوورێمەوە. دەچم دەخەوم. شەو باش!!

(لۆرین) گوتی:

- با بچین شەرابێکی سکۆت بخۆینەوە.

هەوڵی دا قەناعەتم پێ بێنێ. لێی پرسیم:

- تۆ رات چییە؟!

- نازانم چت پێ بڵێم، (لۆرین)؟ تۆ زۆر لەو کچەی برادەرە ئیتالییەکەم دەکەی کە زۆر زۆر دەگریا.

+ + +

دوای خولانەوە بە دەوری دونیادا، گەڕامەوە شوێنی یەکەم جارم. لەم گەشتەدا، جگە لە دووبارەبوونەوەی یەك ئاوازی ژنان لە دەوری یەك تەوەری کلۆڵیو بەدبەختیی گەمژەلانە، هیچم نەکەوتە بەر چاوو گەیشتمە ئەم ئەنجامە تفتو تاڵە کە هیچ ژنێ نەیتوانیوە، وەکوو پێویست، ڕێگای بەختەوەیی ڕاستەقینە لە ڕێگای لابڕو بەربەیار جودا بکاتەوە.

وەرگێڕانی تەواو

بەحرکە – ٢٠١٠/١٢/٢٤